ڕامان

320

مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و حەوت/٥ی ٦ی ٢٠٢٤

- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**

**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**

**(دەرەوە) / 009647504494662**

**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**

**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**

**نرخ/ ١٠٠٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان


● دەق
- ماڵی سبەستیان/ هیوا قادر/ ٣
- ئەتۆ لە چاوەکانمدا خۆرەتاوی/ د. هیڤا پەناهی/ ٥
- مامزاوا/ عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)/ ٧
- وسا تێ بیرا من.. / بەرکەن بەرەهـ، ناسح حوسێن سلێمان لە ڕێنووسی ک. ژۆرینەوە کردوویەتی بە ڕێنووسی ک. ناوەڕاست و بە هەردوو زاری ک. ژۆرین و ناوەڕاست فەرهەنگۆکی بۆ داناوە/ ٩
- مەینەتیی ئەبوو عەلا/ عەبدولوەهاب بەیاتی، لە عەرەبییەوە: ئەدیب نادر/ ١١
- کوڕێژگە کەرکووکییەکە و تۆپە لاستیکەکەی/ عوسمان محێدین/ ١٧
- نامە بۆ ژوولیا پازار/ عەلی حەسەن/ ١٩
- شادەمار/ بەرزان عەلی مەجید/ ٢٢
- باژاڕێ خەوار/ وەحید کەلەش/ ٢٥
- لالە/ سادق هیدایەت، لە فارسییەوە: میقداد شاسواری/ ٢٧

● هەڤپەیڤین
- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (عەبدوڵڵا ڕەسووڵ)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٤

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە
- دەرکەوتن و پێناسەی جۆرەکانی توندوتیژی لە دوو ڕۆمانی بەندەر فەیلی و نیشتمانی سارادا/ هێرۆ کەریمی/ ٥٩
- گەمەی میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانی ئەفسانەی ڕەنگستان/ عەلی شێخ عومەر/ ٦٧

● هزر و فەلسەفە
- بابەتی ئاکار بە پێی ئاراستەی ژیر و ئەزموون/ د. حەمید عەزیز/ ٧٥

● وتار
- هۆگربوون و مەوسووعیبوون لە خوێندنەوەدا/ بەڕێز عەباس عەلی/ ٨٣
- مەلا فەتاحی جەباری لە بیرەوەریی نەوەکانی (مەحموود پاشای جاف)دا/ عەبدولستار جەباری/ ٩٣
- دوو سەد ساڵ پاش لە دایکبوونی لوویی پاستۆری زانا و گەورە پیاو/ هیوا شەمسی بورهان/ ٩٧
- سروودی ئیستەری هوێلدەرلین/ مارتن هایدیگەر، لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی/ ١٠٠
- مەحموودی دەوڵەت ئابادی/ لە فارسییەوە: خالید فاتیحی/ ١٠٦

● مێژوو
- کورد لە نیگای سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا/ د. ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد/ ١١٢

● زمانزانی
- ڕێنووسی پلەبزوێنی درێژی (و، ی) لە نێوان تاک و جووت نووسیندا/ کازم عەباس زەندی/ ١٢٤

● هونەر
- چیرۆکی ئەسپێک: هەڵبەستێک دەربارەی ژیان/ د. فازڵ جاف/ ١٣٠
- پێشنیارەکان بۆ برەودان بە هونەری مۆسیقای کوردی/ سەلاح ڕەووف/ ١٣٥

● خوێندنەوەی کتێب
- (ئێستای فەلسەفە/ زانست)، بادیۆ، ژیژەک، هەراری/ خوێندنەوەی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ ١٣٩
- ڕۆمانی فڕینی پردەکان، یان فڕینی وشەکان/ یووسف ئیسماعیل/ ١٤٨

● نامە
- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٥٠


● بە باڵابڕین
- هەمیشە ڕامان/ بەرزان هەستیار/ ١٥٨

● سووکە لەنگەر
- هێشتا کاتی پسپۆڕیی بۆ کورد نەهاتووە!/ ئازاد عەبدولواحید/ ١٦٠

# ماڵی سبەستیان

هیوا قادر
(سلێمانی)

لە دەرگایەکی سپییەوە
دەچمە ناو
باخچەکەی ماڵی سبەستیان،
با دەبینم لە ژێر بنچکی گیاکاندا گاگۆڵکێ دەکات،
جوانییش وەک گەرد بە ناو هەوادا
بێباکانە دەفرێت،
لە ژێر ئەو ئاسمانە سەوزەدا
نامەیەکی کراوەم لە ماسییەکانەوە پێ دەگات
کە بە پیتی پوولەکە نووسراوە،
لەسەر توێی ئاوی حەوزەکە دەیخوێنمەوە و
لێوم دەکشێت،
چاوم پڕ دەبێ لە بریقوباقی خەیاڵ.



لە ماڵەکەی سبەستیاندا
نارنج دەبارێ و زەوی بە ڕەنگی خۆی
دادەپۆشێت،
بە بیرکردنەوە
لە تامی مزری نارنجێکی گەییو
کە لە کەوتنەخوارەوەیدا سەری بەردێک
دەشکێنێت،
من دەمم لە بری جۆگەلەکان پڕ دەبێ لە ئاو.

ئەو بەیانییە فێنکەی
درزێکی سپی بە ئاستەم
دەخاتە ناو گلێنەی پشیلەیەکەوە،
کە هێشتا کراسی قەترانیی نیوەشەوی
دانەکەندووە،
سنگم پڕ دەکات لە بۆنی یاسەمین و

لە خۆشییاندا قسەم بیردەچێتەوە و
لەبەر خۆمەوە دەمیاوێنم.

لە شارە کۆنەکەی توونسدا
لەبەردەم ماڵێکدا دەوەستم و
بە تەقولبابێک تەقە لە دەرگایەکی شین
هەڵدەستێنم،
گوێم لە خشەخشی جووتێک نەعلە
کە وەک ترپەی شڵەژانی دڵ لێم نزیک دەبێتەوە،
سەر هەڵدەبڕم
هەورە نزمەکانی سەربانەکان
تەنیا هەور نین،
ئاوی جەستەی ئەو مرۆڤانەن
کە ڕۆژانێک لەو حەوشانەدا
ژیان بە جوانییەکانی خۆی سەرمەستی کردوون،
نم نم باران دەبارێ
بە دڵۆپی ژیانی ئەوانی تر تەڕ دەبم،
بوون لەگەڵ باراندا دەبارێت.

بەدەم گوێگرتن لە شەپۆلەکانەوە
توێژێکی تەنک لە سوێری لەسەر ڕوخسارم
دەنیشێت،
ئاو خوێکان دەتوێنێتەوە
خەمیش کاتێک مرۆڤ دەگری،
ئەم هەموو سوێرییە دەڕژێتە ناو دەریاوە،
کەچی بە بەرکەوتنی پڕیشکێک لە شەپۆل،
من دەتوانم دەریا لەگەڵ خۆم بەرمەوە بۆ ماڵەوە.

نەفرەتی شاعیربوون وام لێ دەکات ڕانەیەم بە
هیچ،
من بۆیە شاعیرم بۆ ئەوەی وەک
هەمووان نەبینم،
ڕوخساری ئەو مرۆڤانەی بۆ یەکەم جار و دواجار
دەیانبینم
وام لێ دەکەن ببم بە سنەوبەرێک
دارستانێک لە مرۆڤ لە پشتمەوە بشارمەوە،
لەگەڵ خۆم بەدەوری خۆم و
بە دەوری خۆر و مانگدا بیانگەڕێنم،
کەچی هەستیش بکەم هەر تەنیام.

لە کۆڵانە تەسکەکاندا
شانم بەر شانی ئەو ڕۆژگارانە دەکەوێت
کە تێیاندا نەژیاوم،
کەچی وەک گەردی دەم با دەڕۆم و
نازانم بۆ کوێ،
وەک نەسیم دەفڕم و
نازانم بۆ کوێ.

**فرێدریکی یەکەم پادشای ڕۆمانیا، دوای کۆتاییهاتنی یەکەمین جەنگی جیهانی، سامانێکی زۆر بە (جۆرک سبەستیان)ی کوڕی دەبەخشێت، بەو مەرجەی دەستبەرداری هەموو میراتییەک ببێت و وڵات بەجێ بهێڵێت. سبەستیان دەچێتە شاری حەمامات لە توونس، ماڵێک بە نەخشەسازییەکی تایبەت دروست دەکات. لەناو ئەو باخچە گەورەیەدا کە زۆرینەی درەختەکانی دنیای تێدا دەڕوێنێت، ڕۆنی ئالیۆ نەخشەی شانۆیەکی کراوەی نیمچە ڕۆمانی دروست دەکات. بەشێکی زۆری هونەرمەندانی دنیا شانۆگەرییەکانی خۆیان لەوێ پێشکەش دەکەن. ئەندرێ جید، جۆرج برنانۆس، جیاگو مونتی، جان کوکتو و بول کلی چوونەتە ئەم ماڵەوە. ماجیدە ڕۆمی و مارسیل خەلیفە کۆنسێرتیان لە شانۆکەیدا گێڕاوە. چەرچل بەشێک لە یادەوەرییەکانی خۆی لەوێ نووسیوە و ڕۆمڵ و ئیزنهاوەر لە ماوەی جیاجیا لەم ماڵەدا ژیاون.**

# ئەتۆ لە چاوەکانمدا خۆرەتاوی

د. هیڤا پەناهی
(سویسرا)



لە چاوەکانمدا خۆرەتاوێک هەیە لە ئەتۆ دەچێت
شەو و ڕۆژ دەکەمەوە بە تینی هەناسەکانی
ئاسمان بۆنی سوێسەن دەدات
لە دیدەکانمدا هەتاوێکی مەزن هەیە
هەتاوێکی بێ گەرد
هەتاوێکی کەونار و بەهێز
کەوا بەهار و دەشتەکانمان ناس دەکات
لە کۆسالان دەزانێت و
لە قوڵایی زەریاکانیش
کە داعشی بێ بەزەیی هات
کەوتە سڕینەوەی تیشکەکانی
دووبار هەر چڵەتیشکێکت بوون بە گوڵی بەهاران
لە ناو چاوەکانمدا زۆر شت هەن
لە ناو چاوەکانمدا بمێنەوە
بڕوانە تاڵەقژی کچێکی کورد پاش شەهید بوونی
دەبێتە ژێی سازێک
دەبێتە ئاوازێک و
لە ئاوەکانی ئوقیانووسدا دەبێتە خەون
مرۆڤەکان لە خۆرەتاوەوە لە دایک دەبن
مرۆڤەکان بەرەو بێ کۆتایی دێن و دەڕۆن

٢٠١٤

**هێلانە**

ئێستا کە ئەم هێلانەیەم لە نامۆیی دووبارە دەبێت
بە جێ بهێڵم
ئەو هێلانەیەی لە سەربالی بای دا نووسیبووم
باران

لەسەر شاخی نووستبووم هۆشیاری و سەبر
ئا لە ئەم هێلانەیەدا پرۆمێسێئاس (*) لە گەڵمدا
دەژیا
ڕاوەستاو و هەستیار
وەک چۆن باوە لە مێژووی کۆڵنەدەراندا
چەندان شەومان پێکەوە بەڕێ کرد لە ژێر تۆفانی
تەفروتوناییدا
چەندان سارد و سۆڵیمان چەشت لە مرۆڤە بە ناو
دۆستەکانی خاکی غەریبەوە ؟
بەڵام وەک سوێندخواردوویەکی پابەند، یەک
پەیڤمانیش نەدرکاند
ئێستا کە ئەم هێلانەیەم بە زۆرەملێ دووبارە
دەبێت بە جێ بهێڵم
جەستەی برینداری ئاواتەکانم لە گەڵن
وا جارێکی دیکە پێکەوە بەردەوام دەبین


٢٠١٦

**پرۆمیتــە، یــان پرۆمیســیۆس دزمۆتیــس، ئــەو کەســەی ئاوری لــەماڵــی خــوداکان دەرهێنــا و دای بــە مرۆڤــەکان، هەمــان ســیمای کاوەی ئاســنگەری خۆمانــە کــە دادپــەروەری دەبەشــێتەوە.**

# مامزاوا

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)

من عومرەکم لە مامزاوا بردیتە سەر
من منداری مامزاوا و لەوێندەرێش لەدایک بووم
خانووەکەمان سەری قوڕ بوو، ساڵ نەبوو دڵۆپەی نەکا
زێراب ئەفسانە و خەیاڵ بوو.. جۆگەی چڵکاو
وەک دەماری لەشی مرۆڤ بەنێو جەستەی
خانووەکانی مامزاوا داکشابوو
لە مامزاوا دەستکورتی دەستی گەیبووە هەموو ماڵێک
هیچ ماڵێکی دەستڕۆیشتووی تێدا نەبوو
ئێمەی منداڵ
شانازیمان بە ڕانک و چۆغە دوو ڕەنگییە لێک
نەهاتییەکەی ئیختیاری گوندی دەکرد
شانازیمان بە هەژاری و بە بزێوی و تەنانەت بە
شەڕەبەردی کۆڵانە شاشەکانی ئەو گوندەش دەکرد
زۆربە چووینە قوتابخانە، مامۆستامان لا بەرز بوو،
ئەفەندی بوو، پاک و خاوێن
لە مامزاوا ژنان هەر زوو لەگەڵ دەروجیران باسی
نەهامەتی ژینیان دەکرد
سەری زار و بنی زاریان (بەناشوکری نەبێتن) بوو
وەکوو ئەوەی ناشوکور بوون کوفرێکی قەبە و
گەورە بێ
خەمی شەڕیش وەک بەرچایی میوانی گشت
ماڵەکان بوو
شەڕی ژن و مێردی دەستکورت، شەڕی مندارانی
گەڕەک
شەڕی ئێران و عێراق هەر مەپرسە
بووبووە بارێک بەسەر شانی ژیانی ئەو خەڵکە
سادەو نەخوێندەوارەی مامزاوا



جاحێرەکان.. لەبری کتێب خیندنەوە.. کەلایانێیان دەکرد و
زۆربەشیان فیراری عەسکەری حکوومەت بوون
کە موشتەرەکەیان دەدی هەڵدەهاتن و پارە و کەلایان جێ دەهێشت.
لە مامزاوا.. جگە لە سادەیی و دڵباشی
خەڵکەکەی، خاوەنی خۆشەویستیش بوون
لە خۆشی و ناخۆشی یەکتر دەبوون بە یەک جەستەی زیندوو
ئەوان بە داتسۆنەکەی حاجی مەغدید و هەندێک
جاریش بە سواری ڕیم، دەچوونە شار
سەریان لە شێخەڵڵا دەدا و هەندەک تۆچا و
شەکر و قەند و ڕۆن و نەعل و جەمەدانی و
دوو سێ مەترە قوماشیشیان لۆ کەوا و کراسی
داکی مندارەکانیان دەکڕی.
چ جوانییەک بوو مامزاوا.. وەختێ ڕوو لە باکوور دەتڕوانییە چیای سەفین
لە دوورەوە پیرە قەڵا و منارە دەهاتنە بەرچاو
ئای چەند جوان بوو لە شەواندا سەگەکانیش نەدەحەپین
مەگەر غەریبەیەک بهاتبایە گوندی.
من عومرەکم لە مامزاوا بردیتە سەر
چار پێنج ساڵ جیرانی ماری جەواهیر و خدرەسۆر بووم
ئەو ژن و پیاوەی حەوشەیان بێ منداڵی سەلکە و بنکە مانای نەبوو
شەوەک مەفرەزەیەک پێشمەرگە لۆ چالاکی هاتنە گوندی
خدرەسۆریان وەپێش خۆدا لۆ چاوساغی
من نازانم هێندە نەبێ،
پلکە جەواهێری جیران لەو شەوەوە کە
خدرەسۆریان وەپێشدا
هەتا مردیش جلکی ڕەشی فڕێ نەدا.

***

ئێستا دوای چل ساڵ، مامزاوا لە بۆتەی شارێکی مردوو و
لە گۆڕستانی قەرەباڵغی بێدەربەستی غەرق بووە و دیار نەماوە.
جوانییەکانی بوون بە کەفی سەر لافاوی ئەو غەریبییەی
کە تەقولبابی لە دەرگای هەمووان هەڵسان
من جوانییەکانی مامزاوام لە یادگەی خۆم هەڵگرتووە و
هەرچی کاتێ بمەوێ سەری لێ دەدەم.
وەکوو جگەرگۆشەکانم، گەر سەرمای بێ،
سۆپای سۆز و عەشق و وەفا پێ دەکەم و
نەک لێفەکەم، بەتانی ڕوحی خۆم دێنم و پێیدا دەدەم.

**چەند تێبینییەک:**

- مامزاوا؛ گوندێک بوو کەوتبووە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر و ئێستاش گەڕەکێکی ئەو شارەیە.
- موشتەرەکە؛ بەو مەفرەزە چەکدارەی حکوومەتی بەعس دەگوترا کە لە پۆلیس و جەیشی شەعبی و ئەمن پێکهاتبوو و لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا، بەدوای فیراری عەسکەرییەوە بوون.
- ئەفەندی: بە کەسێک دەوترا کە قاتی چاکەت و پانتۆڵی دەپۆشی.
- کەلایانێ: گوللانێ، هەڵماتێن.
- داتسۆن: جۆرە پیکابێکی یەک تەنی بوو، شێوەی وەکوو تیۆتا فەللاحی بوو.
- ڕیم؛ جۆرە پاسێک بوو قەبارە گەورە و بچووکی هەبوو، بۆ گواستنەوەی هاموشۆکەرانی نێوان گەڕەکەکانی شار، هەروەها شار و ئۆردوگاکان و بۆ گوندە نزیک دەستەکانیش؛ کەڵکی لێ وەردەگیرا.
- داکێ منداران؛ هاوسەر، یان هاوژین.
- تەقولباب؛ لەدەرگا دان.

**ئازاری ٢٠٢٤**

# وسا تێ بیرا من

**بەرکەن بەرەهـ**
**(باکووری کوردستان)**
**ناسح حوسێن سلێمان لە ڕێنووسی ک. ژۆرینەوە کردوویەتی بە ڕێنووسی ک. ناوەڕاست و بە هەردوو زاری ک. ژۆرین و ناوەڕاست فەرهەنگۆکی بۆ داناوە.**



ئەم چار برا بوون بەریا چەپەرا مە بڕووخە،
ل مالەکە بێ حەوش
ل کێلەکا مریشک و پەزان مەزن دبوون،
زڤستانەک هار و دین بوو حەیات،
موو ژ ماری دبر...

ئەم ب حەمدێ خوە مەزن دبوون،
ئەو شیرێ کورمانجی کو مە دمێت ل هوندوڕ،
ئەو ئشقا سۆرێ تاری شەڤا تیر
ژ ڕەنگێ بەختەوەرییێ بوو بەرف و دا...

تشتەک هەیە خوە ل من دگرە و بەرنادە،
جار ئەزم جار یەکی دن،
تو دبێ قەی پاییزەکە هارە،
هەر وەخت ل بەر دەلنگێ من...

هنەکی کوور بفکرم،
ب جۆش دبێژم ئەم برا بوون،
خەیالا مە بەخچەیەک تێر فێکی،
پاشێ تخووب دانین ل ڤی باژاری،
داپیرا من ما ل ور، ئەو کەزیزەر ژی...

د هشێ من دە دو مری، یێ بچووک بریندارە تە دگۆت،
ل بەر تێلا سنجری دەسمالێن چڕیایی،
وێنەیێن خانیێن کاڤل
وسا تێ بیرا من وەختا کور دفکرم...

بەلکی مە هەڤ ناس نەکر بەلک،
ئەم ب هەڤ رە نەچوون دروونێ،
مە نەدیت چاوا ئنسێن دمرن ب گازا کیمیاڤی،
چاوا دقەڕسە خوینا گەرم ل سەر ڕوو...

لێ ئەم بێدەنگ ژی نەمان،
کەنگی دارەک بقەلبە،
وەخت ڤەگوهەڕە سۆرێ تاری...

ئەم چار برا بوون،
ناڤەک مە هەبوو باکنێ،رەنگەک مە،
تشتنە دن چ زانم...

من ژ خەو ڕاکە ئەی حەیات، جۆیەکێ ببینە ل
هوندورێ من،
لەورە ئەم چار برا بوون، وسا تێ بیرا من...

فەرهەنگۆک:

ک. ژۆرین: ک. ناوەڕاست:

چەپـەر١؛ تـان: پەرژیـن. چەپـەرێ حەوشـێ: پەرژینـی حەوشـە. چەپـەر٢؛ کـۆزک: سـەنگەر.

بڕووخە؛ بهەڕفە: بڕووخێ؛ بڕووخێت.

کێلەک: تەنیشت.

دین: شێت.

ب حەمد: سـەربەخۆ؛ بـۆ خۆمـان؛ بەبـێ هاوکاریـی کەسـێکی دی.

– ئـەم ب حەمـدێ خـوە مـەزن بـوون: ئێمـە سـەربەخۆ گـەورە بوویـن؛ بـۆ خۆمـان گـەورە بووین.

کوور: قووڵ؛ قۆر/ هەولێر.

دمێت [مێتن]: دەمژی [مژین؛ مژتن].

تیـر: تیـر. میتافۆر: [شـەڤا تیر: شـەوێکی ئەنگوسـتەچاو؛ تاریکەشەو؛ زۆر تاریک].

# مەینەتیی ئەبوو عەلا

عەبدولوەهاب بەیاتی
لە عەرەبییەوە: ئەدیب نادر
(بەریتانیا)

«بەڵام زەوی دەسووڕێتەوە»
**گالیلۆ**

**١-شۆڕەسواری مسین**

ئەم شێرەکوللانە بۆ کێ گۆرانی دەچڕن؟
ئەم هەسارانە بۆ کێ دەدرەوشێنەوە؟
ئەم زەنگانە بۆ کێ دێنە زایەڵە؟
خەڵکەکانیش بۆ کوێ دەڕۆن؟
ئەمە دوێنێی نییە و ئەمەیش سبەینێی چەنگێکی لاڵوپەتە
یاری پێکرد، ژێیەکانی پچڕان و ئەویش پەنای بردە بەر مەی
ئا ئەوەیش بێ دەموچاوە، بێ شارە، ئەمەی تریش دەمامکی نییە
گڕی لە پووش و پەڵاش بەردا و ململانێ کۆتایی هات
ئا ئەمەیش بێ چارۆکەیە
گەشتی بەدەوری ماڵەکەی خۆیدا کرد و گەڕایەوە
هەڵکردنی ژیلەمۆیە و
شەویشی شەونخوونییە
ئەی مەرگ! ئەی وەنەوز!
لۆرکا و نووری دنیای سپیی لە کفندان
شۆڕەسواری مسینیش
لە گۆڕەپانەکەی شاردا
باکان قامچیکێشی دەکەن
ڕمەکان بەرۆکی دەگرن
باوکە کاتێک قاپەکە لەبەر پێیەکانتا دەشکێنم
بێدەنگیی تۆقێنەر دەبێت



من مردم کەچی تۆ هێشتا زیندوویت و ئەو بایەی
کە دەنرکێنێتیش
ئێوارەوەختە ماڵەکە دەهەژێنێ
تۆ لە بەخششی ڕووناکی بەریت کردم
فێری قورسێتیی پێواربوونی وشە و ئەشکەنجەی
بێدەنگیی کێشان و گریانت کردم
زوقم چرۆچارەی شەقامی مردووی داپۆشی و
دەرگایش بۆ هەتاهەتایە کلۆم درا
سبەینێیەک سێ دانە لەو وشانە
دەستەکانیان ڕامووسیت و تێیانڕوانیت:
بنەماڵگرتنەکەم و کوێرێتیم و سووتانی ڕۆح لە
جەستەدا

**٢- عەبا و خەنجەر**

شەرابی شازادەم نۆشی و لە ڕۆژی شەوەکەشیدا
ئەستێرەکانم بەدی کرد
لە خۆراکە ژەهراوییەکەشیم خوارد و
تووشی ئینتەلاو لەرز و تا و وەڕسی بووم
لە شانشینەکەیدا بوومە کوچکە بەرد
بوومە
شەوێکی بێ سپێدە
چەنگێکی ژێ پساو
عەبایەکی شڕوپواو، بزمارێک
سفرێکی خولخواردووی ناو بۆشایی، ئامێرێک
دەخولێنرێتەوە
گەر لە میانەی ژوورەکەمەوە مانگ ئاوا بووایە و
بارانیش
پەژموردەیی درەختەکانی بشوشتایە
خۆم لە دەرباری کۆشکەکەی دادەبڕی و بەردەکەم
وردوخاش دەکرد
ژێی چەنگەکەم شەتەک دەدا
دەستەکانم بۆ نەوشەفەق ڕایەڵ دەکرد
ئەو دەستانەی کە ڕچیبوون
ئەو دەستانەی بە بەردبووبوون و
بەبێ ئەوەی پێی بزانم بووبوو بە شازادە
بوون بە خەنجەر و دەنگەکەشی.. دەنگی منی
شکاو
ئەو دەستانەی دەستەبەرم کردنەوە
درێژیان دەکەمەوە، تا ژیان بە تەنی بێگیان
ببەخشن
هەتا گوڵەکان بچێنن
بۆ خۆر و بۆ با و بۆ باران
بۆ مرۆڤاکانی برام
درێژیان دەکەمەوە

**٣-گۆرانیبێژ و شازادە**

لەسەر حەسیرەکە ڕاکشابوو
لەگەڵ شازادەکەی دەدوا:
ئەی مانگی زەمانە
ئەمن و ئەمانم لێت دەوێ
لەبەر ئەوەی من لە خەونەکاندا بینیم
ئاسنگەر لە تاجەکەت
ناڵی ئەسپەکەم دروست دەکات، جەللادیش سەرت
دەپەڕێنێ و
کێڵگەکانیش لە زستانی ئەم ساڵدا وشک
هەڵدەگەڕێن
میللەتیش باجگر و دادپرس شڕووڕی دەکەن و
چەتە و بۆرەپیاو دەبنە فەرمانڕەوا
من بە بێداری
مافوورێکی سوورم بە ئاسمانەوە بینی
تەلیسملێکراوانە بە هەوادا دەفڕی
ئیتر شازادە ڕاپەڕی و هەردووکیان دایانە قاقای
پێکەنین
شتێکی بە جەللادەکە وت و گریا
دەرگاکان پێکدادران و خڕ داخران
دەفرگەلی خۆراک و شەراب قلپبوونەوە

چەنگەکە بێ دەنگ بوو
فانۆسەکە کوژایەوە و دواسا پەردەکەیش
دادرایەوە

**٤-هەڵڕژانی پرووشەی بەردەئەستێ***
دیوەخانەکەی بە ئاژەڵەکانی سەرزەوی و
جرۆجانەوەران و
هەموو هەرچی و پەرچییەکی شاعیرۆکە و
حەرامزادە و داوێنپیسی بوختانکەر جمەی دەهات
گەر بهاتباو هەڵبەستەکانیان بخوێندبایەتەوە
هەڵئاوساو و تەختانە خەو دەیبردەوە
هەر کاتێکیش
یەکێک لەوانە بێئارامانە بیخوێندبایەتەوە و
بیوتایە نەخێر!
-سەروەرم، داخۆ مانگ پەردەپۆش دەکرێت؟
شازادە توورە دەبوو
شاعیرەکەی بەر زللـە دەدا، لەبەر ئەوەی
هەموو شەوێک مانگ لەسەر ڕووی ئەستێڵەکەدا
ون دەبوو
ئەی سەروەرم، ڕۆژگارێکی بێ ئابڕوو بوو، بێ
کەنار بوو
شاعیرەکان تێیدا نغرۆ بوون و لە مەڕیش بترازێ
شتێکی دیکە نەبوون
تۆیش لەناویاندا کوڵێنانی بووی
لە میوانداریی ناپاکەکاندا
شایەتحاڵی ڕۆژگارێک بوویت تاریکایی داپۆشیبوو
سەروای هەمزە ** هێسترێکی لەنگ بوو
شازادە هەموو شەوێکی ئەنگوستەچاو سواری دەبوو
سەروەرم، گشت سەرواکان، وەک هێستری
لەنگیان لێهات
ڕۆژگارێکی بێ ئابڕوو بوو، حەیا تکاو

**٥- ئەفسووسێک لە بەغدا**
بۆ گەواڵەهەورێکی سەوزباو دەگەڕێم
خەمۆکیم بڕەوێنێتەوە
بمبات
بۆ چۆڵەوانییەکانی وڵاتەکەم
بۆ کێڵگەکانی گوڵەشلێر
پێم ببەخشێ
پەپوولە و ئەستێرەیەک و
دڵۆپەیەک تینوێتیمی پێ تەڕکەم و واژەیەکیش
چونکە ئاوی دیجلەی خەمبار لێخن کرا و
ڕەوتی نەکرد
هەر تەنیا بۆ ئەوە نەبێ بەنداوەکان و گوندەکان
نوقم بکات
ئاخۆ کێ؟
بە ئاوەکەی دەمشواتەوە و
لەژێر سایەی دارخورماکانیدا دەمنێژێ
دوای هەزار ساڵیش یەک دێڕە شیعر بە سەرمدا
هەڵدەدات
چونکە وڵاتەکەم دوورە و
ئا ئەم شەوگارە ڕەشانە و
مەرەکەب و کاغەزگەل و
دیواری تاسە و ئارەزوویش لە نێوانی ئێمەدایە
هەی مەعەڕڕەکەی نوعمانی باخچەی ئاڵتوون
هاوین هات و پایدۆزی کرد
تۆیش بێئاگا پێدەکەنی و
لەگەڵ لم دەستبازی دەکەیت
قەلەڕەش لەسەر بانێژەکەت نیشتەوە و
خۆشەویستانیش کۆچیان کرد
هۆز هۆز پەرت بوونەوە
دارستانەکان وشکوبرینگ هەڵگەڕان
لەگەڵ شەبەق شالوورەکانیش کۆچیان کرد
لە کاولاش و داروپەردووەکانیشدا جگە لە مەرگ
بەولاوە هیچی تر نەماوەتەوە

لە یادوەریی ڕۆژگارەکانیشدا جگە لە شیعر بەولاوە
هیچی تر نەماوەتەوە
پاش هەزارساڵیش ترێکان پێدەگەن و
پەرداخەکان لێوڕێژ دەبن
سترانبێژیش زیندوو دەبێتەوە
ئیتر ئاخی دوای هەزار ئاخ ئەی تاسە و خەم و
کەسەرم

**٦- مانگەکەی مەعەڕڕە**
شەو لە مەعەڕڕەی نوعمان
کیژۆڵەیەکی ڕەشپێستە، خەناوکەی مرواری بە
گەردنی مەڕمەڕیدا شۆڕ بووەتەوە
هەی کۆتایی دنیا و
هەی ئەو ئاوپرژێنەی لە باخێکدا بەکوڵ دەگریێ
ئەم ئاوازانە سەر بە چ سەرزەمینێکن؟
کام چەخماخەی نەزۆکیش لە نشێوەکاندا
ماڵی کۆیلەکانی بێدار کردەوە؟
ڕق و کینەی ئەم بۆقە زمان براوانەشی خرۆشاند؟
دە ئیتر هەستە ئەی کوچکەبەردەکەی سینە، ئەی
ڕمە لە نووک بەرییەکە
ئەی وشەگەلی خەڵتانی خوێن، هەی ئاگری بێ
دووکەڵ
تا بۆقەکانی سوڵتان و
کەلاکی بە ئاگر و ڕۆژنامەی کەونارا خاڵخاڵاوی
خامۆش بکەیت
تا برووسکەکانیش
ئەی سەرچاوەی ڕسوایی، ڕوخسارە تێکشکاو و
کراسە پینە پیناوییە دزراوەکەت بدرەوشێنێتەوە
لەبەر ئەوەی لە بازاڕدا هەژارەکان
سوڵتانە لادراوەکەتیان لە داردا و
تەکفیری برسێتییان کرد
هەتا ئیتر مەشخەڵەکان
نووتەکیی ئەم هەسارەیەی نوقمی ناو زوقم و
چڵپاوە و
ئا ئەم گوڵە بەیبوونە ژاکاوەیش ڕۆشن بکەنەوە

**٧- پێداویستیی*****
پەژارەیەکی بێ دەنگ و چەنگێکیش
کە چارەڕەشیی، بەر لە وادە، دایهێزاو
ژێیەکانی بە دەستمەوە گریان گرت
کە من بەو و لەناو ئەویش داڵدەگربووم
«ئاخ سبەینێ ئارەقەیەکی داچۆڕاو و
دڵێکی بە باڵابوون ئالوودە وایانکرد
کراسەکەم پێویستیی بە بشۆرێک بێت
بریا لە پاکیشدا دڵم وەک ئەو بووایە»
ئەی ئەوەی بیر بە ئێشوژانەکانی خۆی
هەڵدەکەنێ و
میهرەبانییەکەی ئاودیوی ئاودان دەکا و
وشەکانم دەکاتە زارێک
لە شەوێکی بێ هاوەڵدا بقیژێنێ
قووڵتری کە، قووڵتری کە، چونکە سبەی
پاش پێکگەیشتن ئازارە قەترانییەکەت کۆتایی دێت
نانەکەت ژەهراوییە دە ئیتر هەر چەند دڵت
دەیبات
بیخۆ هەتا ژیانێکی درێژخایەنت پێ ببڕێ

**٨- دە با ژیان دادپەروەر بێت**
- مردن دادپەروەرە - ئێ باشە، با ژیانیش
دادپەروەر بێ و با سواڵکەریش دەرباری پادشای
بدرێتێ
ئاوا مستەفا نیوەڕۆ لەسەر شۆستەکە مرد و
پادشایش لەسەر سینەی بووکەشووشە شاژندا
بێهۆشانە و ڕووت و ڕەجاڵانە لێی مرد
ئەو دەمەی شاعیری دەرباریش بۆی گریا،
سەگەکەیش بۆی گریا و وەڕی
لێبووکیش لە خەم و خوسەی سەروەرەکەی

لە خەم و خەفەتی ئەو مانگە پڕەی لە وڵاتەکە
ئاوابوو
ڕەشی پۆشی
مستەفایش لە چاڵێکی فەرامۆشکراودا
چاوەکانی بۆش و بەتاڵ بوون و لووتیشی شکابوو
مستەفاکەی دیکەیش لە کێڵگەکە وردوخاش و
ڕوخاوانە
بەسەر خاکەنازەکەیدا داهێزرا
چاوەکانی دەرپۆقیو و ڕوخساریشی ئاوڵاوی بوو
خاکەکەی دەپشکنی و لەناویدا بەدوای ڕەگەکاندا
دەگەڕا
سندیباد لێرەوە تێپەڕی، ئەم ڕۆژگارانەیش لێرەوە
تێپەڕین و
هەزار مێروو کۆشکێلیان بنیادنا و ڕووخاند
هێشتایش ئەو هەر پێ بەپێی خاکەنازەکەی خۆی
دەگەڕێت
پادشایش لە دەربارەکەی خۆیدا مەستە
لە ئاوریشم و چێژوخۆشییەکاندا نوقمە و
خۆراک بە سەگەکان دەدات
مردن دادپەروەرە - ئێ باشە، با لە ملی پادشا
بدرێت
هەتا دەمرێ، تا ژیانیش، سەروەرم، دادپەروەر بێت

**٩- بۆقەکان**

لەسەر دەریاچەی ئێوارێ بۆقەکانی خەم و کەسەر
ئاویان دەڕشتە ئاسیاوەکانی شەوەوە
بە یەکتردا هەڵیاندەگوت و
جلەکانیان بە هەوادا هەڵدەخست
چاییان هەڵدەقوڕاند و لە نووسینگە سپیکەلانە
جوان و ڕێکوپێکەکان و
لە ڕۆژنامە زەردەکاندا
بەسەر جەماوەر و ئەو یاخییەی کۆت و پێوەندی
دەشکاند
ڕق و کینەکانی خۆیان دەڕشاندەوە
بۆقگەلێک بە «پیاو» خۆیان ناودێر دەکرد
لە شارەکانی جیهاندا، لە شەقامەکانی تەمدا
لە بازاڕ و چایخانەدا، بینییانم، بێ ویژدانانە
سبەینێ و خەونەکان و چارەنووسیان دەساختاند
بینییانم لە ئارەقەی برسییەکان و
لە خوێنی تێکۆشەر قەڵای لە گەواڵەکان
بەرزتریان
بۆ خۆیان بنیاد دەنا
هەتا کە شەفەقیش دەرکەوت، ئا ئەم بۆقە
کوێرانەم دیت
لەسەر کورسییەکانی دەسەڵات ڕیاکارانە
بە برسییەکاندا هەڵدەڵێن و
بە گوڵ و ڕێحانە زەوییان بۆ ڕادەخەن
- ئای لە ونیی ئینسانی ئەم ڕۆژگارانە
مادامەکێ لە فەرهەنگدا شتێک هەیە ناوی
لەبیرچوونەوەیە
هەی سەروەرم

**١٠- بەڵام زەمین دەسووڕێتەوە**

ئەگەر ئێوە بتانەوێ، سەروەرانم، ئەوە زەمین
ناخولێتەوە و
نیوەشی تاریکایی دایناپۆشێت
ئەم گۆڕانەش
هەر تەنیا لەیستۆک و یاریچەی زارۆڵەکان و گوڵ
دەگرنە بارتەقای خۆ
هەر هەموو ئا ئەوەی بووە و ئەوەی دەیشبێ
چارەنووسە و بڕاوەتەوە
ئاوا ئێوە فەرمانڕەوان و
ئێمەیش لە دەربارەکانتان ڕایەخین و لە
گەوڕەکانیش نۆکەرین چارەوییەکان ڕادەهێنین
لە جەنگیشدا سەربازتانین
لە مەتەرێزەکانی نیوەڕوان لەپێناوی چاوی

پشیلەکانی میر و
بریسکانەوەی زێڕی دز و بازرگانەکاندا دەمرین
لە تەرمی ئاوابوونیشدا
ئەو میللەتە هەژار و برسی و بەزیوەین
مەغۆلەکان ئابڕوویان برد
ئەگەر بتانەوێ، سەروەرانم، ئەوە دەڵێم
کە بەدرێژایی ڕۆژگارەکانی دڵشکان و ڕیسوایی
شاعیر بە سوڵتانی دەگوت
ئێمە گڕکانێکی بێ دووکەڵ و
شۆڕشێکین وادەی دیاریکراوی نییە
ئەگەر بتانەوێ، سەروەرانم، دەبا شاعیر بێدەنگ
کەن و چەنگەکەیش تێکبشکێنن و
رووبارەکانیش ڕابوەستێنن
تازە ڕۆژگارەکەی ئێوە تاهەتایە بەسەرچووە و
هەر تەنیا وەک تارمایی بێ گۆڕیش نەبێ جارێکی
دی نایەنەوە
سەرباری ڕق و قینیشتان، زەمین هەر
دەسووڕێتەوە و
نیوە فەرامۆشکراوەکەشی ڕۆشنایی داپۆشیوە

**پەراوێزەکان:**


* سقط الزند: دیوانێکی شیعریی ئەبوو عەلای مەعەڕپییە، لە سەرەتای ژیانیدا، بەر لەوەی بۆ بەغدا کۆچ بکات بەرهەمی هێناوە. مانای حەرفیی ئەم ناوونیشانە پەرشبوونەوە، یان هەڵڕژانی پرووشەئاگری بەردەئەستێیە، واتە پەڕینی ئەو پزیسکانەی لە سۆنگەی لێکدانی بەرد و ئەستێوە سەردەکەن. دەڵێن مەعەڕڕی بەم ناوە چامەکانی خۆی بە پرووشەی ئاگر، تەنانەت بە ئاگریش شوبهاندووە.

** قافیة الهمزة.

*** لزومیة: کە «اللزومیات»کۆیەتی، واتە پێداویستییەکان، بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ دووەم دیوانە شیعری ئەبوو عەلای مەعەڕڕی کە هەمان ناوونیشانی هەیە و بریتییە لە ١٦٠٠ کورتە شیعر و بە گوێرەی بەدوای یەکدا هاتنی پیتەکانی ئەلفوبێ ڕێکخراوە.

*** سەرچاوە:**

**عبدالوهاب البیاتي، الاعمال الشعریة، الجزء الثاني، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، طبعة منقحة ومزیدة، ١٩٩٥.**



# کوڕێژگە کەرکووکییەکە و تۆپە لاستیکەکەی

**عوسمان محێدین**
**(کەرکووک)**

سالّی تازەی دوو هەزار و بیست و چوار، مانگی دوو، سبەی ڕۆژی لە دایکبوونمە، کەم کەس بەم ڕووداوە دەزانێت، ڕەنگە ئەم ڕێکەوتە بۆ مرۆڤایەتی گرنگ نەبێت، بۆ تۆیش کە ئەم یاداشتە دەخوێنیتەوە، بەڵام بۆ دایکم نا، بۆ کۆڵانەکەمان نا. بۆ دایکم خۆشترین ڕۆژە و هیچ کەس بە قەد ئەو بەم ڕۆژە دڵخۆش نییە، ئەو ڕۆژەی من هاتمە دنیاوە،ماڵمان سادە، باوکم دڵ گەرم، دنیاش سارد سارد بوو وەک دەڵێن. زۆر شتی تر دەڵێن و من ئەو ڕۆژانەم بیر نییە.

ئێستا، لای تەکسییەکان و لەو شوێنەی، کە زۆر جار چاوەڕوانی پاسەکەی زانکۆ دەکەم ڕاوەستاوم، حەسەن شوێنەکەم پێ دەزانێ، ئەو شۆفێرێکی چاو سەوز و زرنگە، حەسەن لە کارەکتەری فیلمێک دەچێت، ناوی فیلمەکەم بیر نییە، هەموو سەرنشینەکانی باش دەناسێت، پاسەکەی پڕە لە وردە خەونی شکاو.

ئەم ئێوارەیە، بە چاوی منداڵییەوە لە شارم ڕوانی، شار گەورە بوو، من بچووک بەم شارە! خۆم لەو گۆڕەپانە بینییەوە، کە بە منداڵی لەتەک هاوڕێکانم نزیک ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ تۆپ تۆپێنمان دەکرد، تەنیا چەند سەد مەترێک لە ئاگرە ئەزەلییەکەوە دووربووین، ئێمە ئەو دەمە بە تۆپێکی لاستیک یاریمان دەکرد، بەڵام ئێستا شار خۆی بووە بە تۆپێکی گەورە و گەورەکان یاریی پێ دەکەن

لـه تەنیشـت کۆڵانـی ئـەو مارکێتـە ڕاوەسـتاوم، کوڕێژگەیـەک بـۆ چەنـد جارێـک سـەرەتاتکێ دەکات و تۆپێکـی بـە دەستەوەیە، تـۆپ تەنیـا و خـۆی لـە مـن تەنیاتـر، بـەو سـەرمایە وەسـتاوە و کەسـی دەسـت ناکـەوێ تـۆپ تۆپێنـی لەگـەڵ بکات، لـە نـاکاو سـەیری کرد، چاوی بانگهێشـتی یاریـی کـردم، ڕاسـتتر ڕوحـی بانگێشـتی کـردم، قبووڵـم کـرد، دەسـتمان بەیـاری کـرد، ئـەو جوانتـر یاریی دەکرد و تۆپەکـە بـۆ ئـەو ئاشـناتر دیاربـوو. یارییەکـی بـێ ناوبژیـوان، بـێ ئۆفسـاید، بـێ بینـەران، بـێ تـۆ! ئـەم یارییـە دۆسـتانەیەم بـە خەڵاتێـک لێـک دایـەوە، بـە دەم یـاری و یـادی گەرمـی ئاگـرە ئەزلییەکـە و شـووتەکانی ئـەم کوڕێژگـە کەرکووکییـە، بـۆ سـەر هـەورەکان بەرزبوومـەوە و لەوێـوە بـۆ نێـو دنیـای منداڵیـم شـۆڕبوومەوە. منداڵیـم کـەس نەیزانـی لـە کوێـدا شـکا!

هەردووکمـان ئاسـوودە بوویـن، مـن بـۆ ساڵیادی لـە دایکبوونـم و ئەویـش لـەو شـارەدا کەسـێکی دەسـت کـەوت یـاری لەگـەڵ بـکات، خودایـە هەردووکمـان چەنـد لەیـەک دەچیـن!



# نامە بۆ ژوولیا پازار

عەلی حەسەن
(کەلار)

مـن نەمگـوت، بەڵکـوو نووسـیمەوە. مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی بنووسـێت، پێویسـتە بیانوویەکـی هەبێـت. بیانـووی مـن بـۆ نووسـین، هـەر خـودی نووسـینە، مـن ناتوانـم نەنووسـم، دەبێـت بنووسـم.

نامە بۆ ژوولیا "تەنیا مرۆڤ، لە قووڵایی سەد هەزار پێوە، خۆشم دەوێی...

خۆت وەرە! ئەم زەمەنە، هیچ هەستێکی نییە!

هەمـووان بـە گوێیەکانـم دەبینـم، تەنیـا تـۆ نەبێـت بـە چاوەکانـم دەتبیسـتم. ئەمـە چیـرۆک نییـە بۆتـی بگێڕمـەوە، شـیعر نییـە بۆتـی بنووسـم؛ خۆشـم ویسـتی، چونکـە شـایەنی ئـەوە بوویـت خۆشـم بوێـی. مەمـرە، ئێسـتا "نەمـری" ئەوەیـە بتوانـی بژیـت! مـردن ترسـناک نییـە، ترسـناک ئەوەیـە لـەم ژیانـەدا تەمەنێکـی درێـژت هەبـێ.

لـەم زەمەنـەدا، هیـچ شـتێک لـە بێدەنگـی و تەنیایـی جوانتـر نییـە. ئـاخ تەنیایـی، تەنیایـی هەندێ کات باشـە، بـەڵام هەمـوو کات باشـترە! هەنـدێ قسـە هـەن، تەنیـا لەنێـو کتێبەکانـدا جوانـن، شـتێک هێندەی ئـەوان جـوان بـێ، چاوەکانتـە! لەپشـت هـەر دێڕێکـەوە کـە دەنووسـرێ، چیرۆکێکـی ئـازاراوی بوونـی هەیـە. لـە نێـوان بۆشـایی دێڕەکانـدا، قسـەگەلێکی نەوتـراو هـەن کـە بـۆ هیـچ کەسـێک ناگێڕدرێنـەوە.

چاوەکانـم پـڕن لـە دووکـەڵ، نیشـانەی کـەم خـەوی نییـە، ئەمـە پێـی دەڵێـن: دووراودوور ئـازار چەشـتن. ئەمـە ئـەو چاڵەیـە کـە هیـچ دێڕێـک پـڕی ناکاتـەوە. تـۆ لـە هیـچ مرۆڤێکـی دیکـە ناچیـت، جگـە لـەوەی لـەم دوورگـە نەفرەتییـەدا ڕۆحـم بـە تاشـەبەردی وشـەکانتدا بدەیـت، ئالـوودە نیـم بـە هیـچ شـتێک، جگـە لـە تـۆ. بیرکردنـەوە لـە تـۆ، لـە تابلـۆی مرۆڤێکـی شـیزۆفرینیا دەچێـت.

هەنووکـە ژوورەکـەم زۆر سـاردە، مـن و ئافرەتـی نێو نامەکە پێکـەوە هەڵدەلەرزین، هیچ گەرمکەرەوەیـەک لـەم ژوورەدا نییـە، مـن بـێ تـۆ هیـچ نیـم، جگـە لـە جەسـتەیەکی سـارد - سـارد نەبێـت. تەنیـا مـرۆڤ، تەنیـا تاوانـم ئـەوە بـوو، تـۆم خـۆش ویسـت.

"سـەرم" هـەر بەڕاسـتی بەسـتوویەتی! کاتێـک قسـەکانم بەجێـی درکاندنیـان بـوون بـە حەژمـەت، بـۆم قـووت نـەدرا، لـە گەروومـدا وەک بادامێـک جێـی خۆیـان کـردەوە، هەنووکـە دەمـم قـەوزەی گرتـووە، چاوەکانیشـم بـوون بـە "بەبەردبـوو".

بـە هـۆی مرۆڤـەوە، هەمـوو شـەوێک کاتـی نووسـتن، دەبـێ دڵـم لـە ئـاو بکـەم، تـا بـۆ سبەی نـەرم ببێتـەوە. تەنیـا مـرۆڤ، تەنیاییـم چاڵێکـە، هیـچ کەسـێک ناتوانـێ پـڕی بکاتـەوە! نامـەوێ هەستەکانیشـم بشـارمەوە، مـن زۆر زۆر تەنیـام، تەنیاییـەک کـە تـەواوی ڕۆحمـی داگیرکـردووە و لـە ناخـەوە لێـم دەخـوات. هەنـدێ کات دۆخـم زۆر خراپتـر دەبـێ، "تا"یەکـی قـورس دام دەگرێـت و نازانـم چـی دەکـەم و چـی دەڵێـم، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێنووسـەکەش لێـم بێـزارە. ئێسـتا ئێمە؛ مـن، پێنـووس، جگەرەکـەم، هـەر سـێیانمان زۆر تەنیایـن.

نامـەوێ بـە بەزەییـەوە لێـم بڕوانـی، چونکـە "بەزەیـی" هەرگیـز شـایەنی لێخـۆش بـوون نییـە. دڵـم لـە جێگـەی خـۆی نییـە، مـرۆڤ لـە دۆخێکـی وەهـادا مەهێڵـەوە، نـەک هـەر مـن، خـوداش بەمـە بارودۆخـی تێـک دەچێـت. مـرۆڤ؛ کـە سـووچێکی دیکـەی دۆزییـەوە بـۆ ژیـان، نـەک هـەر خۆشەویسـت، خـوداش لەبیـر دەکات. پێنووسـەکە توانایـی نووسـینەوەی ئـەم هەمـوو ئـازارەی نییـە، ژیـان لـەم تاراوگەیـەدا تەنیـا کات بـە فیرۆدانـە، تـێ ناگـەم مرۆڤـەکان چـۆن دەتوانـن بژیـن، لـە کاتێکـدا کـە ئامانجێـک بوونـی نەبێـت؟

ئـەی ئامانـج؛ کورتتریـن گوزارشـت بـۆ ئـەو هەسـتەی کـە لـە ناخمدایـە، تەنیـا بێدەنگییـە. تەنیـا دەڵێـم: "ژیـان" جۆرێکـە لـە نەخۆشـی. لێرە هیـچ شـتێک پارێـزراو نییـە. مرۆڤ، لێرە بە شـەو خـودا پەرسـتە، بـە ڕۆژ بـێ خـودا، بـە ڕۆژ موسـڵمانە و بـە شـەو کافـر، سـاتێک بـێ ئایینـە، سـاتێک ئاییـندار، ڕۆژێـک خـۆی خاوەندارێتـی لـە خـۆی دەکات، ڕۆژێـک کەسـێکی دیکـە، چرکـە - چرکـە "ژیـان" تەمەنـی بـەرەو کۆتایـی دەچێـت، هیـچ بیانوویـەک بـۆ ژیـان نییـە، ئـەوی تـر تەنیا کات بـە فیرۆدانـە - واتـە: خۆفریـودان لەنێـو دنیایەکـی یۆتۆپیـدا.

دووبـارەی دەکەمـەوە ئێرە عێراقـە، پـێ دەچـێ هـەر یەکێکـی وەک مـن، واز لـە خولیاکانـی بهێنێت و بکەوێتـە ژێـر کاریگـەری سیسـتمی دەوڵـەت، لەوانەیـە بیـەوێ ببێـت بـە سـەرباز! بەڕاسـتی هەمـوو شـتێک کۆتایـی دێ، هـەر لـە جەنـگ، کوشـتن، ئـازار، تەنانـەت ئـەم جیهانـەش... هەتادوایـی، بـەڵام ئـەوەی بۆ هەمیشـە دەمێنێتەوە خۆشەویسـتییە.

مـن تـۆم لـە جەنگـدا نەناسـی، بـەڵام ئەوەنـدە دەزانـم کـە فیشـەکێک، پـێ دەچێ بۆ هەمیشـە دووان لـە ئامێـزی یەکتـر بـکات. هیـچ جەنگـێ نەیتوانـی لـە خۆشەویسـتی مـن کـەم بکاتـەوە، هیـچ سـەربازێکی کوژراویـش بـە نامـەی پۆسـتەچییەکاندا نەهاتـەوە. هەنـدێ کات دەمـەوێ بـۆ سـاتێکیش بـێ لـە دنیـای مرۆڤـەکان بڕۆمـە دەرەوە، بـەڵام تارماییەکی ترسـناک ڕێگـەم لـێ دەگرێـت و ناشـهێڵێت بخـەوم.

لـەم ژوورەدا، کـە جگـە لـە مـن هیچ مرۆڤێکی دیکە ناگرێتـە خـۆی، ئـەم چەنـد دێڕەم بۆ نووسـیویت:

**"ژنترین ژن"**

**لە یەکەم وێستگە "پایەبەرز"**

**یان لەگەڵ یەکەمین بەفر**

**لە دوورترین ئاسمانەکانی خودا**

لەگەڵ یەکەمین ماچی پرووشەی بێ تەل
ئەی لە سەمای زیخەکان بێ وێنەتر
ئەی قووڵتر لە دەروونی ئەم هەسارە پیرە
تۆ کێ پاڵی پێوە نابووی،
وا کەوتوویتەتە نێو قووڵایی گیانمەوە و
نایەیتەدەر؟
بەم عەسرەچا، لەگەڵ توانەوەی یەکەمین بەفر
گریانی یەکەم مەمکی کوێرەکانی
پێکەنینی هەزاران مەلی گیانکەنشت
ئەی لە هەناسەی "با" دڵڕفێنتر
خاوتر لە ئەژنۆ شکاوەکانی کاتژمێری تەنیایی
ئەی میهرەبانتر لە دایکی عیسا
نەرمتر لە کەف
لە ماسی نزیکتر لە قووڵایی
ئەی لمی دەریا
هێدی هاتی وەک بەفر، هێدی مەچۆ ئەی تۆز.
لەگەڵ یەکەمین شکانی گفتی باران
یەکەمین چای کوخ، ئەی ئافرەت
نانی گەرمی یەکەمین تەنوورەکان
یەکەمین سۆپەی دڵئاسن
ئەی خەونە پەڕ لە باڵ نەهاتووەکان
زەریتر لە سیمای گوڵەگەنمی خۆر بردوو
ئەی گۆزەشکاوی سەر بیرەکان
ئەی غەمگینترین ڕوانین لە زێوارەکانەوە
غەریبترین غەوارەی ئەم جوگرافیا نەفرەتییە
کچی دڵشووشە،
زامترین زامەکانی کۆمەڵگەی شێت
ژنترین ژن، کێ هێناتی؟
خۆشم دەوێی... هەتادوایی، ئەی تەنیا مرۆڤ.
خۆشویستنێک؛ وەک ڕەنگ بنیشێ بە لێوەکانتەوە.

خۆشویستنێک، لە پەڕی باڵندە تۆراوەکان، لەگەڵ یەکەمین "با" کە دەچێتە سەر خەرمان و یەکەم جووتیار کە شەن دەکات. لەم نامەیەدا؛ هیچ چەترێکت پێویست نییە، لێرە نە باران دەتوانێ شوێن پێت بسڕێتەوە، نە بەفر. زۆر دەترسم وەک شەمەندەفەرێکی بەر باران، پەراوێز بخرێت و نەگات بەجێ.

خۆشەویستی: هەڵوێستەیە، ڕێگایەکی دوورودرێژە و دەچێتەوە سەر چاوەکانت. ئەگەر ڕۆژێ پێت بەسەر گوڵێکدا نا، ئەوە منم، نەرم هەنگاو بنێ. ئەگەر ڕۆژێ کۆتا قومی جامەئاوێکت پەراوێز خست، ئەوە منم، مەمرێژە و بمخۆرەوە. ئەگەر ڕۆژێ بە وڵاتێکدا تێپەڕیت، بۆنی غەریبی لێ دەهات، چاک بزانە من لەوێ نیم. ئەگەر ڕۆژێ هەستت بە تەنیایی خۆت کرد، ئەوە ئەو ڕۆژە من مردووم. ئەگەر ڕۆژێ دیتنی "دیمەنێک" بزەی خستە سەر لێوەکانت، ئەوە منم، ئیتر لە یادەوەرییەک زیاتر هیچی تر نیم. ئەم ڕۆژانە و سەدان ڕۆژی تر، ئەگەر ڕۆژێ بەلای گۆڕێکدا تێپەڕیت، بە هێمنی تێ بپەڕە، ئەوە منم، نەرم هەنگاو بنێ، چونکە نامەوێ سەرلەنوێ لێرە دەست بە ژیان بکەمەوە.

ژوولیا؛ دایکم دەروونناس نەبوو، بەڵام بە ئاماژەیەک لە هەستەکانم تێ دەگەیشت، لە کاتێکدا من هیچ کات هەستەکانی خۆمم بۆ ئەو دەرنەبڕیبوو، تێ دەگەم دوای دەیان نامە، دەیان چیرۆک، تۆ هێشتا نەک هەر لێم تێ ناگەی، بەڵکوو وەک قوڕێکی "شل" مامەڵە بە هەستەکانمەوە دەکەیت. "تەنیایی" جۆرێکە لە نەخۆشی. چەند تامەزرۆم لەنێو مێژوودا خۆشم بوێی، لەنێو مێژووشدا ئەم نامەیە بخوێنیتەوە، چەند تامەزرۆم! زوو وەرە، دەترسم مردن بگات و تۆ هەر نەگەی.

قبووڵی بکە لەنێو سەرمادا، وەک باڵندەیەکی شین خۆشم بوێی.

**٢ی بەفرانباری ٢٠٢٣**



# شادەمار

بەرزان عەلی مەجید
(سلێمانی)

(١)

میدیات، چۆن ناسی؟

سەرم هەڵبڕی لەبەردەمی دادوەردا بووم، دەستەکانم کەلەپچەکراوە وەک ئەوەی تاوانبارێکی گەورەیان گرتبێت، خۆکوژییەکەی میدیا بە جۆرێک تاساندبوومی، توانایی و ئاگایی ئەوەم نەبوو دەستبەجێ وەڵام بدەمەوە، وەک چۆلەکەیەک کە هەڵۆ بەسەریدا گیڤاندبێتی، شپرزە و بێ حەوسەڵە و دڵم ترپ ترپ بەخێرایی لێی دەدا، ئەبڵەق ئەبڵەق بێ وەڵام سەیری دادوەرم دەکرد.

(٢)

ئەو شەوە خۆم لە زینداندا بینییەوە، زۆر ئازارم چەشت وەک ئەوەی لە شاخێکی بەرزەوە، خرابێتمەخوارەوە، هەموو جەستەم لەناو ئازاری لەدەستدانی میدیا کە بۆچی خۆی کوشت؟ دەلەرزی.. لەولاشەوە زیندانییەکان لە ئاواز و سەفای خۆیان نەدەکەوتن، وەک ئەوەی زیندان شوێنی هەتا هەتایی ئەوان بێت.

یەکێک لەزیندانییەکان لەسەرچی زیندانی کراویت؟ یەکێکی تر خۆ کەست نەکوشتووە؟ نا بابە سەروقەڵافەتی بەوەناچێت مرۆڤکوژبێت؟ یەکێکی تر، خۆ لەسەر خۆشەویستەکەت نەگیراویت؟ یەکێکی تر لە زیندانییەکان پێ دەچوو گەورەیان بێت، بەدەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد وازی لێ

بێنن (نابینن لیباسی کاری لەبەردایە؟ دەبێت لەسەر چ بەدبەختییەک زیندانی کرابێت؟

تۆ بیر لەم خوێڕییانە مەکەرەوە، یەکێک بەدەنگی بەرز هاواری کرد ئێمە خوێڕی نین. ئەگەر خوێڕی نەبوویتایە لە زیندانەدا نەدەبوویت، بێدەنگ بە با کەللەت نەتەقێنم، بەهێمنی پێی وتم تۆ لێرە لە سایەی مندا پارێزراویت. لە ناخی خۆمدا ئەوەم بەمێشکیدا هات کە تەنانەت لە زیندانیشدا مرۆڤی باش هەیە.

ئەو شەوە خەو باڵندەیەک بوو لەجەستەمدا فڕیبوو، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە، میدیا، خۆکوشتن و زۆر شتی تر.

(٣)

قوربان من کرێکارم، لە وڵاتێکی ترەوە هاتووم تا خوشک و براکانم لە برساندا نەمرن، میدیا هەموو بەیانییەک، لەبەردەم ئەو باڵەخانەیەوە کە ئێمە کارمان تێدا دەکرد، دەڕۆیشت بۆ زانکۆ، ئەو لەو ماوەیەی من دەمبینی زۆر تەنیابوو، هەمیشە بە تەنیایی دەڕۆیشت و بە تەنیایی دەهاتەوە، کاتێک یەکترمان ناسی و بووە هاوڕێم، ئەوەی بۆ من سەرنج بوو، باسی ئەو هاوڕێیەی خۆی بۆ کردم کە بەجێی هێشتووە و لە ئەورووپا نیشتەجێیە.. ئەو هاوڕێیەی ناوی چی بوو؟ بێهنام. بەردەوام بە.. میدیا چەند جارێکی تریش هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، من ئەوەشم دەزانی، بەڵام هەرگیز وەک بوونێکی ڕاستەقینە لە ژیانیدا نەمدەبینی، هەستم دەکرد وەک چیرۆکێک، یان فیلمێک باسی خۆکوشتن دەکات. ئەو شەوەی کە خۆی کوشت من لە بیمارستان لای هاوڕێیەکەم بووم کە لەگەڵ ئەفغانییەکاندا بەشەڕهاتبوو، چوار کەتەریان لێ دابوو، من تەنیا ئەوەندە دەزانم خودا شاهیدە.

(٤)

میدیا کچێکی ئەسمەر و باڵابەرز، دوو چاوی گەورە و مەستی هەبوو وەک ئێرانییە ڕەسەنەکانی سەردەمی قاجار، کاتێک قۆڵی مانتۆکەی هەڵدەکرد، ئاسەواری چەقۆ، یان کەتەر بەسەرییەوە دیاربوو، هەستت دەکرد ئەو دەست و بازووانە هی ئەو ڕوخسارە ئارام و میهرەبانە نییە، ئەو لە یەکەم بینیندا کە دەتبینی مرۆڤێکی خوێن سارد و توند دەردەکەوت، بەڵام بۆ من کە ڕۆژانە دوو جار، یان زیاتر دەمبینی، هەستم دەکرد لەپشت ئەو ساردی و توندییەوە مرۆڤێکی ئارام و تەنیا هەیە.

کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانیان، میدیا وەک شازادەیەک لە دەرگا دەهاتە دەرەوە، بۆنێکی تەواو مێینانەی لەخۆی دەدا کە من ئەو بۆنەشم بەلاوە سەیر و جیاواز بوو، ماڵی ئەوان لە هەمان گەڕەک بوو، ئەو باڵەخانەی ئێمە وەک کرێکار کارمان تێدا دەکرد، دەیڕوانییە سەر ماڵیان، هەمان گەڕەک بە ناوی فەرەحزاد، من کە دەمزانی حەوت و نیو لە دەرگا دێتە دەرەوە، هەر زوو بەجلی کرێکارییەوە لە نهۆمی دووەمەوە بە پڕتاو دەچوومەوە خوارەوە تا میدیا ببینم کە تێدەپەڕێت، هاوڕێکانم کە هەندێکیان هاوشاری و هاونیشتیمانیم بوون و هەندێکی تریان ئەفغانی و تورک بوون، بەم کارەیان زانیبووم، هەر ڕۆژەی شتێکیان پێ دەوتم، دەیانوت ڕەیس ئەو کچە وەک شازادەکان وەهایە، تۆ خەریکی چیت؟ دەیانوت وەڵڵا حیساب بۆ کوڕی سەرۆک کۆماریش ناکات. دەیانوت، ئێی تۆ لە کوێ و ئەو لەکوێ، پارەی یەک نانخواردنی کرێی مانگێکی تۆیە

ڕەیس گیان ...تاد.


بەڵام من وەک ئەوەی دڵنیابم لەوەی هاوڕۆح و هاوتەنیایی منە، وەک ئەوەی هێزێک هەبێت زیاتر لە هێزی ناخی خۆم، بەرەو لای خۆی دەیبردم و دەیبردم.

(٥)

شیرینی نیکپوور، تاکە هاوڕێم بوو لە فەرەحزاد کە ماڵێکی هەبوو بەتەنیا دەژیا، منداڵی کەسێکی موعتادی بەخێودەکرد و سەرپەرشتیاری دەکرد، ماڵی ئەوان لە کۆتایی کۆڵانێکی بنبەست و چەپەکدابوو کە کۆتایی ئەو کۆڵانە دەڕۆیشتە نێو چەمێکەوە، ئێستا نازانم دەبێت ئەو چەمە مابێت؟ هەرکات دەمویست بچم بۆ لای، دەبوو ئاگاداری ئەوە بوومایە کە مرۆڤەکانی دەوروبەری مرۆڤگەلێکی ترسناک دیاربوون و تووڕە و کەللەشەق و بێ فەرهەنگ بوون، هەرکات خۆم دەبینییەوە لەماڵی خانمی نیکپوور هەزار و یەک سەرنجی سەیریان دەدام، بەڵام شیرین وەک ئەوەی خاوەن ڕێکخراوێکی خێرخوازی بێت بۆ لانەوازان، بەردەوام دڵنەوایی منیشی دەکرد کە غەریبەیەک بووم و سەرپەرشتیاری کرێکاران بووم، من و شیرین ئێوارەیەک یەکمان ناسی کە هاتبووە ئەو باڵەخانەیەی ئێمە کارمان تێدا دەکرد، گەڕابوو بەشوێن سەرپەرشتیاری کرێکارەکاندا، کە چووم بینیم و قسەمان کرد، ئەو بانگێشتی کردین بۆ نانخواردنی ئێوارەیەک لە ماڵی خۆیان، ئیتر لەو ئێوارەیەوە من و خانمی نیکپوور ئاشنای یەکتربووین و بانگێشتەکانی بۆ خۆم و کرێکارەکانی هاوڕێم چەند بارە بووەوە.

لەیەکێک لەو خوانانەی خانمی نیکپوور بۆی سازدەکردین لەنێو گفتوگۆکانماندا باسی میدیام بۆ کرد، کە چەندە سەرسامم بەوەی بیناسم و بزانم ئەو کیژە ساردوسڕە بۆ ئەوەندە تەنیایی لێ دەچۆڕێت، نازانم هەست ناکەم عاشقی بووبم، بەڵام ئێستا کە بیر لەو ڕووداوانە دەکەمەوە، تێ دەگەم خۆهەڵقورتاندن لە مندا هەیە، بەڵام بۆ هەموو شتێک نا.

شیرین لەپاش ئەوەی باسی میدیام بۆ کرد، بەڵێنی ئەوەی پێم دا کە ئێوارەیەک بەتەنیا خۆم بچم بۆ لای و بە تێر و پڕی باسی میدیای بۆ بکەم.



# بازاڕێ خەوار

وەحید کەلەش
(سوید)

تەنێ بێ هش د ڕێ دە د وێ جادا درێژ دە دچوو و گاڤێن وی ئەو دڕەڤاندن و ئەو ژی ژ خوە دڕەڤیان.

چغارا خوە دکشاند و دوو یێ وێ ژی ژ سینگا خوە نە دەردخست ئەو دوومانە ژی ب ژانێن دلێ خوە رە دادقورچاند.

د ڤی بازاڕی دە مرۆڤ گەلەک ئێش و دەردان دادقورپینن ژ ڕۆژا بوونێ تا ڕۆژا چوونێ هەر ژان ئەوە ژانە ئەوە ئەوە ئەهووەە.

باران دباریا و تاریا وێ جادێ مینا تاڕیبوونا دلێ وی بوو نا مینا تاڕیبوونا ل هاویردۆرا چاڤێن وی بوو. دەنگێ وێ بارانێ تشتەک ئانی بیرا وی. د نیڤا وێ جادێ دە ڕاوەستیا، لەرزەکێ جانێ وی گوڤاشت و پێتەکە گەرم د پۆزێ وی رە هلکشیا راییێن سەرێ وی. سەرێ خوە هلدا ژۆر قیرەکا ب شەوات ب دەنگێ خوە یێ ئازا بەردا:

–کانی چاڤێن تە بێریڤان ک..ان..ی.. چ...ا...ڤ..ێ...ن...تە ب..ێ...ر...ی...ڤ...ا...ن

ڤەدەنگا دەنگێ وی د وێ شەڤێ دە لێ دڤەگەڕیا تەنێ ئەو بووبوو شڤانێ شەڤێن رەش.

ئەڤ چەند سالن باران دبارە؟. ئەڤ دەهـ سالن باران نەمینا بارانێ دبارە و ئەڤ دەهـ سالن ل ڤان جادەیان ل بهنا بێریڤانێ، ل چاڤێن بێریڤانێ دگەڕە ئەو بێریڤانا د ڤێ جادێ دە وندابووی.

ئەڤ دەهـ سالن باندکە و دەنگێ وی، سێوی ل وی دڤەگەڕە.

باران دباریا تـا گنجێن بن جلان ژێ شلبووبوون لێ ئـەو سەرخوشـبووبوو ب تشـتەکی هەسـت نـە دبـوو هــەو ب بارانــێ و ب خوەنـا بێریڤانــێ ڤــە مـژوول بـوو.

گاڤێـن گـران، شـل و وەسـتیایی ئـەو گهانـدن گۆرسـتانا بازێـڕ. ل بـەر کێـلا گـۆڕێ ژ کوندکاڤـە روونشـت. دەسـتێ خـوە ل هـەر دو کابێـن خـوە پێچـان و سـەرێ خـوە مینـا لاندکـێ د بـر و د ئانـی و چاڤێـن وی ب نڤیسـا وێ کێلـێ ڤـە دچوون و دهاتـن. دەسـتێ خـوە کـر د بەریـکا قاپووتـێ خـوە دە چغـارا داوی بـوو ژ پاکێتـێ کـرد ناڤـا وان لێڤـێ خـوە یێـن شـل دە، ژ سـەرما دەسـتێ وی بانگـەرێ سـتە نـە دگەڕانـد، چەنـد هەولدانێـن پـووچ لێخسـتن ژ بـەری سـتە وەرێ ڤێخسـتن.

وێ چغـارێ ڕۆناهیـەک د وێ تاریـێ دە ڤێخسـت چغارا خـوە ب داوی ئانـی، رۆناهی بەلاڤ بوو، دیسـا بـوو تاریسـتان. خـوە ب سـەرهەڤ دە گوڤاشـت، ژ نشـکێڤە رۆناهیـەک ژ باکوورێ گۆڕسـتانێ ڤـە هـات، مینـا چرایەکـێ بـوو ل سـەر گۆڕسـتانێ دگەڕیـا. ڕاوەسـتیا ژ خـوە رە گـۆت:

– ئـەڤ مینـا بێریڤانا منـە، لـێ وەکـی دوومانـێ یـە، نـا وەکـی رۆناهیـێ یـە.


بێریڤانـا وەکـی دوومـان و رۆناهیـێ دەسـتێن خـوە دڤەکـرن و ب دەنگەکـی ب کـەن باندکـر، دە وەرە مـن بێریا تـە کریـە دە وەرە لـۆ .

بێریڤانـا ژ دوومـان و رۆناهیـێ یـارێ خـوە هەمبێزکـر و رۆناهـی بەلاڤبـوو دیسـا ل گۆڕسـتانێ بـوو تاریسـتان. دەم هێـدی هێـدی دەرباسـدبوو، شـەڤ دەرباسـبوو و بـاژاڕ هیـن بـێ بەنـگ بـوو و د خــەوێ دە مابـوو.

ب بانگا ئەلەندێ رە مەلە بانکر :

– رەمـۆ چـوو بـەر دلۆڤانیـا خـوەدا یـێ خـوە، ل وی ببـوورن خـوەدا ل وە ببـۆرە.

وێ شـەڤێ کۆچـا رەمـۆ دینـۆ بـوو. وی چاخـی سـێ چارییێـن مرۆڤێـن وی بـاژاڕی هیـن د خـەوا گـران دە بـوون، ژ بلـی مـن و تـە، گەلـەکان نەدزانیـن سـەدەم چ بـوو؟ یـان چیـرۆک چ یـە؟ گرینگـە؟ یـان نـە گرینگـە ژ مرۆڤانیـا مرۆڤێـن بـاژاڕێ مـەرە.؟



# لاڵە...

سادق هیدایەت

لە فارسییەوە: میقداد شاسواری

هەر لە بەیانی زووەوە کەشوهەوا تووش و دژوار بوو. هەورەکان هێندە نزم بووبوونەوە دەتگۆت بوونەتە چەترێکی ڕەش بەسەر سەری مرۆڤەکانەوە، تاوێک تێک دەئاڵان و تاوێکی تر لێک دەترازان. بایەکی هێندە سارد هەڵی کردبوو دەتگوت گوێزانە و ڕوخساران دەوڕووشێنێ. بن دار و درەختەکان بە گەڵای وەریو داپۆشرابوون. پۆلێک قەلەڕەش بە قاڕەقاڕێکی زۆرەوە بە ئاراستەیەکی نادیاردا لە فڕیندا بوون. خانووی ئەو لادێیانە لە دووڕا وەک قالکە شقارتە وابوون کە بەسەر یەکەوە چنرابن، پەنجەرەکانیان بێ چوارچێوە و بێ دەرگا بوون، لەوە دەچوو بۆ ماوەیەکی کورت و کاتیی چێ کرابن.

لەنێو ئەم سەرما پڕ ئازارەی ئێسقان «خودێدا» بە ڕیش و سمێڵێکی خۆڵەمێشی، زیتەڵە و دڵخۆش، پتەو و پڕ هێز هەنگاوی دەنا، وەک ئەوە وابوو خوێنێکی تازە بەنێو دەمارە پیر و ماندووەکانی جەستەیدا کرابێ. لە ڕواڵەتدا سەرنجی نیگای کەوتبووە سەر ڕێگە تەڕ و شێدارەکە، کە لە مافوورێکی پان و بەرین دەچوو بە پانتایی دەشتە نزم و تەختاییەکەی ناوچەکەدا ڕاخرابێ.

گڤەگڤی بایەساردەکە لە گوێچکەکانی ئەودا لە ژەنینی مۆسیقایەکی خۆش دەچوو. لاسک و گەڵای دارودرەختەکان لە چاوانی ئەودا بەدەم شنەی بایەکەوە سەمایان دەکرد. قەلەباچکەکان بەئاسمانەوە بە قاووقیژەوە سەمفۆنیایان دەژەنی و شادی و خۆشییان دادەباراندە سەر زەوی. ئەم بەیانییە سروشت خۆی لە هەزار و یەک ڕەنگی ئاڵوواڵادا هەڵکێشابوو. پیاوە دانعەمرەکە دڵی خۆش و کەیفی ساز بوو، بۆیە هەموو شت بە لای ئەودا جوان و سەرنجڕاکێش دەینواند.

پریاسکە زەنگیانەڕێژەکەی، لە ترسی ئەوەی ئەوەکا با لە دەستی بڕفێنێ، نووساندبووی بە بنی هەنگڵییەوە. بریقە و درەوشانەوەیەکی سەیر لەناو چاوەکانیدا دەبریسکایەوە و لەگەڵ هەڵێنانی هەر شەقاوێکیدا لاق و پووزە گورج و بەهێزەکانی لەبن پانتۆڵە فشۆڵ و دەلینگ فشەکەیدا دەردەکەوت. جلکێکی شینی ئاسمانی لەبەر و کڵاوێکی لبادی ڕەنگ زەردیشی لەسەر بوو. خودێدا پیاوێکی شەست ساڵان بوو. هەیکەل و قەڵافەتێکی زل و تێکسمڕاوی هەبوو. نزیکەی بیست ساڵ دەبوو خەڵکی ناوچەکە لە چەند جارێکی کەم بترازێ، ئەویان نەبینیبوو. دەمێک ساڵ بوو خۆی لاتەریک و گۆشەنشین کردبوو. لە هەموو خەڵک و ئاوایی دابڕابوو. ماڵۆچکەیەکی لە قوڕ و بەرد دروست کردبوو تێیدا ئاکنجی بووبوو. بیست ساڵ دەبوو وەکوو کەسێک تەرکی دنیای کردبێ، دوور لە خەڵک و ئاوایی، بە تاک و تەنیا دەژیا. بە دەستە زبرەکانی، زەوییەکەی خۆی دەکێڵا و دایدەچاند و بەروبوومەکەی دەکردە بژێوی خۆی. ڕووبەرێکی باشی زەوی کشتوکاڵیی لە باوباپیرانی بە میرات بۆ مابووەوە، بەڵام لە ساڵی گرانی و قاتوقڕییەکەدا بەشێکی زۆری زەوییەکەی فرۆشت، یان بە ئارد گۆڕییەوە.

لەساڵانی ڕابوردوودا خەڵکێک پیاوەپیرە تەنیاکەیان لە بازاڕی شاردا بەرچاو کەوتبوو، جلک و پۆشاکی ژنانەی دەکڕی، تەنانەت کەسانێک ئەویان لە کێوەکانی دەوروبەردا بینیبوو کچێکی کاوەلی لەگەڵدابووە، ئەوەیش بووبووە جێی سەرسوڕمانی خەڵکەکە.

چوار ساڵ لەمەوبەر لە شەوێکی یەکجار سارد و زوقمدا، کە سەرما دزەی دەکردە ناو مۆخی ئێسقانەکان «خودێدا» فووی لە چراکە کرد و ویستی بخزێتە نێو پێخەفەکە و بخەوێ، ئاوها لە پڕێکدا دەنگێکی کز و نامۆ هاتە گوێی. سەرەتا نەیزانی ئەوەی گوێی لێ بوو دەنگی گیانلەبەرێک بوو، یان دەنگی ئادەمیزاد بوو. دەنگەکە پەیتاپەیتا نزیکتر بووەوە و لە دەرگا درا. پیاوە پیرەکە لەسەر پێخەفەکەی هەستایەوە و هەستی ڕاگرت. تنۆکێک ئارەقەی سارد بەسەر بڕبڕەی پشتیدا خلیسکا.

چەند جارێک بەدوای یەکدا دەنگی هەڵبڕی: کێیە؟

کەس وەڵامی نەدایەوە. ڕاکشایەوە و ویستی بخەوێ، دیسان لە دەرگا درایەوە. کاتێک چراکەی داگیرساندەوە دەستەکانی دەلەرزین. ئەو کێردە گەورەیەی بۆ پارچەکردنی دار و چیلکە بەکاری دەهێنا و بە دیوارەوە هەڵیواسیبوو، هێنایە خوارێ و بە جووڵەیەکی خێرا دەرگای کردەوە. سەرەتا لە شوێنی خۆی حەپەسا کاتێک کچە قەرەجێکی دە دوازدە ساڵانی بینی سەرما بڕستی لێ بڕیبوو، وەکوو پشیلەیەک خۆی گرمۆڵە کردبوو، فرمێسک بەسەر گۆناکانیدا مەیبوو. خودێدا کێردەکەی فڕێ دایە گۆشەیەکی خانووەکە و دەستی کیژۆڵەکەی گرت بردییە ژوورێ. ئاگری بۆ کردەوە و یارمەتی دا هەتا سەرمای جەستە و دڵی توایەوە. پیاوەپیرەکە بە جلەکۆنەکانی خۆی پێخەفێکی بۆ کچۆڵەکە چێ کرد و بە دیارییەوە دانیشت هەتا خەو بردییەوە. کاتێک ڕۆژ بووەوە، هەرچی پرسیاری لە کچەکە کرد "ناوی چییە و کێیە و لە کوێ هاتووە و چۆن ڕێی کەوتووەتە بەر دەرگای ماڵۆچکەکەی ئەو» هیچ وەڵامێکی لێ دەست نەکەوت. دەتگوت کیژۆڵەکە سوێندی خواردووە هیچ لەبارەی خۆیەوە نەدرکێنێ. ئەویش ناوی کچەکەی نا (لاڵە).

خودێدا دەیزانی ئێستا کاتی گەرمیان و کوێستانی قەرەج و ڕەوەندەکان نییە، بەڵام

نەیدەزانی ئەو کچە لە نێوان عەرد و عاسماندا چۆن و لە کوێوە کەوتووەتە بەر دەرگای ماڵی ئەو. کە ڕۆژ داهات کەوتە گەڕان، بە دوای شوێن پێی کچەکەدا ڕۆیشت تا هیچ نەبێ بزانێ لە کام لاوە هاتووە، بەڵام هەر زوو شوێن پێی کچەکەی بەسەر گەڵا وەریوە تەڕەکاندا لێ ون بوو. کاتێک لە پرس و جۆکانیشیدا هیچی دەست نەکەوت، لێبڕا کیژۆڵەکە لای خۆی بهێڵێتەوە و بیحەوێنێتەوە هەتاوەکوو خاوەنێکی لێ پەیدا دەبێ.

لاڵە کچێکی گەنمڕەنگ بوو، ڕوخسارێکی جوان و شیرین و دوو چاوی درەوشاوەی هەبوو. تاتۆی چەند خاڵێک لەسەر دەستی و نێوان هەردووک چاوانیدا کوترابوو. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی پیرەپیاوەکە و لاڵە لەماڵۆچکەیەکی تاکژووریدا پێکەوە ژیانیان بەسەر برد، هیچ کەسێک بۆ سۆراغی کچەکە لە دەرگای نەدا. هەموو پرس و گەڕانەکانیش بێ سوود بوو. «لاڵە»ش لە هەموو ئەو ماوەیە لە بێدەنگیدا وەک سندووقێک وابوو قفڵ درابێ و کلیلەکەیشی قووت دابێ و هیچی لەبارەی خۆیەوە نەدرکاند. دوای ئەو ماوەیەش خودێدای پیر بە جۆرێک هۆگری لاڵە بووبوو حەزی نەدەکرد کەس بێت و ئەوی لێ دابڕێنێ. هۆگرییەکەی وەک پێوەندیی نێوان باوک و کچ نەبوو. بە لای خودێداوە پێوەندییەکە زیاتر لە هی ژن و مێرد دەچوو. بێ ئەوەی لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە هیچ شێوەیەک تخوونی یەکدی کەوتبن. هەر هێندەی، سەرماوسۆڵە لە شەوێکی ساردوسڕدا کچێکی فرێ داوەتە ناو کۆخ و ماڵۆچکە پڕ لە تەنیاییەکەی ئەو، خودێدا وای لێک دەدایەوە ئاسمان بەزەیی بە تەنیاییەکەی ئەودا هاتووەتەوە و بە جارێک ناو ماڵەکەی و هەمیش ناو دڵی ئەوی گەرم و ڕووناک کردووەتەوە.

کاتێک ئەو هەستەی لەلا دروست بوو، کە جۆرێک لە وەسوەسەی عەشقێکی درەنگوەخت ختووکەی دا، لە ژوورەکەدا، لەنێوان پێخەفی خۆی و هی کچەکە، پەردەیەکی هەڵواسی و کردی بە پەرژین، نەبادا ئەهریمەنی خەوتووی هەوەس پەلکێشی کەتنێکی بکات.

زۆریشی پێ ناخۆش بوو لەوەیا کە «لاڵە» ئەوی بە «بابە» بانگ دەکرد و هەر بە چاوی باوکیش دەیڕوانییە پیرەمێردەکە.

لاڵە زۆری حەز لە پیاسە و گەڕان بوو. ئەگەر چەند ڕۆژێک بەسەر یەکەوە باران بباریبا و دەرفەتی چوونە دەرێی نەمابایە، بە خەمباری و دڵتەنگی لە سووچێکی خانووەکەدا خۆی گرمۆڵە دەکرد و دەموچاوی تێک دەئاڵا. ئەو ڕۆژانەیش کە کەشوهەوا خۆش بوایە، بە تەنیا، یان لەگەڵ خودێدا دەیانداییە ئەو دەشت و کێوە و بەدەم سەما و هەڵبەز و دابەزەوە دڵی خۆی خۆش دەکرد. زۆربەی جارەکان پیاوەپیرەکەی بە تەنێ جێ دەهێشت و بە تەنیا دەردەچوو، هەر ئەمەیش وای کرد خودێدا لێی بکەوێتە بەدگومانی و دڵپیسی، چونکە زیاتر لە جارێکیش کچەکەی لەگەڵ عەباسی شوانکارەدا بینیبوو. وای لێ هاتبوو خودێدای پیر ئەو کوڕە شوانەی لە خۆشویستنی لاڵە بە ڕکابەری خۆی دەزانی، بە تایبەت کە کوڕەکە گەنجێکی قۆزیش بوو، تەنانەت ڕۆژێک هەردووکیانی پێکەوە دیت، عەباس توودڕکی لێ دەکردەوە و دەیخستە دەمی لاڵە. بۆ شەوەکەی پیاوە دانعەمرەکە نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێ و بە هەڵچوونێکی زۆرەوە ڕووی لە کچەکە کرد و پێی گۆت: نابێت لەگەڵ پیاوی غەریبەو نەناس قسەو تێکەڵاوی بکات. نەخوازەڵا ئەو پیاوە کوڕە شوانکارەیەکیش بێت و توودڕکیش بخاتە دەمی. کچەکە، دڵی ناسکی ڕەنجا و چاوە

جوانەکانی بوون بە کانیاوی فرمێسک. دوای ئەوە، دایکی عەباسی شوانکارە دوو جار هاتە لای پیرەمێرد و بۆ کوڕەکەی خوازبێنی لاڵەی کرد، بەڵام خودێدا هەرجارە و بە بیانوویەک خوازبێنییەکەی ڕەت کردەوە و دەگوت: لاڵە هێشتا زۆر گچکەیە بۆ شووکردن. پیاوە دانعەمرەکە لای خۆی بیری دەکردەوە ئەگەر لاڵە ببێتە ژنی عەباسی بێ کەڵک و تەوەزەل، ئەوە کوڕەی شوانکارە دەبێتە میراتگری و هەموو ئەوەی لە ماوەی پەنجاساڵدا ڕەنجی بۆ کێشاوە و بەیەکەوەی ناوە حەپەلووش دەکات، ئەوسا ڕۆحی باوە گەورەکانی لۆمەیان دەکرد و پێیان دەگوت لەبری میراتگرێکی باش، شوانکارەیەکی تەمبەڵی کردووەتە میراتخۆری خۆی کە تەنانەت ناتوانێ زەوییەکانیش بکێڵێت و بە زیندوویی بیانهێڵێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کچەی داڵدەی داوە و خواردنی پێ داوە و لە سەرما و گەرما پاراستوویەتی و حەواندوویەتییەوە و جلک و بەرگی بۆ کڕیوە و بە خێوی کردووە، دەبێتە درەختێکی بەردار ئەو چاندبێتی و کەسێکی حازرخۆر بێت و بەرەکەی بخوات. ئایا سێوی سوور بۆ دەستی گۆجەیە؟ بۆچی نابێ لاڵە بکاتە هاوسەری خۆی؟ بۆچی نابێ؟ کێ ڕێگرە؟ هەرچەندە دەیشیزانی ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ڕەزامەندی کچەکەی دەوێ و کچەکەش ئەو خووە خراپەی هەیە پێی دەڵێ بابە! ئەمەیش پیاوەپیرەکەی زیاتر بێ هیوا دەکرد. زۆربەی شەوەکان، کاتێ کچەکە دەخزایە نێو گەرمەی خەو، ئەویش چراکەی هەڵدەگرت بە ئەسپایی دەچوو لە ژوور سەری ڕادەوەستا و بۆ ماوەیەکی زۆر، لەبەر ڕووناکایی چراکەدا تێر بە چاوەکانی سەیری ڕوخسارە شیرینەکەی کچەکە و سینگ و مەمک و قۆڵ و باسکی ڕووتی دەکرد، ئەوجا لە حەژمەتی جوانیی کچەکە، ئەقڵ لەسەری نەدەما و وەکوو شێت لە ماڵ دەردەپەڕی و بەنێو تاریکیی شێداری شەودا خۆی دەهاویشتە نێو باوەشی کەژ و کێو و درەنگانێک دەگەڕایەوە ماڵ. ژیانی پیاوەپیرەکە لە نێوان ترس و هیوادا جۆلانەی دەکرد. دەترسا خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ بدرکێنێ و داوای هاوسەرگیریی لێ بکات، کچەکە لێی زویر بێت و پێی بڵێ: «نەخێر.. تۆ پیاوێکی پیر و دانعەمری و لە جێی باوکمی.»

کزە هیوایەکیشی بەوە هەبوو کچەکە، نە کەسوکارێکی هەبوو، نە ڕێ و جێی دیکەی هەبوو، بەڵام ئەگەر بهاتبا و کچەکە داواکەی ئەوی ڕەت بکردبایەوە، هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەدەمایەوە خۆکوشتن نەبێ.

لە نزیک خانووەکەی خودێدا تاشەبەردێکی گەورە هەبوو، «لاڵە» زۆر جاران دەچوو لەسەر ئەو تاشەبەردە دادەنیشت و نیگای دەکردە باڵدارێک و هەڵیدەفڕاندە سروشتی ئەو ناوە و کراسەکەی بەری هەتا سەرووی ئەژنۆکانی هەڵدەکرد و قاچ و قولی سفت و گۆشتنی خۆی بەسەر بەردەکەدا شۆڕ دەکردەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەمان دۆخدا دەمایەوە بێ ئەوەی هەست بە بێزاریی بکات. جاربەجارێکیش بە دەنگێکی کز و غەریب و تەنیا بۆ دڵی خۆی گۆرانییەکی خۆشئاوازی دەلۆراند، بەڵام هەر ئەوەندەی هەستی کردبا خودێدای لێ نزیک دەبێتەوە، وەک ئەوەی ڕادیۆیەک بکوژێنێتەوە بێ دەنگ دەبوو. خودێدا چەند جارێک بە ڕێکەوت بەسەردا هەڵببوو گوێی لە مۆرەمۆرەی کچەکە بووبوو، بەردەوامیش تامەزرۆی دووبارە بیستنی گۆرانییەکە بوو. ئەمڕۆ بەیانی، خودێدا شاڵ و کڵاوی کرد بچێتە شار، لاڵەی بینی وەکوو هەموو جار لەسەر تاشەبەردەکە دانیشتووە و قاچ و قولە ڕووت و ورووژێنەرەکەی

به لاتەنیشتی بەردەکەدا شۆڕ کردووەتەوە و دەتگوت لەناو جامخانەی نیگایدا چاوەڕێی کەسێک دەکات. زۆریش کەیفساز و دڵخۆش دیار بوو. پیرەمێرد نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرێ و نیگای دەتگوت مێشهەنگە و بەسەر لاق و پووزی قاچەکانی کچەکەدا هەڵدەگەڕێ و شیلەی ماچ هەڵدەمژێ.

خودێدا پێی گوت «دەچمە شار و لەچکێکی سوورت بۆ دەکڕم». بزەیەکی شیرین و جوان کەوتە سەر لێوانی کچەکە و دڵی خودێدای پیری خستە هەڵەکە سەما. کاتێک گەیشتە شار یەکڕاست چووە دووکانی قوماشفرۆشەکە و لەچکێکی سووری کڕی کە هێندەی باخچەیەک گوڵ و بنچکی لەسەر نەخشێنرابوو، پاشان شەکر و تۆچای کڕی و هەمووی خستە نێو پریاسکەیەکی زەنگیانەڕێژ و لوولی داو نایە بن هەنگڵی، لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ سێ شەقاوی دەکرد بە یەک و دەتگوت دڵی حەجمان لێ بڕاوی لە پێش ئەو غار دەدا و ئەویش بە دوای دڵی ڕادەکات. مەودای نێوان شار و ماڵۆچکەکەی ئەو تەنیا دە دوازدە کیلۆمەترێک دەبوو، ئەوەیش بۆ خودێدا، کە خووی بە پیادەڕۆیی گرتبوو، ڕێگەیەکی دوور نەبوو، بە تایبەت بۆ ئێستای کە دەڵێی کەسێک ڕایدەکێشێ، یان هێزێک پاڵی پێوە دەنێ. لە ڕێگەدا لەگەڵ خۆی دەدوا «ئەم لەچکە هەر بۆ لاڵە جوانە بیخاتە سەر شانی و هەردوو لاچمکی لەسەر سینگی و لەژێر مەمکەکانیدا وێک بێنێ و گرێی بدات. من دەبێ دڵخۆش بم بە جوانییەکەی ئەو، چونکە من لە جێی باوکی ئەوم. مێردێکی جوان و قۆزیشی بۆ پەیدا دەکەم»، بەڵام کە دەهاتەوە بیری، عەباسی شوانکارە دڵی بە کچەکەوەیە، هەموو خوێنی ناو دەمارەکانی لەشی هورووژمی دەهێنایە ناو مێشکی و دەتگوت هاکا سەری وەکوو بۆمبێکی تەوقیتکراو دەتەقێتەوە: «عەباس با هەر بەو خەیاڵەوە لە تەپڵی زگی خۆی بدا».

هەوراز و نشێوی ڕێگەی بڕی. وەکوو ڕەوتی سوێسکە بە پاڵ شیو و دۆڵ و کێو و دەشتایی تێپەڕی. پێشتر کە بەم ڕێگەیەدا هاتوچۆی دەکرد و بەپاڵ ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرەدا تێدەپەڕی، سەری هەڵ دەبڕی و سەیری ئاسمانی دەکرد تا بزانێ هەورەکان بارانیان پێوەیە، یان نا. لە زەوی ڕادەما تا چاو لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بکات، کەچی ئێستا نە لە عەرد و نە لە عاسمان بێجگە لە لاڵە بیری لە هیچ شتێک و هیچ کەس نەدەکردەوە.

لەسەر زەوی لاڵە و لە ئاسمان لاڵەی دەبینی، لەناو دڵی و لەناو مێشکی لە لاڵە بترازێ کەسی دیکەی تێدا نەبوو. لە درێژەی ڕێگەدا بەنێو نیمچەغاباتێکدا گوزەری کرد و لە هەورازاییەکەی بەرانبەریدا ماڵۆچکەکەی ئەو لە دووڕا دەرکەوت. هەنگاوەکانی خێراتر هەڵهێنا و هاوئاهەنگی لەگەڵ ترپەخێراکانی دڵی کرد. بوخچەکەی لەناو دەستیدا توندتر گوشی، هەستی دەکرد لەچکە سوورە گوڵگوڵییەکە دڵی لاڵەیە لەناو دەستیدا لێ دەدا. وای دەزانی لەوەتەی ئەو چووەتە شار و هەتا ئێستا لاڵە لە چاوەڕوانیی ئەودا هێشتا لەسەر تاشەبەردەکە دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە گەڕانەوەی ئەو، بەڵام کاتێ گەیشتە لای تاشەبەردەکە، لاڵەی نەبینی. بە پەلە خۆی کوتایە ژوورێ. لاڵە لەوێش نەبوو. وەکوو شێت بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و بانگی لاڵەی دەکرد. عەباسی شوانکارە وەکوو دەعبایەکی ناحەز دەکەوتە ناو مێشکی و ون دەبوو. لای تاشەبەردەکە ڕاوەستا، کە بێ لەشولارە جوانەکەی لاڵە، لە بەردێکی ڕەق و بێگیان هیچی تر نەبوو. بازێکی دایە سەر بەردەکە و بەچاو ڕووماڵێکی

خێرای هەموو ئەو دەوروبەرەی کرد. لەپێ هەردوو دەستی لە دەوری دەمیدا بازنە کرد و پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد لاااااااڵە.. لااااااڵە... لاااااااااڵە... هیچ ئاسەوارێک لە کچەکە نەبوو. گەڕایەوە ژووری و چووە سەر وەختی چەکمەچەی جلەکانی لاڵە. بەتاڵ بوو. دڵی ختوورەی کرد. هاتەوە دەرێ و کەوتە گەڕان بەدوای کچەکەدا. دەتگوت لە شێتخانە هەڵاتووە و پۆلیس ڕاوی دەنێ بیگرێ. لە ڕێگادا مەلای گوندەکەی بینی لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوو، فەرەنجییەکی فش و شۆڕی لەبەردابوو، کڵاوێکی تلیش تلیشی لەسەر بوو، شاڵێک لەسەر شانەکانی و دەرپێیەکی ڕەش و کورتەکێکی سپی لەبەردابوو، پاڵی دابووە درەختەکە و قەلنەی دەکێشا. مۆڕەیەکی هێندە تووڕەی لە خودێدا کرد، پیاوە دانعەمرەکە نەیوێرا پرسیاری لاڵەی لێ بکاو ڕۆیی. لەولاتر ژنێکی بینی دەرپێیەکی ڕەش و عەبایەکی سووری لەبەر بوو، کەزییەکانی هۆنیبووەوە و منداڵێک بەسەر کۆڵیدا شۆڕ بووبووەوە، ئەویش هیچ هەواڵێکی لاڵەی پێ نەبوو. پیرەمێرد شەکەت و ماندوو، بە هەناسەساردیی گەڕایەوە ماڵە پڕ لە تەنیاییەکەی.

شەو داهات و دنیا نوقمی تاریکی بوو. لاڵە نەهاتەوە. خودێدا بە درێژایی شەو هێندەی خەونی ناخۆش بینی، نە.. ئەو تەنانەت یەک چرکەش چاوی نەچووە خەو، ئەوەی دەیبینی هەمووی کابووس و مۆتەکە و خەونی ترسناک بوو. لەگەڵ دەنگی هەر چرپەیەک ڕادەچڵەکی، وای دەزانی لاڵە هاتووەتەوە. تاو نا تاوێک هەڵدەستایەوە، پەردە ناوبڕەکەی لادەدا، وەکوو کوێران و بە پەلکوتان دەچووە دیار پێخەفە بەتاڵ و ساردوسڕەکەی لاڵە و دەستی بەسەر دۆشەک و بالیفەکەدا دەهێنا:»دەبێ کەسێک هاتبێ و لاڵەی بەزۆر بردبێ؟ دەبێ کوڕێک ئەوی لە خشتە بردبێ؟ یان بە حەز و ئارەزووی خۆی چووە؟ عەباسی شوانکارە ڕفاندوویەتی یان...»؟

کە ڕۆژ بووەوە و کەشوهەوا زوڵاڵ بوو، خودێدا لەچکەسوورەکەی خستە بن هەنگڵی و کەوتەوە گەڕان بەدوای لاڵە. دەیزانی نە ئاسمان هەڵی لووشیوە و نە زەوی قووتی داوە. لە شوێنێک هەر دەیدۆزێتەوە، بەدەم ڕێگاوە دوو کوڕە گەنجی بینی، بە هەراسانییەوە لێیانی پرسی: ئەری ئێوە لاڵەتان نەبینیوە؟!

وایانزانی پیرەپیاوەکە شێت بووە و لێکدییان پرسی: لاڵە کێیە؟

خودێدا بۆیانی ڕاست کردەوە: کچێکی قەرەجە.. کاوەلییە.

یەکێکیان گوتی: دوو ڕۆژ دەبێ چەند ماڵە کاوەلییەک هاتوونەتە «مومێج»، ئەوەتان لەو خوارە دەواریان هەڵداوە.

خودێدا بەرە و مومێج شۆڕ بووەوە. لەدوور ڕا چەند ڕەشماڵێکی بینی. کاتێک نزیک کەوتەوە، ژنێکی لەبەر دەم ڕەشماڵێک بینی ساواری بژار دەکرد. ژنەکە ڕووی تێ کردو گوتی: فاڵ دەگرینەوە. مۆرەی مار و دوعای زەڕەشیرینیمان هەیە، هێلەگ، بێژینگ، گوێز...

خودێدا وەک شێت لێی پرسی: تۆ پێم بڵێ لاڵەت نەبینیوە؟ نازانی ئەو لە کوێیە؟

- با فاڵێکت بۆ بگرمەوە، ئەوجا پێت دەڵێم ئەو لە کوێیە

- پێم بڵێ.. پارەت دەدەمێ.

- بمدەرێ با پێت بڵێم.

خودێدا ماندوو بوو، شەکەت بوو، لە دەروونەوە هەڵتەکابوو، خاپوور و وێران بووبوو. دەستی خستە گیرفانی، قرانێکی دەرهێنا و دایە ژنەکاوەلییەکە. ژنەکە دەستی خودێدای گرت، سەیرێکی ڕوخساری پەرێشانی کرد و پێی گوت: تۆ ئێستا خەمێکی قووڵت لە دڵ دایە پیرەمێرد، چونکە کەسێکت لێ ون بووە

پارچەیەک نییە لە جەرگت، بەڵام هێندەی جەرگی خۆت خۆشت دەوێ!

ترووسکاییەکی ئومێد بوو بە چەند تنۆکێک فرمێسک لە چاوەکانی خودێدا خلیسکایە سەر گۆناکانی: وایە وایە.. بەس پێم بڵێ ئەو لە کوێیە؟

ژنەکە هێندەی تر خستییە مەراقەوە و پێی گوت: بەڵام خەم مەخۆ، ئەو کچەی بەدوایدا دەگەڕێی زۆرت لێ نزیکە. هەر لەم دەوروبەرانەیە. ئەویش تۆی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام سوودی چییە، چارەنووس بە شێوەیەکی تر قەڵەمی خۆی لێ داوە.

خودێدا توانایی بەرگەگرتنی نەما، بەسەر ژنەکەدا هاواری کرد: ئێ چۆن؟ مەبەستت چییە؟

– خەمت نەبێ پیرەپیاو.. ئەو کچەی تۆ بەدوایدا وێل و سەرگەردانی لە ئێستادا دڵخۆش و بەختەوەرە. دەرگای ماڵەکەت بە کراوەیی جێ هێشتبوو، ئەهریمەنی لێ وەژوور کەوت و لە خشتەی برد و ڕفاندی.

– ئەو ئەهریمەنە ناوی عەباسە؟ وایە؟ ناوی عەباسە؟

– نە.. ناوی عەباس نییە!

– پێم بڵێ تۆ کێی؟ چۆن ئاگاداری ئەو شتانەیت؟ ڕاستییەکەم پێ بڵێ، هەرچییەکی بتەوێ دەتدەمێ.

دەستی خستەوە گیرفانی و قرانێکی دیکەی دەرهێنا و دایە دەستی ژنەکاوەلییەکە. لەم حان و ساتەدا، خودێدا بینی چمکی ڕەشماڵەکەی تەنیشتیان هەڵدرایەوە و لاڵە، وەکوو خۆر لە پشتی هەور دەرچێ، هاتە دەرێ. هەر ئەو کراسەسوورەی لەبەردابوو کە ئەو بۆی کڕیبوو. سێوێکی سووری بە دەستەوە بوو، بەسەر قۆڵی کراسەکەیدا دەهێنا و قەپێکی لێ دەگرت.

بە بینینی خودێدا دایە تریقەی پێکەنین و ڕوو لە ژنە فاڵگرەوەکە گوتی: دایکە، ئەوە بابە خودێدایە!

پیاوەپیرەکە لە حەژمەتی سەرسوڕمانیدا دەمی بەش بووبووەوە. نیگای سەرگەردانی لەنێوان لاڵە و دایکیدا کەوتە جۆلانێ. لاڵە زۆر دڵخۆش دیار بوو. خودێدا دەستی بردە ناو بوخچەکە و لەچکەسوورە گوڵڕێژەکەی دەرهێنا و فڕێی دایە بەردەمی لاڵە و گوتی: لە بازاڕەکە ئەوەم بۆتۆ کڕی. لاڵە دایەوە قاقای پێکەنین. لەچکەکەی هەڵگرتەوە، خستییە سەر شانی، ئاوها کە بابەخودێدا پێی خۆش بوو چمکی هەردوو لای لەچکەکەی لەسەر سینگی وێک هێنا و لە بن هەردوو مەمکیدا گرێی دا، پاشان گەڕایەوە بن ئەو ڕەشماڵەی لێی هاتبووە دەرێ، دەستەکانی کوڕەگەنجێکی گرت و پەلکێشی دەرێی کرد، ئاماژەیەکی پێکەنیناوی بە خودێدای پیر کرد و شتێکی چرپاندە بن گوێی کوڕەگەنجەکە و بە دەم چرینی ئەو گۆرانییەی بەردەوام لەسەر لێوانی بوو دەیلۆراند، بە قۆڵ و باسکی ڕووت و دەست لە ملانێی گەنجەکە، بەدەم سەمای ڕۆیشتنەوە دوور کەوتنەوە و لەبەر چاوان ون بوون. خودێدا لە دۆخێکی نێوان خەم و دڵخۆشیدا دەگریا، بە کەوتن و هەستانەوە بەسەر ڕێگای خۆیدا گەڕایەوە ماڵۆچکە سارد و بێگیانەکەی و دەرگای لە دیوی ژوورێدا لەسەر خۆی داخست و چیدی کەس ئەوی نەبینی.

سەرچاوە:

مجموعەای از آثار صادق هدایت، گردآوری و مقدمە: محمد بهارلو، نمونەخوان: محمد سیداخلاقی، چاپ: هما، نوبت چاپ: چاپ اول، زمستان ۱۳۷۲.



## عەبدوڵلا ڕەسووڵ:
## هونەرمەند ئیشی خۆی پێ جوانە.. مامۆستاکانی ئەکادیمیاش دەیانگوت کوردەکان هەمیشە لە هێلکاریدا باشن.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ – ٥)

* عەبدوڵلا ڕەسووڵ، یەکێکە لە هونەرمەندە داهێن و هەڵکەوتووەکانی کورد، هونەرمەندێکی زۆر تایبەت و دەگمەنە کە بۆ هونەری شێوەکاریی کوردی مایەی سەربەرزی و شانازییە. ئەو هونەرمەندە کە جێدەستی بەسەر هونەری شێوەکاریی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندێکی عاشقە هونەرە، هونەر بەناو خوێن و دەمار و مۆخ و ئێسقانەکانیدا ڕۆچووە، بۆیە لە ناو شێوەکارانی کورد بە ئاسانی لێت ون نابێ. ئەو جگە لەوەی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا کەسێکی لێهاتوو و دەسڕەنگینە، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گشتی دەوڵەمەندیشە کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

* ئەو هونەرمەندە زۆر لەناو هونەرەکەی خۆیدا قووڵ بووەتەوە، بە هەموو ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکانی دنیا ئاشنا و شارەزایە و بیروڕای تایبەتی خۆی لە بارەیانەوە هەیە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە سەبارەت بە هونەرمەندانی لای خۆمان و جیهان و کار و هونەرەکەیان قسەی خۆی هەیە، ئەو هەموو کاتەکانی ژیانی بۆ هونەرەکەی و کارکردنی بەردەوام تەرخان کردووە، بۆیە ئەم هونەرە بالا و ئاستە بەرزەی پێی گەییوە، بەرهەمی عیشق و خولیایەکی سەرشێتانەیە، بە دیار هونەرەکەیەوە شەونخوونی کێشاوە و بێ هەدادان کاری کردووە، بەرهەمە تایبەتمەندانەکەشی بەرئەنجامی متمانە بەخۆبوون و تێڕوانین و ئەزموونێکی قووڵە کە هەروا بە ئاسانی بە دەستی نەهێناوە، بەڵکوو بەری ڕەنجی هەموو ژیان و تەمەنیەتی، ئەوەتا خۆی دەڵێ: (هونەر

کەمێکت ناداتێ، تاکوو هەموو خۆتی نەدەیتێ).

* ئەم هونەرمەندە، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە هونەر کردووە، سەرەتا بە هۆی خۆڵفرۆشیی باپیرییەوە، عەشقی خاک و خوڵی وڵاتەکەی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کەرستەیەی لەبەردەستدا بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە هەوڵی داوە بە قوڕ، ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر دروست بکا، بۆ هەڵبژاردنی هونەر و ئەم کارانەی کردوویەتی، دایک و باوکی ڕێگرییان لێ نەکردووە، بەڵام لەناو کەسوکارەکەیدا تاک تاک هەبوون بە کارەکانی سەخڵەت دەبوون و بە دروست کردنی بت و سەنەمیان زانیوە، بۆیە ئامۆژگارییان کردووە دەست لەو کارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئەوان نەداوە، لەسەر کاری خۆی بەردەوام بووە و کۆڵی نەداوە، لە پاڵ ئیشی قوڕ، وردە وردە ڕەسمیشی کردووە.

* لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووە کە مامۆستاکانی، وێنەکانی ئەویان وەک هۆیەلی ڕوونکردنەوە بۆ پۆلی یەک و ئەلفبێکەی باڵدار بەکار هێناوە. خەونی زۆری هەیە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، چاوی لە پێشخستنی هونەرەکەی و پێشکەوتنی زیاترە، چونکە ئەو لەو هونەرمەندانەیە کە سەرومڕ ژیانی خۆی بۆی تەرخان کردووە، خولیا هونەرییەکەی لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکە، تەنانەت خۆشییەکانی ژیانی خۆشی داناوە، لە هەموو بارودۆخێکدا، لە هەر کوێ بووبێ کاری کردووە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە. بۆ پێشخستنی زیاتری هونەرەکەی شەو و ڕۆژی لێک گرێ داوە، تا ئێستا من زۆر کەم ڕێکەوتی کەسێکم کردووە وەک ئەو هونەرمەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەرەکەی بێ، یان هەموو ژیانی بۆ بەلاوە نابێ و خۆی نەزری هونەرەکەی کردبێ. ئەو سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خۆی بۆ هونەر



عەبدوڵڵا ڕەسووڵ- ئازاد عەبدولواحید

تەرخان کردووە و هەموو کاتەکانی ژیانی پێ بەخشیوە، بۆیە هونەر بە تەواوی ئەویان داگیر کردووە، چونکە هەست دەکا ئەوەی تا ئێستا کردوویەتی، لە ئاستی خەون و ئاواتەکانی ئەودا نین، لۆرکا دەڵێ هێشتا شیعرێکم نەنووسیوە وەک شمشێر بچەقێنە دڵمەوە، ئەویش پێی وایە هێشتا ئەو هونەرەی بەرهەم نەهێناوە کەفوکوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە.

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هونەرەکەی بۆ میللەتەکەی تەرخان کردووە و هەرگیز لە تراژیدیاکانی دوور نەکەوتووەتەوە، چونکە هونەرمەندێکە هەڵقوڵاوی ڕوح و ناخ و هەناوی میللەتی خۆیەتی، ئەم پەیامەشی لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بە ڕەنگ و تەکنیک و شێوە و شێوازی جودا جودا گوزارشتی لێ کردووە. لە هەموو ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکاندا، لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، درۆی لەگەڵ جیهانبینی هونەریی خۆی نەکردووە، لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی ژیاوە. ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە بەردەوام بۆ نوێخوازی هەوڵی داوە، لەگەڵ خەیاڵ و خەون و دنیابینی و دەربڕینەکانی ڕاستگۆیانە کاری کردووە، بیکاسۆ دەڵێ: من لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا هەوڵم داوە وەک منداڵێکی حەوت ساڵان وێنە بکێشم، ئەم هونەرمەندەش ویستوویەتی ئەو منداڵەی لە

ناخیدایە، وەک خۆی بمێنێتەوە و گەورە نەبێ. ئەو کە لە جیهانێکی پڕ لە ژاوەژاو و ئاژاوە و ئاڵۆزدا دەژی، بەدوای ژیانێکی هێمن و ئارام و سەقامگیردا دەگەڕێ، بۆیە لە تابلۆکانیدا زۆر ورد و پشوودرێژانە کاری کردووە، بە لێکۆڵینەوەی زۆرەوە هەوڵی داوە بچێتە نێو ناخی مرۆڤەکانەوە و خەمە سەرەکییەکانی وەک: دوورەپەرێزی و نامۆ بوون و تەنیایی و غەم و ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و وردبوونەوە و ڕامان لە ئایینەدەی کردووەتە بابەتی تابلۆکانی و بەرجەستەی کردوون.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ زۆر بە خاک و خەڵک و وڵاتی خۆیەوە نووساوە، هەر لەو ڕۆژەوەی فامی کردووەتەوە، وەک کەرستەیەک مامەڵەی لەگەڵ خۆڵ و قوڕ کردووە و کەوتووەتە دروستکردنی باڵندە و ئاژەڵ، پێوەندییەکی گیانی بە گیانی بەهێزی لەگەڵ خاک و خۆڵی نیشتمانەکەیدا پەیدا کردووە، بەو هۆیەشەوە بە خاکەکەیەوە بەستراوەتەوە و سەمەندەرئاسا لە پێناویدا سووتاوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو پێوەندییە گیانییە لەلای پتەوتر و بەهێزتر لە هونەرەکەیدا خۆی نواندووە، چونکە پابەندی و پێوەندی بە خاک و خۆڵەوە، تەنیا بەشێک لە یادەوەری و ڕابوردوو نەبووە، بگرە لەگەڵی ژیاوە و گەورە بووە و لە ویژدانیدا ماوەتەوە، تەنانەت بووەتە ڕەگەزێکی گرنگ و جەوهەری کارەکانی، بەڵکوو بەشێکی زیندووە لە جیهانبینی هونەریی ئەو، کە بەبێ ئەو ئامادە بوونە، هەستی بە تێکچوونی هاوسەنگیی خۆی کردووە، چونکە لە هەر کوێ بووبێ، نیشتمانی بە کۆڵی خۆی داداوە و لە یادەوەری و زەین و ویژدانیدا هەڵی گرتووە و لێی دانەبڕاوە، بۆیە هەرگیز لەلای کاڵ نەبووەتەوە.

* لە پاڵ کاری بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی هونەرێکی جیاواز، وەک پەروەردەکارێکیش لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩- ١٩٨٠ـەوە، یەکەم جار لە شەقڵاوە کە سەرەتای دامەزرانەکەی لەوێوە دەستی پێ کردووە، دەبێتە مامۆستای هونەر، پاشان بەهۆی ئەوەی بڕوانامەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای هەبووە، دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. دواتر وەک سەرۆکی لقی ڕەسم و مامۆستا لەو پەیمانگەیەدا، ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦/٦/٢٨ دەست بەکار بووە. لە بریتانیاش لە ١٩٩٦- ١٩٩٧ بڕوانامەی وانەبێژی وەرگرتووە، وانەی بە قوتابیانی کۆلێژی هونەری ئەوێ وتووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر دامەزراوە، تا لە ساڵی ٢٠١٥، ڕۆژی خانەنشین بوونی، لە کاری پەروەردەیی بەردەوام بووە، لە هەموو ئەو جێیانەدا بە دەیان و سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو هونەریان خوێندووە و خۆشویستووە و لەبن دەستی پێگەییون و دەرچوون.

* لەبەر سادەیی و ساکاریی و خاکێتی خۆی، لەناو ناوەندەکانی خوێندنی هونەری، هەروەها لە ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسێکی شیرین و خۆشەویستە، تا ئێستاش کە خانەنشین بووە، قوتابییەکانی زۆریان خۆش دەوێ و ڕێز لە خۆی و هونەرەکەی دەگرن، ڕێزەکە لەلایەک هی کەسێتی پاک و سەنگین و ڕاستگۆیانەی ئەوە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەروبەر و ناوەندە هونەرییەکە، لەلایەکیش ڕێز گرتنە لە ئاستی هونەرە باڵاکەی کە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، بەردەوام کاری نوێ و نوێخوازانەی خۆی پێشکەش کردووە و پێشکەش دەکات. ئەم هونەرمەندە دانسقەیە دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، نە خۆی و نە هونەرەکەی بە هیچ هونەرمەندێکی دیکە

ناچن کە من لە ژیانمدا لە نزیکەوە دیومن و ناسیومن، ئەو تا بڵێی کەسێکی هەست ناسک و هەستیارە، لەو کاتانەی من بە گەرموگوڕی گفتوگۆم لەگەڵی دەکرد، لە زۆر هەڵوێست و گێڕانەوە و قسە و باسدا، بەبێ ویستی خۆی فرمێسک دەزایە چاوەکانی. ئەو هونەرمەندە کە ماسییەکی گەورەیە لە ئاوێکی بچووکدا مەلە دەکا، تا ئەمڕۆ کە دەکاتە زیاتر لە ٦٠ ساڵ کار کردنی بێ پسانەوە، بەپێی پێویست نرخی نەزانراوە، نازانرێ ئەوە چ گەوهەرێکە لەناو هونەری کوردیدا هەڵکەوتووە، زۆر کەم لەسەر کار و بەرهەمەکانی نووسراوە، یان زۆر سەرپێی و کورت و ڕووکەشانە دیمانەی لەگەڵ کراوە، تەنانەت ژیاننامەکەشی کە لە چەند شوێنێکدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەر جێیەک بە جۆرێکە و زانیارییەکان لە یەکدی جیاوازن.

* وەرنەگرتنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆی بەخێر گەڕا، ئەو لەسەردانی بۆ بەغدا، لەبەر تەواونەبوونی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی، فایلەکەیان لێ وەرنەگرتووە، ناچار بووە بگەڕێتەوە هەولێر و بچێتە ئامادەیی بخوێنێ، لەوێ بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی بڕیوە. لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیا، بەهۆی ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ خۆی بردوونی، کاری دیکەشی کە بە سەرکەوتوویی لەپێش چاوی مامۆستاکانی کردوویەتی، لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن نمرەی یەکەمیی بەدەستهێناوە، هەرچەندە بۆ وەرگرتنەکەی تەشقەڵەی پشتگیری ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕژێمی لێ دەکەن، بەڵام ئاستە بەرزە هونەرییەکەی سەرنجی مامۆستایانی لیژنەی وەرگرتن ڕادەکێشێ، هەر ئەوەش فریای کەوتووە، لەو چوار ساڵەی خوێندنیشیدا قوتابییەکی سەرنجڕاکێش و لە هونەردا تاک و تایبەتمەند بووە. ساڵەکانی خوێندنی لە ئەکادیمیا زۆر چالاک بووە، لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی بەشداری لە دوو پێشانگەی هاوبەشدا کردووە، پێشانگەیەکی تایبەتیشی بۆ هێڵکارییەکانی خۆی کردووەتەوە کە نزیکەی (٤٠٠) هێڵکاری بوون و لە هۆڵی ئەکادیمیادا نمایش کراون، بۆیە لە دوا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بە یەکەمی بەشەکەیان دەردەچێ.

* وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر گێڕاوە، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە سلێمانی، چونکە ئەوسا کردنەوەی پەیمانگە خەونی ئەو و سەدان هونەرمەندی کوردی هەموو بوارەکانی هونەر بوو، دوای (٦) ساڵ خزمەت کردن، دیسانەوە تەشقەڵەی پێ دەکەن و هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگرن، ئەو سەردەمە گوشار لەسەر هەموو هونەرمەندانی کورد هەبوو، ئەویش گوشاری زۆری لەسەر بووە، وەک هەموو هونەرمەندەکانی سلێمانی ڕژێم هەڵیانی دەپێچا و تەنگاویانی دەکرد، دەیویست بە چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە لێ دەکردن وێنەی دیکتاتۆر بکێشن، لەو کاتەدا کە ئەوان داوا و داخوازییان لێی زۆر دەبێ، شەڕی (عێراق — ئێران)یش بووە، ئیتر بیر لە جێهشتنی وڵات دەکاتەوە و بەرەو ئێران، دواتر سوریا، دوایی بۆ بریتانیا دەڕوات.

* لە ١٩٨٩/٢/١١ گەیشتووەتە بەریتانیا و ماوەی نزیکەی (١٧) ساڵ لە لەندەن دەگیرسێتەوە، کە گەیشتووەتە ئەوێ پتر بە داهێنان و هونەر و ڕێبازەکانی لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەورووپا ئاشنا دەبێ. زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە کە ئەو چووەتە بریتانیا بۆچی ماستەرێک، دوکتۆرایەکی وەرنەگرتووە؟ ئەو دەڵێ لەبەر ناشارەزایی لە ژیانی ئەوێ، هەروەها لەبەر نەبوونی

و دەستکورتی نەیتوانیوە خۆی بۆ خوێندنی باڵا تەرخان بکات، زۆرجاریش پێیان گوتووە تۆ کە هونەرێکی ئاست بەرز و جوانت هەیە، ماستەرت بۆ چییە و بۆچی دەخوێنی؟ دیارە ئەویش ئەو قسەیەی دەوروبەرەکەی لە گوێ گرتووە و نەیخوێندووە، لە جیاتی بە دەستهێنانی بڕوانامە، بە گەرمی سەرقاڵی ئیشی خۆی بووە و هێڵکاری و مۆتیڤی زۆری کردووە، کە هونەری هێڵکاری بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی هونەری وێنەکێشان دادەنرێ.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ کە زۆر زوو دەستی داوەتە کاری هونەری، قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی کردووەتە پێشانگەی تایبەتی، یان لە پێشانگەی هاوبەشدا لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی بەشداری کردووە، کە ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەردەگیرێ، ئەم خوێندنە بۆی دەبێتە وەرچەرخانێک و سەرلەبەری ژیانی هونەری دەگۆڕێ. هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، زۆر پێشانگەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووەتەوە، کە (٦) دانەیان پێشانگەی تایبەتی، (١٤) دانەیان پێشانگەی هاوبەشن، لەو شارانەی پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشی تێیاندا کردووەتەوە ئەمانەن: بەغدا، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کۆیە، کفری، مووسڵ، سوریا، لەندەن.

* لەگەڵ ئەو بەخششە زۆر و زەوەندەی هەیبووە، ئەو داهێنانە زۆرانەی لە کارەکانیدا بەدی دەکرێن، وێڕای ئەوەی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و نوێ و بە بڕوێن پێشکەش دەکات و هونەرەکەی کردووەتە مەسەلەیەکی زیندوو لە ژیانی خۆیدا، وەلێ کەمتر وەک هونەرمەندێکی گەورە و دڵسۆزی هونەر و داهێنان دەناسرێ، زۆر بە دەگمەن بەسەر کراوەتەوە و ڕێزی لێ گیراوە. زەینم دایتێ هەموو ئەوانەی لە کایەی ئەدەبیات و هونەری کوردیدا ڕێز لە خۆیان، لە داهێنان و هونەرەکەیان دەگرن، ئیش بۆ خۆیان ناکەن، ڕیکلام بۆ کارەکانیان ڕەت دەکەنەوە، زۆر خۆیان ناخەنە بەر ڕووناکی، ئەوانە کەمتر ڕووناکییان دەخرێتە سەر و دەردەکەون.

* من لەمێژە ئەو هونەرمەندە، چ وەک خۆی و چ وەک ئاشنابوون بە هونەرەکەی دەناسم، ساڵی ١٩٨٠ کە هاتە سلێمانی و وەک مامۆستا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەست بەکار بوو، من و شێرزاد حەسەن دوو ساڵ زیاتر بوو لەوێ بووین، بۆیە کە لە سلێمانی گیرسایەوە، جاروبار یەکترمان دەبینی، هەندێ ئێوارە پێکەوە پیاسەیەکمان دەکرد. لەوەتەی دەیناسم هەر بە پیاوێکی جیددی دیومە و ناسیومە، قەت حەزی بە ڕیاکاری و موجامەلەی درۆ نەکردووە، لەلای هەموو کەس بە مرۆڤێکی ڕاشکاو و ڕاستگۆ ناسراوە، هونەرەکەی خۆی تا ڕادەی عیشق و تا سەر ئێسکان خۆشویستووە، پیاوێکی بە هەڵوێستە، مێژوویەکی گەش و جوان و پڕشنگداری بۆ خۆی تۆمار کردووە. تابلۆکانی لە واقیعی وڵات و میللەت و سروشتە جوانەکەی هەڵێنجاوە، زۆر سوودی لە کەلەپوور و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی میللەتەکەی وەرگرتووە، بەڵام قەت بە زەقی لە کارەکانیدا داینەناون، بەڵکوو زیاتر وەک هێما و ڕەمز بەکار هێنراون.

(١٩) ساڵ بوو بە تەمای ئەو گفتوگۆیە بووین، دواجار بە چەند مانگێک و چەندان دانیشتنی دووروودرێژ هەڤپەیڤینەکەمان ساز کرد، بڕیارمان دا چەند بەشێکی لێ بڵاو بکەینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپی بکەین.. فەرموون ئێوە و جیهانە تایبەت و پاکەکەی هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.

**ڕامان:** قسەکردن لە بارەی قۆناغی ئامادەییت تەواو کرد، یان شتی دیکەت ماوە باسی بکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، پاش وەرنەگرتنم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداو کارەساتی کۆچی دوایی (بەهرام)ی برام، لە تشرینی دووەمی ١٩٧١ وازم لە تۆپی پێ (تۆپ تۆپێن) هێنا، بە یەکجاری لە یەکێتیی لاوان و حزبایەتی هاتمە دەرێ، جەختم لەسەر هونەر و خوێندنەکەم کرد بۆ ئەوەی ئامادەیی تەواو بکەم.

**ڕامان:** دەچینە سەر خۆئامادەکردن و وەرگرتنت لە ئەکادیمیا، ئەوەیان چۆنە، کە چوون هەر تەنیا خۆت بووی، یان قوتابی دیکەشت لەگەڵ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، کەسم لەگەڵ نەبوو، هەر تەنیا خۆم بووم.

**ڕامان:** لە هەولێرەوە تەنیا خۆت چوویتە بەغدا، ئەی قوتابی خەڵکی سلێمانی و شارەکانی دیکە هاتبوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** سەرەتا هەر خۆم بووم.

**ڕامان:** مەبەستم لە خەڵکی سلێمانی ئەوەیە، ڕێکەوتی قوتابی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستانت نەکرد فایلیان پێشکەشی ئەکادیمیا بکەن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، کاتێ من پێشکەشم کرد کەس نەبوو، ئەگەر هەشبووبێ لە بەشی نیگارکێشان نەبووە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر وەرگرتنت لە ئەکادیمیا، لەگەڵ هونەرمەندانی هەولێر، ئەو مامۆستایانەی وەک جابر پیرداوود، سلێمان شاکر ئاشنایەتیت هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە نزیکەوە ئاشنایان نەبووم، بەڵام زانیبووم هەندێ پەیکەر لەلای یاریگەی هەولێر کرابوون، هی جابر پیرداوود بوون، (سلێمان شاکر)یش وا دێتە بیرم لە ڕۆژنامەیەکی کوردی باس کرابوو.

**ڕامان:** ئەوانە با مامۆستای تۆش نەبووبن، بەڵام لە شارەکەدا پێشانگەیان هەبوو، ئیشیان دەکرد و ناسراو بوون.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هیچم لێیان نەدیتبوو، باوەڕ ناکەم جەماعەتی ئێمەش ئەوانیان دیتبێ و ناسیبێ، تەنیا ئەو کەسانەی لە قوتابخانەکان مامۆستا بوون دەبینران. نازانم پێشتر باسی تاهیر پیرداوودم کرد، یان نا، لەوانەیە باسم نەکردبێ، ئەوە هیی قۆناغی سەرەتایی من بوو.

**ڕامان:** دڵنیام لە گفتوگۆکەماندا باسی تاهیر پیرداوودت نەکردووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوەیانم لەبیرە، دەڵێم لەوانەیە یەکێکی وەک من پێشتر باسی کردبێ و هەمان قسەکانی منی گێڕابێتەوە، چونکە کەسانی لە تەمەنی من زۆرن، ئەوەی دەیگێڕمەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، لەوبەری قەڵاتێ دووکانێکی هەبوو، دووکانەکە گچکە بوو، ئەو کاتە من زۆر لە کەرستەکانی وێنەکێشانم نەدەزانی.

**ڕامان:** بۆ تاهیر پیرداوود، برای جابر پیرداوود، ئەویش هونەرمەندی شێوەکار بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، من تاهیر پیرداوودم ناسی، دوایی زانیم جابر پیرداوود برایەتی.

**ڕامان:** چ کارە بوو، مامۆستا بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، دووکانی هەبوو وێنەی کەسایەتییەکانی گەورە دەکرد، هەندێک قسە و زانیاری لە بارەی ئەو برایەی جابیر پیرداوود هەبوو، دواتر لە هەندێ کەسم زانی، (فەتاح خەتاب)ی شانۆکاریش خزمیان بوو، کە گەورەتر بووم، گوێم لەو زانیاریانە بوو.

**ڕامان:** کە مامۆستات نەبووە، چۆنت ناسی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە سـەرەتایی کـە منـداڵ بـووم، نازانـم چـۆن چوومـە بـەر قەڵاتـێ، لـە پـڕ دووکانێکـم بینـی کـە بەرانبـەر قـەڵات بـوو، تۆزێک لـە مزگەوتەکـە بـەرەو سـەرەوە، دووکانێکـی زۆر گچکـە بـوو، قاڵدرمەکـەی بڵنـد بوو، تەماشـام کرد لەسـەر کارتۆنێـک بـە کەرستەیەکی ڕەش ڕەسـمی دەکـرد، بەبیـرم دێ جارێـک لەسـەر کۆسـپەکەی پێـم بڵنـد کرد، سـەرم بـردە ژوورێ، ویسـتم بزانـم ئـەوە بـە چ کەرستەیەک ڕەسـم دەکا، گوتـی بـڕۆ کـوڕە، بـڕۆ ئـەولای، بـە تووڕەییـەوە دەرمـی کـرد، نەمزانـی چ بڵێـم، دەمویسـت بزانـم ئـەو ڕەشـەی بـەکاری دەهێنـێ چییـە.

**ڕامـان:** کـە دووکانـی دانـاوە، دیـارە بـە پـارە ئیشـی بـۆ خەڵکی کـردووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، بـە پـارە بـوو، بـەڵام تـا دوایـی نەمزانـی ئـەو قەڵەمـە ڕەشـە چییـە، کەس نەبوو لێی بپرسـم، لە سـەرەتایی مامۆسـتای واشـمان نەبـوو، ئـەوە لـە مێشـکم مابـوو، منیـش تەنیـا جارێـک سـەرم بـە دووکانەکـەی داگـرت، گوتـی بـڕۆ ئـەولای، ئـەوە نەبـووە بڵێـم هەمـوو جـارێ وام کردبـێ، چەنـد جارێکـی دیکـەش لـە دوورەوە تەماشـام دەکـرد، هـەر نەمزانـی کەرستە ڕەشـەکە چییـە.

**ڕامـان:** ڕەسـمەکانی دەیکردن باش بوون، سـەرنجڕاکێش بوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەو کاتـی نەمدەزانـی ڕەخنـە بگـرم و بڵێـم چەنـد جوانـە و چەنـد جـوان نییـە، خـۆ مـەرج نییـە زۆر بـاش بووبـێ، بـەڵام بـۆ تەمەنـی مـن بـاش بـوو، پێشـتر کەسـی تـرم نەبینیبـوو لەپێشـم کار بـکا.

**ڕامـان:** تـا دوایـی هـەر نەتزانـی ئـەو کەرستە ڕەشـە چییـە تاهیـر پیـرداوود بـەکاری دەهێنـێ؟


**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نەخێـر، جارێـک چـووم لـە دووکانێـک شـتم کـڕی، دووکاندارەکـە نـاوی حاجـی هاشـم بـوو، ویسـتم شـت بـۆ ماڵـەوە بکـڕم.

**ڕامـان:** حاجـی هاشـم کـێ، دووکانـی فرۆشـتنی چـی هەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نازانـم، هاوڕێـی باوکـم بـوو، لـە تەیـراوا دووکانـی عەتـاری هەبـوو، لـەو فولکەیـەی ئێسـتا لەسـەر سـی مەترییـە، بنکـەی پۆلیسـی تەیـراوا لـە تەنیشـت وی بـوو، دەبێتـە کۆتایـی شـەقامی تەجنیـد و دەگەیتـە سـی مەتـری، لـەو دووکانـەدا هەندێـک شـتم دی وەک قەڵـەم بـوون و داندرابـوو، سـەرێکی ڕەشـی بـوو، لـە دڵـی خـۆم گوتـم لەوانەیـە ئـەو کەرستە ڕەشـە بـێ کـە تاهیـر پیـرداوود هێڵکاری پـێ کردبـێ، سـەرەتا شـەرمم کرد قسـە بکـەم، گوتـم نـەکا ئـەوە نەبـێ.

**ڕامـان:** تـۆ هـەر لـە سـەرەتاوە شـەرمنیش بـووی.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، ئەوجـا برایەکـی گچکـەم نـارد، گوتـم بـڕۆ ئـەوێ، شـتێک هەیـە وەک قەڵـەم وایـە، بـڕۆ بڵـێ ئـەوە چییـە و بیکـڕە، ئەویـش چووبـوو گوتبـووی مـام حاجـی



**١٩٧٦، قەڵـەم ڕەسـاس، هێڵـکاری هونەرمەندێکـی ڕووسـی (کۆپـی).**

ئـەوە چییـە؟ گوتبـووی بـۆ کوڕەکـەم ئـەوە بـۆ دایکت دەکڕی؟ ئەویش گوتبـووی بۆ وا دەڵێی؟ گوتبـووی ئاخـر ئـەوە هیـی میکیاجـی ژنانـە، مەزانە ئـەوە قەڵەمـە ڕەشـەکانی میکیاجـی ژنانـە، شتێکی پێوەیە زەردە، چاوی پـێ ڕەش دەکـەن، مـن وامزانـی ئـەو قەڵەمـە ڕەشـەیە ڕەسـمی پـێ دەکـرێ، هاتـەوە گوتـم چ بـوو؟ گوتـی قەشـمەریی پـێ کـردم، گوتـی ئـەوە دایکـت میکیاجـی پـێ دەکا، ئـەوە هیـی ژنانـە، هاتـەوە و ئەوەشـم نەزانـی.

**ڕامـان:** کـەی بـوو بـەو کەرستـەیە ئاشـنا بـووی و بـە تـەواوی ناسـیت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** لـە سـاڵی ١٩٧٠ لەبـەر قەڵاتـێ کابرایـەک کـە لـە سـەربازیی خانەنشـین بووبـوو، دووکانێکـی دانابـوو، قەڵەمـی B7 B4 B2، تۆخەکانی هێنابـوو.

**ڕامان:** دووکانەکەی ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـاوی کتێبخانـەی سـیروان بـوو.

**ڕامـان:** بـۆ کڕینـی کەرسـتەی وێنەکێشـان چوویـە لای؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، مـن و قەرەنـی جەمیـل بـۆ کڕینـی ئـەو قەڵەمانـە چوویـن، زۆر خـۆش بـوو، پێشـان B7 B4 B2 و ئەوانە نەبوون، قەڵەممـان کـڕی، کابـرا گوتـی ئـەوە گرانـە، ئـەوە قەڵـەم فەحمـە. قەرەنـی جەمیـل گوتـی تـۆ مەڵـێ قەڵـەم فەحمـە، خەڵـک دەرەوێتـەوە. گوتـی بـۆ خەڵـک کـەرە بڕەوێتـەوە! زۆر پێکەنیـن، قەڵـەم فەحـم نەبـوو، قەڵـەم ڕەسـاس بـوو، B7 B4 B2 کـە تۆختـرە، ئـەو هاوڕێیانـەی کـە نـاوم هێنـان، ئەوانـە لـە پەیمانگـە بـوون، لـە بەغـدا قەڵـەم ڕەسـاس و ئەوانـە هەبـوون، ئیـدی فێـری کڕینـی ئەوانـەش بوویـن.

**ڕامـان:** ئـەوە زانیمـان چـۆن بـە قەڵەمـی ڕەسـاس ئاشـنا بـووی، ئـەی چـۆن بـە ڕەنگـی زەیتـی (چـەور) ئاشـنا بـووی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** سـەبارەت بـە ڕەنگـی زەیتی (چـەور)، لـە شەشـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی مەولـەوی، کـە مامۆسـتا ئەحمـەد بەناء مامۆسـتای نیگارکێشـانمان بـوو، هەنـدێ جـار دەمدیـت کار دەکا، بـەڵام بـە فڵچـەی ڕەقتـر لـە هیـی ئـاوی، ڕەنگەکانیـش جیـاوازن، لـەوەوە زانیـم ڕەنگێـک هەیـە پێـی دەڵێـن زەیت، هەوڵـم دا بیکـڕم، بـەڵام نەبـوو، لـە مامـم پرسـی گوتـی ئەگـەر لـە هەولێـر نەبـوو، هـەوڵ دەدەم لـە بەغـدا بۆتـی بکـڕم، دیـار بـوو پەیـدا نەبـوو، ڕۆژێـک چوومـە دووکانێـک هەنـدێ قـوڕی ڕەنگاوڕەنـگ (طیـن الصناعـي)م کـڕی و لەسـەر پارچـە فایبەرێـک وەکـوو پالێـت دامنـا، بـە فڵچەیـەک لەگـەڵ نـەوت تێکەڵـم کـرد و لەسـەر کارتـۆن کارم دەکـرد، وەکـوو ئـەوەی بـە زەیـت وێنـە بکێشـم.

**ڕامـان:** ئێسـتا تەنیا ئـەو بیرەوەرییانـە دەگێڕینەوە، بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئـەو ژینگەیەی خـۆت لـە قوتابخانە، لـە ماڵـێ، لەنـاو کۆمەڵگـەدا چـۆن بـووە، کـە ئەوانـە هەمـووی کاریگەرییـان لـە دروسـتکردن و بیناکردنـی کەسـایەتی تـۆدا هەیـە، تەنانـەت کار لـە جیهانبینـی مرۆڤیـش دەکا.. ئێسـتا ئێمـە وردە وردە دەچینـە نـاو قۆناغـی ئەکادیمیـا، هـەر شتێکیشـت بەبیـر هاتـەوە لـەلای خـۆت سـەرەقەڵەمێکی لـێ بنووسـە، دوایـی تۆمـاری دەکەیـن و دەیخەینـە جێـی خـۆی، بەتایبەتـی ئـەوەی قۆناغـی سـەرەتایی بـێ دەیخەینـە لای سـەرەتایی، قۆناغـی ناوەنـدی، ئامادەیـی، ئەوجـا ئێسـتا پێـم بڵـێ تـۆ چـۆن پێشکەشـی ئەکادیمیـات کـرد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەکادیمیـا تـا وەردەگیرێـی زۆر ئـازاری هەیـە، زۆر پێیـەوە مانـدوو و هیـلاک

بووم.

**ڕامان:** لە هونەرمەندانی هەولێر کەس نامەی بۆت نەنووسی تا وەک پشتیوانی ببێتە ئاسانکاری بۆ وەرگیرانت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هیچ کەس نەبوو، کەس سوودی بۆم نەبوو، ئەکادیمیام زۆر خۆش دەویست، دوا ئاواتی ژیانم بوو، چی دیکەم لەبیر نەبوو، هاوڕێیانی دیکەش هەموو لە پەیمانگە بوون، هەندێکیان لە دەرچوون نزیک بووبوونەوە، ئیتر منیش چووم وەک قوتابیان فۆرم پڕ بکەمەوە، دیسان ڕەگەزنامە عێراقییەکەم تەواو نەکردبوو، باوەڕ دەکەی ئەو چوار ساڵەی لە ئامادەیی بووم، من وام، ئیشەکانم دوا دەخەم، بەڵام زۆر بیر لە ئیشەکەم دەکەمەوە، دوایی بە پەلە پەل دەیکەم.

**ڕامان:** ئەوە لە ئیشی هونەری و تابلۆکردنیشدا هەروا دەکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە تەواوکردنی تابلۆش هەر وام، زۆر تابلۆم هەیە پازدە ساڵە لە مێشکمە، هەر نەگەیشتمە ئەوەی چۆن تەواوی بکەم، لەوانەیە تۆزێک زیادەڕۆییش بێ، بەڵام ئەوها بووە، دواجار کە چوومە ئەکادیمیا دوا ڕۆژ بوو، بۆخۆشم پێم سەیرە، موعامەلاتی ئێرەم تەواو کرد و چوومە بەغدا.

**ڕامان:** دواجار زوو ئەو کێشەیەت چارەسەر بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەوە چارەسەر بوو، موعامەلاتم کرد و چوومە بەغدا، بەڵام کە چووم دیسان دوا ڕۆژ بوو، دەبوو موعامەلەکەم تەواو بکەم و پێشکەشی بکەم، هەمووی کەوتە کۆتاییەکەی، دوا کەوتم، ئەوجارە بە شەمەندەفەر نەچووم، بۆخۆم بەتەنێ بووم، بە تەکسی چووم.

**ڕامان:** کە چووی چیت کرد، چۆن پێڕاگەیشتی داواکارییەکەت پێشکەش بکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەبێ بۆ شتێکی دیکە بگەڕێینەوە، دوایی لەسەر ئەوە قسە بکەین، چونکە شتی ترم بەبیر هاتەوە، کە شتێکی زۆر عەنتیکەشە، کە لە پۆلی سێ قەرەنی جەمیل چوو پێشکەشی پەیمانگەی کرد، من گوتم ئامادە نیم، جارێ تۆ بڕۆ، ئەو کاتە ئێمە پانتۆڵمان لەبەر نەدەکرد، جلکی کوردیمان لەبەر دەکرد، هەر پانتۆڵمان نەبوو لەبەری بکەین و پێی بچینە بەغدا، کەریم سۆفی پانتۆڵێکی لە کۆنە کڕیبوو، پانتۆڵێکی قەدیفەی ڕەشی گەرم بوو، هاوینیش بوو، قەرەنی جەمیل ئەو پانتۆڵەی لە کەریم سۆفی وەرگرت و چووبوو، کە داوای پێشکەش کرد و گەڕایەوە، من هەمان پانتۆڵم برد، گوتم تۆ پانتۆڵەکەت بدە من، ئیتر نۆرەی منە، دەچم داواکەم پێشکەش دەکەم.

**تابلۆم هەیە پازدە ساڵە لەناو مێشکمدایە، ئێستاش نەگەیشتمە ئەوەی چۆن تەواوی بکەم.**

**ڕامان:** ئەو پانتۆڵەت بۆ دەبوو، فشوفۆڵ، یان بچووک نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئاخر کراسێکی سپیشم کڕی و لەگەڵی لەبەرم کرد، کە گەڕامەوە پانتۆڵەکەم دایەوە.

**ڕامان:** حەق بوو وێنەیەکیشی پێوە بگری.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئاخر کامێرامان نەبوو، زۆر چاک لەبیرمە، چونکە شتێکی عەنتیکە بوو، لە ئامادەییش پانتۆڵم لەبەر نەدەکرد، کە لە ئەکادیمیا وەرگیرابووم، هاتمەوە لە شەقام دەڕۆیشتم، مامۆستایەکم دی، مامۆستای ئامادەییم، مامۆستای نیگارکێشان، مەسیحی بوو، گوتی من ئەکادیمیام خوێندووە، دوایی

کە ڕەسمەکانی منی دیت، گوتی تۆ لە من باشتری! دیسان هەمان تاس و هەمان حەمام!

**ڕامان:** بۆ هەمان تاس و هەمان حەمام، لەوانەیە سوودی باشت لەو مامۆستایە وەرگرتبێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە پێچەوانەوە، هیچی نەدەزانی، هەندێک هێڵکاری منی بینی و تابلۆیەکی (ڕێنوار)یشم کۆپی کردبوو، گوتی تۆ لە من باشتری، ئیتر نە ڕەسمی کرد، نە باسی ڕەسمی کرد. ڕۆژێک بانگم کردە دەرەوەی پۆل، گوتم مامۆستا تا ئێرانە وەرە، پێم گوت مامۆستا دەرسی ڕەسم دەبێ ئەوها بێ و ئەوها بێ، ئەو کاتە من پۆلی شەش بووم، پێم گوت قوتابی حەز دەکەن تۆ ئەوها بی و دەرسی ڕەسم ئەوها بڵێیتەوە.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە قسەکانتی بە هەند وەرگرت، سوودی هەبوو؟


**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هیچی نەکرد، تەنیا ئەوەندە بوو سەربەستی دامێ.

**ڕامان:** لە قوتابخانە کتێبخانەشتان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتی کتێبخانە هەبوو، لە کتێبخانەی قوتابخانە بە زمانی عەرەبی کتێبێکی گچکەم دۆزییەوە، زۆر بچووک و تەنک بوو، لەسەر ئیمپریشنیزم بوو بەناوی «الأنطباعية الحسية»، چووم بە دەستیی هەموو کتێبەکەم نووسییەوە، دوایی دامە کچێک سوودی لێ ببینێ، وایزانی داومەتێ بۆ خۆی، لەگەڵ دەستنووسێک و دوو سێ کتێبی دیکەش بردی و نەیهێنانەوە.

**ڕامان:** تۆ شەرمت کردووە پێی بڵێی ئەو کتێبانەم بۆ بگێڕەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، چونکە من کە دەیدەم ناڵێم پاش ئەو ماوەیە بۆم بگەڕێنەوە. دەستنووسەکە قسەی خۆم بوون، یان تێبینییەکان و ئامۆژگاریی هونەرمەندان بوون، گوتم سوودیان



**بەغدا، ١٩٧٩، پێشانگەی تایبەتی هێڵکاری لە ئەکادیمیای بەغدا**

لێ ببینە، ئەو کچە ناوی دلڤین بوو، بە ناوی هونەر و وێژەی کوردی پێشانگەم بۆ کردەوە.

**ڕامان:** دلڤین کێیە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دلڤین حەسەن، کاتی خۆی باوکی لە پۆلی سێ مامۆستای زمانی عەرەبیمان بوو، مامۆستاکە منی بانگ کرد، من و دارا محەمەد عەلی چووینە ماڵیان، گوتی کچەکەم حەزی لە هونەرە، حەز دەکەم یارمەتی بدەی، منیش پێشانگەم بۆی کردەوە، ئەوکاتە تەڵعەت سامان سەرۆکی کۆمەڵ بوو، ئەوان بۆمیان جێبەجێ کرد، هەرچەندە من لەلایان ئەندام نەبووم، گوتی تۆ سەرپەرشتیی پێشانگەی ئەو کچەم بکە، سەرپەرشتیم کرد، لەبەر باوکی یارمەتیم دا، باوکی لە پاش یازدەی ئادار بووە بەڕێوەبەری پەروەردە، ناوی حەسەن حوسێن سنجاری بوو، کتێبێکیش هەبوو بەناوی «كيف نفهم التصوير»، بەرهەمی لیۆنیلوفینتۆری، کتێبێکی باش بوو، پێم گوت بیخوێنەوە، بەڵام بۆی نەهێنامەوە.

**ڕامان:** دەردی ئەو کتێب بردن و نەهێنانەوەیە زۆر ناخۆشە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من چەند جارێک ئەوەم بەسەر هاتووە، ئەو کاتەی لە ئەکادیمیا قوتابی بووم، وابزانم پۆلی دووم تەواو کردبوو،

جارێکیان لەگەڵ م. مەحمـوود ئەحمـەد بێـوەی قسـەم کرد و باسـی کاری ئاویم دەکرد، مەبەستم کارکـردن بـە ڕەنگـی ئاوییـە، پاشـان لـە فایلێـک زۆر کاری ئـاوی هونەرمەندانـم کۆکردبـووەوە، هەموویـم دایـێ بـۆ ئـەوەی سـوودی لێوەربگـرێ، کەچـی پـاش سـاڵێک زیاتـر دیتـم، گوتـم مامۆسـتا تـۆ ئـەو کارانـەت بـۆ نەگەڕاندمـەوە! گوتـی بـۆ؟ خـۆ تـۆ نەتگـوت بیانگەڕێنـەوە! ئیتـر چـارەم نەمـا، گوتـم باشـە بـۆ خـۆت بێـت.

**ڕامـان:** تـۆ کـە چـووی بـۆ بەغـدا و فایلەکـەت پێشکەشـی ئەکادیمیـا کـرد، باسـی ئەوەمـان بـۆ بکـە، ئـەوە چـۆن بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کـە چـووم بـۆ ئەکادیمیـا و موعامەلـەم کـرد، چوومـە دایـرەی ڕەگەزنامـەی عێراقـی لـە بەغـدا، خێـرا دەسـتم بـە موعامـەلات کـرد، ئـەم لا و ئـەو لام کـرد و موعامەلەکـە تـەواو بـوو، بـووە کاتژمێـر ١١ و نیـو، تەکسـییەکم گـرت و یەکسـەر چوومـە جێـی پێشـکەش کردنەکـە، شـوێنەکەی لـە کۆلێـژی ئـاداب بوو، گەیشـتمە پێش کۆلێـژی ئـاداب پـارەم دایـە تەکسـییەکە و ڕۆیشـت، لـە شـپرزەییان فایلەکـەم لـە دەسـت کەوتـە خـوارێ و هەمـووی پەرتوبـڵاو بـوون، کـۆم کردنـەوە و غـارم دا بـۆ هۆڵەکـە، چونکـە پێنجشـەممە بـوو، دواڕۆژیـش بـوو، پێشکەشـکردنی داواکاری تـەواو دەبـوو، دەمگـوت دابخـرێ چ بکـەم، وەک پۆلـی سـێم لـێ دێ.

**ڕامـان:** هەمـوو جـار ئیشـەکانت کەوتوونەتـە دواسـاتەکان.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لەنـاو فایلەکـەم لـە لیسـتی نـاوی کۆلێـژەکان، تەنیـا نووسـیبووم اکادیمیـة الفنـون الجمیلـة، لـە کاتێکـدا ٥٢ بـژاردە هەبـوو، هیچیانـم نەنووسـیبوو، تەماشایان کـرد بـە عەرەبـی گوتـی وەرە، وەرە، ئـەوە چییـە هـەر ئەکادیمیـات نووسـیوە؟ گوتـم ئاخـر تەنیـا ئەکادیمیـام دەوێ، ئەگەرنـا ناخوێنـم. گوتـی ئەوەنـدە لەخـۆت ڕازی؟ گوتـم بەڵـێ، یـان دەبـێ وەربگیرێـم، یـان ناچمـە کۆلێژکانـی دیکـە و ناخوێنـم. زوو فایلەکـەی لێـم وەرگـرت و گوتـی دەزانـی ئێسـتا ئێمـە لەبـەر تـۆ وەسـتاوین، تۆمـان دی مایـنەوە، دەنـا هەڵدەسـتاین و دەڕۆیشـتین، گوتـی ئـەوە نیوەڕۆیـە، دواڕۆژی وەرگرتنـە، گوتـی بـڕۆ ئەکادیمیـا، دەبـێ لەوێـش فۆڕمێـک پـڕ بکەیتـەوە، بـە پەلـە چوومـە ئەکادیمیا، لەوێـوە نزیـک بـوو، بـۆ دۆزینـەوەی شـوێنەکەی پرسـیارم کـرد.

**ڕامان:** لە کوێوە چوویتە ئەکادیمیا؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە وەزیریـە، لـەلای کۆلێـژی ئادابـەوە، ئەکادیمیا دوو سـێ جادە لێیەوە دوورە، کـە پرسـیم، شـوێنەکەیان بـۆم دەسـتنیشـان کـرد، ئەوهـا بـڕۆ، ئەوهـا بـڕۆ، گەیشـتمە ئەکادیمیـا، لەوێـش هـەر دواڕۆژە و پێنجشـەممەش بـوو، بـووە دەنگەدەنـگ، هـەر لـە پێـش دەرگاکـەی، "اتحـاد طلبـة" وەسـتا بـوون، مـن نەمدەزانـی ئەوانـە کێـن، گوتیـان بێنـە، ئـەوە ئەوراقـی چییـە؟ گوتـم ئـەوە بـۆ ئەکادیمیایـە. گوتیـان فـوڕمێـک پـڕ کـەرەوە داوای دوو لـق بکـە، یەکێـک گوتـی: تـۆ نمرەکـەت زۆر نییـە، گوتـم کۆلێـژ بـە نمـرە نییـە، بـووە دەنگەدەنـگ لەگەڵـم. گوتـم کۆلێژێکـی دنیـا بێنـن هونـەر بـە نمـرە بـێ، بـووە گفتوگـۆ، گوتیـان ئێـرە پـڕ کـەرەوە. نووسـیم ڕەسـم. گوتـی ئـەی دووەم؟ گوتـم هـەر ڕەسـم. گوتـی نابـێ نـا، ئـەوە ئاسـاییە دەبـێ بـژاردەی دووەم شـتێکی دیکـە بنووسـی، گوتـم باشـە بنووسـن پەیکەرتاشـین.

**ڕامان:** ئەو چەند ڕۆژە تۆ هەر لە بەغدا مایتەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نەخێـر، کـە فۆرمـم پێشـکەش کـرد گەڕامـەوە هەولێـر، پـاش چەنـد ڕۆژێـک چوومـەوە بەغـدا، چونکـە گوتیـان دەبـێ ڕۆژێـک

بێیت بۆ تاقیکردنەوەی پراکتیکی، ئەوجارە تا ڕۆژی چاوپێکەوتن لەوێ مامەوە.

**ڕامان:** لە کام هۆتێل دەمایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر هۆتێل سامان بوو، هاوڕێیانم هەموو دەیانگوت هۆتێل سامان خاوەنەکەی کوردە، هەر کوردیش دەهاتنە ئەوێ، هەندێکیان گەلێ جار دەمیاندی، ئێستاش هەندێک کەس بەبیریان دێتەوە، پار و پێرار بوو لەبن دیواری قەڵاتێ دەڕۆیشتم، سێ چوار کەس بەرانبەرم دەهاتن، یەکێکیان بەوی دیکەی گوت، تەماشا مەکەن، ئێوە دەزانن ئەوە کێیە بەرانبەرمان دێ، ئەوە ئەو کەسەیە کە لە هوتێل سامان دەماندیت ڕەسمی دەکرد.

**ڕامان:** دیارە لە هۆڵی هوتێل دانیشتووی و وێنەی خەڵکت کێشاوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زۆر هێڵکاری خەڵکم دەکرد، زانیشم ئەوانە کێن، بەڵام ئەوان ویستیان خۆیان نەناس بکەن، تەماشام نەکەن و تێپەڕن، ئاگام لێ بوو، ئەوجا زۆر ڕەسمم دەکرد، (حەمید جەمال)یش هەموو جارێ دەگێڕێتەوە، باوکی شوفێر بوو، تەکسیی هەبوو، دەیگوت باوکم هاتبووە هوتێل و تۆی دیتبوو کاتێ لەوێ ڕەسم و هێڵکاریت دەکرد.

**ڕامان:** ئەی هەواڵی چاوپێکەوتنەکەتان چی لێ هات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دوایی گوتیان وەرە چاوپێکەوتنە، ئەوەندە بەلامەوە خۆش بوو، چاوپێکەوتن پراکتیکی بوو، من لە دڵی خۆمدا دەمگوت تەنیا چاوپێکەوتنەکە بکەم، وەریش نەگیرێم قەی ناکا، ئەکادیمیام ئەوندە پێ خۆش بوو، هیچ نەبێ هونەرمەندەکان دەبینم، ئەو هونەرمەندانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا دیتوومن، ئەوجارە ڕاستەوخۆ دەیانبینم.

**ڕامان:** کە چوویتە چاوپێکەوتنەکە هونەرمەندە گەورەکانت بینی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** چوومە چاوپێکەوتن، حەوت دەرچووی پەیمانگەمان لەگەڵ بوو، هیچیان کورد نەبوون، ئەوانە هەموو عەرەب بوون، ئێستا زۆریان دوکتۆرایان هەیە، چاوپێکەوتنمان کرد، هەندەی پێ نەچوو هەواڵ هات، مامۆستاکان هاتن، مامۆستایان: فەرەج عەبۆ، حافز دروبی، ئیسماعیل شێخلی و هی تریش بوون، من بۆردێکی گەورەم هەبوو کە لە پۆلی سێ بووم ئەو بۆردەم دروست کرد، کارتۆن بوو، دووانم دروست کرد، یەک بۆ قەرەنی جەمیل، یەک بۆ خۆم، کارتۆنەکەی ڕەق بوو، مامم داییوومێ، مامێکم پۆلیس بوو، ئەویش دوای ساڵی ١٩٧٤ لە سلکی پۆلیس دەرکرا، چونکە لە دەرەوە بوو.

**ڕامان:** ئەو مامەت ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوی عومەر مەولوود بوو، لە ١٩٧٤ لە دەرەوە بوو کە نسکۆ ڕووی دا، ئەو سەرلق بوو، ئەویش کۆچی دوایی کرد، مووچەی خانەنشینی پێشمەرگایەتی وەردەگرت، ئەو مامەم لە پۆلیس ڕەئیس عورەفا بوو، لەلای پارێزگاوە، شەقامێک هەبوو پێیان دەگوت پۆلیسی گومرک، سەردەمێک کتێبخانەیەکی لێ کرایەوە، کتێبخانەی عەبدولخالق سەرسام، زۆر گۆڤارم لەوێ دەکڕی، بە تایبەتی ئەگەر ئەو گۆڤارانە بابەتی هونەرییان تێدا بووایە.

**ڕامان:** کتێبخانەکە ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوەکەم لەبیر نەماوە، عەبدولخالق سەرسام کتێبخانەی دانا و کتێبی دەفرۆشت، جارێک مومتاز حەیدەری چووە

**هەرچەندە لە ئەکادیمیا کێشەم زۆر بوو، بەڵام ئەکادیمیام زۆر خۆش دەویست، چونکە دوا ئاواتی ژیانم بوو.**

جێی، بەڵام زۆر دڵنیا نیم، ئێستا شەقامەکە گیراوە، لای پارێزگایە، مامم لەوێ بوو، زۆر مقەبای دامێ، وا بزانم سجلی دەوام و بەندیخانە بوون، نازانم هیی چ بوون، هەمووی کارتۆن بوون، هەرچی کاغەزی سپی با، بۆ خۆم ڕاهێنان و هێڵکاری و وێنەم لەسەر دەکرد، چووم ئەو کاغەزانەم کڕی کە بۆ بەرگی کتێب هەیە و وەک نایلۆنە، بە سیکۆتین، دوو بۆردم کرد، یەکێکیانم دایە قەرەنی جەمیل، یەکێکیان بۆ خۆم، لە ئەکادیمیای ئەو بۆردەم پێ بوو، هێڵکاری خۆمی تێدا بوو، هاتن تەماشایان کرد، زۆر ستایشی منیان کرد، لە بەینی خۆشیان قسەیان دەکرد.

**ڕامان:** مامۆستاکان بە بایەخەوە تەماشایان کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دەیانگوت دەمانزانی کوردەکان هەمیشە لە هێڵکاری باشن، ئیدی هەر لەوێ منیان ناسی، کە دەستم بە ئیش کرد نیوەی ئیشەکەم کردبوو، قوتابییە عەرەبەکان دەیانگوت دە برۆ دەرێ، ئیتر وەرگیرای، پێیان ناخۆش بوو ئەو مامۆستایانە دێن تەماشای کارەکانم دەکەن. گوتم بۆ بچمە دەرێ، جارێ کات ماوە، کارەکە پەیکەرێک بوو، سەر و دەست و قاچی نەبوو، جوانم کردبوو، ٩٣م وەرگرتبوو، تەنانەت چوومە لای م. ئیسماعیل شێخلی، گوتی ٩٣ت وەرگرتووە، یەکەم بووم، گوتم هێڵکارییەکەم بدەرەوە. گوتی هێڵکاری نادرێتەوە، چۆن دەبێ بتدەمەوە، ئەوە تاقیکردنەوەیە. لەوێ وەرگیرابووم، بەڵام دوایی ناوم دەرنەدەچوو.

**ڕامان:** هێڵکارییەکە هەر بۆ خۆیان بوو، یان لە ئەرشیف هەڵیاندەگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بۆ ئەرشیڤە، هەڵی دەگرن، بۆ خۆیان نییە، بەڵام من ئەو کاتە دەمگوت ئیشەکەم دەوێتەوە تا لەلای خۆم بمێنێتەوە.

**ڕامان:** ئەوجا تۆ دڵنیا بووی وەرگیرای؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، هێشتا وەرنەگیرابووم، خۆ یەکەمیش بووم، هاوشانم نەبوو، تاقیکردنەوەکە توونسی و ئیماراتی و ئەوانەشی تێدا بوو، نهێنییەکە دیار بوو سیاسەتی تێدا بوو، ئیدی هەر مامەوە، هەر چاوەڕێم دەکرد هیچ دیار نەبوو، هەر دەچوومە ئەکادیمیا، نەیاندەزانی وەرنەگیراوم و پۆلی یەکم، زۆر کەس دەیانگوت پۆلی چەندی؟ لە حەوشەکان هێڵکاریم دەکرد، دەچوومە حانووت چایەکم دەخواردەوە، دادەنیشتم، وای لێ هات بەبێ ئەوەی ناوم دەرچووبێت منیان دەناسی.

**ڕامان:** ئەو چاوەڕوانی و ناو نەهاتنەوە و وەرنەگرتنەت چەندی خایاند، دیارە درێژەی کێشاوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ماوەیەک مامەوە، جارێک حەڤدە ڕۆژ لە هوتێل مامەوە، خاوەنی هوتێلەکە گوتبووی پێی بڵێن بڕواتەوە، فشەی پێ دەکەن و وەری ناگرن، ئەوە لەوانەیە سیاسەت بێ، خاوەن هوتێلەکە بۆخۆی لە ڕووی نەدەهات ئەوەم پێم بڵێ، هێڵکاریم دەکرد و هەستم دەکرد زۆر ماندوو بووم، چەند جارێکیش کە دەهاتمەوە داوای پارەم لە ماڵەوە دەکرد، ئەوانیش لێم توڕە بوون، باوکم دەیگوت تۆ دەچیتە بەغدا دیارە هەر بایەخ بە خۆت دەدەی، ئێمە هەر دەتدەینێ و هیچیش دیار نییە.

**ڕامان:** هاوڕێیەکانت کە لە بەغدا بوون ئاگات لێیان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو هاوڕێیانەی کە لە بەغدا مابوون، یەکێک لەوانە (بەهرام)ی برای قەرەنی جەمیل، خالید جووتیار لەوێ بوون، هێشتا دارا محەمەد عەلی سەربازی دەکرد، (شێرکۆ جەلال)ی لێ مابوو، (قەرەنی جەمیل)یش هێشتا پۆلی چوار و

پێنج بوو، چونکە ساڵێک مابووەوە، ئێمە یەکتریمان دەدی، ئەوان هەموو شتێکی منیان دەزانی، زۆر کەس زانیبووی، دواجار ئەوانەی پێوەندییان بە (یەکێتیی قوتابیان)ـەوە هەیە، قسەیەکیان بۆ دانام، گوتیان بڕۆ سەردانی یەکێتیی قوتابیان بکە.

**ڕامان:** مەبەستت یەکێتیی قوتابیانی عەرەبەکان، ئەوەی بەعسییەکانە؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** نەخێر، هێشتا هیی خۆمان مابوو، کورد بوون، خەڵکی لای خۆمان بوون، خالید جووتیار و (بەهرام)ی برای قەرەنی جەمیل و دارا محەمەد عەلی گوتیان سیاسەتە بڕۆ، منیان قەناعەت پێ کرد، چوومە بینایەک لە وەزیرییە بوو، گوتیان تۆ بڕۆ مەترسە و قسەی خۆت بکە، بڵێ من کوردم، کە چووم سەلامێکم کرد، یەکێک دانیشتبوو، ناسیم کێیە، کورد بوو، ناوی هۆشەنگ بوو، لە ئاغاکان بوو، ئەو هۆشەنگە لە ئامادەیی ئەربیل دەمدی، یاریی سەبەتەی دەکرد، برایەکی ناوی فەرهەنگ بوو، کە من لە سەرەتایی بووم، ئەویش لە سەرەتایی بوو، بەڵام لەپێش من بوو. من ناسیمەوە کوردە و هەولێرییە، دانیشتم. گوتی بەخێر بێی، فەرموو، کێشەت چییە؟ گوتم من پێشکەشی ئەکادیمیام کردووە، هەر ناوم دەرناچێ، هەندێک قسەمان کرد، گوتی ئەو ئیشەی تۆ نابێ، کات تێپەڕیوە، ئەوە ناکرێ.

**ڕامان:** تۆ بەم قسەیە زیاتر بێهیوا بووی و چارەت نەما.

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** خۆشم بێزار بووبووم، زۆر قسەمان کرد، ئەو هەر دەیگوت نابێ، بەڵام نەڕۆیشتم، ڕۆژنامەی وەرزشم دی لەسەر مێزی دانرابوو، ڕۆژنامەکەم تەماشا کرد، گوتم ئەوە چییە، دیارە ئێستاش حەزت لە وەرزشە. گوتی ئا. گوتم پێشان تۆ یاری سەبەتەت دەکرد، دەزانم حەزت لە وەرزشە، لە ئامادەیی ئەربیل بووی، تەماشایەکی منی کرد، زانی من هەولێریم و ئەوەندە خەشیم نیم.

**ڕامان:** ئەو قسانەت سوودی هەبوو، کاری تێکرد؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ماوەیەکی پێ چوو تەلەفۆنی هەڵگرت، قسەی لەگەڵ کەسێک دەکرد، گوتی ئا ئا ئا، من دەیناسم، تەلەفۆنەکەی دانایەوە، گوتی تۆ لێرە بە، من ئێستا دەچم، بیست دەقە چارەگێکم پێ دەچێ. گوتم باشە، دانیشتم. ماوەیەکی پێ چوو، چارەگێک، بیست دەقە، هاتەوە گوتی بوو، بەڵام سەرمان بەرز بکەوە. گوتم خەمت نەبێ، سپاسم کرد و هاتمە دەرێ، ئیدی چاوەڕێمان کرد، تا ناو دەردەچی، بە تایبەتی ناوی بەشی ڕەسم، نزیک ڕووباری دیجلە، بینایەک بوو، ناوەکانیان لە دیوار دەدا، لێرەوە ئەگەر بگەڕێمەوە پاش کە لە پۆلی شەش بووم، لە ساڵی ١٩٧٤ پێشانگەی قوتابخانەکانمان کردەوە، دیسان ئیشی من زۆر بوو.

**ڕامان:** لەو پێشانگەیەوە زۆرتر ناسرای و بەرچاو کەوتی؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئیشی من بەرچاو بوو، زۆر زۆر بوو، بابەکر پشدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان هات پێشانگەکەی کردەوە، کەمال سەعدی لە ڕۆژنامەی هاوکاری چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کردم، چاوپێکەوتنێکی کورتە، چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ چەند کەسێکە، دوو سێ پرسیاری ڕووبەڕووی من کردەوە.

**ڕامان:** بۆچی باسی (بابەکر پشدەری)ت کرد؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** هات تابلۆیەکی بە سێ دینار لە من کڕی، شوانێک بوو پشتی دیارە، دارێکی لە دەستە و مەڕان دەلەوەڕێنی، گوتی

ئەوە بۆ پەرلەمان، بە زەیت کردبووم.

**ڕامان:** تۆ باسی دەرچوونی ناوەکەت تەواو بکە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** حەمید جەمال لەگەڵم هات، چووین تەماشای ناوەکان بکەین، تەماشای ناوەکانمان کرد، بگەڕێ بگەڕێ، ناوی وەرگیراوەکانی ئەکادیمیامان دۆزییەوە، کاغەز لە دیوارەکان درابوو، من زۆر شڵەژابووم، تەماشام کرد ناوی من هەبوو، ئەوەندە بەلامەوە خۆش بوو، هەر خەنی بووم، نەمدەزانی چ بکەم، نازانم چەند جار گەڕامەوە و تەماشای ناوی خۆم کرد، زۆرم پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** ناوی حەمید جەمال بۆ ئەکادیمیا دەرنەچووبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەو پێشکەشی ئەکادیمیای نەکردبوو، ئەو کاتە بەو ڕادەیە ڕەسمی نەدەکرد، بە تەمای ڕەسم نەبوو، پێشکەشی بەشی ئینگلیزی کردبوو، ناوی دەرنەچووبوو، دەیانگوت ئەوساڵە نمرە زۆرە، بەڵام بە واستەی ئەنجوومەنی یاسادانان ئەو قوتابییە کوردانە لە پەیمانگەکان وەرگیران، حەمید جەمال لە زانکۆی موستەنسەرییە وەرگیرابوو، کە لە بەغدا گەڕامەوە، هەر لە ڕێگاوە تا هاتمەوە هەولێر، لە مێشکی خۆم هەر دەمگوت عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، ئەکادیمیا، هونەرە جوانەکان، ئەوەندەم پێ خۆش بوو، ئیدی ناوم بڵاو بووەوە، لە هەولێر بە ڕێگادا دەڕۆیشتم دەیانگوت پیرۆزە، ئەوە لە ئەکادیمیا وەرگیراوە، چونکە ماوەیەکی زۆری پێچوو تاکوو ناوەکەم دەرچوو.

**ڕامان:** ئەی ئەو هاوڕێیەی کە ناوی هۆشەنگ بوو و یارمەتیی دای، هیچ مەرجێکی بۆ تۆ نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هەر ئەوەندە بوو، هاوکاری کردم، ئیدی نەمبینییەوە.

**ڕامان:** ئەو کەسەت لە هیچ جێیەکی دی نەدیتەوە و ناوبانگیشت نەبیستەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە سەددام حسێن مابوو، هەندێک دەیانگوت ئەو کوشتوویەتی، ئەوندەم گوێ لێ بوو.

**ڕامان:** ئەوە جارێک ئیسماعیل گەیلانی باسی ژیانی ئەوەی بۆ کردم، گوتی زۆر زیرەک بووە و خۆی گەیاندووەتە نزیک سەددام حسێن و بووەتە جێگەی متمانەی، لە پڕ گومانی لێ کردووە و کوشتوویەتی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** منیش ئەو قسەیەم گوێ لێ بووە، دەیانگوت لە سەددام حسێن هەڵگەڕاوەتەوە، کوڕێکی قۆز و بە قەڵافەت بوو، لە یاری سەبەتەش باش بوو، بەڵام نەمدیتەوە.

**ڕامان:** بە گومانی ئەوەی هەوڵی داوە سەددام حسێن بکوژێ، بۆیە لە سێدارەیان داوە، ئەو گومانەی لەسەر بووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دەشبێ وابێ.

**ڕامان:** دیار بوو ئیسماعیل گەیلانی خزمی بوو، لە دانیشتنێکدا جارێک باسی کرد.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من شتی خراپم لێی نەدیوە، گوێشم لێ نەبووە خەراپەی هەبووبێ.

**ڕامان:** ئەو گەورەترین چاکەی لەگەڵ کردووی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەو چاکەیەم لەبیر ناچێت، یەکەم جاریشە بۆ تۆمارکردن باسی دەکەم، پێشتر ئەو قسانەم نەکردووە.

**ڕامان:** تۆ کە هاتیتەوە هەولێر چی ڕووی دا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە هاتمەوە ماڵێ خەمیان دەخوارد، لەبەر ئەوەی چوار ساڵ دوور دەکەومەوە، ئەوە دیسان گرفتێکە، بەڵام ئەوە هەواڵێکی خۆش بوو.

**ڕامان:** کەسوکارت چۆن پێشوازییان لەو هەواڵە وەرگرتنەت کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دایک و باوکم هیچ قسەیان

نەدەکرد، بەڵام باوکم لەناوەوە حەزی نەدەکرد چوار ساڵ بچمە بەغدا، لەگەڵ ئەوەش لەبەر من پێیان خۆش بوو، دەیانزانی زۆرم خەم خواردبوو، پاش جوانەمەرگبوونی برام و وەرنەگرتنم لە پەیمانگە، لەبەر ئەوە هانیان دەدام، ڕێیان لێ نەدەگرتم.

**ڕامان:** مانەوەکەت چەندی پێ چوو، چەند لە هەولێر مایەوە و پێوەندیت بە ئەکادیمیاوە کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پاش چەند ڕۆژێک ئیدی چوومەوە ئەکادیمیا، ئەوسا بەشی ناوخۆش نەبوو، دەبووایە خانوو بگرین، پۆلی یەک وەها بوو، لەگەڵ هەندێ لە برادەران خانوومان گرت.

**ڕامان:** لەگەڵ کێ بووی، هاوڕێکانی لەگەڵت بوون کێ بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** یەکێکیان ناوی جەمال ئەحمەد بوو، ئەوە لە پەیمانگەی کارگێڕی بوو، ئێستا دادوەرە، یەکێکیشیان ناوی سەباح بوو، لەو زووانە بینیم، گوتی خانەنشین بووم، من شەوان درەنگ دەنووستم و بە ڕەنگی ئاوی، یان هێڵکاری کارم دەکرد، بێزارم دەکردن، بەڵام دڵیان نەدەشکاندم.

**ڕامان:** ئەوە زۆر گرنگە، ویستم پێت بڵێم چۆن لەگەڵ چەند کەسێک لە ژوورێک گونجابوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ماڵەکە لە حەیدەرخانە کۆنە خانوویەک بوو، لەوێ خانوو هەرزان بوو، چەند ژوورێک بوو، تەنانەت لەبەر کۆنیی ژوورێک ڕووخا، هەر ژوورێک چوار پێنج کەس بووین، هەندێکیان کەرکووکی و هەندێ سلێمانی بوون، ژوورەکەی ئێمە هەولێری بووین، لە مانگەکانی دوایی (حەمید جەمال)یش وەکوو میوان هاتە لام، ئەو مانگەی کە بۆ تاقیکردنەوە دەخوێنی، هاتە ژوورەکەی من، هێڵکاریشم کردووە کە پاڵ کەوتووە و دەخوێنێتەوە، هەموومان خۆمان گونجاندبوو، چونکە دەمانزانی هەر ئەو ساڵەیە.

**ڕامان:** وەک بەشی ناوخۆیی نەدرایە تۆ، ئەی (دەرماڵە)، پارەیان دەدایتێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە ئەکادیمیا گوتیان لەجیاتی بەشی ناوخۆیی پارەکەت دەدەنێ، بانگیان کردم گوتیان بڕۆ پشتگیرییەک بێنە، قوتابیان هەموو پشتگیری دێنن، منیش لە هیچیان یەکێتیی قوتابیان نەبووم، ئیدی هاتمەوە هەولێر، چوومە لای سینەما سەلاحەددین، لەو ناوە بینایەک هەبوو یەکێتیی قوتابیان بوو، چووم گوتیان فەرموو، گوتم دەمەوێ بۆ ئەکادیمیا پشتگیرییەکم بدەنێ. کەسی یەکەم ناوی غازی بوو، کوڕێکی زۆر هێمن و بەڕێز بوو، لە پۆلی سێی ناوەندی کاتی خۆی لە تەنیشت من دادەنیشت، منی ناسی، گوتی فەرموو، گوتم کاغەزێکم بۆ ئەکادیمیا بدەنێ، پشتگیرییان پێ دەگوت، گوتی باشە. بە یەکێکی گوت ناوی بەدر بوو، وا بزانم عەرەب بوو، گوتی پشتگیرییەکی بۆ بکەن. چوو گەڕا گەڕا هاتەوە، گوتی چۆن پشتگیری بدەمێ، ئەوە لەلای ئێمە ئەندام نییە، ناوی نییە، گوتی دە بڕۆ بیدەیێ، لێی توورە بوو، تۆ حەقت نەبێ، بڕۆ پشتگیرییەکەی بدەیێ، پشتگیرییان دامێ.

**ڕامان:** پشتگیرییەکە ئەوە بوو کە تۆ لەلایان ئەندامی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، چونکە درۆ بۆ ئەندامیەتی نەدەکرا، بەڵام پشتگیرییەکە بۆ بەشی ناوخۆیی بوو، بردمە ئەکادیمیا و گوتیان باشە، ئیدی پارەکەم بۆ خەرج کرا.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی یەکەمی خوێند بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوە هەر ساڵی یەکەم بوو، تازە وەردەگیراین.

**ڕامان:** چەند مانگ لە ژوورەکەی حەیدەرخانە

بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ساڵی یەکەم هەمووی لەوێ بووم.

**ڕامان:** ساڵی یەکەم هەمووی لە ژوورەکە بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ.

**ڕامان:** ساڵی دووەم چوویتە بەشی ناوخۆیی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ساڵی دووەم چوومە خانوویەکی بەشی ناوخۆیی لە وەزیرییە، نزیک ئەکادیمیا و بنکەی ڕۆشنبیریی ئینگلیز بوو.

**ڕامان:** مەڵبەندی ڕۆشنبیریی بەریتانی – المركز الثقافي البريطاني، ئەوەم لەبیرە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، منیش دەچوومە ئەوێ، ئەوان کتێب، کاسێت، مۆسیقای کلاسیکییان هەبوو، لەو خانووەدا دوو قوتابی فەلەستینیم لەگەڵ بوو، دوو سێ جار فەلەستینیەکان بە شەڕم دەهێنان، فێڵم لێ دەکردن، جار هەبوو کارەبام لەسەر دەکوژاندنەوە.

**ڕامان:** باشە تۆ زۆر فەقیر و کۆڵەوار دیاری، ئەو هەموو فێڵە چییە دەیانکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دروست دەبێ، قوتابییە، جار بە جار شتی واش دەکرێ.

**ڕامان:** ئێستا کەس بە بیریدا نایەت تۆ شتی وا بکەی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەناو ئەو قوتابییانە لە خانووەکە فەلەستینییەکان دوو بەش بوون، بەشێکیان لەگەڵ عێراق و سەددام حسێن بوون، بەشێکیشیان دژی بوون، جارێک لەسەر مەسەلەی کورد و بزاڤی چەکداریی کورد، گفتوگۆ لە نێوانمان دروست بوو، منیش کە لەوێ کوردم، چەند کەسێکیان لەسەر من و کورد بەجواب دەهاتن، هەندێکیش سەددامی بوون، منیش ئاگرەکەم گەرم دەکرد، خەریک بوو چەقۆیان لە یەکتر دەردەهێنا، جوێن و چەقۆ و ئەو شتانەی تێکەوت، بووە شەڕیان، خەریک بوو ببێتە شەڕەچەقۆ، چەقۆیان دەرهێنا، لێکم کردنەوە (ناوبژیم کردن)، ئەوانە منیان خۆش دەویست، زۆر ڕێزی منیان دەگرت. ئەو قوتابییە فەلەستینییە ناوی مەشعەل بوو، بە منی دەگوت ئەو کچەم خۆش دەوێ، کچەکە لە پێشمانەوە دەڕۆیی، بەشە ناوخۆیی کچەکان نزیک ئەکادیمیا بوو، گوتم دە وەرە لەگەڵم وەرە، چوومە پێش بەشە ناوخۆیی کچان، کچەکان دیار بوون، گوتم ئاواز، مەشعەل خۆشی دەوێی، کوڕەکە لە ترسان هەڵات.

**ڕامان:** ئەوە چۆنت زانی ناوی ئاوازە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من جارێک لەسەر شەقام دیبووم، یەکێک پێمی گوت ئەو کچە کوردە و ناوی ئاوازە.

**ڕامان:** توخودا بۆ خۆت شتی وات کردووە، من باوەڕ ناکەم؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، بۆ خۆم نەمکردووە، من هەر بۆ ئەوەم بوو ئەو کوڕە بترسێ و هەڵێ.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی دووەمی خوێندنەکە بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ساڵی دووەم بوو، جارێکیش کە چووینە بەشی ناوخۆییەکە، کارەبا ئیشی نەدەکرد، هەر تەلەفۆنیان دەکرد و قسەیان دەکرد، داوایان دەکرد کارەباچییەکانی بەشی ناوخۆ بێن چاکی بکەن، هەر نەدەهاتن، منیش ڕاست شەمعەیەکم هێنایە خوارێ، چەند شەمعە هەیە هەموویم شکاند، گوتم ئەوجا پێیان بڵێن وەرن هەموو شەمعەکان شکاون. هاتن گوتیان ئەوە چییە، گوتیان شەمعەکانمان هەموو شکاون، کارەبامان نییە، بۆمان چاک بکەن، ئەوجارە ناچار بوون هەموویان چاک کردەوە، گوتم شەڕ گەورە نەبێ چاکیش نابێ.

**ڕامان:** هەموو ئەو ماوەیەی کە تۆ هەرزەکار

بووی، هەتا گەیشتیتە ئامادەیی و تا چوویتە بەغدا و لە ئەکادیمیا کەوتیتە خوێندن، پێوەندیت لەگەڵ ئافرەتان نەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** پێوەندیی خۆشەویستی و شتی وام نەبوو، ئافرەتیش هەبوون شەڕیان پێ دەفرۆشتم، بەڵام ئافرەت دوای چەند جار یەکتر بینین، لێم بێزار دەبوون، دەتوانم بڵێم هەندێکیانم زۆر پێ جوان بوون، بەلامەوە مەعقوول نەبوو ژنی عەرەب بهێنم، یان قۆڵی کچێک ببرم، دنیا وەک ئێستا نەبوو، بەڵام بەهەندێ کچ سەرسام بووم، کچێک لامان بوو، زۆر هێڵکاری و ڕەسمم کردووە، باوکیشی نازناوی عەسکەری بوو، نەمابوو.

**ڕامان:** ناوی باوکی چ بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نزار عەسکەری، گوتم تۆ باوکت کوردە؟ گوتی بەڵێ، بەڵام هەستی کوردیم نەماوە.

**ڕامان:** دیارە خەڵکی عەسکەر بووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** نازانم، بەڵام نازناوی عەسکەری بوو، پۆلی یەک بووم چەند جارێک بە منی دەگوت پێشمەرگە، گوتم کچێ لەناو ئەکادیمیا بۆ ناوی پێشمەرگە دەهێنی و قوڕمان بەسەر دەکەی. گوتی بۆ؟ گوتم ئەوانە لە خوایان دەوێ بیانوویەک بدۆزنەوە و عەزیەتمان بدەن، کچێکی هێمن و ئارام، زۆر قوتابی هەوڵیان بۆ دەدا، نەیاندەتوانی بیگەنێ، بەڵام مێردی بە توونسییەک کرد، توونسییەکە لەگەڵ من زۆر باش بوو، لە هونەریش باش بوو، بەڵام نەدەگەیشتە من، چەند جار تفی لە ئەکادیمیا دەکرد، دەیگوت ئەو ئەکادیمیایە تەنیا تۆی تێدایە، پێم دەگوت ئەی بۆچی هاتووی؟ گوتی لەبەر ئەوەی بەخۆڕاییە هاتووم، عەرەبیش نیم، من بەربەرم، دەیگوت ئەوانە هەر هونەرمەند نین، دواجار ئەو کچەی هێنا، کچەکە لەگەڵ من زۆر باش بوو، کە کارێک، پیلانگێڕییەک، قسە و باسێک دژی من دەکرا، ئەو بۆ منی دەگێڕایەوە.

**ڕامان:** ئەو قسە و باس و پیلانگێڕیانە بەرانبەر بە تۆ چ بوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** جارێک بە منی گوت ئاگات لێ بێ، کچ دەنێرنە لات هەتا قسەت لێ دەربێنن، هەندێک جار کە کێشە لە دژم دەبوو، ئەو لەسەرم بەجواب دەهات، ئەوانی دیکەش بەجواب دەهاتن، من پێوەندیم لەگەڵ قوتابییەکان باش بوو، وێنەم بۆ چاک دەکردن، ئیشم بۆ دەکردن، هەرچەند جاریش لە مۆدێل دانیشتن نۆرەی من دەهات، ئەو کچە لەجیاتی من دادەنیشت، دەمگوت تۆ دانیشە، دەیگوت ئاخر تۆ ڕەسم دەکەی، منیش دەمگوت بەڵێ.

**ڕامان:** مامۆستاکانت چییان دەگوت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستاکان قسەیان نەدەکرد، مامۆستاکانم بۆخۆیان دەیانزانی من حەز دەکەم کار بکەم و دانەنیشم، کچێکم ڕەسم کرد، خوشکی کچێک بوو لەگەڵمان بوو، زۆر جوان بوو، بەڵام لە کۆلێژی زانستەوە هاتبوو، بەتایبەتی بۆ لای من هات، جلکی میللی هێنابوو. قوتابی بەختیار قەفتان ساڵێ دوای من بوو، کە من دوو بووم ئازاد جەلال، زاهیرێک هات، زاهیر لە شانۆ، زاهیرە سوور، ئەوانە پۆلی یەک بوون.

**ڕامان:** زاهیر مەحموود لە بەشی شانۆ بوو.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کە من دوو بووم، لەگەڵ ئازاد جەلال هاتن، پۆلی یەک بوون، بەختیار قەفتان هات، دوایی (حەمە ساڵح)م ناسی، لە سینەما بوو، لە پۆلی سێ ئەوانم ناسی، بەڵام لە پۆلی دوو بەختیار قەفتان و (ئازاد جەلال)م ناسی، ئەوان لە هوتێلێک ژوورێکیان گرتبوو، چونکە پۆلی یەک بەشی ناوخۆیی نییە، بەختیار قەفتان هاتە لای من ئیشەکانی پێشان دام، کارەکانی زۆر بە هیی ئیسماعیل

خەیات دەچوو، گوتم لابە جارێکی دیکە شتی وا مەهێنە و بە منی نیشان مەدە، ئەوجا بۆخۆی دەیگێڕایەوە، دەیگوت تۆ بە هەولێری بە تووڕەیی قسەت کرد نیوەی تێنەگەیشتم، گوتی چوومەوە ماڵێ هەر لە خۆم ورد بوومەوە، هەموو ئیشەکانم دڕاند.

**ڕامان:** بەختیار قەفتان بەو قسانەت زویر نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پاش ماوەیەک هاتەوە لام، ئیشی نوێی پێشان دام، گوتی ئەوجارە چۆنە؟ گوتم ئەوها باشە، ئەو ئیشانەی پێشتر مەکە، ئەو ئیشە تەقلیدییانە و وردەکاریی بە جاف و بە قەڵەم مەکە، دوای ئەوە زۆر بووینە هاوڕێ، زۆر تێکەڵ بووین، کە بوومە پۆلی سێ، لە بەشە ناوخۆیی یەکمان گرتەوە. کچەکە هات، ئەوجارە بەتەنیا بۆم دانیشت ڕەسمی بکەم، ئەوە خوشکی کچێکی پۆلەکەمان بوو، دەیگوت ئێمە لە ماڵەوە پێی دەڵێین نوورە، نوورەی ئەکتەری سینەما هەبوو، منیش گوتم کچێ نوورەی چی، لە نوورەش جوانترە، ڕەسمێکیم کرد، بەڵام بە یەک دانیشتن تەواوم کرد، واتە ٤٥ – ٦٠ خولەکی خایاند.

**ڕامان:** ئەو کچە جاری دیکە هاتەوە لات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کچە هیچی دیکە نەهاتەوە، جارێک لە وانەی گرافیک بوو، ئەرتیمۆفسکی پێمانی دەگوت، ئەرتیمۆفسکی پۆڵۆنی بوو، خۆی و ژنەکەی هونەرمەند بوون، سۆفیا ئەرتیمۆفسکا، ئەوانە منیان زۆر خۆش دەویست، دەیگوت وەک کوڕی خۆم تۆم خۆش دەوێ، پێوەندیمان زۆر باش بوو، پۆلی چوار بووم، ئەو کچە هاتبوو، لە بەرانبەرم دانیشت، هەر یەکسەر بە هێڵکاری بە گرافیک لەسەر مەعدەنی پلێت گرافیکێکی ئەو کچەم کرد، ئەرتیمۆفسکی پێدەکەنی.

**ڕامان:** دیارە لەگەڵ ئەرتیمۆفسکی پێوەندییەکی بەهێز و تایبەتتان هەبووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جارێکیان ڕەسمم دەکرد، لەکاتی پشوودان لە پۆلەکە نەهاتبوومە دەرێ، ئەو هاتە ژوورێ گوتی، ئەوە چ دەکەی، بە ئینگلیزی قسەمان دەکرد، عەرەبیی نەدەزانی، گوتی وەرە دەرێ، تەماشای کچ بکە، بە منی گوت وەرە باخچە، وەرە ئەو کچە جوانانە ببینە، منیش دانیشتبووم بەتەنیا ڕەسمم دەکرد، لە پۆلی چوار ئەوانە منیان بۆ چوونە بریتانیا هەڵبژارد، گوتی ئەگەر بریتانیا نەبوو، من دەڵێم وەرە پۆڵۆنیا، دەیگوت فەرەنسا و مەرەنسا خوێندنیان باش نییە، بۆخۆم لەوێ مامۆستایەتیم کردووە، بە داخەوە نەیانهێشت.

**ڕامان:** لە ئەکادیمیا هەر ئەو کچەت ناسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کچێکی دیکە زۆر جار لەگەڵم دەهات پیاسەمان دەکرد، دەمگوت با بچینە کتێبخانە، بێزاری دەردەبڕی و دەیگوت من نایەمە کتێبخانە، حەزی لێ بوو پیاسە و قسە بکەین، من هەر بەڕاستی ناتوانم پیاسە بکەم، قسەی گەورە و فشەفش بکەم، دوو سێ جار ڕۆیشتین، پێم گوت با بچینە کتێبخانە، دەیگوت من نایەمە کتێبخانە، لێم تووڕە بوو.

**ڕامان:** کە دەستت لەو تووڕەییە بەر دا، کچی دی لێت نزیک نەبوونەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، جارێکی دیکە پۆلی چوار بووم، لەگەڵ فایق حەسەن چووبووینە جێیەکی نزیک بەغدا، وابزانم یوسفییە بوو، شوێنەواری لێیە، زۆر لە بەغدا دوور نەبوو، چووین لەوێ ڕەسم بکەین، وانەی ڕەنگ بوو، کچێک هەبوو پۆرترێتم کردووە، ماویشمە، کچێکی نەجەفی بوو، مامۆستا (فایق حەسەن)یش ڕەسمی کرد، منیش کردم، هیی ئەو جوانتر بوو، بەڵام ئەوەی من زۆرتر لە

خۆی دەچوو، هی ئەو لە ڕووی تەکنیکەوە جوانتر بوو، ئەو کچە لە گەشتێکدا هاتبوو، پۆلی ئێمە نەبوو، پۆلی ئامادەکردنی مامۆستایان بوو، زۆر جار دەهاتە لام، کچێکی باڵا بەرزی جوانیش بوو، ئەو کچە لە گەشتەکەی زۆر دەهاتە لام، مامۆستا فایق حەسەن کە دەیدیت دێتە لام پێدەکەنی، من دەچوومە دوور دادەنیشتم ڕەسمم دەکرد، ئەو لەولاوە دەهاتەوە لام، وامدەزانی پیلانگێڕیم لێ دەکەن.

**ڕامان:** بۆچی ئەو گومانی پیلانگێڕییە گەماڕۆی دابووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** چونکە هەندێ قوتابی هەبوون زۆر شتیان دژم دەکرد، لە پۆلی یەک وانەی پەیکەرمان هەبوو، پەیکەرێکم کرد، بەڵام پەیکەری قوڕ بوو، چونکە پۆلی یەک گشتییە، پەیکەریشم دەخوێند، بە قوڕ ئیشمان دەکرد، ئیشی ڕیلیڤ، منیش جارێک لە ڕیلیڤەکان وەک ڕاهێنانێک گوتیان بە قوڕ بیکەن، سەرێک بکەن، منیش سەرێکم کرد، ڕاست لە ئادگار و سەری بارزانی دەچوو، هەر لە خۆمەوە و بە خەیاڵی کردم، چوومە دەرەوە و هاتمەوە بینیم قوڕەکە هەمووی فڕێ دراوە، نەمزانی لە ڕقی من بوو، یان لە ڕقی ئیشەکە بوو، یان لە ڕقی کەسەکە بوو، ئەو شتانە دژی من دەکرا.

**ڕامان:** لەوانەیە بۆ پاراستنی تۆش بووبێ، ئەو کاتە ڕاپۆرتێک ئینسانی بە فەتارەت دەدا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قوڕەکەیان فڕێ دابوو، لەگەڵ ئێمە کوردی تێدا نەبوو تا بڵێم کورد بووە. جارێکی دی لە پۆلی دوو بووم تابلۆیەکم کردبوو، نیعمەت مەحموود حیکمەت ژنێک بوو، مامۆستامان بوو، زۆر باش نەبوو، هەڵنەدەستایە سەر پێ، گوتی ئەوە چییە قوتابیان هەر دێنە لای تۆ. گوتم تۆ لە جێی خۆت هەڵناستی، قوتابییەکانیش دێنە لام و دەڵێن وەرە ئیشەکەمان تەماشا بکە، منیش ناچار دەبم کاریان بۆ بکەم. هەندێ قوتابی ڕقیان لێم دەبووەوە کە دەیانبینی من دەورم هەیە، ڕۆژێک هاتم تەماشا دەکەم تابلۆکەم فلچەیەکی بەسەردا هێندراوە و تێک دراوە، منیش کە تەماشام دەکرد، پێم جوان بوو، هونەرمەند ئیشی خۆی پێ جوانە، گوتم ئەوە چییە، کێ وای لێ کردووە، کەس قسەی نەکرد، گوتم جوێن دەدەم، کەس نەیگوت من وام کردووە.

**ڕامان:** لە تێکدانی تابلۆکەت، هەڵوێستی مامۆستاکە چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستاکە دانیشتبوو، ئیدی دەستم بە جوێندان کرد، هەر جوێنم دەدا، من زۆر جوێنم دا، کەس قسەی نەکرد، کە ئاوڕم دایەوە، دیم مامۆستاکە دەستی دەجووڵێنی، بە واتەی تەواو نییە، بەڵام بینیم، ئەویش هەستی کرد من بینیم، بەڵام قسەم نەکرد و خۆم تێک نەدا، هەندێک ئیحراج بوو.

**ڕامان:** تا تەواوکردنی کۆلێژ پێوەندیتان هەروا بە ساردی مایەوە، یان هەڵوێستی گۆڕا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە لە کۆلێژ دەرچووم گوتی چەند کتێبێکم بۆت داناوە بە دیاری بیدەنە تۆ، تۆ یەکەمیش بووی. لە ئەکادیمیا ئاهەنگێکیان کرد، هەر بەبۆنەی دەرچوونەوە بوو، بەڵام کتێبەکانیان نەدامێ، وا بزانم یەکێتیی قوتابیانی سەر بە ڕژێم نەیاندامێ. لە کاتی دەرچوون من سەرخۆش بووم، بیرەم خواردبووەوە، (بەختیار قەفتان)یشم لەگەڵ بوو، لەبن دیواری ئەکادیمیا شووشەکانیشم بە دیواری دەشکاند، بەختیار قەفتان گوتی ئەوە چ دەکەی، زۆریشم نەخواردبووەوە، یەک دوو بیرە و هەندێک ویسکیم خواردبووەوە.

**ڕامان:** ئێمە لە دانیشتنی پێشوو هەتا

ئەو شوێنەمان هێنا کە تۆ بە چ شێوازێک و چۆن لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیرای، ئێستا باسی ئەوە دەکەین ئەو چەند ساڵەی لە ئەکادیمیا بووی چالاکییەکانت چۆن بوون، مامۆستایەکانت، بیرەوەریت لەگەڵیان، بەشداربوونت لە پێشانگەکان، ئەو مامۆستایانەی سوودت لێیان وەرگرتووە، چونکە هونەرمەند و مامۆستای گەورەی لێ بووە، هەر لە فایق حەسەن و ئەوانی دیکەوە، بیروڕات سەبارەت بە هونەرەکەیان چییە، چونکە تۆ خاوەن بیروڕای تایبەتی خۆتی، خۆشت ڕۆشنبیری و زانیارییەکی زۆرت لەبارەی هونەری شێوەکارییەوە هەیە، دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر لێیان دوور کەوتیتەوە، ئێستا تۆ دەتوانی هەڵیانسەنگێنی، پێم خۆشە ئێستا بچینە ناو ئەکادیمیا، بە تایبەتی کە لە پۆلی یەک وەرگیرای. لە باسی باپیرت بووین گوتت دوایی باسی ئەوەش دەکەم، ئەوەمان بۆ باس بکە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە سەرەتایی باپیرم شتی زۆر دەدامێ، کە زانی بوومە پۆلی پێنج و شەش و کتێب دەخوێنمەوە، زۆر کتێبی هەبوو، پێ دەچوو هەندێکیان هی کوڕی شێخ مەلا ڕەشید بێ، باپیرم خوێندەواری نەبوو، بەڵام زۆر شتی هەڵدەگرت، دوو کتێبی دامێ، کتێبە زۆر زۆر کۆنەکان بوو، ئەوانەی لە شێوەی قورئان نووسراون، حاشیەیان هەیە، یەکیان ناوی «مراء الرواح» بوو.

**ڕامان:** ناوەڕۆکەکەیان لە بارەی چییەوە بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** «مراء الرواح»، باسی دەرمان دروستکردن و شتی وا بوو. ئەوی دیکە نازانم ناوی چ بوو، پاشان بە گۆڤارم گۆڕینەوە، ئەوەی هونەری ڕەسمی تێدا بوو، گۆڤارە میسرییە کۆنەکان، بەڵام من بۆ خۆم قەدری ئەوانەم نەدەزانی، لە دەستم چوون. گۆڤارێک هەبوو زۆر خۆش بوو کە گۆڤاری گەلاوێژ بوو، ئەوە بابەتی ئەدەبی تێدایە، دوو شیعری زۆر کاریگەری تێدا بوو، ئەو دوو شیعرەم لە دەفتەرێکدا نووسییەوە، شاعیرەکە ناوی بەنگینەیە، نازانم بەنگینە کێیە.

**ڕامان:** حاجی باقی بەنگینە، کە خەڵکی سلێمانییە، خوێندنی ئێوارانی لەلای پیرەمێرد، لە کۆمەڵەی زانستی کوردان تەواو کرد، کە خوێندەواری پەیدا کرد بووە شاعیرێکی میللی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من لە هەندێک لە هاوڕێیانم پرسی، گوتم ئەو بەنگینەیە کێیە، کەس نەیزانی.

**ڕامان:** من دەزانم کێیە، کوڕەکەشی ناوی نووری بوو، لە سلێمانی هاوڕێم بوو، زوو زوو لە مۆزەی ئێتنۆگرافی سەری لێ دەدام. م. عوسمان هەورامی لەو ساڵانەی دوایی هەموو شیعرەکانی کۆکردەوە و لەسەری نووسی و لە چاپی دا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەردوو شیعرەکە هیی بەنگینەن، نووسراوە بەنگینە، هەر ئەوەندە، لە گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٦ بوو.

**ڕامان:** گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٥٦ داخرابوو، بەڵام دیارە نوسخەی دیکەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من لەسەرم نووسیوە گۆڤاری گەلاوێژ، ١٩٥٦.

**ڕامان:** گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٤٩ دەرچووە، دوای ئەوە داخراوە، لەوانەیە ژمارەیەکی کەوتبێتە بەر دەستت، ئەوە هیی ئەو ساڵانە بووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە بازاڕ نەبوو، ئەوە باپیرم دایە من، باپیرم لە کۆنەوە هەڵی گرتبوو، گۆڤارەکە زۆر کۆن بوو، بەڵام بەرگی پێوە مابوو، من وەمزانی ١٩٥٢ـە، ڕۆژێک تەماشای دەفتەرەکەم کرد، بینیم ١٩٥٦ نووسراوە، دیارە

ژمارەکەیم نووسیوە ٥٦، یەکیان باسی ئەوە دەکات.

**ڕامان:** نالێم هەتا ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە، من لەوە دڵنیام، گۆڤاری گەلاوێژ بە ژمارە دوانەییەکانییەوە ١٠٤ ژمارەی لێ دەرچووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەوانەیە ژمارە ٥٢ بێ، چونکە بۆخۆشم لە دایک بووی ١٩٥٢ بووم، زۆر منداڵ بووم، بەڵام من گەلێ جار دەمویست شیعرە کاریگەرەکە لە فەیسبووک بڵاو بکەمەوە، شیعرێکە بە شێوازی کۆن نووسراوە، سکاڵایە لە نێوان پۆڕ و کەو، پۆڕەکە بە کەوەکە دەڵێ تۆ جاشایەتی دەکەی، براکانی خۆت دەخەیتە تەڵە و داوەوە.

**ڕامان:** هیچت لە شیعرەکە لەبیر ماوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، یەکێکیان دەڵێ: با خاوەنەکەم پارەدار بێ، یەکەم دەوڵەمەندی شار بێ، مادام قەفەس جێگای منە، دەریای مەینەتیم بێ بنە، ئەوەندە دێڕەم لەبیر ماوە، ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی بە کەڵک بوو.

**ڕامان:** ئەو ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژت ماون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەفتەرێکی کۆنم هەیە، لە دەفتەرەکە ئەو شیعرانەم نووسیوەتەوە، لە ناوەندیی باوەزیر لە هۆبەکەی من بوو، ڕەنگە بیناسی، لە تەلەڤزیۆن ئیشی دەکرد، ئەوە زۆر برادەرم بوو، کوڕێکی هێمن بوو، ماڵیان لە شەقامی پزیشکان بوو، زۆر لێمان دوور نەبوون، گوتی باوکم زۆر گۆڤاری هەیە، باوکی کەسێکی خوێندەوار بوو، گۆڤارە میسرییە کۆنەکانی هەبوو، «اخر ساعة» و هی تر، لەجیاتی ڕەش و سپی، کەسک و سپی بوون، بەڵام جزووبەندی کردبوون، زۆر گەورە بوون، هەموو ئەوانەی بۆ هێنام، ئەو کاتی شتی وا دەگمەن بوو، زۆرم پێ خۆش بوو، گوتی بیان بەو بە ئارەزووی خۆت تەماشایان بکە، ئەوەی بەدڵیشت بوو لێی بکەرەوە، هەندێک لاپەڕەشم لێ کردەوە، هیی هونەرمەندان و هونەرمەندە میسرییەکان بوون، ئەوە کاری تێ کردم.

**ڕامان:** ئێستا باسی وەرگرتنت، دواتر خوێندنت لە ئەکادیمیا دەکەین، کە وەرچەرخانێکی گەورەی لە ژیانتدا دروست کرد.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە لە ئەکادیمیا دەواممان کرد، ئەوەی بەبیرم دێ ئەوە دەڵێم، خۆت دەزانی زۆر شت ڕوو دەدەن، هەندێک شت هەن لە ژیانتدا گرنگن.

**ڕامان:** جارێ باسی ئەوە بکە لە پۆلی یەک چیتان خوێند؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە چوومە پۆلی یەک ئەوەی بەبیرم دێت، لە پۆلی یەک ڕووداوی زۆر ڕوویان دا، ڕووداوی ناخۆشی شەخسی، کورتەکەی ئەوەیە زۆر باسی من دەکرا، دەیانگوت تەنیا کوردێکی تێدایە زۆر باشە، هەرچەندە نەشیان دەناسیم، جارێک یەکێک گفتوگۆیەکی لەگەڵم کرد، ئەو لە ئەکادیمیا نەبوو، لە کۆلێژی پزیشکی بوو، عەرەب بوو، زۆر دەنگەدەنگمان لەگەڵ یەکدی کرد، منیش خۆم خەشیم دەکرد، خۆم نیشان نەدەدا، ئێستاش حەزم لە خۆ نمایش کردن نییە، هەر قسەی کرد، گوتی دەڵێن لە ئەکادیمیا وەرگیراوە، کوردێکە، منیش دەمگوت من لەو باشترم، گوتم ناو عەبدوڵڵایە، پێی ناخۆش بوو، دوایی گوتم نا نا، ئەوە منم من. گوتی هاااا، واقی وڕما.

**ڕامان:** تۆ تەنیا خەریکی شێوەکاری بووی، ئەی بەشەکانی دیکەی هونەرت بەسەر دەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەگەر جار بەجار باسی شانۆم بکردبایە، هەندێک وایان دەزانی لە شانۆ وەرگیراوم، دەیانگوت چۆن لە شانۆ

نییـە، ئـەی بـۆ ئەوەنـدە دەسـتی دەجووڵێنـێ دەڵێـی ئەکتـەرە، لـە پاشـملە ئەوەیـان گوتبـوو، لەنێـوان خۆیـان گفتوگۆیـان کردبـوو، گوتبوویـان ئـەوە لـە شـانۆیە.

**ڕامـان:** وەرگرتنەکـەت زۆری پـێ چـووە، بـەڵام کـە وەریـش گیـراوی، ئیتـر لەنـاو قوتابییەکانـدا زوو ناسـرای.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** چونکـە هێڵکاریـم دەکـرد و هەمیشـە کاغـەزم پـێ بـوو، هـەر ئەوەنـدەم پـێ دەکرا، کـە دەسـت بـە خوێندنیـش کـرا، هەندێـک مامۆسـتای وانەبێژیـان هێنـا، یەکیـان م. محەمـەد عەلـی شـاکر بـوو، هونەرمەندێکـی زۆر بـاش بـوو، مامۆسـتایەکی باشـیش بـوو، بـەڵام وەک وانەبێـژ هـات.

**ڕامـان:** وابزانـم مامۆسـتاش هەبـوون لـە پەیمانگەوە بـۆ ئەکادیمیـا هێنابوویانن؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕاسـتە، یەکێکیـان نەزیهـە سـەلیم، خوشـکی جـەواد سـەلیم بـوو، ئـەوەش وەک وانەبێـژ دەهـات، یەکێکیشـیان (م. محەمـەد عـارف)ی خۆمـان بـوو، ئەوانـە بە وانەبێژی دەهاتن، دەرسـێکیان پـێ دەگوتـم، هێڵـکاری بـوو، نەزیهە سـەلیم و محەمەد عـارف بـوون، محەمـەد عـارف ڕۆژێک لە حەفتـە، چوار سـەعات هێڵـکاری پـێ دەگوتـم، (نەزیهـە سـەلیم)یش ڕۆژێکـی دیکـە چـوار سـەعات، هەردووکیـان یـەک وانـە و یـەک نمـرە بـوو. جارێکیـان شـتێک ڕووی دابـوو، پـاش چەنـد ڕۆژێـک کـە لـە پۆلـی یـەک دەوامـان کـرد، ماوەیەکـی پـێ چـوو، ئـەو (نەزیهـە سەلیم)ـە دەیگـوت قەڵەمەکەتـم بـدەرێ، کـە لـە هێڵکارییەکـە دەهاتـە لای مـن، منیـش پێـم ناخـۆش بـوو، بەڕاسـتی نەزیهـە سـەلیم ڕەسـمی نەدەزانـی، هـەر ئەوەنـدە بـوو خوشـکی جـەواد سـەلیم بـوو.

**ڕامان:** بەلاتەوە ڕۆشنبیریی هونەرییشی نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسـووڵ:** زۆر قسـەم لەگەڵ نەکردووە، لەوانەیـە شتیشـی زانیبـێ.

**ڕامـان:** ئـەو دەرسـی هێڵکارییـەی دەیگوتـەوە بـاش نەبـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـا، هـەر زۆر خـراپ بـوو، زۆر شـتت بـۆ بـاس دەکـەم کـە چەنـد مامۆسـتا خـراپ بـوون، لـە ئەکادیمیـا کێشـەی زۆرم هەبـووە. جـا قوتابییەکانیـش پێیـان خـۆش نەبـوو کـە دێتـە لام و دەسـت لـە کاری مـن دەدات. دەیگـوت قەڵەمەکەتـم بـدەرێ، جارێکیـان هێڵێکـی ڕاکێشـا، هێڵکـە زۆر ڕەش بـوو، منیـش پێـم ناخـۆش بـوو، شەرمیشـم دەکـرد، نەمدەوێـرا قسـە بکـەم، پۆلـی یـەک بووم، وەکـوو ئێسـتا شـتم نەدەزانـی، سـەرەڕای ئـەوەش خوشـکی (جـەواد سەلیم)ـە و لـە کتێبانـدا نـاوی (نەزیهـە سـەلیم)م بینیـوە.

**ڕامـان:** وەک نـاو کەسـێکی دیـارە، بـەڵام نەتدەزانی چەنـد هونەرەکەی باشـە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** تەماشـام کـرد بـاش نییـە، قوتابییەکانیـش دەیانگـوت قەڵەمەکەتـی مەدەیـە! بەڕاسـتی قوتابییەکانیـش پێیـان ناخـۆش بـوو. ڕۆژێـک هـات گوتـی قەڵەمەکەتـم بـدەرێ. گوتـم نایـدەم. گوتـی چـۆن نایـدەی! گوتـم سـت، تـۆ چیـت دەوێ پێـم بڵـێ، بـەڵام دەسـت لە ئیشـی من مـەدە. گوتـی ئـەولادی! ئـەولادی! قوتابییەکانـی بانـگ کـرد، وەرن وەرن بزانـن عەبدوڵـڵا چ دەڵـێ! قەڵەمـم ناداتـێ. منیـش نازانـم چیـم لـێ هـات، لەوانەیـە سـوور هەڵگەڕابـم، زۆر شـەرمم دەکـرد، هێشـتا عەرەبییەکەشـم زۆر بـاش نەبـوو، لێـم تـووڕە بـوو.

**ڕامـان:** دواتـر لەسـەر ئـەو قسـەیەت پەرچەکرداری نەنواند؟

**عەبدوڵڵا ڕەسـووڵ:** چۆن نەینواند؟ تاقیکردنەوەیەکمان کـرد، تاقیکردنـەوەی مانگانەمـان هەبـوو، لەسـەر ٣٠ نمـرە، ١٧ی دابوومـێ، لـە کاتێکـدا دوو کـەس بـوون

و بە هەردووکیان یەک وانەیان هەبوو، (م. محەمەد عارف)یش ٣٠ لەسەر ٣٠، یان ٢٩ و ئەو نمرانەی دابوومێ، لە بەشی شێوەکاری سەرۆکی بەش و ئەوانی دی لەنێوان خۆیان قسەیان کردبوو، سەرۆکی بەش ئەوکاتی ئیسماعیل شێخلی بوو، دوایی بوو بە سەعد ئەلتائی. دیار بوو گوتبوویان ئەوە بۆ یەک وانەیە و لێرە ١٧ی هەیە، لێرەش ٣٠، یان شتێکی وابوو، دیارە بەبێ ئەوەی من پێ بزانم لێکۆڵینەوەیان کردبوو.

**ڕامان:** دوایی چاکیان کرد؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کردیانە ٣٠ لەسەر ٣٠، ئەوجا نەزیهە سەلیم لەناو خۆیدا لێم تووڕە بوو، بۆیە (١٧)ی بۆ دانابووم، بێجگە لەوەش حەفت هێڵکاری منی لەلا بوو، هەموو جارێک کە هێڵکارییەکەم تەواو دەکرد، دەیگوت ئەو هێڵکارییەم بدەرێ، من پێشانگەت بۆ دەکەمەوە، هێڵکارییەکەی دەبرد، بەم جۆرە حەفت دانەی برد، ئەو کاتی خۆم زۆر پێم جوان بوون، هەر تێنەگەیشتم بابەتەکە چییە، دەیگوت هێڵکارییەکانتم بدەرێ، پێشانگەت بۆ دەکەمەوە. دوایی هێڵکارییەکانم ڕۆیشتن، نازانم چییان لێ هات. زۆر جاران دەمگوت لەوانەیە هێڵکاری من بە ناوی خۆی بڵاو بکاتەوە!

**ڕامان:** ئەو پێوەندییە تا دوایی هەروا مایەوە، نێوانتان هەر ناخۆش بوو، دوایی ئاشت نەبوونەوە؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** نا، بەڕەسمیات ئاشت نەبووینەوە، بەڕەسمیاتیش لە یەکتر تووڕە نەبووین، هەر دەوامی خۆمان کرد، دوایی کە پۆلی چوار بووم بینیم.

**ڕامان:** کە بینیت هەر وانەبێژ بوو، یان ڕاگوزار بینینیت؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** کە لە پۆلی یەک ڕۆیشتم، ئیتر ئیشم بەو نەما، بۆیە نەمدیتەوە، جارێک لە پۆلی چوار بووم دیتمەوە، هەروا قسەمان کرد، گوتم ست تۆ حەفت هێڵکاری منت لەلایە، گوتت پێشانگەت بۆ دەکەمەوە. گوتی ڕاستە، با بتبینمەوە دەتدەمەوە، بەڵام ڕۆیی، تا ئێستاش هەر نەیهێنایەوە.

**ڕامان:** ئەی سوودت لە هونەرمەند محەمەد عارف وەرگرت؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** محەمەد عارف زۆر لە نەزیهە سەلیم باشتر بوو، بەڵام ناتوانم بڵێم سوودێکی وام لێ وەرگرت، منیش شتم زۆر نەدەزانی، ئەوەی دەشمزانی، دیسان نەمدەزانی چەند تێیدا باشم، هێشتا خۆم بەراورد نەدەکرد. من هەر گوێم دەگرت، ئێستاش ئەو خەسڵەتەم هەیە، ئەگەر شتێک بزانم و لە تۆش باشتر بم، کە تۆ بۆم باس بکەی، من هەر گوێ دەگرم، ناڵێم دەزانم، بەڵام ئەگەر تووڕە بم، ئەوە جوایەزە.

**ڕامان:** لەجیاتی قسەکردن، گوێگرێکی باشی؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** جاری وایە نەک مامۆستا، برادەریشم بێ هەر گوێ دەگرم، ناڵێم من لەو بابەتە دەزانم، محەمەد عارف لەگەڵم باش بوو، بەڵام قەت نەمگوتووە پێی سەرسامم، ڕێزی منی زۆر گرتووە، دەتوانم بڵێم ئەو هەندێ جار لە منی قبووڵ کردووە، من لەوم قبووڵ نەکردوو.

**ڕامان:** مەبەستت لەو قسەیە چییە، نەختێ ڕوونی بکەوە؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** من زۆر جار تووڕە دەبووم، ئەو لە منی قبووڵ کردووە، دەیگوت تۆ گەنجی زوو هەڵدەچی، تووڕە مەبە، چونکە من هەندێ جار ڕاستەوڕاست، کورت و کرمانجی بەردان داوێم، خزمەکانم دەیانگوت بە منداڵییش ئەوها بووی، کە دەمانگوت ئەو خواردنەی بخۆ، دەتگوت ناخۆم! بڕۆن لاچن.

**رامـان:** بـه کوردییەکـەی دیپلۆماسـیەت نازانـی! منیش لـەو ڕووەوە لـە تـۆ باشـتر نیـم.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** دیپلۆماسـیەتم نەزانیـوە، جارێـک بەڕێوەبەرێکـی پەیمانگـە قسـەیەکی بـە مـن گـوت، ئـەوکات تـووڕە بـووم، جنێـوم بـە حـزب و مـزب و ئەوانـە دا.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** سـاڵانی هەشـتاکان، پـاش وتووێژەکە بـوو، کـە لـە پەیمانگـە کێشـەی حزبـی بـاو بـوو، هەنگینـێ کێشـەی سیاسـی زۆر بـوو، قسـەم کـرد، گوتـی کـوڕی بـاش ئـەو سـەرە هـی خـۆت نییـە، دیپلۆماسـیەت بـەکار بێنـە. گوتـم دیپلۆماسـیەت واتـە درۆکردن، مـن درۆم پێناکرێ!.

**رامان:** بەڕێوەبەرەکە ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڕێوەبەرەکـە نـاوی نـەوزاد عەبدوڵلەتیـف بـوو، هونەرمەنـد نەبـوو، بـەڵام ئێمـە کێشـەمان هەبـوو، دەمانویسـت کوردێـک ببێتـە بەڕێوەبـەر، نـەک عـەرەب، چونکـە مامۆسـتا عەلـی جۆڵایـان لابـرد.

**رامان:** ئەوەیان یەکسەر لە دوای ئەو هات؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** وا بزانـم پێـش ئـەوە، یەکێکـی دیکـە هـات، خزمـی شـەوقییەکان بـوو، نـاوی کـوردۆ شـەوقی بـوو. پێنـج شـەش مانگێـک لەلامـان بـوو، دوایـی ڕۆیـی، نازانـم دۆخەکـەی بـەدڵ نەبـوو، یـان چـی بـوو، وابزانم ئامـۆزای ئازاد شـەوقی و کامـەران شـەوقی و ئەوانـە بـوو، ئـەو تەنیـا بـۆ هەڵسـوڕاندنی ئیـدارە هـات. تـۆ باسـی (م. محەمـەد عـارف)ت کـرد، قـەت نەمگوتـووە پێـی سەرسـامم، بەڕاسـتی سەرسـامیش نیـم، بـەڵام لـە چاوپێکەوتنەکـە گوتبـووم پێوەندیمـان باشـە، کەچـی نووسـیبووی بـە مامۆسـتا محەمـەد عـارف سەرسـامە.

**رامـان:** بـا بێینـەوە سـەر باسـی ئەکادیمیـا و درێـژە بـە قسـەکانت بـدە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** جارێـک برادەرانـی پەیمانگـە ڕۆژنامەیەکـی «طریـق الشـعب»یان دامـێ، نازانـم کێ بوو، ئەگـەری هەیە قەرەنـی جەمیل بێ، باسـی (محەمـەد عـارف)ی تێـدا کرابـوو، بۆیـە پێـی دام، لـە ئەکادیمیـا ئـەو شـتانە قەدەغـە بـوو، چونکـە هـی حزبـی شـیوعی بـوو، ویسـتم بیدەمێ و کـەس نەیبینێ، هـەر لـە سـەری ڕاوەسـتام، لـە دەرس نەبـوو، بـەڵام هاتبـووە ئەکادیمیـا و لـە حەوشـەکە ڕاوەسـتابوو، قوتابییـەکان قسـەیان لەگـەڵ دەکرد، قوتابـی وا هەیە زۆر ماسـتاوچییە، دە دەققـە ڕاوەسـتام، دوایـی ئـەوان ڕۆیشـتن و ئـەو هاتـە لام. گوتـی هـا عەبدوڵـڵا! گوتـم ئـەوە ڕۆژنامەکەیـە دەتدەمـێ و دەڕۆم، پێـم گـوت ئـەوە چییـە ئەوەنـدە لەگەڵیـان ڕاوەسـتای!

**رامـان:** بەهـۆی ئـەو نەختـە چاوەڕوانییـە تـووڕە بـووی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** لـە ڕۆژنامـەی «طریق الشعب»دا باسـی (م. محەمـەد عـارف)ی تێـدا کرابـوو، پـێ دەچـوو باسـی لایەنێکـی هونـەری ئەویـان کردبـێ، دەمویسـت ڕۆژنامەکـەی پـێ بـدەم، ئەویـش هاتبـوو لـە حەوشـەی ئەکادیمیا ڕاوەسـتابوو، هـەر لەگـەڵ قوتابییـە عەرەبـەکان قسـەی دەکرد، مـن لـە دوورەوە ڕاوەسـتام، خـۆم تێکەڵیـان نەکـرد، پـاش دە دەقەیـەک کـە هـات، وەڕەز بووبـووم، گوتـم ئـەوە چییە ئەوەنـدە لەگـەڵ ئـەو قوتابییـە ماسـتاوچییانە ڕاوەسـتای! دە گوێیـان پـێ مـەدە، بەڕێیـان بکـە!

# دەرکەوتن و پێناسەی جۆرەکانی توندوتیژی لە دوو ڕۆمانی بەندەر فەیلی و نیشتمانی سارادا

**(خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە بە پێی بۆچوونەکانی ئێسلاڤۆی ژیژەک)**

**هێرۆ کەریمی**
**(بانە)**
**(١- ٢)**

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتەی بەردەست، شرۆڤە و بەراوردکاریی جۆرەکانی توندوتیژییە بە پێی بۆچوونەکانی ژیژەک بۆ هەردوو ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی میران ئەبراهام و (بەندەر فەیلی)ی بەختیار عەلی.

ژیژەک بە ئاوێتەکردنی چەمکە فەلسەفییەکان و ژیانی ڕۆژانە، توانیویەتی ڕاشکاوانە ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتی توندوتیژی بخاتەڕوو، ئەو پێی وایە چەمکی توندوتیژی هەڵگری چەندان پێناسە و دەرکەوتەی جیاوازە کە بریتین لە ئاشکرا، شاراوە و ناهێماییین، بەڵام لە بنەڕەتدا پێداگری لەسەر ڕەهەندی توندوتیژی شاراوە دەکات کە بە شێوازێکی ڕادیکاڵانە و چیددی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرەکانی تری توندوتیژی.

هەر لەم سۆنگەیەوە هەردوو ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) و (بەندەر فەیلی) لەلایەکەوە ڕژیمی بەعس بە گێڕانی دەوری ئەویدی گەورە، بە شێوازی ئاشکرا و شاراوە توندوتیژی وەک (شەڕ، زیندان، سێدارە، کوشتن، کۆچاندن، مەرگ، وێرانکردن، سووکایەتی پێ کردن بە ئایین و ڕەگەز) بە سەر کەمایەتیی کوردی فەیلی ئەو وڵاتەدا دەسەپێنێت و لەلایەکی دیکەوە گێڕانی ئەم ڕۆڵە ناڕاستەوخۆ و بە شێوازێکی شاراوە و سیستماتیک لەلایەن ئەو وڵاتانەوە (ئەمریکا و ئینگلیز) بەرهەم دێت کە بانگەشەی لایەنگریی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن، کوردیش کە خۆی بەردەوام قوربانی هەردوو لایەنەکە بووە، شوێنکەوتووی هەمان سیستم و ئایدیۆلۆژیایە کە پێی چەوساوەتەوە.

لەم دوو بەرهەمەدا کە لە دوو قۆناغی مێژوویی جیاواز لە عێراق ڕووی داوە کارەساتێکی تری سەدەی بیست و یەکەم وێنا دەکرێت، کە تێیدا مەیلی ئەویدی گەورە لە پشت پێکهاتە ئاشکرا و شاراوەکانەوە خۆی حەشار داوە و لە پاکتاوی

نەژادی کەمایەتییەکاندا دەوری جیددی و نەرێنی دەگێڕێت و هەموو ویست و خولیاکانی خۆی بە سەر کەمایەتییەکاندا دەسەپێنێت.

ئەویدی لەلایەک گەورە پاوانخوازە و لە ڕێگەی جیاوازەوە سوژەکان ڕاستەوخۆ لە خۆیدا دەتوێنێتەوە و لەلایەکی ترەوە بە ڕوانینێکی بە ڕواڵەت مرۆڤدۆستانەوە لە تاڵانکردن و سووکایەتی پێ کردن لە دوو بواری ئابووری و سیاسییەوە دەوری نەرێنی دەگێڕێت، بەڵام لە هەندێک بڕگەدا لە سوژەی سەرکوتکراودا بەردەوام شتێک بوونی هەیە کە تێدەکۆشێ لە دەلالەتە نەخوازراوەکان دەرباز ببێت.

وشە سەرەکییەکان: ژیژەک، توندوتیژیی (ئاشکرا، شاراوە، ناهێماییـن)، نیشتمانی سارا، بەندەر فەیلی.

## پێشەکی

ئەگەر وردبینانە چاوێک بە مێژووی سەرکوتکردن و داپڵۆسینی کەمایەتییەکانی عێراقدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە کەمایەتییەکانی ئەو وڵاتە (جوو، فەیلی، کاکەیی، ئێزدی و مەسیحی) هەر کامیان بە شێوازێکی جیاواز و بە دۆخێکی نەشیاو کەوتوونەتە بەر توندوتیژی و ناڕەوایی ئەویدییە گەورەکان (١). بۆ نموونە لە ڕۆمانی «نیشتمانی سارا»دا نووسەر بەسەرهاتی جووەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٤١ ڕژیمی پاشایەتی عێراق زیاتر لە هەزاران کەسیان لێ کۆمەڵکوژ دەکات و لە شار و زێد و نیشتمانی خۆیان شاربەدەر و ئاوارەیان دەکات. بە هەمان شێوە حیزبی شوڤێنیی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ هەمان ستەمی دەرهەق بە کوردە فەیلییەکان کردووە. لە ڕۆمانی بەندەر فەیلی لە ڕێی بەسەرهاتی کەسایەتی سەرەکی



**بەختیار عەلی**

ڕۆمان، بەندەر فەیلی شایەتی ئەو نەهامەتی و لێقەوماوییە دەبینەوە، کە بە سەر فەیلییەکاندا هاتووە.

ڕژیمی بەعس هەر بە کۆمەڵکوژی و شاربەدەرکردنی ئەو دوو کەمایەتییە ناوەستێتەوە و کەمینەکانی تریش لە ڕەوتەکانی تردا وەک کوشتاری مەسیحییە ئاشوورییەکان، کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان، ئەنفال، مووسڵ و هەڵەبجە پاکتاوی نەژادی دژ بە کوردەکان و گەلانی دی ئەنجام دەدات. هاوکات لە هەر دوو ڕۆماندا شێوازێکی تری توندوتیژی (٢) پیشانی خوێنەر دەدرێ کە شاراوە و ناڕاستەوخۆیە و بە شێوازێکی سیستماتیک لەلایەن وڵاتانی نوێنەری سەرمایەداری (٣) و بە ناو لیبراڵ و دیموکراتەوە ئەنجام دەدرێت.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ ڕاشکاوانە باسی بکرێت و دانی پێدا بنرێت، بەشداریی نەرێنیی کوردەکانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کوشتن و ماڵ وێرانکردنی جووەکان لەلایەک و لە کۆنتریش و لە سەردەمی پاشای گەورەی ڕواندز لە دژی ئێزدییەکان.

لێرەدایە کە دەبینین کورد خۆی قوربانیی نەتەوە سەردەستەکانی تری وەک عەرەب، تورک و فارس بووە و ئازار و کارەساتە نەگریسەکانی لە ئاستێکی باڵادا ئەزموون کردووە، بەشداری کارای لە چەوساندنەوە و لەناوبردنی ئەواندا هەبووە، ئەمەش دەرەنجامی توندوتیژیی سیستماتیکی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانمان پیشان دەدات، کە چەند شێلگیرانە توانیویانە بە دروشمی ئیسلام و بە ناوی ئایینەوە بیروباوەڕی ئەوان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لە نێو ئایدیۆلۆژیای ئایینیدا بیانتوێیننەوە و هەر لە ژێر ئەو ناونیشانەشەوە کەمایەتییەکان دژی یەکتر بوروژێنن و بۆ خۆیان حوکمڕانییان بکەن.

ئایدیۆلۆژیای حوکمڕان و بیری بناژۆخواز و فەندەمێنتالیزمی ئایینی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیە سازکرد و لەو ڕێگەیەوە زیاتر پەرەی بە پانخوازی(٤) و دەسەڵاتی خۆی دا. ژیژەک پێی وایە مرۆڤی سەردەم هێشتا لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیت کە تێگەیشتنێکی هەڵەی بەرانبەر بە ڕاستییەکان هەیە، هەر ئەمەش مەشروعیەت بە توندوتیژی دژی ئەویدییەک دەدات کە لە بازنەی ئایدیۆلۆژیی ئەودا نییە. خاڵی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە ئەوان خۆشیان بە تەواوی ئاگاداری ئەم کردەوە ناڕەوایانەن، بەڵام هیچ شتێک ناتوانێ لە بەردەوامیی تاوانەکان بیانوەستێنێ «ژیژەک لە پێناسەی ئایدیۆلۆژیدا دەڵێت، ئەگەرچی ئەوان دەزانن کە بەو کردەوانە کە ئەنجامی دەدەن بە شوێن جۆرێک لە وەهم و خەیاڵ پووچیدا دەڕۆن، بەڵام بەردەوام ئەو ڕەوتە دووپات دەکەنەوە» (Myers, 2004: 64).

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم وتارە بریتین لە:



میران ئەبراهام

١. پێناسەی ژیژەک بۆ چەمکی توندوتیژی چییە و بە چ شێوازێک جۆرەکانی ئەم چەمکە پۆلێن دەکات؟

٢. چۆن دەتوانین لە ڕێگەی بۆچوونەکانی ژیژەکەوە جۆرەکانی توندوتیژیی شاراوە و ئاشکرا لە هەردوو ڕۆمانی نیشتمانی سارا و بەندەر فەیلی پۆلێن بکەین؟

لەم وتارەدا بە پێی ڕێبازی وەسفی-شیکاری هەوڵ دراوە لە ڕێگەی بەراوردکردنی گێڕانەوەکانی میران ئەبراهام و بەختیار عەلی بە کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگەی ژیژەک بۆ چەمکی توندوتیژی خوێندنەوەیەکی داهێنەرانە دەربارەی چەمکی توندوتیژی لە بەرانبەر چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی کەمایەتییەکان ئاراستە بکرێت. هەر بەم مەبەستەش سەرەتا پێناسە و دەرکەوتەکانی توندوتیژی لە تێڕوانینییەکانی ژیژەکدا تاووتوێ دەکەین، پاشان لە دوو بەشی جیاوازدا لێکدانەوەیەکی وردبینانە بۆ ڕۆمانەکانی هەردوو نووسەری ناوبراو دەکرێت و جۆرەکانی توندوتیژی لە ناو هەردوو ڕۆمانەکەدا پۆلێن

دەکەیـن و لـە کۆتاییشـدا دەرەنجامـی بابەتەکـە ئاراسـتە دەکەیـن.

## پێناسە و دەرکەوتنی جۆرەکانی توندوتیژی لە ڕوانگەی ژیژەکەوە

گۆڕانکارییەکانـی میکانیزمـی دەسـەڵات، بـە تایبـەت لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمەوە و بەهێندگرتنـی ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی توندوتیـژی بیرمەندانـی هاوچەرخـی ناچـار کـرد کـە لـە بـەراورد لەگـەڵ گێڕانـەوە کلاسـیکییەکەدا پێداچوونەوەیەکـی ڕادیـکاڵ و چیـددی بـۆ ئـەم چەمکـە بکەن. ژیژەک (٥) لـە کتێبی «توندوتیژی: دەنگدانەوەکانی شـەش لایـەن (٦)» بۆچوونەکانـی خـۆی لـە ڕێگـەی مێتۆدۆلـۆژی هیگڵـی و بـە کەڵکوەرگرتـن لـە چەمکـە ڕەوانکاوییەکانـی لاکان دەخاتـەڕوو (٧). خوێندنـەوەی ژیـژەک لێرەدا لـە ژێـر کاریگـەری وتـاری ڕەخنـە لـە توندوتیـژی (واڵتـەر بنیامین)دایـە، بـەو جیاوازییـە کـە ژیـژەک پۆلێنبەندییەکی بنەڕەتـی، فەلسـەفی و گشـتگیرتر لەبـارەی توندوتیژیـی دەخاتـەڕوو. ئـەو شـەش جـۆر توندوتیـژی بـاس دەکات کـە بریتیـن لـە: توندوتیژیـی کارا (ئاشـکرا)، توندوتیژیـی بـەرکار، هێماییـن و سیسـتمی (شـاراوە) و لـە کۆتاییـدا خواوەنـدی و ئوسـتوورەیی (ناهێماییـن). ژیـژەک توندوتیـژی بـە شـێوازێکی کارا پێناسـە دەکات و پێـی وایـە کـە هـۆکاری توندوتیژیـی کارا (٨) بـە تـەواوی ئاشـکرایە، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە توندوتیژیـی بـەرکار (٩) کـە دەکەوێتـە خانـەی ڕەهەنـدی کارا بـە شـێوازێک شـاراوەیە و خۆشـی بـە دوو دەسـتەی توندوتیژیـی سیسـتمی (١٠) و توندوتیژیـی هێماییـن (١١) پۆلێـن دەکرێـت. ژیـژەک توندوتیژیـی بـەرکار بـە ڕەهەندێکـی شـاراوەی توندوتیـژی نـاوزەد دەکات کـە لـە سـەرەتاوە هـۆکاری سـەرهەڵدانەکەی ئاشـکرا نییـە (Zizek, 2008 :1 - 2).

ژیـژەک هـاوکات لەگـەڵ ڕووبەڕووبوونـەوەی پاسـاوەکانی نەزمـی جیهانـی دەسـەڵاتدار سـەبارەت بـە پرسـی توندوتیـژی، شـێوە ڕادیـکاڵ و شـاراوەکانی توندوتیـژی لـە سیسـتمی سیاسـی دەسـەڵاتدار ئاشـکرا دەکات. توندوتیـژی بـە بۆچوونـی ئـەو، چەمکێکە کە پێناسـەیەکی تایبەت و دیاریکـراوی نییـە و هەڵگری جۆرێـک لـە ئاڵۆزی و جیاوازییـە و هـەر بـە گوێرەی ئـەم خەسڵەتەش دەکرێ لـە چەنـدان لایـەن و ڕەهەنـدی جیاوازەوە لێدوانـی بـۆ بکرێـت، هـەر بۆیـەش بـە ڕای ئـەو بۆ تێگەیشـتن لـە واتاکانی ئـەم چەمکـە ناتوانیـن ڕاسـتەوخۆ توندوتیـژی دەرک بکەیـن (Ibid). ئـەم نووسـینەی بەردەسـت زیاتـر جەخـت لـە سـەر ڕەهەنـدی فەلسـەفی- سیاسـی توندوتیـژی دەکاتـەوە.

پێشـتر زۆربـەی توێـژەران جەختیـان لـە سـەر لایەنـە بەرهەسـت و ئاشـکراکانی توندوتیـژی کردووەتـەوە، نـەک لایەنـە دەروونی و شـاراوەکانی (Waddington, 2004: 149). ئـەم توێژەرانـە توندوتیـژی بـە جۆرێـک زیـان پێگەیاندنـی جەسـتەیی ئاشـکرا بۆ مرۆڤ، یـان کەسـانی دیکە دەزانـن، بـەڵام لای ژیـژەک توندوتیـژی تەنیـا لـە توندوتیژیـی ئاشـکرا و دیـاردا کـورت ناکرێتـەوە، بەڵکوو بۆ ئـەو توندوتیـژی لە پاشخانی هەسـتی دژە توندوتیـژی و لایەنگرانـی نـا بـۆ توندوتیـژی ئامادەیـە. لـە ڕوانگـەی ژیژەکـدا توندوتیژیـی شـاراوە زیاتـر لـە لایەنـە ئاشـکراکەی کاریگـەری هەیـە، ئەمـەش وا دەکات ژیـژەک پێناسـەیەکی نوێ بۆ توندوتیـژی بخاتـە ڕوو لـە بەسـتێنێکدا کە توندوتیـژی نـەک لـە چوارچێوەی یاسـادا، بەڵکوو لـە پێوەنـدی ئەخلاقـی و گۆشـەنیگای جیـاوازدا

لەبەرچاو بگرێت (Ibid: 4). ئەو لەم ڕووەوە بە کاریگەری وەرگرتن لە توندوتیژیی تیۆلۆژیی والتەر بنیامین بەم ئەنجامە دەگات.

بنیامین (١٢) بە نووسینی ڕیسالەی توندوتیژی (١٣) ڕەهەندێکی تر لە توندوتیژی دەردەخات کە ئەگەرچی ئاشکرا نییە، بەڵام زۆر گرنگ و کاریگەرە.

ئەم لایەنە ناهێمایینە لەو توندوتیژییەیە کە سەرنجی ژیژەک بۆ خۆی ڕادەکێشێ و دەبێتە هۆکاری خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵتر بۆ ئەم مژارە و لێرە بەدوا، چیدی توندوتیژی تەنیا لە فۆرمە دیار و بەرهەستەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکوو توندوتیژی بۆ ژیژەک، تەنانەت لە هەر جۆرە دروشمێکی دژە توندوتیژیشدا دەتوانێ خۆی پیشان بدات.

بە ڕای ژیژەک توندوتیژیی کارا بەرچاوترین جۆری توندوتیژییە کە ئەم جۆرە بە ئاشکرا پێناسە دەکات و پێی وایە هۆکاری ئەم جۆرە توندوتیژییە تەواو دیارە و لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکان کە بریتین لە ئەفسەر، یاسا، زیندان بە سەریاندا دادەسەپێ و بە ئاشکرا لە هەواڵەکاندا و لە سەر شەقامەکان بە شێوەی کوشتن، تاوان و تیرۆر و نائارامی مەدەنی دەبینرێت. ئەم جۆرە لە توندوتیژییە بە ئاشکرا ڕوودەدات و هیچ شتێکی بۆ شاردنەوە نییە .(Zizek, 2008: 20) توندوتیژیی شاراوە، یان بەرکار کە دەتوانین لەژێر ناوونیشانی توندوتیژیی کاراش بە ئەژماری بێنین. ئەم جۆرە توندوتیژییە، مێژووییە کە بە دوو جۆر دابەش کراوە. توندوتیژیی هێمایین و توندوتیژیی سیستماتیک. هێمایین، یان سیمبولیک کە زیاتر بە پاکتاوی نەژادی و ئاپارتاید دەبینرێت کە بە چوار جۆر دابەش دەکرێت کە بریتین لە پاساودەرانە (١٤)، سۆزدارانە (١٥)، ئەخلاقی (١٦) و زمانی (١٧). توندوتیژیی سیمبولیک، یان هێمایین شاراوەیە و بە شێوازێکی نەرم (١٨) دزە دەکاتە ناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێ. توندوتیژیی سیستمی لەلایەن سیستمگەلی بۆرژوازی و سەرمایەداری ڕوودەدات.

ئەوان لە ژێر دروشمی مرۆڤدۆستی و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دەبنە هۆکار بۆ چەوساندنەوە و فریودانی سوژە لە خۆی و ئەویدییەکان. ئەم جۆرە لە توندویژییە بە بڕوای ژیژەک کە لە وڵاتە لیبراڵەکاندا ڕوودەدات تووشی توندوتیژیی زمانەوانیش دەبێتەوە، چونکە یاسا لەم وڵاتانەدا دوو جۆر لە توندوتیژی لە ڕووی زمانەوانییەوە دیاری دەکات کە بریتین لە توندوتیژیی باش و خراپ. بە بڕوای ژیژەک پێویستە توندوتیژی بە شێوەیەک پێناسە بکرێت کە نەکرێ وەسفی چاکەی بۆ بەکار بێ، چونکە توندوتیژی ئەگەر بڕواتە ژێر ڕکێفی چاکەوە چیدی توندوتیژی نامێنێ. کەواتە کاتێک باس لە توندوتیژی دەکرێت دەبێ ئامانج توندوتیژییەک بێت کە پڕ بە پێستی خۆی بەکاربچێ و نەڕواتە ژێر ناوی چاکەوە.

ژیژەک دەیەوێ بیسەلمێنێ کە هۆکاری سەرەکی توندوتیژی لەلایەن ئەو کەسانەوە ڕوودەدات کە خۆیان وەک مرۆڤ دۆست پێناسە دەکەن و لە ژێر ناوونیشانی دژی توندوتیژی خۆ دەناسێنن (Ibid: 40). بە بۆچوونی ئەو توندوتیژیی سیستماتیکە کە دەبێتە هۆکاری توندوتیژی بەرکار و کارا. ژیژەک هەوڵ دەدات بڵێت لە هەر توندوتیژییەکدا هەر کەس، یان گرووپ و تاقمێک بیەوێ کولتوور و زمان و بەهاکانی خۆی بە سەر ئەوانیتردا بسەپێنێ

و وەک کولتووری سەردەست پێناسەی بکات، ئەوە دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە.

بە بڕوای ئەو، کۆمەڵگە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوا کە بە تەواوی خەریکی سەپاندنی فەرهەنگ و کولتوور و بیروباوەڕی خۆیانن بە سەر گەلانی تردا، سیاسەتی ترس لە ئەویدییەکان پەیڕەو دەکەن، بەمەش دەگلێنە بازنەی ئەو توندوتیژییەی کە ئەوان بە ڕواڵەت شەڕی بۆ دەکەن (Zizek, 2005)، کەواتە بەم جۆرە بیروبۆچوونانە توندوتیژی لە پاشخانی هەستی دژە توندوتیژی و لایەنگرانی نا بۆ توندوتیژییشدا هەیە و بەرهەم دێتەوە، ئەمە ئەو توندوتیژییە شاراوەیە کە ژیژەک ئیشی بۆ دەکات و لە سەری قسە دەکات.

سێیەم جۆری توندوتیژی کە تێیدا ژیژەک لە ژێر کاریگەریی (بنیامین)دا باسی دەکات ناهێماییینە (١٩) کە دوو ڕەهەندی خواوەندانە (٢٠) و ئوستوورەیی (٢١) لەخۆ دەگرێت. لەم دوو بەشەدا قوربانیکردن وەک ئامرازێکی توندوتیژی دەردەکەوێت کە لە پێناو بەناو بەختەوەری مرۆڤدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئەم ڕەهەندانە لە بیروباوەڕە باوەکان سەرچاوە دەگرن، ئەوجا یان لەلایەن خوداوە قسە بکات، یان ئوستوورەکان. ئەم جۆرەش شاراوەیە کە هەڵبەت لە ئاکامدا دەبێتە هۆی توندوتیژیی ئاشکرایش، بە واتایەکی دیکە توندوتیژی شاراوە زەمینە بۆ هەموو جۆرە توندوتیژییەک خۆش دەکات.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەگەر بمانەوێ سەرچاوەکانی توندوتیژی وێنا بکەین، دەبێ لە دوو ڕەهەندەوە تاووتو بکرێت، یەکەم ڕەهەندی مێژوویی (٢٢)، دووەم ڕەهەندی سەروومێژوویی (٢٣). ڕەهەندی مێژوویی توندوتیژیی پێوەندی بە زۆر بابەتەوە هەیە کە لەو سۆنگەیەوە دەتوانین ئاماژە بە بابەتی ئابووری و ئایینی بکەین، کە هەر کامیان بە بڕوای ژیژەک دەچنە خانەی ئایدیۆلۆژییەوە و بە مەبەستێک بەکاریان دێنن و ئەویش شەڕ بۆ بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتە، کە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هەیە.

ڕەهەندی دووەم کە سەروومێژووییە و هابز بیریاری سەدەی حەڤدە لە کتێبی (لێڤیاتان)دا باسی لێوە کردووە، ئەو سەرچاوەی سەرەکی توندوتیژی بۆ سروشتی خراپی مرۆڤ دەگێڕێتەوە کە لای ئەو بوونەوەرێکی دەسەڵاتخواز و سەروەریخوازە کە بەردەوام بە دوای سەلماندنی ڕەگەزی باڵا و ڕەسەنی خۆیدا دەگەڕێت، ئەو لەم کتێبەدا سەرچاوەی سەرەکی سەروو مێژوویی توندوتیژی لە سروشتی مرۆڤدا دەبینێت، کە تەنیا تێپەڕاندن لە دۆخی سروشتی بەرەو دۆخی مەدەنیەت دەتوانێت تا ڕادەیەک کونترۆڵی بکات (Hobbes, 1969: 159). جێگای ئاماژەیە کە ژیژەک دژی ئەم بۆچوونەیە و لای ئەو سەرهەڵدانی مەدەنیەت (هەروەها سەرمایەداری) بە پێچەوانەی بیروباوەڕی هابز نەبووەتە هۆی وەستانی توندوتیژی، بەڵکوو زیاتر و بە شێوازێکی شاراوەتر پەرەیسەندووە.

**غەریبەیەک لە نیشتماندا: نیشتمانی سارا**

ڕۆمانی نیشتمانی سارا لە نووسینی میران ئەبراهام مێژووی جووەکانی کوردستان لە سەردەمی نوێ بە وردی دەگێڕێتەوە، مێژوویەکی پڕ لە چەوسانەوە و لێقەوماوی کە جووەکانی ئەو ناوچەیە لە ژێر گوشاری ئازار و ستەمی ئەویدییە گەورە و بچووکەکاندا ئەزموونیان کردووە و بوونەتە قوربانی توندوتیژییە جیاوازەکان لەو وڵاتەدا. نووسەر لەم گێڕانەوەیەدا باس

لـە هەمـوو ئـەو زوڵـم و ناڕەوايانـە دەكات كـە لـە نـاو مێـژووی پـڕ چەرمەسـەرييياندا پەنگـی خواردووەتـەوە، باسـی مەینەتـی و ڕەشـبەختی گەلـی کـوردی پەيـڕەوی ئایينـی جوولەکـە دەکات کـە لـە وڵاتی کوردستان لـە سـەردەمێکی مێژوویی تایبەتـدا هەسـتیان بـە ئاسـتەنگی و بارودۆخێکـی نەگریـس کـردووە لـەو وڵاتـەدا.

نووسـەر جگـە لـە ئامـاژە بـەو زوڵـم و ستەمەی کە لەلایـەن ئەویـدی گـەورەوە ڕووی داوە، دەسـتی خسـتووەتە سـەر ئـەو زوڵـم و زۆرييـەی کـە کوردیـش وەک نەتەوەيەکـی ژێـر دەسـتی ڕژێمـی ئـەو کاتـە بەشـداری هەبـووە. ئـەو بـە گێڕانـەوەی هەمـوو نەهامەتییـەکان بوێرانـە ئـەو تاوانانـەی کـوردی خسـتووەتە ڕوو کـە دژ بـە جـووەکان ئەنجـام دراون.

هەرچەنـد نووسـەر لـە گێڕانـەوە و خسـتنەڕووی ئـەو سـتەمانەی کـە کـورد دژ بـە جـووەکان کردوونـی باکـی نییـە و ڕەخنـەی چیددی ئاراسـتەی ئـەو کۆمەڵگەيـە دەکات، بـەڵام هـەر لـە سـەرەتای ڕۆمانـدا بـەم ڕسـتەیە ئـەو بەرپرسـیارەتییە لێیـان دادەماڵـێ و ئەوانیـش بەجۆرێـک جیاناکاتـەوە لـەو سـتەمەی کـە لەلایـەن ئەویـدی گـەورەی ڕژێمـی سەردەسـتی ئـەو سـەرەدەمە پێیـان گەیشـتووە. بـە یەکـەم ڕسـتەی چیـڕۆک خوێنـەر تێـدەگا کـە پانتایـی هێماییـن دەتوانـێ چ ڕۆڵێکـی گـەورە و کاریگەرییەکـی چیـددی لـە بـە توندوتیژکردنـی کـردار و ڕەوشـتی مرۆڤـدا بگێڕێـت، تەنانـەت ئەگـەر خـۆی قوربانـی و سـتەملێکراویش بێـت. «ئێمـەی مـرۆڤ هەمـوو کەرەسـتەی سروشـتی ئـەو جێگايەيـن کـە لێـی پـەروردە ئەبيـن، منيـش جیاواز نیـم لـە هەمـووان و کاریگـەری ئـەو ژینگـە و کۆمەڵگەيـەی تێیـدا ژیـاوم بەسـەرمەوەيە» (ئەبراهـام، ٢٠١٩: ١١). دواتـر لـە بەشـێکیتری چیڕۆکەکـە ئـەم ڕسـتەیە دەبێتـە هەوێنـی سـەرەکی گێڕانەوەکـە «کتێبێـک بـۆ یادەوەرییـە شـەرمنەکان» ئـەم دوو ڕسـتە دژوازە لەلایەکـەوە هەڵگـری جۆرێکـن لـە ڕەخنـە و حەپەسـان لـە دۆخـی ڕووداوەکـەدا و هەمیـش داماڵینـی جۆرێـک لـە بەرپرسـیاریەتی لەو کەسـانەیە کە هاونیشـتمان و هاوزمانـی بـوون.

لێـرەدا جگـە لـەوە کـە تاوانەکانـی کـوردە موسـڵمانەکان دەرهـەق بـە کـوردە جووەکانمـان پیشـان دەدات، باس لـەو فاکتەرانـەش دەکات کە دەبنـە هـۆکاری ڕوودانـی ئـەو کـردار و ڕەوشـتە نامرۆڤانەيـە لـە هەمبـەر ئەوانـدا.

هـەر بـەو مەبەسـتە ئامـاژە بـە فاکتەرێکـی گرنگ دەکات کـە بوونـی ئایدیۆلـۆژی ئیسـلامییە کـە بووەتـە هـۆکاری جۆرەکانـی توندوتیـژی، ئەمـەش پەروەردەيەکـی سـەقەت و نەرێنـی دژە مرۆڤـی لـێ دەکەوێتـەوە کە دەبێتـە لەمپەرێک بـۆ پێکەوەژیان و ئاشـتەوایی گـەلان. مرۆڤـی کوردیـش لـە وەهـا کۆمەڵگەيەکدا کـە بـە ئایدیۆلـۆژی ئیسـلامییەکان و عەرەبـی شـۆڤێنی تەنـراوە، لەژێـر ئـەو نـاو و ئایینـەدا ئـەو سـتەمانەیان دەرهـەق بـە جـووەکان کردووە. نووسـەر لە زۆر بەشـی ڕۆماندا ئاماژە بەو مـژارە دەکات کـە «عەرەبـی شۆڤێنیسـت عەقڵـی کوردەکانیـان تێکدابـوو، خـۆ ناتوانیـن ئینـکاری لـەوە بکەیـن کـە زۆرینـەی کـورد هەڵگـری هەمـان بیروبـاوەڕی ئـەو عەرەبانـەن» (هەمـان:٦٠). کەواتـە نووسـەر ئـەو جـۆرە ڕوانینـە بەرتەسـکە کـە لـەلای کـوردە موسـڵمانەکانەوە دروسـت بووبـوو بـۆ ئایدیۆلـۆژی ناسیونالیسـتی عەرەبـی دەگێڕێتـەوە، کـە بـە نـاوی ئیسـلام و پەرەپێدانـی ئایینـی ئیسـلامەوە خەریکـی بڵاوکردنـەوەی ئایدیۆلـۆژی ئیسـلام و زمانـی عەرەبیـن لـە پێنـاوی بەرفراوانکردنـی نیشـتمانی عەرەبیـدا.

ژیژەک لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە هەموو شتێکدا ئایدیۆلۆژی بوونی هەیە، تەنانەت لە وەدیهاتنی توندوتیژی لەلایەن توندڕۆ ئایینی و تێرۆریستەکانیشەوە ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت دەبینێ. بەڕای ئەو ڕاستییەکەی توندوتیژیی سیستماتیک هۆکاری هەر جۆرە توندوتیژییەکی دیکەیە و کەسێک کە تووشی تاوانی گەورە و جینایەت دەبێت سوژەی هەمان ئایدیۆلۆژییە (Zizek, 2008: 7)، ئەمەش گەورەترین هەڵەی مێژوویی بووە کە بۆ کورد و بەناوی کوردەوە تۆمار کراوە.

**پەراوێزەکان:**

1 - the big others.
2 - violence.
3 - capitalism.
4 - monopoly.
5 - Slavoj Zizek.
6 - Violence: Six Sideway Reflections.

٧ - ژیژەک ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی چەند جار تێکۆشاوە کە لە هەندێک لایەنەوە ڕەخنە لە فەلسەفەی هیگڵ بگرێت، بەڵام خۆی بە هیگڵییەکی ڕادیکاڵ دەزانێت (Zizek, 2004: 63). لەلایەکی دیکەوە لاکان بە ڕای ئەو لە ڕێگەی دیالکتیکی هیگڵەوە دەناسرێت و ئەمە هەر لە سەردێڕی تێزی دوکتۆراکەی کە لە ژێر ڕێنوێنی میلەردا نووسیویەتی دەردەکەوێت.

8 - subjective violence.
9 - objective violence.
10 - systematic violence.
11 - symbolic violence.
12 - Walter Benjamin.
13 - toward the critique of violence.
14 - justification.
15 - emotional.
16 - moral.
17 - linguistic.
18 - soft.
19 - non -symbolic violence.
20 - divine violence.
21 - mythological violence.
22 - history.
23 - trans history.

# گەمەی میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانی ئەفسانەی ڕەنگستان

**عەلی شێخ عومەر**
**(کەرکووک)**

**( ١- ٢ )**

ئەگەر هەڵە نەبم، پێم وایە عەبدوڵڵا سەڕاج، یەکەم ڕۆماننووسی کوردە، دەستپێشخەری لە نووسینی ڕۆمانی دژەڕۆماندا کردووە، پێوەرە باوەکانی گێڕانەوەی باوی تێکشکاندووە، بگێڕەرەوە، گێڕانەوە، دیالۆگ و ململانێ، لە تەک کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەدا جێبەجێ دەکات، متمانە لە خوێنەر دەسێنێ، بەوەی ئەوەی دەیخوێنێتەوە زادەی چیرۆکێکی خەیاڵئامێزە.

ئەم جۆرە دەقانە دەرخەری ئەوەن، خوێنەر سەرپشکی دەقێکی ناتەواو دەکەن، دەتوانێ ئازادانە کۆتاییەکەی هەڵبژێرێ، لە پرۆسەیەکی داهێنان ئامێزدا، لە ڕاڤە، مانا و لێکدانەوەدا، بە پشتبەستن بە تیۆری خوێندنەوە و وەرگرتن، خوێنەر بەشدارێکی ئەکتیڤی دەقی بەرهەمهاتوو دەبێ، کەلێنەکانی دەق پڕدەکاتەوە، خۆی دەبێ بەبەرهەمهێنی دق، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە سەرقاڵی ڕێکخستنی جومگە و پێکهاتەی هونەری خودی خۆیەتی، گێڕانەوەی تێدا هەر وەک "ویلیام گاس" (١) بە میتاگێڕانەوە ئاماژەی بۆ کردووە، میتاگێڕانەوە داهێنانە، خەیاڵگەرە، لەنێو ڕۆمان، یان چیرۆکدا مینەی نووسینی دنیای ڕاستەقینەی مەزندەکراو دەکات، لەناو کۆی گێڕانەوەدا، مەگیزە، ئاگایی و نائاگایی، شەپۆلی هۆش و دژوارەکانی نووسینی ڕۆمان دەخاتە ڕوو، هەروەها بە نێو ڕەخنە و هاوپێچەکانی نووسیندا شۆڕ دەبێتەوە، تەکنیکی میتاگێڕانەوە، چیرۆکە، یان ڕۆمانە لەنێو ڕۆمان، لە چڕکردنەوەی گێڕانەوەدا، پرۆسەیەکە دەچێتە خانەی نووسینی نەرسیسیەت، خود دەکاتە چەق، نەک ڕیاڵ ناکاتە کۆپی، بەڵکوو دەیهێنێتە قسە و پرسیارکردن، خوێندنەوەی ڕۆمانی "ئەفسانەی ڕەنگستان" (٢) گەواهی ئەو پێوەرانەن کە دەچنە خانەی دژەڕۆمان و میتاگێڕانەوە.

ئەم ڕۆمانە بێجگە لە پاری سفر لەنێو شازدە پاردا لە چەندان ئەفسانە، چیرۆک و بەسەرهات پێکهاتووە، خوێنەر لە پێوەندییەکی دیالێکتیدا خۆی لەنێو دنیای واقیعی بە خەیاڵکراو، کەڤاڵی ڕەنگ، وێنەی بە دەق ڕەنگکراوەدا، یان دەقی بە وێنەکراودا دەبینێ، بە دیوێک لە ناوکۆی گێڕانەوەدا گەمەکردنێکە لەنێوان دەق

و وێنە و ئەفسانە و زانست بە دیوێکی تردا، ئێستا بە ڕابوردووە، جێناوی منی قسەکەر بە تۆی وەرگر، دابڕان و کۆلاجکردن، کردەی بڕین و لێکدان، بازدان و بەیەکگەیشتنی چەندان تەوەری جیاواز، لە فۆلکلۆر و کەسایەتی مێژوویی و ئەدەب.. تاد، لەخۆدەگرێ، لەپڕ خەیاڵێک، یادەوەرییەک کونادڕی گێڕانەوە دەبێ، خاوی دەکاتەوە، لەنێوان میلۆدی خاوبوونەوە و خۆگرتنی جومگەکانی دەق، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تووشی دووڕیانێک دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆر شوێن تەکنیکی شەپۆلی هۆش بەکاردەهێنێ، گرێچن بەسەر چەندان یەکەی گێڕانەوەدا دابەش دەکات، مەکۆیەکمان نییە بۆ جێگرتنی یەکەیەک، لە گەشتێکی بەردەوامی ڕوانینێکین، خەیاڵ و وڕینە پێشەنگە بێکۆتایە، ئاوێتەیەکە لە میتاڤیکشن و میتاگێڕانەوە.

## ئاستانەی ناوەکی و ڕەهەندەکانی ئاوێتەکردن

تازەگەر هەمیشە لە ڕێبازێکی ئاوەزگەراییەوە پابەندی شوێنکات دەبێ، لە ڕێگای ڕەتکردنەوەی دۆگما، کردنەوەی دەرگا داخراوەکان، قاییلە بەو پرنسیپە مرۆییانەی کە کاریگەری لەتەک کەڵچەرە جیاوازەکاندا دەکەن، دیدگەیەکی نوێی بۆ دنیا دەبێ، لە سەرجەم ئەو بوارانەدا ئازادە کە داهێنانی تێدا دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش، عەبدوڵڵا سەڕاج ئامادەیە لە پشت بگێڕەرەوە بوەستێ، هەر لە سەرەتای پاژی سفرەوە بە زمانی منی قسەکەر، خوێنەر سەرسام بکات، وەک دەسپێک لە دواندنێکدا بیخاتە بەردەم چەند ئەگەرێک، نەرسیس ئاسا هونەری نووسەربوونی خۆی بسەلمێنێ، لە ڕێچکەی وەسفێکی سروشتەوە، لە دەرگای خوێنەر بدات، بڵێت



**عەبدوڵڵا سەڕاج**

"دەمتوانی بە ڕستەیەکی ئاوها دەستپێکی ئەم دەقەت بۆ داڕێژم" ڕۆمان لا٥، یان بە حەزرەتی نالی دوو دێڕە شیعر دەخاتە ڕوو، دواجار پرسیارێکی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەهێنێتەوە، دەڵێت کێ بەختەوەرترین کەسە؟

بە زمانی پرسیارکەرەوە، سەرجەم ئەو وەڵامانە ڕەت دەکاتەوە، کە دەڵێن جەنابتە، زانای ئایینین، شاعیران و هونەرمەندانن، لە وەڵامدا پرسیارکەر دەڵێت بەختەوەرترین کەس ئەو کەسانەن کە نەکاربەدەست دەناسن، نە ئەوانیش دەیانناسن، نووسەر وەک خەلیفە و دەسەڵاتداری دەق، لە لێکچواندنێکدا ئازادییەک بە وەرگرەکانی دەبەخشێت، بیروبۆچوونیان دەبیستێ، بەڵام ناچێتە ژێر باریان، بە تاقە وەڵامێکیش بەشدارییان ناکات، وەک خودئەوینێک ڕای خۆی دەسەپێنێ، بە قەدبڕێک زەمەنی مێژوویی و زەمەنی ئێستای گێڕانەوە لە ڕستێکدا ئاسۆی دەق و ئاسۆی وەرگر، ئاراستەی وەڵام دەگۆڕێت، بەوەی ئەمی نووسەر، ئەمەی بەتەمایە بینووسێ دژەڕۆمانە، پۆست مۆدێرنە، بە یاسای خەلیفە ناڕوات، پێوەرەکانی گێڕانەوەی کلاسیکی تێکدەشکێنێ، ئەو سێ دەستپێکە

ڕەتدەکاتەوە، کە وەک سیمبۆل، وەسفی سروشت ئاماژە بە ئەدەبی ڕۆمانتیک، نالی بە کلاسیک، خەلیفە بە ڕیالیزم، ئەم بە ڕاشکاوی دەڵێت خوێنەری هێژام دەتوانیت هەڵبژێریت، بەشدار بیت، ڕووگەی من سروشت و ڕیالیزم نییە، ڕەش و سپی نییە، سەرجەم ڕەنگەکانە، پێشتر خوێندکاری بەشی فەلسەفە بووم، لەبەر سیاسەت ترۆکرام، واتا ئەو و کاربەدەستان یەکتریان ناسیوە، ئێستا مامۆستای هونەر و وێژەیە، هەر لە بنەمای ئەو ڕەنگانەوە پێکهاتەی ئەدەب بە چوار ڕەگەزەکەی بوون، ئاو، با، گڵ، ئاگر، گرێ دەدات، مەردمی پێشین ڕەگەزی چوارەمیان پەرستووە، ئەوجا لە خوێنەر دەپرسێ ڕاڤەی ئەو چوار ڕەگەزەی بۆ بکات، ئەوانیش بە شێوەیەکی زانستی جگە لە ئاگر باسی پێکهاتەی ئاو و ڕەگەزەکانی تری بۆ دەکەن، لە ئاکامێکدا نووسەر ڕەگەزی چوارەم ئاگر بە فەنابردنی سێ ڕەگەزەکەی تر هەژمار دەکات، هەر وەک ڕێبازی پۆست مۆدێرن پشت بە لەنێوبردنی سێ ڕێبازەکەی پێش خۆی دەبەستێ، کە ئەویش کلاسیک، ڕۆمانتیک و ڕیالیزمە.

تەکنیکی گەڕانەوە بۆ خەیاڵگەی گێڕانەوە لە گوێزانەوەی چیرۆک بۆ میتاچیرۆک، ڕۆڵێکی بەرچاو لەنێو ئەفسانە، سیمبۆل و شێوازدا دەگێڕێ، دەبینین باس لە ترس، سەرەتای ئایین و بەهەشت و دۆزەخ دەکات، ئەو چوار ڕەگەزە هاوتای یەک نەبوون، بەڵکوو هاودژبوون، تەنیا ئاگر لە دۆزەخە، باس لە ئیبلیس، ڕوح، ئاگری نەورۆز، فانتازیا و زیندەخەون دەکات، ئاکام بگێڕەرەوە بە ناوی (قەندیل)ـەوە خۆی دەناسێنێ، کە دەقێکی فرە خوێندنەوە فەراهەم دەکات، لە گێڕانەوەی سەردەمییانەدا ئاسۆیەک زیاتر هەیە پرسیارگەلێک دەبزوێنێ، دەمانخاتە بەردەم پارادۆکسێک، لەتەک بیرۆکەی مەرگی ڕۆمانی باودا یەک دەگرنەوە، خەسڵەتی لادان و دژەوابوون هەڵدەگرێت، چاوکە بگێڕەرەوە باس لە کردەی گێڕانەوە دەکات، وەک تای دووەم ئاماژە بە بیسەر و خوێنەر دەکات لە نێوەندی گێڕانەوەدا چێژ فەراهەم دەکات، لە ڕێچکەی چەمکی فینۆمینۆلۆژییەوە، وێنەیەکی سروشت دەکاتە دەروازیەک، خوێنەریش لەبیر ناکات، لە تەکیدا کەڤاڵێک بکێشێ، بە پراکتیکی باس لە بیرۆکەی وێنەکێشانێک دەکات، چۆن مامەڵە لەتەک ڕەنگەکاندا بکات.

ڕەنگی سپی بە مامانی ڕەنگەکان هەژمار بکات، پلانی کێشانی مەل و ماسی بۆ دەکات، چۆنیەتی هێڵکێشان، دابەشکردنی ڕووبەری تابلۆکە بە چوار چوارگۆشەی بەرانبەر بەیەک دەکات، هەر لە ڕێچکەی گێڕانەوەی ئەدەبەوە، سیمبۆل و ئاماژەکانی لە فرە لێکدانەوە بۆ خوێنەر شی دەکاتەوە، ڕاڤەی مانای ڕەنگەکان دەکات، دیالۆگ فەراهەم دەکات.

دواجار بە خوێنەر دەڵێت تۆش بۆ خۆت تابلۆیەک بکە، چی پرسیارت هەیە لە منی بکە، بنیادی میتاگێڕانەوە کونادڕی پەیامی گێڕانەوەی ڕۆمانە، بەلاڕێبردنی مۆنۆلۆگی نێوان نووسەر و کارکتەرەکانە، هەر لە سۆنگەی ئەم کردەیەشە بگێڕەرەوەی میتاگێڕانەوە هەمیشە مەشخەڵی گێرانەوە لە ئەستۆ دەگرن، داهێنان چۆن دەکرێ، هەر لە زیندووکردنەوەی دیمەنێکەوە کەسایەتی کاغەزی زۆربای کازانزاکی، سەماکەی بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لە هەزاران کەسی ڕاستەقینە زیندووترە، کاتێ بە خوێنەر دەڵێت "منیش خوێنەری ئاوهای وەک تۆم گەرەکە بەشداری لە گەڵم بکەی" ڕۆمان ل١٨، پۆست مۆدێرن چۆن بە لێکدانی پارچە پەرتبووەکان، کار بۆ لێکترازانی ڕەوتی گێڕانەوەی یەک بابەت

دەکات، لە باسی وێنەکێشانەوە دێتە سەر باسی سەماکەی زۆربا، چۆن لە پێوەندییەکی تۆکمەدا دەیترنجێنێتە نێو دنیای گێڕانەوە، خەسڵەتی دووڕەگی و ئاوێتەبوون هەڵبگرێت، بە تۆرەبڕییەک دێتەوە سەر ڤان کوخ و ژاژاوی پاریس و سەرهەڵگرتنی گۆگانی وێنەکێش بۆ دوورگەیەکی ئۆقیانووسی هێمن، ئاشقبوونیان بە سروشت و ڕەنگەکانی، یان وەک هۆردووک واز لە ڕاز و پەنهانی دنیا دێنێ.

نووسەر بە جۆرێک لە جۆرەکان، ناڕاستەوخۆ نامۆبوونی ئەوان لە هاوشێوەبوونێکدا بە نامۆبوونی خۆی دەچوێنێ، بە پێی ڕێساکانی ڕێبازی میتاگێڕانەوە لە داکەوتی باودا حەزی لە ئاژاوە و شێواندن و لادانە، لە گرتەیەکدا بە خەیاڵێکی هونەرییەوە سروشت بە سیمبۆلەکانی نیگارەکەیەوە گرێ دەدات، لە کرانەوەی ماناکاندا وەردەگەڕێتە سەر ڕۆمان دەڵێت " هەتا کەی ڕۆمانە بگۆڕەکان بخوێنینەوە هیچمان نەگۆڕیبێت"ڕۆمان ل٢٠.

کێشانی ئەو نیگارە پەخشکردنی پانۆرامایەکی غەمگین نییە، لە پەڵە ڕەنگە جیاوازەکاندا دەرخستنی هەستێکە، چاوی خوێنەری ئاوێتەبوو ڕووناک دەکاتەوە، دوانەی ڕەنگەکانی نیگار و وشە لە بۆتەی سێیانەی دەق، نووسەر و خوێنەر لە یەک دەدات، لە تیۆریی خوێندنەوەدا، مەبەستی لە خوێنەری شارەزایە، کە جێنشینی دەقە، نووسەر لە گەمەیەکدا، خەیاڵی خوێنەر دەکاتە برابەشی خۆی، لەنێو ڕەنگەکانی گێڕانەوەدا، دەبێتە بەرهەمهێنی دەق، هەڵبژاردنی ناونیشانی "ئەفسانەی ڕەنگستان" لە ئاستێکی دەلالی و ماناسازیدا، سەرجەم بایەخی نووسەر، لە پێکهاتەی دژەڕۆمانێکی خەیاڵئامێزە، کەمەندکێشی دامەزراندنی میتاگێڕانەوەیە، ستایلی ژانوژۆ، بیرۆکە، لە داکەوتەکانی کردەی گێڕانەوەی کارەکتەری بگێڕەرەوە، کە بە مامۆستا قەندیل ئاماژەی بۆ کراوە جیانابێتەوە، عەبدوڵڵا سەڕاج چۆن خۆی لە پشتییەوە شاردووەتەوە، بە هەمان شێوە تا تەواوکردنی پاژەکانی ڕۆمانەکەی دەنگی دووەمی خۆیشی لە خوێنەری پەنهان دەشارێتەوە، هەر جارێ و بە ئاوڵناوێک دەیناسین وەک هێژا، دەلال، جەناب، بەڕێز، هاوکار، براڵە.. تاد، ئەم کردەیەشی بۆ وەگەڕخستنی ڕووداوە، کە جومگەکانی ڕۆمانەکەی لەسەر بنیاد دەنێ، هەر لە ئاوێتەکردن و لەیەک جیاکردنەوە، بڕین و کۆلاجکردنی ڕەنگەکانی گێڕانەوەدا، خۆی لە بانگەشەی تەباییەک نمایش دەکات، کە لە دنیای خودگەرایی، خەیاڵ و بیرکردنەوە، ڕەنگەکانی دەقی میتاگێڕانەوە دەرنەچێت، هەر لە دەسپێک و پەراوێز، وێنە و ڕستە، ئەفسانە، فرەدەنگی، فرەڕەنگی و فرەچیرۆک..تاد هاوتەریبی دەقی گێڕانەوە بێت.

## گەمەی کەڤاڵ و ڕۆمان

بگێڕەرەوە بە زمانی خوێنەری هاوبەش دێتە گۆ، دابڕانێ لەتەک گرێچنی دەقدا دەکات، بە مامۆستا قەندیل دەڵێت هەست دەکەم دەقی پێشووت جێ دەهێڵێت، سەرقاڵی خوڵقاندنی ڕۆمانی ئیستێتیکی، کات بەردەوامە لە جووڵە، شوێن جێگیرە، مامۆستا قەندیل و خوێنەری هاوبەش لە هەمان شوێنی پێشوون، هەر لە ڕێچکەی تابلۆ و ڕەنگەکانەوە، بە خەیاڵ ڕووداو لە چیرۆکێکدا دەجووڵێنێ، ڕەنگەکانی تابلۆ بۆ ڕەنگەکانی وشە دەگوێزێتەوە، دەیەوێت هێزی وشە هێزی ڕەنگ بەرابەربکات و بیگەیەنێتە ئاستی "نیرڤانا" (٣)، بە فلاشباک بە خوێنەری هاوبەش دەڵێت کە چۆن لە پۆلی سەرەتایی هۆگری پەیکەرۆکان، مۆدێلی ترۆمبێلی ئەو

چاخەت لە مەلا خەتێ دەتاشی، لە باسی مەلا خەتێ و بەردەکانی خڕی خاسەوە دێتەوە سەر مەل و ماسی، لە چل ساڵ بەر لە ئێستا باسی شاری ئارەپخا دەکات، چۆن بە نیوە قاییل نەبوون.

ئەم ڕۆمانەی کە دەنووسرێ بە کەڤاڵی مەل و ماسی شۆڕدەبێتەوە، لای خوێنەری هێژا لە تەونە جاڵجاڵۆکەوە نیگاکانی ئاماژە بە پاشقوڵ، پیلان، نسکۆیان دەکات، خەیاڵ و ئەزموون ئازادە، بنەماکانی گێڕانەوە بریتین لە یەکخستنی کۆمەڵێک بەسەرهاتی پچڕپچڕ، هەر لە باسکردنی ناوبژی حوشتروان، شەڕی نەبڕاوەی خێڵانی خوارور، ئاشوور پانیپاڵ، یەکەم بیری چاڵە نەوتییەکانی باوەگوڕگوڕ و ئاغای چاو شین، کلدانی، قەڵاتی دانیال پێغەمبەر، بە وشەکان نیگاری چیرۆکێکت دەکێشا، بە ڕەنگ و هێڵەکانت هەڵوێست و ڕووداوەکانت دەدڕاند، هەردووکیان تەواوکەری یەکن، لە گومانێکدا لە خۆی و فەلسەفە، ئایین و شەیتان و فانتازیا ڕادەما، ئەوجا ڕوو لە خوێنەری هۆشیار دەکات، لە ڕێساکانی ڕەخنەوە گوزارشت لە نووسینی ڕۆمانی دژە باو و کاردانەوەی واقیع و سەرووی واقیع، شیعر و پەخشان و خود و بابەت .. تاد، ئەوجا لە دابڕانێکدا خۆی و خوێنەری دەلال بە جێناوی یەکەم و دووەم بانگ دەکات، گێڕانەوە و بەڵگەنامەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، لەگەڵ خەیاڵکردنی بە پەرەسێلکەیەک و ماسی و کەڤاڵەکان دێنە بەر دیدەی، ئێستا تەنیا من و تۆی خوێنەر و زمان هەین، ئەی چی لە ئۆدیب، ماجلان، فرۆید و ئەوانی تر بکەم، قامووسی ئیعلامی ئیستەنبوڵ، هەژماری کوردی شاری کەرکووک و عەلی کیمیایی، مێژووی ناوی کەرکووک، میدیا و ساسانی، سڕینەوەی سەدوپەنجا گوند بە پێی سەرژمێری هەزار و نۆ سەد و پەنجا و حەوت، کۆڕەوی نەوەد و یەک.. تاد ئەزموون و کارەسات، بیرەوەری و مێژوو، ڕیزبەندی ئەو ناوانە لە دەقدا چ تراژیدیایەک فەراهەم دەکات، لە ئۆدیب گرێیەک هەیە بە دایک و نیشتیمانەوە پابەندە، ماجلان بە گەڕان و دۆزینەوە، یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی دەروونزانی فرۆید، لەسەر دایک و گەڕان دامەزراوە.

لە گەمەی گێڕانەوەدا، ڕۆڵی بەشداریکردنی وەرگر و خوێنەر لە پرۆسەی داهێناندا لە کردنەوەی مانادا بایەخی تایبەتی هەیە، گوێزانەوە لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکی تر دەکرێ لە میتاچیرۆکدا، خەیاڵگەی گێڕانەوە کار لەسەر ئەفسانە، هێما، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ بکات، عەبدوڵڵا سەڕاج ناسرەوێ، لە ڕێچکەی ئەفسانەوە زۆر زیرەکانە بە تیۆری بگبانگی، بە پاڵاوتە، هۆشی بۆ خۆی داناوە، لە گرتەی خۆری ئاسمانەوە ئاوێتەی دیاردە و ڕووداو و هۆکارەکانمان دەکات، پەنا بۆ ڕامانێکی بوودایی دەبات، لەگرێدانێکدا پێوەندییەکی دیالێکتی لەنیوان ڕەنگەکانی ئاسمان و زەوی، هەژماری ڕەنگەکان، ڕاگرتنیان لە ئاست یەکتردا دەخاتە زەماوەندەوە، دەبینێ چ ئەفسوونێک لەو تابلۆیە دەگێڕن، نووسەر بە لێکچواندنی ئەوە بۆ خوێنەری بەڕێز ڕوون دەکاتەوە، کە هیچ ناوەڕۆک و گرێوگۆڵێک لە ئارادا نییە، ئەوە پەڕەمووچەکەتە ڤینۆسی جوانی فەراهەم دەکات، هەندێ وانەی دەداتێ، چۆن تریفەی ڕەنگەکان بە دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێ، هەڵیاندەسەنگێنێ، دێتە باسی جۆباری شیری مەڕ و مێرووستان، چریکەی باڵندە و شەو و سروشت، لە ڕەنگەکانەوە نموونەی سەیر و

سەمەرە دەهێنێتەوە، باسی خەنە، مەلاخەنە، خەنەتیفکە، خەنەبەندان و ئەشکەوت دەکات، دواتر لە هاوشێوەبوونێکدا، لە خاڵبەندییەکدا هەنگاو بە هەنگاو کردەی نووسین، بە کردەی جووتیارییەوە گرێ دەدات، ئەفسانەی ئادەم و حەوا بە ئەدەبەوە گرێ دەدات، دێتە سەر نیوتن و سیزانی نیگارکێش.

عەبدوڵڵا سەراج بۆ ئەوەی ئاسۆی دەقێکی فرەڕەنگمان بۆ بکاتەوە، لەنێوان گێڕانەوەی خەونێک و لکاندنی بە ئەفسانەوە، خوێندنەوەیەکی فرەهاوتەرییمان پێ دەبەخشێ، کاریگەری ڕست و میتافۆری گێڕانەوە، دیالۆگی نێوان خۆی و خوێنەری ناوەکی وادەکات ئاریشەی گێڕانەوە بە خوێنەری هاوبەش بسپێرێ، ئەویش کاتێ خەونێک دەبینێ، دەیگێڕێتەوە و بەشێوەیەکی هارمۆنی ئاوێتەی ئەفسانەیەکی ئایینی دەبێ، باسی بەسەرهاتی حەزرەتی یوونس دەکات، لە مانا و لێکدانەوەدا، پێ لەوە دەنێ خەونەکەی نزیکە لەو نیگارەی کە بگێڕەرەوەی سەرەکی کێشاویەتی، هێزی ڕەنگەکانی گێڕانەوە، ڕەنگەکانی وێنەکێشان، ڕەنگەکانی خوێنەریش، وا پەیوەست دەکات گەر ئەو خەونە ببینن، ڕەنگە بە سامناکتر بۆت بگێڕنەوە، لە لێکدانەوەی ئایینی و زانستی ئیبن سیرین و فرۆید و شاگردەکانی بە نموونە دەهێنێتەوە، دێتەوە سەر دەقەکەی، ئەم ڕۆمانە گوزاشتکردنە لە چۆنیەتی نووسینی دژەڕۆمان، هەڵبەت ئەم کارە بێ خوێنەر نایەتە بەرهەم، لە ڕێچکەی فانتازیا، ئەفسانە، گوتار و وێناکردنی خەیاڵەوە، درەوشانەوەی چیرۆکی ئەفسانەی لە خەیاڵەوە بە جێناوی من و تۆ، ئاودیوی واقیعی ڕەنگ و هێڵ و دەقی گێڕانەوە دەکات، لە کرانەوەیەکدا ئاسۆکانی گێڕانەوە بۆ جێناوی سێیەم دەگوێزێتەوە، بۆ ئەوەی نائامادە، ئەو جیایە لە جێناوی تۆی خەونبینی ژێر گوشاری بنهەست، لە جێناوی منی نیگارکێشی هێڵ و سیمبۆل و گرتنەوەی ڕەنگ لە مانا، ئێستا منی بنووس بەسەرهاتی ئەوێک دەگێڕمەوە، لە باوباپیرانەوە ماوەتەوە، ئەفسانەیە، داستانە، ڕاستینەیە، باس لە نەقاشێک دەکات بە شاگردی مانی دەناسرا، ئێمە دەیکەین بە مانیی دووەم.

ڕۆژێک مانی پەپوولە سلێمانییەکی گەورە لە ناو کودییەکدا، بە دەست فرۆشیارێکەوە دەبینێ، باسی مانی دەپچڕێنێ، باس لە شوێن و چۆنیەتی ڕاوکردنەکە دەکرێت، دەپرسێت "ئەرێ لە کوێی سەربهوردەی مانییەکەمان وەستاین" ڕۆمان ل٥٤، باسی مانی دەکاتەوە، لە دۆزینەوەی پێوەندییەکدا، لە خەونە ئاوییەکەی تۆ و خەونە ڕەنگینەکەی مانی، خەریکە لە ڕوودایکدا هزر، دیرۆک، فەلسەفە، دەروون و سۆفیگەری ..تاد هەڵگرێ.

مانی دەیویست سوود لە خوێن و ئێسکی پەپوولە سلێمانی ببینێ، کاتێ پێی دەڵێت ئازادم بکە فێری ڕەنگ گرتنەوەت دەکەم، سلێمان پێغەمبەر فێری کردووم، دوای ڕێککەوتن و ڕاگۆڕینەوە هەڵڕفیییە سەر ڕۆچنەی ژوورەکە، ئەوجا نەک ڕەنگی سوور، فێری ڕەنگی شین و زەردی دەکات، باسی گۆگردی سوور و زەردەچەوە دەکات، دیسانەوە باسی پەپوولە سلێمانی موورووی ئەودەمی و زەردێنەی هێلکە دەکات، گەمەی نووسەر بیرۆکەی چیرۆکی دەکاتە دەرچەیەک، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕابوردوودا ترنجاندنیەتی بە چیرۆکەکانی خودی بگێڕەرەوە، لە دنیای دەقی میتاگێڕانەوەدا یەک دەگرن، دەکرێ بە کردەی گوێزانەوە سەرەداوەکانی جووت ڕەنگی گێڕانەوە لەیەک بدەی، ڕابوردوو بە ئێستای گێڕانەوەوە

بلکێنی، ئەوەتانێ لە ژوورەکەیدا، سێ تاقی گەورە هەیە، مانی لە مێشکیدا نەخشەی سێ کەڤاڵی کێشابوو، لە چیرۆکێکی تردا لە دەروازەی سروشتەوە تێکەڵی خەیاڵی دەکات، قومرییەک دەیخوێند، سەیری کەڤاڵەکەی کرد، دیتی جێگەی قومریی سەر چڵەکە بە قسەی بگێڕەرەوە، گوێزانەوەیە، جووڵە و باڵگرتنەوەی قومرییەکە، هەڵگەڕانەوەیە بۆ مەودای چوارەم، بۆ ئەفراندن بە ئەفسانەکردن، شەپۆلی هەستە، وابەستەیی نێوان فیزیک و میتافیزیک، زانایانی وەک نیوتن، ئاینشتاین و لیمیتر ..تاد.

هەڵبەت زەمەنی کەڤاڵ چێکردن، وێنەکێشان و ڕۆمان نووسین لە ساتەوەختی ڕۆژێکدا نایەتە بەر، لە دوای سێ ڕۆژ کەڤاڵی دووەمی کێشا، ئێستا خۆی بۆ کەڤاڵێکی تر تەیار دەکات، لە گەمەیەکی ئاڵۆزدا، خەیاڵی گێڕانەوە وا تێکەڵی کەڤاڵ و وێنەکە دەکات، لە پێوەندییەکدا ئەو پردە تێکدەشکێنێ کە دنیای ڕەنگ و تابلۆ، لە دنیای ڕەنگەکانی گێڕانەوە جیادەکاتەوە، بۆ ڕۆژی پێنجەم گێڕانەوەی ئێستا ئاوێتەی وێنە و ئەفسانە و میتالۆژیا دەکات، کە دڵنیابوو مەلەکانی باڵ دەگرنەوە، بڕیاری دا دیمەنی ئاو و سەوزی نەکێشێ، ئینجا وەک ئاماژەیەک بۆ هەڵۆکەی زەردەشت، وێنەی هەڵۆیەکی گەورە دەکێشێ، بۆ خۆهەڵواسین، جووتێ خرخاڵ دەخاتە قولە پێیەکانیان، یەکیان زێڕین، ئەویتر زیوین، بە بەشداری خوێنەر ناوی میعراجنامەی مانیی دووەمی لێ دەنێت، چۆن دەسپێکی زمان لە وێنەوە ڕسکاوە، بە هەمان شێوە دەق بێ وێنە نانووسرێ، ئەوە خوێنەرە ڕەنگەکانی خۆی دەخاتە سەر وێنەی نووسین، مانای پێ دەبەخشێت، ناوی مەعەڕی و دانتی دێنێ و دەڵێت "قەیدی چییە میعراجی چوارەم بە نەقاشێکی ئێمە ببڕێ" ڕۆمان ل٦٣١، چۆن لە لێکچواندنێکدا بە دوو قۆڵی خوێنەر و مانی لە هەمان کەڤاڵی سێ دیوارەکە یەک دەخات، واز لە حیکایەتی گێڕاوەی باوباپیری دەهێنێ، بە هەمان شێوە بە دوو قۆڵی ئەم دەقە بە ڕەنگستانی ئەفسانە، یان ئەفسانەی ڕەنگستان ناو لێ دەنێن.

بگێڕەرەوە لەم دەقە و لە خەونەکەی خوێنەری هاوکار و لە میعراجە ڕەنگستانەکەی ئەو نەقاشە، کە بە مانیی دووەم ناساندی، دەیەوێت لە سیحری هەر کەڤاڵێک زایەڵەی موزیکێک، گۆشەنیگای فۆتۆیەک، مانا و واتا و شێوازی نوێ بدۆزێتەوە، ئەوەی بە زارەکی نەگوترابێت، ئەوە بە سەما وەک نجنسکی سەماوانی بالێ دەریانبڕیوە، بگرە نەگوتراوی نێوان دێڕەکانمان پێ ڕادەگەیەنن، خوێنەری هاودەمیشی لەتەکیدا هاوڕایە بەوەی هەرگیز ڕای خۆی بە سەریدا نەسەپاندووە، لە دوو دۆخدا باس لە تێکەڵبوون دەکات، یەکەم ڕووکەشە زمانییەکەیە کە هەڕەشەی بوونیان تێدا دەبینن، دووەم واتا مێژووییەکەیە، چەسپاندنی ناسنامەیە، هاملێت ئاسا خۆمان دەبینین، مانییش ئەوەی کردووە، گێڕانەوەی ڕۆمان نەبێت چیمان داوە لە فانتازیا و ناماقووڵ، کە داکۆکی لە سەدانی وەک مانی و هەلاج دەکات، ئەمەش شێوازێکی جیاوازە لە نووسینی ڕۆمان، لە دیالۆگێکدا لەتەک خوێنەری ناوەکیدا، شێواز ڕوون دەکاتەوە، دێتەوە سەر دەقەکە، باسی باڵابوونی مانی دەکات، لە کەلاوە قەڵاتێکی دێرینی کێوێکدا نیشتەوە، بە چڕی وەسفی شوێنەکە دەکات، لە غلکردنەوەی بەردێکی گەورە، دم .. دم .. دمدم.. دمدم دەنگی دایەوە، هەبێ و نەبێ ئەمە شوێنەواری قەڵای دمدمە، بووەتە مەڵبەندی هەڵۆکە، مانی

ئـەو جۆبـارە شـاراوەیەی زانـی کـە لـە دابینکردنـی ئـاوی لەشـکرەکە بـوو، لـە پـڕ کەسـێکی نەنـاس مـەودای دیدگـەی مانـی داپۆشـی، بـەڵام دڵنیـام مانـی چەواشـە نابـێ، جێناوەکانـی یەکـەم، دووەم و سـێیەم، بـۆ مـن و جەنابـت و مانیـی هونەرمەنـد ڕەهابـوون، لـە ڕێـگای پرسـیارێکەوە بـە کورتـی بـاس لـە حەکایـەت، خـەون و ئەفسـانە دەکات.

عەبدوڵـڵا سـەڕاج لـە ڕێچکـەی پرسـیار، گومان و داگـەڕان و دژەوابووندا، دابەشـبوون و هەمەڕەنگـی لـە دەقەکەیـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، بـە کورتبـڕی گێڕانـەوەی نوێخـوازی، مەیلـی ئاڵـۆزی و لێبڕینـی هەیـە، بـەم کردەیـەش لـە ئاسـتی ڕێکخسـتنی لۆجیکیـدا دژوارییـەک بـۆ خوێنـەر فەراهـەم دەکات، بـەوەی خـۆی بـە بیرۆکـەی تێکشـکان و گـەڕەلاوژە دەسـوێ، ئەوەتانـی بگێڕەرەوە دەنگی خـۆی و مانـی کەسـێ نەنـاس لـە ئاوێتەکردنێکـدا، سـێ دەنگـی جیـاواز دەخاتـە ڕوو، دێتـەوە سـەر تەواوکردنـی حکایەتـی مانـی، نەناسـەکە بـە مانـی دەڵێـت مافـی خۆتـە نامناسـی، چ کارەی چـۆن گەیشـتیتە ئێـرە، مانـی دوای پرسـیار زۆر بـە نووسـەر دەڵێـت: تـۆی بەڕێـز دووبـارە منـت خوڵقانـدەوە، هـەر نووسـەریش بوو مانیی نەقاشـی گەیانـدە ئێـرە، نەناسـەکە بـە مانـی دەڵێـت: لـە ناخـەوە کەڤاڵـی هەڵۆکـەت ببینـە، مـن سـەروەری ئـەم قەڵاتـە دۆناودۆنـم کـردە نـاو هەڵـۆی ڕەنگسـتانەکەتەوە، دە نیـگای حجیلـەی زیـو و زێڕەکـەت بکـە، لـە قولـە پێمـت هەڵکێشـابوون، مانـی بیـری بـۆ (خانـی لەپزێڕیـن)ی مێرخـاس چـوو، ئـەوە کەسـی چوارەمـە، کەسـی سـێیەمی واتـا مانیـی ڕاکیشـایە پرگەیەک، جگە لـە کتێبێکی بـەرگ چەرمـی سـوور، دەسـتی بـۆ زێـڕ و زیـو نەبـرد، لـە هەڵدانـەوەی لاپەڕەیەکدا، شـقڵەمۆری خانـی لەپزێڕینـی لەسـەربوو، لـە دەنگـی خانـی لەپزێڕیـن هاتـە خـۆی "تۆمارگـەی خۆڕاگریمـان بـۆ نەوەکەمـان کـردە سەرمەشـقی ڕابـوون و ژیان" ڕۆمـان لا٧٤، خانـی ئـەو دەستنووسـەی پـێ بەخشـی.

چاوکە عەبدوڵـڵا سـەڕاج چـۆن ڕەچاوی ڕۆمانی نـوێ دەکات، دێتـە پـاڵ ڕۆلان بـارت، کارەکتـەری مانـی بەرهـەم دەهێنـێ پشـتی پـێ دەبەسـتێ، لـە بەرچاوماندا نـەک گەمـەی نێوانمـان دەکات، بەڵکـوو گەمـە لـە تەکمانـدا دەکات، لـە گوتـاردا وەک سـیمبۆلێک بـە گوێزانـەوە، ئامـاژە بـە چەمکـی مانـەوە دەکات، وانـەی خۆشەویسـتی نیشـتمانمان پـێ ڕادەسـپێرێ، بەردەوام دەبـێ لـە ئاسـت خوێنـەردا ڕازی نابـێ دەقەکـەی داخـات، هیـوادارە ئەوانیـش دەقێکـی هاوتەریب بکێشـن، لە پۆلگرتنێکدا خانـی لـەپ زێڕین وەک سـەرکردەیەک دەکاتـە هەڵـۆ، هـەردوو دەسـتی مانیـش دەکاتـە هێمـای دووبـەرە، دوو ئایدلۆژیـا، دوو ڕەوت بـە جووتـە خرخاڵـی زیـو و زێڕەکـەی دەگـرن بـەرز دەبنـەوە، تـا ببێتـە جێنشـینی کەڤاڵەکـەی، ئـەو پەرجوویـە بـۆ نەیارەکانـی نەگێڕێتـەوە.

# بابەتی ئاکار بە پێی ئاراستەی ژیر و ئەزموون

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١ – لە شاکاری بێ وێنەی (ئاکار)دا باروخ سپینۆزا گوتوویەتی: مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە پشت بە ژیر دەبەستێ، هیچ کاتێک ترسی مردن نایپەشۆکێنێ و لە خشتەی نابات، بگرە ڕاستەوخۆ حەز و ئارەزووی لە چاکە و چاکەکاریی و کارڕاستییە. بەپێی بنەمای گەڕان بەدوای ئەوەی سوود و قازانجی پێ دەگەیەنێ و دەبێتە مایەی ئەوەی بیپارێزی، دەژی و کار دەکات. دانایی و شارەزاییەکەی لەوەدا دەردەکەوێ کە بیر لە ژیان بکاتەوە، بە کەمترین شێواز و ڕادە بیر لە مردن بکاتەوە (١).

ئایا ترسان لە مردن و ڕۆژی قیامەت لە جیاتی حەز کردن لە ژیان و شادبوون بە خۆشی و چێژەکان تا چەند لەگەڵ ئازادی مرۆڤدا دێتەوە و دەخرێتە چ خانەیەکی ئاکارەوە؟

– لە ژیانی ئاکاریدا مرۆڤ لەو کار و کردار و چالاکییانەیدا کە دەیانکات جۆرە ئەرک و فرمان و ئۆباڵکێشان و نیاز (نیەت) ڕەچاو دەکرێن. مرۆڤ وەک ئەرکی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆ کارێک دەکات ئەو کارە پاڵنەرەکەی مەیلێکی سروشتی نییە، ئیتر ئەو ڕەوشە ئاکارییە بە چاکەکاریی (ڕەند) ناودەبرێ، یان ئەو خەسڵەتەی دەدرێتە پاڵ. ئەو دۆخە (ڕەوشە) ئەگەر وابێتە بەرچاو و وا هەستی پێ بکرێ کە نەک پابەند بوون بە ئازادی،

بەڵکوو ملکەچیی بەرجەستە دەکات! لەوەوە کەوتووەتەوە کە فەلسەفەی ئاکار — پشت بە ژیری کردەکی دەبەستێ — ئەوەی لە هەڵکەوتی لە ئارادابوودایە پشتگوێ دەخات، سەر گەرمی ئەوەیە ئەو هەڵکەوتە پێویستە چۆن بێ؟. ئەمەیە مەبەستی داهێنەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئیمانۆییل کانت (١٧٢٤ — ١٨٨٤ز) کە گوتوویەتی:

فەلسەفە کە داهێنەری قانوونی ژیری مرۆڤە، دوو کەرەستە (بابەتی) هەیە:

**یەک:** سروشت.

**دوو:** ئازادی (٢).

لەو قسەیەی (کانت)ەوە چەند خاڵێک دەکەوێتەوە:

**یەک:** لە سروشتدا هیچ جۆرە تۆبزی و ناچارییەک (حەتمیەت — زەروورەتێک) نییە، بەڵکوو ئەوە ژیرە خۆی وەک بیرکارێک — ئەندازیارێک چالاکە و نەزم و ڕێکوپێکی خستووەتە ناو سروشتەوە.

**دوو:** دوو جۆرە قانوون هەیە: قانوونی سروشتی و قانوونی ئاکار، یەکەمیان دەربارەی ئەوەیە لە ئارادایە و دووەمیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە: دەبێ چۆن بێت؟! ئەمەش وا دەگەیەنێ کە لە ئاکاردا لەجیاتی زانینی شتومەکی دەورووبەر و قانوونەکانی سروشت، بایەخ بەوە دەدرێ: پێوەندی نێوان مرۆڤەکان پێویستە چۆن بێ، بەتایبەتی لە کایەی داد و ئازادی و یەکسانیدا. بەو پێیە دەرگای چوونە نێو دەڤەری میتافیزیکی ئاکار دەخرێتە سەر پشت. ئەگەر جاران چاکەکاریی بیرۆکەیەک بووبێ لە جیهانی هزردا، دەبێ لەمەولا ببێ بە قانوونی خواستی ئازاد.

**سێ:** ئازادی لە بابەتی ئاکاردا — بە پێی تێگەیشتنی کانت، پشکی شێر بە ژیری کردەیی دەبەخشێ بۆ ئەوەی لە ڕاستودروستی ئەو کارانەی دەکرێن، دڵنیابێ بۆ ئەوەی بخرێنە خانەی ئاکارەوە.

٢ — شۆڕشی تەکنۆلۆجی، گیانی سەدەمی گۆڕیوە، ئەوەی چاوەڕێی لێ دەکرا، لە هەندێک لایەن و ڕەهەندییەوە لە مزگێنی دڵخۆشکەرەوە بووە بە هەڕەشە لەسەر ژیان و پاشەڕۆژی مرۆڤ. بە ڕادەیەک مرۆڤ لە ڕاستی دوور ناکەوێتەوە ئەگەر لاف لێ بدات کە لەم سەردەمەدا و لە بەرانبەر ئەنجامەکانی بە دەستهاتووی تەکنۆلۆجی، مرۆڤ خەریکە دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمێنێ و بە چۆکدا بێت! گومان کردن و باوەڕ لە دەستدان، بوون بە دیاردەی ژیانی ڕۆژانە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بپرسرێ باشە: ئایین، سیاسەت، فەلسەفە، زانست لەوە بەولاوە دەتوانن چی بۆ مرۆڤ بکەن؟ ئەو بۆچوونە بووە بە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر:

– سندووقی دەنگدان و هەڵبژاردن نیشانەی بێگەرد و غەل و غەشی ئازادی و دیموکراتی نەماوە.

– زۆربوونی ژمارەی خانەقا و حوسەینییە و مزگەوت و پڕبوونیان لە نوێژکەران، بەڵگەی پتەویی، جێگیربوونی باوەڕ (ئیمان) و ئایین نییە. ئەگەر کاردانەوە (ڕی ئەکشن) نەبێت. لێرەوە ڕۆڵی بابەتی ئاکار سەرئاودەکەوێ!

– بابەتی ئاکار لە ئاقار ئەو ڕەوشە (دۆخە) ئاڵۆزەدا خۆی لەبەردەم ئەو پرسیارانەدا دیوەتەوە:

**یەک:** ئایا بابەتی ئاکار وەک بنەما و هاندەری کاروکردار وزە و توانایییەکە لە ناخی دەروونی مرۆڤدا و بەشێکی سەرەکی سروشت و پێکهاتەی ژیانیەتی یان:

**دوو:** ئەنجامی ئەو ڕێنماییانەیە کە ئایینەکان دایان هێناوە (٣)، یان

سێ: ئەو ڕێنماییانەن کە بوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا کراون بە قانوون و بەسەریدا دەسەپێنرێن و دەبێ پێیانەوە پابەند بێت و لە کاتی سەرپێچی کردنیدا سزا دەدرێ و ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە؟ ئەو سێ پرسیارانە ئەگەر لە ڕواڵەتدا سروشتی بێنە بەرچاو، لە گەوهەر و چییەتیدا جۆرێک لە باوەڕ نەمانی ئاکاریی بەرجەستە دەکەن.

ئاکار لە خۆیدا کاروکرداره لە ڕەوشت و کرداری مرۆڤدا دەردەکەوێ و بەپێی پێوەری تایبەتی هەڵدەسەنگێنرێ.

- گومان و دوودڵی و نەمانی باوەڕ بە بنەماکانی ئاکار لەلایەن فەیلەسووفی فرەنسایی ژان پۆل سارتر ڕابەری ئیگزیستێنتیالیزم لە توێژینەوەی ئایا ئیگزیستێنتیالیزم فەلسەفەیەکی مرۆڤ دۆستە؟! بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە هەڵوێستی لاوێکی فرەنسا – پاریس-دا تۆمار کردووە. کوڕە پاریسییەکە دایکێکی نەخۆشی زەلیل و زەبوونی هەیە، دەبێ بە دیارییەوە بێت و چاودێری بکات، لەولایشەوە ئەرکی نیشتیمانی و بەرەنگاربوونەوەی لەشکری هیتلەری ئەڵمان کە فرەنسایان داگیرکردووە وا پێویست دەکات بچێتە ژێر باری ئەرکی بەشداربوون لە شۆڕش دژی داگیرکەر! ئایا دایکی بەو ڕەوشە سەختە بەجێ بهێڵێ و دوور نییە بمرێ (٤) و بچێتە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە و بە دەنگ بانگەوازی ڕزگارکردنی نیشتیمانەوە بچێ؟! کامیان هەڵبژێرێ و بڕیار لە بارەی کامیانەوە بدات؟ بە دوودڵیی دەمێنێتەوە و نازانێ چی بکات! ئەمەیە لە دەستدانی باوەڕ بە بنەماکانی ئاکار کە سارتر بە پابەندبوون ناوی بردووە. پابەند بوون بە ڕزگاری و ئازادی نیشتیمان، یان بە ئەمەک بوون بەرانبەر بە دایکی پەککەوتە و زەبوون.

بەشدار بوون لە شۆڕش دەبێتە مایەی مردنی دایکی. بەشدار نەبوون لەو ئەرکە نیشتمانییەدا ئۆباڵی سیاسی دەخاتە ئەستۆ؟ ئیتر بە هەر لایەکدا بیشکێنێ، دوودڵی و بێ باوەڕی و نیگەرانی لێ دەکەوێتەوە! ئایا دەکرێ لەو ڕەوشەدا بگوترێ کە ڕەوایەتیی ئامانج دەبێ ببێتە مایەی کرداری مرۆڤ؟ ئەو ڕەوایەتییە چۆنە؟ بە چ پێوەرێک بڕیار لە بارەیەوە دەدرێ؟ ئایا باوەڕی ئایینی لەو بارەیەوە چ ڕۆڵێک دەتوانێ بگێڕێ؟ ئایا ئەو پرسیارە لەخۆیدا جۆرە لێک نزیک کردنەوەی ئایین و فەلسەفە ناگەیەنێ؟ بوونی دوو ئامانجی ڕەوا ئەگەر بەشێوەی جیاوازیش بن، بڕیاردانەکە ئەوپەڕی سەخت و دژوار دەکات! ئەمەیە کێشەی گیانی سەردەم کە مرۆڤ بە دەستییەوە گیری خواردووە! بە عەرەبی پێی دەڵێن (ئەینەل مەفەر!).

٣ – چاکەکاریی – بەدکاریی (ڕەند – گەند) بەها، خواستی ئازاد، گوناح، داد و ستەم هەر بە کەرەستەی سەرەکی بڕیار (حوکمی) ئاکارییانە دەمێننەوە، بەڵام ئەو پرسیارە ئەکادیمیانەی کە پتر بە مەبەستی تاووتوکردن و توێژینەوە دەکرێ هەر سەرەتاتکە دەکات و یەخە بەر نادات:

ئایا چاکەکاریی و بەدکاریی لە شت و کاروکردار خۆیاندا بوونی بابەتییان هەیە، یان مرۆڤ ئەو خەسڵەتەیان بەسەردا دەبڕێ؟ بەها چییە و چ لایەنێک دایدەنێ؟ لەو کاروچالاکییانەدا پشت بە چ پێوەرێک دەبەسترێ؟

- ئەگەر گۆڕان سەرمەشقی ژیان بێ، کۆمەڵگەش ئۆرگان و ڕێکخراوێکی زیندوو بێ، دەبێ ئەو بابەتانەی لەو پرسیارانەدا هاتوون، دەستی گۆڕان بیانگاتێ! بگرە سەردەم ئەوەندە ئاڵۆز و لێوان لێو و پڕ لە کێشەیە، لە کۆمەڵگەیەکەوە

بۆ یەکێکی دیکە، لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر بابەتەکە لە وردەکاریی و ناوەڕۆکدا پەرە دەسێنێ و جۆرە گۆڕانێک بەرجەستە دەکات.

ئەگەر لە سەردەمێکدا تۆڵەسەندنەوە بەشێکی سەرەکی دابونەریتی کۆمەڵایەتی بووبێ، لەم سەردەمەدا بە بەدکاریی (تاوان) دادەنرێ و ڕووبەڕووی قانوون دەکرێتەوە. لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا و لە هەندێک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەندان وشە و چەمک کە بە نێگەتیڤ و ناڕێ بۆ ئاماژەدان بە پێوەندی و ڕەوشتی ناجوان و نەخوازراوی نێرومێ بەکار دەهێنران، ئێستا باویان نەماوە و وشە و چەمکی تریان بۆ بەکار دەهێنرێ کە لەگەڵ ڕەوش (دۆخی) سەردەمدا بێنەوە. هەندێک وشە (کردار) هەر لە فەرهەنگیشدا (قامووس) ناویان لابراوە.

- ئەگەر خواست کە بەشێکی سەرەکی بابەتی ئاکارە، جۆرێک بێت لەبیرکردنەوە (هزر) پێش کردار بێت، ئەوجا دووپاتکردنەوەی حەز و ئارەزوو بێت، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە:

**یەک:** هێزی بیرکردنەوەی مرۆڤ بە هیچ جۆرێک لە هێز و توانایی کار و کردار کەمتر نییە، بگرە هەرووکیان یەک پارسەنگیان هەیە.

**دوو:** بە هیچ جۆرێک چاکەکاریی و بەدکاریی لە وردەکاریی و چوارچێوە گشتییەکەدا ڕەها نین. ڕێژەیین لە سەردەم و جێگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەگەر جیاوازی پێوەندییە چڕ و خەست و خۆڵەکەشیان تاڕادەیەک کاڵ نەبێتەوە.

**سێ:** چاکەکاریی و بەدکاریی (ڕەند و گەند) ڕاستەوخۆ نە دەلالەتن و نە ئاماژە بە خەسڵەتی (ئارێ — ناڕێ)ی شت و کردار دەدەن، بەڵکوو چەند بابەتێکی هزرین و لە ڕەوش و دۆخی بیر بەولاوە نین، بە تایبەتی کاتێک کاروکردار و شمەک لەگەڵ یەکتری بەراورد دەکرێن (٥)، بۆیە گوتراوە:

**چوار:** شتێک نییە لە سروشتدا ئەو دوو ناوەی لێ بنرێ! ئەوەی هەیە و نییە: سوود و زیانە! هەندێک کار و شمەک سوود و قازانجیان لێ دەکەوێتەوە، بە چاکەوباش دادەنرێن و هی دیکە زیانبەخشن بە بەدکاریی و خراپە ناودەبرێن! هەر بەو پێوەرە بڕیارەکە گوناح و داد و ستەم دەگرێتەوە. کاروکردار و ڕەوشت کاتێک ئەو خەسڵەت و سروشت و ئەو ناوانەیان دەخرێتە پارسەنگ کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا خەڵک تەبا بن و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتووبن چی بە چاکەکاری و چ بە بەدکاری دابنرێت! (٦).

٤ — ئەگەر لە دەستدانی باوەڕ بە بنەماکانی ئاکار کێشەی ژیانی سەردەم بێت، دەکرێ ئاماژە بە ئەنجامەکانی تەکنۆلۆجیا و زانستی مۆدێرن بدرێ چ ڕۆڵێکیان لەم بارەیەوە گێڕاوە؟ باشە چ ئۆباڵێک دەچێتە ئەستۆی فەلسەفە؟ دەکرێ وەک بەرزەکی بانان بێ ئارەقە لە کێشەکە دەربچێ؟!

- فەیلەسووفی بن جووی ئەڵمان ئیدمۆند هۆسەڕڵ (١٨٥٩ — ١٩٣٨ز) دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی لەسەردەمی خۆیدا کە لە زانکۆی گوتنگنی ئەڵمانیا مامۆستای فەلسەفە بووە، هەستی بەو تەنگژەیەی فەلسەفە و زانست کردووە و لە دوو بەرهەمیدا بە ڕوون و وردی هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە: دەربارەی ڕەوش، فەلسەفە بە سڵ و پارێزەوە جۆرە گومانێکی ورووژاندووە، ئەوجا پشت ئەستوور بە وردبوونەوەکانی دیکارت، داوا لە فەیلەسووف و فەلسەفە دەکات پەنا بەرنە بەر بنەمای ((خودداری کردن لە بڕیاردان — ئێپۆخی))

و دەڵێ: پێویستە فەلسەفە و فەیلەسووف لەم سەردەمەدا بە بڕیاری (خۆبواردن لە بڕیاردان) (٧) و گومانێکی ڕیشەیی (ڕادیکاڵی) دەست پێ بکەن، هەرچی بیروبۆچوون و قەناعەتێک کە تاوەکوو ئێستا هەیانبووە و هەیانە، بخەنە ژێر نەشتەری گومان و پرسیارەوە و بۆ هیچ بڕیار و کارێک پشتیان پێ نەبەستن و سەرلەنوێ دەست پێ بکەنەوە. خۆ ئەگەر تاوەکوو ئێستا ئەمەیان نەکردبێ، پێویستە ئێستا بیکەن. ئایا ئەو داواکارییەی ئەو فەیلەسووفە بەو جۆرە وردەکارییە سەرتاپاگیرییە، هیچی بۆ فەلسەفەی سەردەم هێشتووەتەوە؟ گومان لە خۆیدا (ڕێژەیی — میتودەیی)ـە، نەک ڕەها، پێویستە و لە جێگەی خۆیدایە. ئەگەر مرۆڤ بڕیار نەدا و گشت شتێک بە جیهانی دەوروبەریشەوە بخاتە نێو کەوانەی خۆ بواردنەوە، چی پێ دەمێنێ بیکات و بیڵێ؟

– دەربارەی زانستی سەردەمی خۆی، هۆسەڕڵ ئەو گومانەی خۆی دەربڕیوە و گوتوویەتی: (٨)

ڕەوش و هەلومەرجی ئێستای زانستە ئەورووپاییەکان بە ناچاریی وا پێویست دەکات بە وردی بیری لێ بکرێتەوە و مرۆڤ ڕابمێنێ: ئەو زانستانە لە بنەڕەتەوە باوەڕبوونیان بە خۆیان و بە گرنگی و بایەخیان بە تەواوەتی لە دەست داوە. ئەمڕۆ مرۆڤی ئەم سەردەمەمان وەک مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەریی نەماوە کە لەو زانست و کولتوورەی دایهێنابوون، بەرجەستەبوونی توانایی ژیریی مرۆڤ بەدی بکات. ئەو باوەڕەی جاران: گوایە زانست بەرەو ڕاستیی (حەقیقەت) هەنگاو هەڵدەگرێ، کاڵ بووەتەوە، هێز و توانایی جارانی نەماوە.

لەو قسەیەی (هوسەڕڵ)ـەوە دەردەکەوێ کە زانست بە مەرەی فەلسەفە چووە، دووچاری تەنگژە و گرفت بووەتەوە، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی ئەو هیوایەی مرۆڤی سەردەم لەسەر پەرەسەندنی زانست و فەلسەفە هەڵی چنیبوو لە بێ ئومێدی بەولاوە هیچی دیکەی بۆ نەماوەتەوە. باوەڕ لە دەستدان! ناکرێ لەو ڕەوشە جەنجاڵەدا پریشک بە دامێنی ئاکار هەڵنەپرژابێ!

– بە چ ئاقارێکدا دەگونجێ بێ ئومێدی هۆسەڕڵ لە زانستی سەردەمی خۆی لێک بدرێتەوە؟! هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەردووک بابەت فەلسەفە و زانست کۆرپەی لە دایک بووی کێشە و تەنگژەی مرۆڤ و کۆمەڵگەبوون، ئەو ڕەوشە ئەرکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان کردوون، ئەگەرچی هەردووکیان دوو بابەتی ئاسمان و زەوی لە یەکتری جیاوازن، بەڵام دیاردە و ڕەوشی مرۆڤ و کولتوور و شارستانی دەردەبڕن و بەرجەستەیان دەکەن. هیچ گومان لەوەدا نییە ئەگەر مرۆڤ توانیبای لەوە باشتر دابهێنێ و دوا ئامانجی خۆی بە هۆیانەوە بەدی بهێنێ، کەمتەرخەمیی نەدەکرد. خواست شتێکە و هەڵکەوتی لە ئارادابوو (واقیع) شتێکی دیکەیە!

– ئایا ڕاستە زانست گەوهەر و چێتی و زانستێتی خۆی لە دەست داوە؟ یان بە ئاراستەیەکدا بەرەو پێش دەچێ و هەنگاو هەڵدەگرێ ڕاستەوخۆ پێوەندی گەرموگوڕ و توندوتۆڵی بە کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە نەماوە؟ ئەگەر ئەمە مەبەستی هوسەڕڵ بووبێ، ناکرێ وا بە ڕەهایی بۆچوونە بڕیارەکەی پەسند بکرێت! خۆ ئەگەر مەبەستی ئەو وێنە زانستییە بێ کە بۆ ژیان و جیهان ڕەنگی ڕێژراوە، دەبێ لەو ڕەوشەدا گازندەکە یەخەی چ لایەک بگرێتەوە؟ توانایی بڕکردنی ژیری مرۆڤ، یان ئەو ئامرازە

(زانستەکان) کە مرۆڤ خۆی دایهێناون؟

– گشت بابەتەکانی کولتوور بە فەلسەفە و زانستەوە هزری مرۆڤ وەک ئامراز دایهێناون بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی ژیان. ژیان خۆیشی لە گۆڕانی نەپساوە و نوێبوونەوەی ماندوونەزاندایە، بەپێی ئەو گۆڕانەش جۆری بیرکردنەوە و داهێنانی ئامرازەکان دەگۆڕێن.

هیچ کەسێک لاری لەوە نییە ئەو گۆڕانەی گشت کون و کەلەبەرێکی لە ئەورووپا گرتووەتەوە، ڕەوشێک هاتووەتە ئاراوە ئەوەی لە توانایيدا بووبێ و لە کردن هاتبێ، دەستەبەری ئازادی سیاسی و ئابووری و داد و یەکسانی و دیموکراتی بووە، ئەمانەش دەرفەتی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و داهێنانیان بەدی هێناوە. ڕاستە هەر ئەو دۆخە ئەو زەمینەیەی خۆش کردووە ستەمکارە کاربەدەستەکان ئامرازی مۆدێرنیان دەستگیر ببێ بۆ ئەوەی بە شێوەی سنووربەزێن بێدادی و ستەم لە خەڵک بکەن و بیانچەوسێننەوە! ئەوەش هەر ڕاستە کە هەردووک لایەنی لەبار و نالەباری ئەو ڕەوشە بەراورد بکرێ تای تەرازوو بەلای چاکەکەدا لاسەنگ دەبێ. شتی بێ کەموکووڕیی، ئەنجامی نموونەیی بێگەرد و خەوش تەنیا هەر وێنە و بیرۆکەن لە مێشک و ئەندێشەدا هەن و بوونیان هەیە! هەر ئەو ڕەوشە خۆی کە هۆسەڕڵ گازندەی کردووە، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر کۆمەڵگەکانی ئەورووپا و جۆری بیرکردنەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هێناوە. بنەماکانی ئاکار لەو گۆڕانە بە دوور و بێ بەش نەبوون، ئەمەش پێداویستییەکی ناچاریی گیانی سەردەم بووە! چۆن دەکرێ بە پێوەری کۆنی بە ساڵاچووی کاڵ بووەوە کاروکردار و ڕەوش پێوەندییەک هەڵبسەنگێنرێ کە دەرکەوتەی سەردەمێکی دیکەی جیاواز لە کۆنە – ڕابوردووەکەوە هەبێ! لێرەوە بنەمای ئەزموونیی (تەجرەبەیی) ئاکار سەرئاو کەوتووە!

٥ – ئەگەرچی بابەتی ئاکاری مۆدێرن لافی ئەوە لێ بدات کە بووە بە جۆرێک لە زانست! ئیتر پشت بەستنی بێت بە میتودەی زانستی، یان مەبەست ئەو پرسیارانە بێ کە دەیانکات! ئەوە پێوەندی توندوتۆڵی بە دوو کێشەوە هەیە کە لە دوو پرسیاردا داڕێژراون:

**یەک:** چەند بنەمایەکی گشتی دەستەبەر دەبێ کە دەتوانرێ بەهۆیانەوە بکرێ مرۆڤ بە ڕێکوپێکی چەمکی دەربڕی ((چاکەکاریی، بەدکاریی، ئەرکی سەرشان و فرمان)) بەسەر کردار و بیرکردنەوەدا پیادە و جێبەجێ بکرێن.

**دوو:** بە جۆرێک ڕوون بکرێتەوە کە دڵ ئاو بخواتەوە، ئەم چەمکانە چ واتا و دەلالەتێکیان هەیە و تا چەند بایەخدار و گرنگن(٩).

لەگەڵ ئەو دوو خاڵە گرنگەدا، کێشەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە، ئایا چاکەکاریی لە خۆیدا ئامرازە بە ڕەوشێکی دیکە، یان ئامانجی خوازراوە؟ بۆچی دەبێ بابەتێک بە بەها و بایەخدار و یەکێکی دیکە بە پێچەوانەوە سەرنج بدرێت؟ ئایا لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا هۆکارەکە لە ئامرازەکەدا بەدی دەکرێ، یان لەوەی بە ئامانج دیار و دەستنیشان دەکرێ، یان هەردووکیان بەیەکەوە! بە هیچ جۆرێک ناکرێ ئەو بۆچوونە لەمێشکدا گەڵاڵە ببێ کە لە ئامرازی چاکە ئەنجامی نەخوازراوی بەد بکەوێتەوە! پێچەوانەکەشی دەکرێ شیاو بێ.

– هەر لەسەردەمی پرۆفیسۆر (جۆرج مۆر)ەوە، لە سەرەتای سەدەی بیست تاوەکوو ئەم سەردەمە نەتوانراوە پێناسەیەکی ورد و ڕوون و ڕەوانی چاکەکاریی بکرێت، چونکە پێناسەکەی دەچێتە خانەی شیکردنەوەوە، ئەوکارەش

پێویست بەوە دەکات ئەوەی شی دەکرێتەوە و پێناسەی بۆ دەکرێ دەبێ ببرێتەوە سەر بنەمایەکی دیکە، ئەمەش لە چاکەکاریدا لە کردن نایەت. دەکرێ چەمکەکە شرۆڤە بکرێ و بۆ نموونە بگوترێ کارێک بە چاکەکاریی دادەنرێ کە خوازراوبێ و لەلایەن خەڵکەوە پەسند بکرێت! لەو شرۆڤەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە بابەتەکە دەڤەری ژێر بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە خانەی هەست و سۆزی تاکەکەسانەوە، ئیتر چاکەکاریی بەو پێیە ئەوە نییە کە بەڕاستی حەزی پێ دەکرێ و دەخوازرێ، بەڵکوو ئەوەیە کە بێ پسانەوە حەز و ئارەزووەکان تێر و ڕازی دەکات، ئەمەش دەیخاتە نێو خانەی هەست و سۆز و (شعوور) و خواستەوە، لە دۆخێکەوە بۆ ڕەوشێکی دیکە دەچێ و خەسڵەتی خودی بەرانبەر بە باتییانەی پێ دەبڕێ! ئەو بۆچوونە ئەو بڕیارەی لێ دەکەوێتەوە کە: تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە، شارەزایی و ئەزموون دەری دەبڕن کە:

**یەک:** شارەزایی پراکتیکی و توێژینەوەی تیۆرییانە ساغیان کردووەتەوە کە بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار بە گشت ڕەهەندەکانییەوە، پێوەر و بڕیاردان و هەڵسەنگاندن و (حوکمدان) دەربارەی سروشتی کار و کردار و ڕەفتار و ڕەوشت، چاکەکاریی و بەدکاریی (ڕەند و گەند) لە سروشت و ناخی مرۆڤ و پێوەندییەکانییەوە سەرچاوە دەگرن و هیچ بنەما و سەرچاوەیەکی سەرووسروشتیان نییە.

**دوو:** ئەو ڕاستییە، بەپێی ئەو بۆچوونە کاڵ نابێتەوە کە: گشت بڕیار و (حوکم دانێکی) ئاکارییانە (١٠) ئەو پێوەرە دەردەبڕن: پێویستە کردار چۆن بێت، نەک ئەوەی چۆنە و هەیە! ئەمەش لەلایەکی ترەوە ئەگەر بارگرانی کردن نەبێ، جۆرە پابەندبوون و ئەرکی سەرشان پێویست دەکات و دەیسەپێنێ! لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پێوەر و هەڵسەنگاندنەوە هەیە:

**یەک:** گشت هەڵسەنگاندنێکی کردار و بەها بوونی پێداویستی لەلایەک و هەست و سۆز لەلایەکی دیکەوە دەکات بە پێشمەرج. ئەوجا: هانی بڕیاردان لەبارەی لار و کردارەکەوە دەدات.

**دوو:** هەر مرۆڤ خۆی، نەک لایەنێکی دیکە، خاوەنی ئەو پێوەرەیە، ئەو نموونەیە لە مێشکی دایە چۆن کار – کردارەکە هەڵبسەنگێنێ و بەراوردی بکات و بۆ بایەخی پێ بدات!

٦ – پشت بەستنی بنەمای ئاکار بە ئەزموون و تاقیکردنەوە (تەجرەبە)، ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە شارەزایی و زانین لە ئەزموونەوە دەکەونەوە، تەنانەت جیاکردنەوەی ڕاستی لە چەوتی و هەڵە، هەڵاواردنی بەدکاریی لە چاکەکاریی پشت بە ئەزموون دەبەستن، لێرەوە مرۆڤ جۆرە کار و کردار و ڕەفتارێک دەکات، کە ئەزموون پەسندی بکات، سوود و قازانج و چێژ و بەختەوەرییان بۆ دەستەبەر ببێ، ئیتر کاری پەسندی ئاکارییانە، هێز و بایەخ و بەهاکەی لەو ئەنجامەوەیە کە لێی دەکەوێتەوە، ئەوجا سوود و قازانجەکە هی تاکەکەسان بێ، یان دەستەجەمعی بە کۆمەڵ! کارێک و ڕەوشتێک خەسڵەتی چاکەکاریی دەکەوێ ئەگەر هاتو ئەوپەڕی چێژ و قازانج و سوودێک کە لە توانستدا بێ، بەدی بهێنێ.

– بەو پێیە، ئەو ڕێبازە ئەزموونییەی ئاکار، بابەت و کەرەستەی ئاکار لە سەرجەم کار و کردار و ڕەوشتی مرۆڤدا بەدی دەکات. ئامانجەکەشی لەوەدا دەبینێ کە جیاوازی لەنێوان ڕەوشتی پەسند و ڕەوشتی بەددا بکات و تای تەرازوو بەلای یەکەمدا لاسەنگ بکات. هەر لەو بڕیارەوە سنووری نێوان چاکەکاریی و بەدکاریی (ڕەند

و گەنـد) ڕەنگڕێـژ دەکـرێ!، ئەمـەش تاڕادەیـەک دەرگای بـە کۆمەڵایەتـی بوونـی ئـاکار دەخاتـە سـەر پشـت. مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە، بـە تەنیـا و گۆشـەگیر ژیـان بەسـەر نابـات، بەڵکـوو کار و کـردار و ڕەفتـاری مـرۆڤ هەمیشـە جـێ دەسـتی هەلومـەرج و ڕەوشـی کۆمەڵایەتـی پـەروەردە، خێـزان، کۆمەڵگەیـان پێـوە دیـارە.

سەرچاوە و پەراوێز:


1 – Baruch de Spinoza: Ethik Vierter Teil Lehrsatz. 67. S.250. In: werke in drei Baenden. Band.I. Meiner. Hamburg 2006.

2 – Immanuel Kant: Kritik der reinen Vernunft. Meiner. Hamburg 1976. Par.A.840 – 10. B.868. S.755.ff.

٣ – د. زيـد عبـاس كريـم: أسـبينوزا: الفلسـفة الأخلاقيـة، دارالتنويـر للطباعـة والنشـر، ٢٠٠٨، ص١٠ و ١١ وفـي أماكـن آخـرى.

4 – Jean Paul Sartre: Ist Existentialismue ein Humanismus?! Europa Verlag. Yurich 1947.S.24.ff.

5 – Baruch de spinoza. Ebenda.S192.

6 – Baruch de spinoza. Ebenda.S.226.

7 – Edmund Husserl: Die krisis der europaeischen Wissenschaften und die transzendentale Phaenomenologie. Meiner 292. Hamburg 1996.S.83. Par.17.

8 – Edmund Husserl: Formale und transzendentale Logik. 2 Auflage. Tubingen 1981.S.4

9 – Alfred Cyril Ewing: Ethik. Eine Einfuehrung. Meiner 661. Hamburg 2014. S. 3ff.

10 – Dr. Harald Hoffding: Ethik. Leipziq 1922.S.21ff.

# هۆگربوون و مەوسووعیبوون لە خوێندنەوەدا

بەڕێز عەباس عەلی
(کەلار)

**هۆگربوون بە خوێندنەوە**

کەسانێک هەن زیاتر لە کەسانی ئاسایی کە خەریکی کتێب و خوێندنەوەن، هۆگری کتێب دەبن و خوێندنەوە دەبێت بە بەشێک لە ڕۆح و جەستەیان و کتێب میوانی هەمیشەییانە و لێی جیانابنەوە، ئەو هۆگربوونەیان بە کتێب بەشێکی گرنگی سەرکەوتنیان بووە لە ژیاندا. شەیدابوونەکەیان بە جۆرێک بووە نا ئاسایی کتێبیان خۆش ویستووە و عەودالّی بوون! دەتوانین ئاماژە بە چەند کەسایەتییەکی ناسراو لە بواری جیاوازدا بکەین کە لە میانەی خوێندنەوەی ژیانیانەوە تێ دەگەین چۆن کتێب و خوێندنەوە لە ژیانیاندا ژمارە یەک بووە.

(مەلا ڕەئووفی خادمولسەجادە ١٨٧٠-١٩٤٣) باوکی دڵداری شاعیر کەسایەتییەکی ناسراو بووە، شاعیر و پیاوی ئایینی بووە و حقووقی لە ئیستەنبوڵ تەواوکردووە، مەلا ڕەئووف زۆرترین پارەی بۆ کتێب کڕین تەرخان کردووە و بە بەرید و پۆستە لە لبنان و سوریا و میسر و هیند و بەغدا و تاران بۆی دەهاتەوە قەسری مەلا فەندی هەولێری خاڵۆزای و دواتر بۆی دەهاتە کۆیە) (١).

ئەوانەی هۆگری خوێندنەوە و کتێبن لە زیندانیشدا بن پێش هەر شتێکی تر بیریان لای کتێب و خوێندنەوەیە و ناتوانن لێی داببڕێن! سینەماکار و

ڕۆماننووسی باکووری کوردستان (یڵماز گونەی) ساڵی ١٩٧٢ لە زیندانی سەلیمییەی تورکیا دەبێت، نامەیەک بۆ (فاتۆش گونەی) هاوسەری دەنێرێت و دەنووسێت: خۆشەویستم.. ئەمڕۆ بۆ حەپسخانەی (ساغماڵچی)م دەنێرن، ئەگەر هاتی، بێجامەیەک و پاڵتۆیەکی تەنکم بۆ بێنە، کتێبت لە بیر نەچێت. لەگەڵ خۆشەویستیمدا.. لەوێوە نامەتان بۆ دەنووسم... لەگەڵ خۆشەویستیمدا... (٢).

(مەکسیم گۆرکی ١٨٦٨- ١٩٣٦) ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسی ناسراوی یەکێتیی سۆڤییەت دەنووسێت: من لە سەعات شەشی ئێوارەوە تا نیوەڕۆ کارم دەکرد. دوای نیوەڕوان دەخەوتم. وەختی خوێندنەوەم زۆر کەم بوو، وەختەکەم لە بەینی کارکردندا بوو، بۆ نموونە دوای شێلانی فەردەیەک ئارد و چاوەڕوانکردنی ئەوەی هەڵبێت، یان دوای ئەوەی کولێرە و کولیچەکانمان لە فرنەکە دەنا و چاوەڕوانمان دەکرد تا دەبرژا، ئیدی لەو کاتانەدا دەرەتان و دەرفەتم دێنا بۆ خوێندنەوە (٣).

ڕۆماننووس و چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن) دەڵێت: وەک قوتابییەکی هەژار لە زانکۆی بەغدا خۆم برسی دەکرد تا کتێبێکی تازە بکڕم، ژمارەیەک لەو کتێبانەی هەنووکە لە لام ماون هاوشانی ئەو چەند ژەمەن، کە نەمخواردوون (٤).

ئەکادیمیست و وەرگێڕ و نووسەری ناسراوی کورد (د.مارف خەزنەدار ١٩٣٠-٢٠١٠) دەڵێت: هەندێ جار لە قوتابخانەی ئامادەیی ناوەندی بەغدا ئەگەر کاری وەزیفەم کەم بووایە، هەلم لەکیس خۆم نەدەدا و سەری مەڵبەندی ڕازگریی پایتەخت و سووگسەرایم دەدا، بۆ بینینی ڕەفیق حیلمی و کڕینی کتێب، لەو کاتەدا وام بیر دەکردەوە ئەگەر خواردنێکی سووک بخۆم بە پارەیەکی کەم و ببم بەخاوەنی کتێبێکی تازە کارێکی خراپ نییە، خواردنەکە خۆش بێ، یان ناخۆش بێ دەڕوا و ون دەبێ، بەڵام کتێبەکە دەمێنێ (٥).

(هنرییت عەبودی) هاوسەری (جۆرج تەرابیشی ١٩٣٩ -٢٠١٦) بیرمەند و نووسەر و ڕەخنەگر و وەرگێڕی سوریایی و عەرەبی بەناوبانگ، بەم شێوەیە باس لە هاوسەرەکەی دەکات کە چۆن هۆگری کتێب بووە و دەڵێت: جۆرج، لە سەرەتای هاوڕێیەتیماندا، قاتێکی تازەی لەلای بەرگدروویەک لە کۆڵانەکەی خۆیاندا، دابووە کردن، هەرچی پارەیەکی پاشەکەوتی کردبوو، لەو جلوبەرگەدا خەرجی کرد، ئەو تاقە هێلەکەیەشی کە هەیبوو، ڕەنگی سەوز بوو و خەتی قاوەیی تێدابوو، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ قاتە خۆڵەمێشییەکەیدا نەدەگونجا، هەر دەیهێنا و دەیبرد و بۆ شاردنەوەی هێلەکەکە، فێڵی دەکرد، بەجۆرێک تەنیا چمکێکی کەمی لە میانی چاکەتە قۆپچەڕێژەکەیدا دەربکەوێت. ڕۆژێکیان پێی وتم: دوای هەفتەیەک مووچەی مانگانەکەم وەردەگرم، یەکەمین شت دەیکەم، کڕینی هێلەکێکی سووفی نوێیە.

پاش هەفتەیەک مووچەکەی وەرگرت، بەڵام ئەو بەڵێنەی بەخۆی دابوو، جێبەجێی نەکرد و هێلەکەکەی نەکڕی، چونکە من پێشتر باسی ڕۆمانی (شێتەکان)ی (دەستویڤسکی)م بۆ کردبوو، هەروەها باسی کۆی بەرهەمەکانی ئەو ڕومانوسە بلیمەتەم بۆ کردبوو، ئیتر ئەویش چاپی فەڕەنسایی سەرجەم بەرهەمەکانی دەستویڤسکی کڕی، کڕینی هێلەکەکەشی بۆ مانگێکی دیکە دواخست، لەوانەیشە بۆ دوو مانگی دیکە، ئەگەرچی زۆریش پێویستی پێ بوو. وا بزانم لە ساتەوەختی ئەو کڕینەدا بوو

کە من کەوتمە ناو ئەوینی (جۆرج)ـەوە، بیرم دێ ئەوسا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەمە ئەو پیاوەیە ژیانی خۆمی لەگەڵدا بنیاد دەنێم، لەو زیاتر کەسی دیکە نییە (٦).

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠١-٢٠٠٥) نووسەر و زانای ئایینی و شاعیر و موفتیی کوردی سەدەی بیستەم، یەکێک لە هۆگرانی کتێب و خوێندنەوە بووە، لە ڕێکەوتێکدا کەسێکی لادەبێت بەناوی (حاجی ئیحسان) (جارێک مامۆستا سەیری کتێبەکانی دەکات و فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە، دەفەرموێ: ئیحسان وا دەزانی من لە مردن دەترسم؟ من خەم بۆ ئەم کتێبانە دەخۆم کە لەپاش خۆم چییان لێ دێت! (٧).

(مەسعوود محەمەد ١٩١٩ - ٢٠٠٢) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە بارەی (مەلای گەورە ١٨٧٦- ١٩٤٣)ی باوکییەوە دەنووسێت: باوکم بەردەوام کتێبی نوێیابەتی بۆ دەهات، تەنانەت کە خوێندەواره نوێیەکان بەر لە سەفەریان بۆ بەغدا لێیان دەپرسی ئەمرت چییە؟ دەیگوت کتێبی چاک!! (٨).

(میشێل ئۆباما) هاوسەری (باراک ئۆباما) ی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەناوونیشانی (پێگەیشتن) لە باسی گێڕانەوەی سەرەتای ناسینی خۆی و باراک ئۆبامادا لە کۆلێژ، ئاماژە بەوە دەکات کە ئۆباما چەند ئارەزووی لە کتێب خوێندنەوە بووە و دەنووسێت: من و باراک هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر بووین. هەفتەی جارێک، یان زیاتر لە دەرەوە پێکەوە نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، هەمیشەش بۆ خۆشی لەسەر حیسابی کۆمپانیا نانمان دەخوارد، وردە وردە شتی زیاترمان لەسەر یەکتر دەزانی. ئەو دەیزانی کە من لەگەڵ دایک و باوکم دەژیم، خۆشترین بیرەوەریم لە کۆلێژی یاسا، ئەو کاتە بوو کە کارم لەگەڵ کۆمەکی یاسایی دەکرد و کۆمەکم کۆدەکردەوە. منیش دەمزانی کە ئەو فەلسەفەی سیاسی بە جۆرە پەرۆشییەک دەخوێندەوە، وەک ئەوە کە لەسەر کەنار دەریا پیاسە بکات، دەمزانی ئەو هەرچی پارەی وردەی هەبوو لە کڕینی کتێبی سەرف دەکرد (٩). هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێت: زۆربەی پارەکەی بۆ کتێب کڕین بوو، بۆ ئەو، ئەو کتێبانە وەک شتێکی پیرۆز وابوون، وایان دەکرد مێشکی هێور بێتەوە. زۆرجار شەوانە دوای ئەوەی کە من خەوم لێ دەکەوت، ئەو هەتا درەنگانی شەو بەردەوام دەبوو لە خوێندنەوە، دەچووە ناو مێژوو و ژیاننامەی کەسەکانەوە، کتێبەکانی تۆنی مۆریسۆنی دەخوێندەوە. ڕۆژانە چەندان ڕۆژنامەی لە بەرگەوە بۆ بەرگ دەخوێندەوە (١٠).

(کەمال ئەلمەلاخ ١٩١٨- ١٩٨٧) ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرێکی میسری و عەرەبی بووە، لەبارەیەوە وتوویانە، ئەو وای لە خوێنەران کردبوو ڕۆژنامەی ئەلئەهرام لە دوایەمین لاپەڕەوە، تاکوو یەکەمین لاپەڕە بخوێننەوە. بڕوانامەی ماستەری لە شوێنەواردا هەبووە، ئیشقی ڕۆژنامەگەری بوو، تەنانەت تەواو خۆی بۆ تەرخان کردبوو و ڕۆشنبیرییە هەمەڕەنگەکەی لە ئەدەب، شێوەکاری، موزیک و سینەمادا بەکارهێنابوون، تاکوو پێشکەشی خوێنەریان بکات. لە دوا لاپەڕەی (ئەلئەهرام)دا گۆشەیەکی ڕۆژانەی لە ناوەندی لاپەڕەکەدا کردەوە، ناوی نابوو (بێ ناوونیشان)، ئەو ناوونیشانە سەرەکییەکەی بە دەستی خۆی دەنووسی، هەروەها واژۆ تایبەتەکەی لە کۆتایی گۆشەکەدا دادەنا. دەڵێن گوایە کاتێک بەیانیان دەچووە ژوورەکەی

لە ئەلئەهرام، پرسیاری ئەوەیان لێ دەکرد، چی شتی تازەی خوێندووەتەوە و چەند کتێبی تازەی خستووەتە کتێبخانەکەیەوە؟ ئەویش بەرسڤی دەدانەوە: (من هێشتا لە فێرگەی خوێندنەوەدا قوتابیم). (ئەنیس مەنسوور)ی برادەری گیانبەگیانی ئەو دەڵێت، ئەلمەلـلاخ شەیدای خوێندنەوە بوو، بە گەلێک زمان دەیخوێندەوە، گەشتی بۆ زۆر وڵات کرد، بایەخەکانی مایەی سەیر بوون: لە شوێنەوارەوە بۆ سینەما، بۆ ئەدەب و شەڕی لەگەڵ عەقاددا، مەنسوور ئەوەشی بیر ناچێت پێمان بڵێت، ئەلمەلـلاخ مرد و شەست هەزار کتێب لە ماڵەکەیدا بوو(١١).

فەیلەسووفی بەناوبانگ (ئیبن سینا ٩٨٠ – ١٠٣٦ز) هەموو وەرزەکان دەیخوێندەوە. لە ڕۆژدا دەیخوێندەوە، لەشەویشدا بەهەمان شێوە. شەوانە ئەگەر لە خوێندنەوە ماندووبوایە، یان خەوی بهاتایە، ئەوە قاوەیەکی دەخواردەوە و دەکەوتە پیاسەکردن، بۆ ئەوەی وزەی تێبێتەوە و بگەڕێتەوە لای خوێندنەوە (١٢).

لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵە کە ئیبن سینا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا گێڕاویەتییەوە و بۆ (جورجانی) قوتابی خۆی خوێندووەتەوە، ئەویش لە دە لاپەڕەدا نووسیویەتی و کۆپیکاران و مێژوونووسان لە یەکتریان وەرگرتووە و ناوبانگی دەرکردووە... لەو ماوەیەدا لە بارەی خۆیەوە گوتوویەتی: کتێبی (میتافیزیکا – ئەودیوی سروشت)ی ئەرەستۆم خوێندەوە، هیچی لێ تێ نەگەیشتم و مەبەستی دانەرەکەیم لە لا ئاڵۆز بوو، تەنانەت چل جار خوێندمەوە تا لەبەرم کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لێی تێ نەگەیشتم و نەمزانی مەبەستی چییە. لە خۆم نائومێد بووم و گوتم ئەم کتێبە شێوازێک نییە تا لێی تێ بگەیت. ڕۆژێکیان لە کاتی عەسردا بۆ بازاڕی کتێبفرۆشان و کۆپیکارانی کتێب لە بوخارا ڕۆیشتم. دەستگێڕێک تێپەڕی، کتێبێکی بە دەستەوە بوو، بانگی هەڵدەدا تا بیفرۆشێت. پیشانی منی دا، بەڵام بە تووڕەییەوە ڕەتم کردەوە، چونکە پێم وابوو ئەم زانستە سوودێکی نییە. دەستگێڕەکە پێی گوتم: ئەم کتێبە هەرزانەم بە سێ درهەم لێ بکڕە، چونکە خاوەنەکەی حەوجەی پارەکەیەتی. منیش کڕیم و بینیم ئەمە کتێبی ئەبوو نەسری (فارابی)یە، بە ناوی (مەبەستەکانی پشتەوەی سروشت). لەگەڵ خۆمدا کتێبەکەم بۆ ماڵەوە هێنا و بە پەلە دەستم بە خوێندنەوەی کرد و دەسبەجێ مەبەستەکانی کتێبەکەم بۆ واڵا بوو، کە پێشتر لەبەرم کردبوو. بەوە دڵم خۆش بوو و ڕۆژی دواتر بۆ سوپاسگوزاریی خودا خێرێکی زۆرم بە هەژاران دا (١٣).

کۆمەڵناس و بیرمەندی عێراقی (عەلی وەردی ١٩١٣ – ١٩٩٥) دەڵێت: عەتاری بۆ من نەدەگونجا، تێیدا سەرکەوتوویش نەبووم، چونکە هۆگری خوێندنەوە بووم، ئەو ئالوودەیە بۆ دەرمانفرۆشێک گونجاو نییە، لە کاتێکدا پێویستە ئەو بە ئاگاییەوە لە دووکانەکەیدا دابنیشێت، بزانێت چۆن کڕیارەکانی ڕادەکێشێت و بە چ شێوەیەک چەندوچونیان لەگەڵدا دەکات. لە کۆتایی دووکانەکەدا ڕەفەیەکی تایبەتم هەبوو گۆڤار و کتێبەکانم دەخستە سەر، هەر کات وەستام لەوێ نەبایە بە هەلم دەزانی لە خوێندنەوەدا ڕۆ دەچووم و کڕیارەکانم پشتگوێ دەخست، گرینگ نەبوو ڕوو بکەنە دووکانەکانی دەوروبەر (١٤).

کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک و دۆستی گەلی کورد (ئیسماعیل بێشکچی ١٩٣٩– ) دەنووسێت: لە یەکێک لە ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٩٧٦، بەشداری یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژی چوارشەممەی

کۆلێژی زانستە سیاسییەکانم کردبوو، ئەوسا پارەی ئەوەم هەبوو، ڕۆژانە ڕۆژنامەیەک بکڕم و بە پاسی شارەوانیش هاتوچۆ بکەم. ئەوێ ڕۆژێ دانەیەک ڕۆژنامەم کڕیبوو. دوای کۆبوونەوەکە، دەمەو ئێوارە، بە لۆژە لۆژ بەرەو ماڵ دەبوومەوە. دوای ماوەیەک گەیشتمە بەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی ناوچەی ماماک. کەشوهەوا خۆش و دڵگیر بوو. تیشکی هەتاوی ئێوارە لەنێوان گەڵای دار و باڵەخانەکانەوە جار نا جارێک دەگەیشتە سەر جەستەی ماندووم. لەوێوە بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن تا لەناوچەی (دش کاپی) سواری پاسی شارەوانی بم و بچمەوە ماڵ لە ناوچەی ئەتلیک. سەیری باخەڵم کرد، تەنیا ئەوەندە پارەم پێ بوو، کە پارەی پاسی شارەوانی پێ بدەم بۆ گەیشتنە ماڵ.

لە کاتی ڕۆیشتن، چاوم کەوتە سەر یەکێک لەو ڕۆژنامانەی، لە کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشەکانی سەر شەقامەکە هەبوون. سەردێڕی ڕۆژنامەکە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام، چونکە هەواڵێک بوو سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی کورد بەرانبەر سەددام حوسێن و زانیاری وردی تێدابوو لەسەر جەنگی نێوانیان و سەرکەوتنی کورد لە شەڕەکاندا. نووچەکە لە مێشکمدا پانتاییەکی گەورەی گرت و شەیدای خۆی کردم، بۆیە نەمتوانی ڕۆژنامەکە نەکڕم و هەروا سەرپێی بەلایدا گوزەر بکەم. دوای کڕینی ڕۆژنامەکە، پارەی ئەوەم پێ نەما تا سواری پاس بم، بۆیە بیرم لەوە کردەوە بە پێ تا ناوچەی (دش کاپی) بچم، لەوێشەوە تاوەکوو (ئەتلیک) دەتوانم ڕێگاکە بە پێ تەی بکەم. خۆشی کەشوهەواکەش وای کرد، زیاتر ئەو بیرۆکەیەی خۆمم بۆ گەڕانەوە ماڵ لا ئاسایی بێ. ملی ڕێگام گرت و هەنگاوەکانم خێراترکرد، وەلێ لەپڕ، کەشوهەوا گۆڕانێکی خێرای بەسەرهات و پڕوشکە باران دەستی بە بارین کرد. بە ئومێدی ئەوەی ئێستا نا ئێستا کەشەکەی خۆش دەکاتەوە، بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن. وەلێ لەگەڵ هەر پێنگاڤێکی من، دڵۆپی باران گەورەتر و بە خوڕتر دەبوو. ئیدی زۆری نەبرد و پڕوشکە باران بووە ڕێژنەیەکی خێرا و بە گوڕ.

لە چەند خولەکێکدا قۆرتەکانی سەر شۆستەکە تژی ئاو بوون. من بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن، وەلێ ئیدی بە زەحمەتییەکی زۆر مەودایەکی کەمم دەبڕی. ئەو ڕۆژە چەترێکیشم لانەبوو بۆ خۆپاراستن لە تەڕ بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەی خۆم دەخستە ژێر بنمیچی دەرچووی باڵەخانەکان و شوێنە داخراوەکانی سەر شۆستەکە، وەلێ بێ هوودە هەموو گیانم، سەرتاپا تەڕ بووبوو. نە ڕێژنە باران دەوەستا و نە منیش لە ڕۆیشتن. هێشتا لەو ڕێگایەی لەبەردەمم بوو، کەمم بڕیبوو و زۆرم مابوو، بەڵام تووشی دۆخێکی ناهەموار و خراپ بووبووم، بۆیە نەمدەزانی لەوێوە چۆن دەگەمەوە ماڵ، چونکە بەو پارەیەی دەبوو پێی بچمەوە، ڕۆژنامەم کڕیبوو، بۆیە نەمدەتوانی سواری پاسیش ببم. بەبێ چارە و سەرلەبەرخۆ، هەر بەردەوام بووم لە ڕێ کردن.

بەهۆی باران بارینی بە لێزمەوە ڕێگا و بان، بەقەد چەمێک ئاوی لێ خڕ ببووەوە. لەبەرئەوەی ئاوەڕۆکانی ژێر زەویش گیرابوون، بەشێک لە شەقامەکان لافاوێکی بە خوڕ دەڕۆیی. لەناو ئەو بێ چارەییەی خۆمدا کە بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم و چۆن بگەمەوە ماڵ، دوکتۆر (ئەرگین ئاتاسو)م بەخەیاڵدا هات. بیرم لەوە کردەوە بچمەوە لای کاک ئەرگین و داوای هاوکاری لێ بکەم. لەگەڵ دوکتۆر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٠ لە ئوناس بەیەکەوە کارمان دەکرد. دوای ڕژێمی ١٢ی ئازار، ئەوێ گاڵە درا و لە دادگا دۆسیە لەسەر

ڕێڤەبەرانی کراوە. لەناو ئەواندا فایلی لێپێچینەوە لەسەر (ئەرگین ئاتاسو)ش دروست کرا. دوکتۆر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٠ لە بەشی پزیشکی دەروونی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئەنقەرە بوو، ئەوسا چەند جارێک لەگەڵ بڕادەران، هەم لە کۆلێژ و هەمیش لە تۆڕینگە پزیشکییەکەی، سەردانمان کردبوو.

ئەرگین ئاتاسو، ئەوسا، لە نەخۆشخانەی دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە ناوچەی دیش کاپی کاری دەکرد، ئەمەش وای کرد نۆخەیەکم بێتەوە بەرێ. پێنج خولەک مابوو، بۆ دەمژمێر پێنجی ئێوارە، بۆیە بە پەلە و هەنگاوی گەورە گەورە، بەرەو نەخۆشخانەکە کەوتمەڕێ. دەمزانی ژوورەکەی ئەو لە نهۆمی یەکەمە. خۆشبەختانە (ئەرگین)م بینییەوە، لە کاتێکی باش پێی گەیشتم، چونکە دەوامی تەواو بووبوو و بۆ دەرچوون، خۆی ئامادە دەکرد. بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەم، دۆخەکەم بۆ باس کرد و داوای هاوکاریم لێ کرد. تەنیاش داوای ئەوەندە پارەیەم لێ کرد تا بیدەمە پاس و بگەمەوە ماڵ. وەلێ ئەو ٥٠٠ لیرەی دامێ (١٥).

### مەوسووعیبوون لە خوێندنەوەدا

هەموو کایە و زانستێک هونەری مامەڵەکردنی خۆی هەیە، بێگومان کتێب و خوێندنەوەش هونەر و مامەڵەکردنی خۆی هەیە، ئەگەر هۆشیاریی و ئاگاییت بەرانبەر بەو هونەرە نەبێت، دەکرێت خوێنەر هەرچەندە عەوداڵی خوێندنەوە و کتێبیش بێت، نەتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت، مەوسووعیبوون لە خوێندنەوەدا و گیرنەخواردن لە کایەیەک، یان تاکڕەهەندی لە خوێندنەوەدا خاڵێکی زۆر گرنگە لە هونەری سەرکەوتنی خوێنەر لە کتێب خوێندنەوەدا کە لە هەموو داخراوییەک دووری دەخاتەوە، لە کراوەیی کە ئامانجێکی گرنگی خوێندنەوەیە نزیکی دەکاتەوە.

هەر پسپۆڕییەکت هەبێت و لە هەر بوارێکدا کار بکەیت تەنیا ئەوە بەس نییە لە پسۆڕییەکەتدا، یان تەنیا لە بوارەکەی خۆتدا بخوێنیتەوە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە لە کتێب خوێندنەوەدا ئەوەیە کتێبی هەمەچەشن بخوێنیتەوە، چونکە هەموو بوار و زانستەکان ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکدا سەرۆکی ڕووسیا پۆتین لەگەڵ پارێزگارەکانی دەڤەرەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بەڕێوەی برد، پێشنیازی پێویستی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی بۆ کردن، هەروەها گوتی: لەسەرتانە نووسینەکانی دەستۆیڤسکی بخوێننەوە، سەبارەت بە ڕۆڵی ئەڤرۆ ئاسیایی لە سیاسەتی ڕووسیدا، زۆر چێژبەخشن، دەڵێی ئەمڕۆ نووسراون (١٦).

(مەلای گەورە) یەکێک بووە لە خوێنەرە مەوسووعییەکان هەموو چەشنە کتێبێکی خوێندووەتەوە. مەلای گەورە لەسەردەمی خۆیدا زۆربەی هەرە زۆری گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تورکیا و ئێران و میسری دەخوێندەوە و ئاگاداری زۆربەی هەواڵە زانستییە هاوچەرخەکان و کولتوورە دێرینەکان بوو، ئەمەش لە تەفسیرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە لەوێدا دەڵێت: بابم علیە الرحمە، وەصیەتی لێ کردم: فەرمووی: ڕۆڵە تەحقیری نووسراوی مەکە، هەرچی هاتە بەرچاوت بیخوێنەوە، وەلەو حیکایەت و مەتەڵۆک بێ (١٧).

کاتێک هەندێک بیانی دەچنە لای مەلای گەورە سەیر دەکەن هەندێ کتێب لای مەلای گەورەیە وەکوو (حیات ناپلیۆن، سیر تقدم امم، الاستراتیجیة، حریة الفکر، داروین اصل

ئانواع) بیانییەکان لێی دەپرسن ئێمە پێشبینیمان نەدەکرد تۆ ئەم کتێبانە بخوێنیتەوە، ئەویش دەڵێت بۆچی؟! مەلا نابێت ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە و لەم شتانە بزانێت! (١٨).

(مەلای گەورە) دەڵێت: کەسێ موتاڵەعەی (جمهوریەت)ی ئەفلاتون بکا، زۆر موستەفید ئەبێ، دائیر بە ئەنواعی حکومەت تەعەجوب ئەکا لە ئەفلاتون، هەروەها ئەڵێ: زاتی حەکیم و دانیشمەند. لە نیهایەتی (دیقەت) و (تەئەمول)، لە ئەحواڵی دووەل و مەزاهیب و سیاسی، ئێستا فیکرییە، (مەساویئ) و (محاسن)ی دووەل و ئەفرادی، لە غایەت نەزاهەت هێنایتە (قەڵەم)، خۆزی موسڵمان با، تەفسیری لە قورئان کردبا، ئەو (مونەقەبە) (جەلیلە)ی ئایەتی کەریمە شیددەتی مەقابیلی دوژمن، دیقەت و ڕەئفەت دەربارەی یەک، خصوص بۆ یۆنانیانی ئەکردە دەستوور (جەناب)ی حەق بۆ موئمین، لە هەر عەصرێ تەنیا بۆ عەرەبی دانەناوە، تەئەسوف بۆ یۆنانییان جمهوریەتی ئەفلاتونیان دا بە ئینجیلی (بۆلص)، تەئەسوف بۆ موسڵمانان، ڕوویان لە هیدایەتی قورئان وەرگێڕا بە خوڕافاتیان گۆڕییەوە، نازانم بڵێم چی حەسرەت زۆرە دڵ لە یادی تەنگ ئەبێ، قەڵەم نازانێ چ بنووسێ؟ زۆر لازمە گشتمان موتاڵەعەی جمهوریەتی (ئەفلاتون) کەین، تەربیەی (فازلانی) لێ وەرگرین، بە گوێرەی تەرقیاتی بەشەر، دەستوورێ بۆ واعیزان، خەتیبان، مودەڕیسان، شاعیران، دانیین، (ئەمما) کێ یاریدەم ئەکا؟ (مع الاسف) موخاتبەکم نییە، گفتوگۆی لەگەڵ بکەم (١٩).

(نەسرین قاسملوو) خێزانی سیاسەتمەداری ناسراوی کورد (د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە بارەی جۆری کتێب خوێندنەوەی قاسملوو و مەوسووعیبوونی لە خوێندنەوەدا دەڵێت: قاسملوو عاشقی کتێبی چاک بووە، ئەو کە پلەی دوکتۆرای هەبوو لە بواری ئابووریدا، عاشقی تاریخ و ئەدەب بوو و شارەزاییەکی وردبینانەشی لە شیعری کوردی و عەرەبیدا هەبوو. هاوکات، بەحەزەوە بە هێنانەوەی، وتە و بورهان و شاهێد، باسی هۆگۆ، بودلێر، واڵت وایتمەن و تووماس ئێلیۆتی دەکرد (٢٠).

(د. سامان فەوزی) پسپۆڕی یاسا وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە نووسینێکدا بە گرنگییەوە باس لە گرنگی مەوسوعیبوونی خوێنەر دەکات و دەنووسێت: ڕەنگە هەندێک کەس وابزانن کە لەم سەردەمەی ئێستادا پێویستە مامۆستا تەنیا ئاگای لە زانستە پسپۆڕییەکەی خۆی بێت، هەروەها کارێکی گونجاو نییە ئەگەر جگە لە پسپۆڕییەکەی کات بە پسپۆڕییەکی دیکەوە بەفیڕۆ بدات! بەڕوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای بەشێک لە مامۆستاکان هەستی پێ دەکرێت و بیستوومە کە چۆن گلەیی لە هەندێک لە مامۆستای یاسا کراوە، بەوەی چۆن دەبێت شیعر و ڕۆمان بخوێنێتەوە، یان خەریکی خوێندنەوەی بابەتی مێژوویی و فەلسەفی بێت؟! لە کاتێکدا ئێمە لامان وایە کە زانستە مرۆڤایەتییەکان زۆر پەیوەستن بە یەکەوە و یەکتر تەواو دەکەن، ئەگەر مامۆستا حەزی لە خوێندنەوەی دەرەکی و بەدەر لە پسپۆڕییەکەی خۆی نەبێت، ناتوانێت حەزی خوێندنەوەی مرۆڤدۆستانە، تەنانەت بۆ پسپۆڕییەکەشی لای خوێندکار خۆش و شیرین بکات. ئەوکات ڕەنگبێ بتوانێ خوێندکارەکانی لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو بکات و وایان لێ بکات چاوەکانیان تەنیا یەک شت ببینن،

بەڵام ناتوانێ کەسێکی مرۆڤدۆستی کۆمەڵایەتی لێ دروست بکات کە خاوەن دیدێکی فراوانی خزمەتکردنی گشتی بێت (٢١).

لەبەر گرنگی پێوەندی کار لە یەکتری ئەدەب و یاسا، هەندێک لەو بەرهەمە ئەدەبییانە، تەنانەت لە ناو کتێبە مەنهەجییەکانی زانکۆ کە لە کۆلێجەکانی یاسا لە سەرتاسەری عێراقدا دەخوێنرێن و ئاماژەیان پێ دەدرێت، لەوانە ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی ڕۆماننووسی ڕووسی، دەستۆیڤسکی، کە لە کتێبی (بنەماکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری)ی قۆناغی چوارەمی یاسا ئاماژەی پێ دراوە، لەو بەشەی کە پێوەندیدارە بە زانستی تاوانبارناسی و ڕێسای گەڕانەوەی تاوانبار بۆ شوێنی تاوانەکەی، تەنانەت سێ لاپەڕەی ڕۆمانەکەشی وەکوو خۆی تێدا دانراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو وەسفە وردەی بۆ ئەو لایەنە دەروونییە نەستییەی (الحالة النفسية اللاشعورية) تاوانبار کە لە پێش ئەنجامدان و دوای ئەنجامدانی تاوانەکە لای دروست دەبێت.

ڕۆمانی تاوان و سزای دەستۆیڤسکی کە لە ساڵی ١٨٦٦دا نووسراوە هێشتا ساڵانە بە یەکێک لە پڕ خوێنەرترین ڕۆمانەکان دادەنرێت لەسەر ئاستی دنیادا، چونکە ئەو پرسیارە قووڵانەی تێیدا وروژێنراون، هێشتا جێگەی گفتوگۆکردنن، بە تایبەتی لە ڕووی بنچینەی چاکە و خراپەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕۆمانە خزمەتێکی زۆری بە یاسا و یاساناسان کردووە، چ بۆ ناسینی لایەنی دەروونیی تاوانبار، چ بۆ تێگەیشتن لە چەمکی سەرپێچیکردن و دادپەروەری (٢٢).

ڕۆمانی (یاداشتەکانی پیاوێکی حوکمدراو بە لە سێدارەدان)ی ڕۆماننووسی گەورەی فەڕەنسی، (ڤیکتۆر هۆگۆ)، بووە هۆی هەموارکردن و گۆڕینی یاساکان، نەک لەسەر ئاستی فەڕەنسا، بەڵکوو لەسەر ئاستی ئەورووپا و دنیاش، بە ئاراستەی حاڵەتەکانی بەرتەسککردنەوەی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان، پاشان نەهێشتنی. ڕۆمانی (بێنەوایان)یش کە شاکاری هەمان ڕۆماننووسە، بووە هۆی گۆڕینی چۆنیەتی ڕوانین لە تاوانبار لە مرۆڤێکی مەترسیدارەوە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی و هەندێک جار چاکەخوازیش، کە ڕەنگە بە ڕێکەوت تووشی تاوانبارکردن هاتبێ، نەک تاوان و شەڕانگێزی لە خوێنیدا هەبێت، هەروەها ئەم ڕۆمانە بووە هۆی گۆڕانکاری لە ئامانجی سزادان و دووبارە داڕشتنەوەی یاسا سزاییەکان بە ئاراستەی وردکردنەوەی زیاتری ماددەکان و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە دادوەر بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، ئاخر چۆن دەبێت تاوانی دزینی کولێرەیەک بۆ تێرکردنی منداڵێک وەک هەر تاوانێکی دیکەی دزینی ماڵ و موڵک، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟! (٢٣).

(د.موستەفا زەڵمی) بەم شێوەیە باس لە کتێبخانەکەی سەرکردەی کورد (قازی محەمەد) دەکات: بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا کتێبی فەڕەنسی و ئینگلیزیم دی لەگەڵ کتێبی ئایینی ئیسلامدا لەناو کتێبخانەکەی پێشەوا دانرابوون، جگە لەوەی کە قازی بوو، پێشەوا بوو، سیاسی بوو، مەلایەکی زۆر چاکیش بوو، بینیم ئەوکاتە فەقێ ئەچوون دەرسی (تهذيب) و (جمع الجوامع)یان لەلا ئەخوێند، بەڵام مەدرەسەی نەبوو (٢٤).

(ئەلبێرت ئەنیشتاین) گەورە زانای ئەڵمانی کە بەلای بەشێکی زۆری پسپۆڕانەوە، زیرەکترین مرۆڤی دنیایە لە مێژوودا، هیچ گومانی تێدا نییە، پێش ئەوەی ببێتە ئەو بلیمەتە

دەگمەنە، خوێنەرێکی گەورەش بووە، ئاخر تا نەبینە خوێنەرێکی مەزن، نابینە نووسەرێکی گەورە، هەروەها نابینە زانایەکی دەگمەن. لە ماڵەکەیدا، کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، بە هەزاران کتێبی تێدا بووە، کتێبەکانی هەمەڕەنگ بوون و خوێنەرێکی مەوسووعی بووە، بەڵام لە هەموویان بایەخدارتر کە هەمیشە بۆیان گەڕاوەتەوە، پێنج کتێب بووە کە بریتین لە پێنجەم: کتێبی (شیکردنەوەی هەستەکان) ی ئێرنس ماخ، فەیلەسووف و زانای فیزیایی نەمساوی، چوارەم: کتێبی (دۆن کیشۆت)ی ڕۆماننووس میگیل دی سێرڤانتێسی ئیسپانیا، یۆبۆڵد ئینفێڵد زانای فیزیایی هاوڕێی ئەنیشتاین لە ژیاننامەکەیدا نووسیویەتی، ئەلبێرت زۆر سەرسامی چیرۆکی سێرڤانتێسی کلاسیکی بووە و زۆرجار دەمبینی لەسەر قەرەوێڵەکەی بەبێ کراس خەوتووە و دۆن کیشۆت لەسەر مێزەکەی بووە، چونکە شەوان پێش ئەوەی بخەوێ دەیخوێندەوە و ئارامیی خۆی لەگەڵیدا دەدۆزییەوە، سێیەم: کتێبی (ئەخلاقناسی) باروخ سپێنۆزا فەیلەسووفی جووی هۆڵەندی بووە، دووەم: کتێبی (نامەیەک لەسەر سروشتی مرۆڤ)ی دەیڤد هیوم فەیلەسووفی سکۆتلەندی بووە، یەکەم: بەرهەمەکانی یۆهان ڤۆلفانگ فۆن (گووتێ)ی شاعیر و شانۆنامەنووس و چیرۆکنووسی ئەڵمانی، لە ناو کتێبخانەکەی ئەنیشتاین کە تا ئێستەیش ماوە، هەموو بەرهەمەکانی گووتێ هەیە، کۆبەرهەمەکەی ٣٦ بەرگ بووە، لەگەڵ ١٢ بەرگی تر کە دواتر نووسیونی و دوو بەرگی دی، ئەمان بریتی بوون لە نامەکانی نێوان گووتێ و شیلەر و کتێبی (فاوست) دوایین بەرهەمی گووتێ بوو، جگە لەم بەرهەمانەش، پەیکەرێکی گووتێ لە ماڵی ئەنیشتاین دا هەبووە (٢٥).

(د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ) لە بارەی کاریگەری باوکییەوە کە مەلایەکی ناسراو بووە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەوە بووە هەموو بابەتێک بخوێنینەوە و دەڵێت: ئەو هانی دەداین هەموو شت بخوێنینەوە. لەبیرمە باوکم کتێبێکی لینینی دامێ لەناو مزگەوتدا. هەر ئەو هۆکارەش بوو کە ئێمە چووینە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعیی عێراقەوە (٢٦).

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١- ڕەهبەر سەید برایم: (گەنجینەی شاراوە)، مەلا ڕەئووفی خادم سوجادە ١٨٧٠- ١٩٤٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٣، ل٨٤.

٢- یڵماز گونەی: نامەکانی حەپسخانەی سەلیمییە، وەرگێڕانی/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چاپی یەکەم، پرۆژەی چاپەمەنییەکانی هاواری فیلم، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٣٦.

٣- ماکسیم گۆرکی: ڕۆژانی زانستگەم، وەرگێڕانی/ حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠٩.

٤- شێرزاد حەسەن: لە هەولێرەوە بۆ هێلسنکی، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٢٧.

٥ - دوکتۆر مارف خەزنەدار: «ڕۆژگاری من دروست بوون ١٩٤٩-١٩٦٠»، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٩٩.

٦- هنرییت عەبودی: یادەوەریم لەگەڵ جۆرج تەڕابیشی، وەرگێڕانی/ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٢-٢٣.

٧ - مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: باوەشێنی دڵ، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٥-٦.

٨- مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٨٨.

٩- میشێل ئۆباما: «پێگەیشتن» بیرەوەرییەکانی میشێل ئۆباما، وەرگێڕانی/ هێما ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٩، ل١٤٤.

١٠- میشێل ئۆباما: هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.

١١- عەلی حوسێن: لە حزووری کتێبدا، وەرگێڕانی/ سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٢١-٢٣.

١٢ - ڕەبیع جابر: هاوین دەرفەتێکە بۆ خوێندنەوە، وەرگێڕانی/ شوان ئەحمەد، ڕۆژنامەی «چاودێر» پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (٤٦٧)، دووشەممە، ٢٠١٥/٨/٣.

١٣- یوسف زێدان: قەڵای «فەردەقان «زیندانیکردنی پیرەی سەرۆک، وەرگێڕانی/ جەلیل کاکەوەیس، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٢٩٤-٢٩٥.

١٤- عەلی وەردی: خێزان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، وەرگێڕانی/ وەهاب حەسیب محەمەد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٩٣.

١٥- ئیسماعیل بێشکچی: یادەوەرییەکان، وەرگێڕانی/ محەمەد عزەدین، چاپی یەکەم، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٢٥٥-٢٥٧.

١٦- د. جەودەت هۆشیار: تراژیدیای نووسەرانی ڕووس، وەرگێڕانی/ سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٧٧-٢٧٨.

١٧- د. هێمن عومەر خۆشناو: دەرد و دەرمانی زانایان لەبەر ڕۆشنایی تەفسیرەکەی مەلای گەورەی کۆیی، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٦٠.

١٨ - هاوکار عبداللە شێخ وەسانی: ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٧، ل١٦٠.

١٩ - هاوکار عبداللە شێخ وەسانی: دین و جیهانبینی مەلای گەورە، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٧، ل٦٦.

٢٠- نەسرین قاسملوو: ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا، وەرگێڕانی/ ناهید حسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، ٢٠١٤، ل٤١٨.

٢١ - پرۆفیسۆر د. سامان فەوزی: یاسا لە چوارچێوەی عەقڵ و کۆمەڵگەدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٩ -٤٠.

٢٢- پرۆفیسۆر د. سامان فەوزی: هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

٢٣- پرۆفیسۆر د. سامان فەوزی: هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

٢٤- موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: کاروانی ژیانم، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٢٣.

٢٥- کوردۆ شابان: دەخوێنمەوە کەواتە هەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٩٤ -٩٧.

٢٦- فاروق مەلا مستەفا: بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن، ٢٠١٧، ل٢٤.

# مەلا فەتاحی جەباری لەبیرەوەریی نەوەکانی (مەحموود پاشای جاف)دا

عەبدولستار جەباری
(کەرکووک)

مامۆستای پایە بڵند و شیرین کەلام «عەلائەددین سەجادی» کە بە شێوازی هۆنراوە و بەیت لە دوای بەیت وەسفی مەلای جەباری دەکات دەفەرمووێت: (پیری مەیخانەی خەیاڵ شناسان، بادە ئەنۆشێ لە جەرگەی خاسان، ڕشتەی مرواری قسە و باسییە، نەوای قومریان وێنەی ڕازییە، بینی هەناسەی شنەی شەماڵە، تێکەڵ بە بیری بەرزی خەیاڵە، ئاسۆی جەباری لە نیوەی شەودا، ئەنوێنێ وێنەی مەلا لە خەودا، بۆیە ناوبانگی جەباری هەیە، چونکە شاعیری وەک مەلای هەیە، بیرە وردەکەی خۆراکی گیانە، قسەی ڕەوانی تەلی کەمانە).


بەپێی گێڕانەوەی نەوەکانی مەحموود پاشای جاف :

مەلا پیاوێکی باڵابەرزی بەژن زراڤی کەللەزل بووە، ڕوخساری درێژکۆڵە و چاو و برۆ ڕەشێکی گەنمڕەنگ و گوپ قوپاو و ڕیشێکی قەڵەمی تەنک و سمێڵێکی درێژی هەبووە، هەردەم کەوا و سەڵتە و خوری لەبەر کردووە، جەمەدانی بەستووە، عەبای پۆشیوە، زۆر سەخی و چاوتێر و نان بدە بووە، سەرەڕای دەستکورتی و چەوساندنەوەی بە دەست جەوری زەمانەوە، زۆری نەخوێندووە، بەڵام مرۆڤێکی زۆر زیرەک و هۆشیار بووە، هەردەم خەریکی موتاڵاکردن بووە. لەناو عەشیرەتی (جەباری)دا بە چاوی شکۆوە سەیر کراوە، مامۆستای مزگەوت و شاعیرێکی بەرز بووە. مەلای جەباری پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەزان و خۆش مەشرەب بووە.

سەیید عەزیز عەبدوڵڵا جەباری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: بەو پێیەی شاعیر مەلا فەتاحی جەباری دۆستی نزیکی «مەحموود پاشای جاف» بووە، بەو هیوایەی بەشێک لە شیعرە فارسی و

کوردییە فەوتاوەکانی بدۆزمەوە، لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا چووم بۆ ماڵی « عادیلە خانم» و لەوێ پاش ناسینی «شاهی خانمی» کچی عادیلە خانم و خوشکی هەردوو شاعیر «تاهیر بەگی جاف و ئەحمەد موختار بەگی جاف» ڕاز و مەبەستی سەردانەکەم بۆ شاهی خان ڕوون کردەوە. ئەویش وتی : (یادەوەری و سەربوردەی لە هزر و بیرماندا ماوە و هەوڵ دەدەم بە ناهومێدی و دەستی خاڵی نەتگەڕێنمەوە و دەبێ لانی کەم مۆڵەتی مانگێکم بدەیتێ تاکوو هەرچییەک دەربارەی مەلا دەزانم، کۆی بکەمەوە و هەوڵێکی فەرهادانەش دەدەم بۆتان). میرزایەک لە ماڵیان بوو نەمزانی چ کارەیە کە گوێی لە گفتۆگۆکانی نێوان من و شاهی خانم بوو، گوتی: (گەر خانم مۆڵەتم بدات و هەرچییەکتان چنگ کەوت، ئەوە بەندە بە خۆشحاڵییەوە بۆتانی دەنووسمەوە)، منیش بە حیکمەتی ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ: «دەم دەخوا و چاو شەرم دەکات»، بەڵێنی قاتێکی ئینگلیزی چاکم بە میرزا دا و بەڵێنەکەشم بردەسەر ... وەلێ بەداخەوە کاتێ دوای ماوەیەک گەڕامەوە، هیچ شیعرێکیان دەست نەکەوتبوو، بەڵام خۆشبەختانە بەدەستی خاڵی نەگەڕامەوە و میرزا ئەم زانیارییانەیان دەربارەی ژیانی مەلا لە بیرەوەرییەکانی «نەوەکانی مەحموود پاشای جاف» دا کۆ کردبووەوە و نووسیبووی بۆم.

مەلا فەتاح بەم جۆرە بۆیانی گێڕابووەوە و گوتبووی: چونکە لە دوازدە ساڵی نێردرابوومە لای مەلا ڕۆستەم و لە منداڵەکانی تر بەهزرتر و بەتوانتر بووم، دوای فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، ئیدی تەماحم چووە سەر خوێندنەوەی کتێبە مەزنەکانی کتێبخانە دەوڵەمەند و بەنرخەکەی مامۆستاکەم «مەلا ڕۆستەم» کە بریتی بووە لەکتێبی تورکی و عەرەبی و فارسی، ئیدی ناوەناوە بێ ئاگاداری مامۆستا کتێبێکم لێ دەبرد و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئەزبەرم دەکرد و دەمبردەوە شوێنی خۆی و کتێبێکی ترم دەبرد و بەم جۆرە سەرجەم کتێبەکانی مامۆستاکەم ئەزبەر کرد. کاتێ مەلا ڕۆستەم بینی توانایی خوێندن و فێربوونم زۆر بەرز بووەتەوە و ئاستی مامۆستاشم تێ پەڕاندووە،



مەلا فەتاحی جەباری

مامۆستا ڕۆستەم پێی گوتم: «کوڕی خۆم ماشەڵڵات لێ بێت لەمڕۆ بەدواوە مەگەر تۆ دەرس بە من بڵێیتەوە! بۆیە تۆ جێت لای من نەما، بچۆ بۆ حوجرە و خانەقای شاران بەدوای زانستی تردا بگەڕێ. منیش هەم لەدەستی سەیید قادری برام و هاجەری ژنی، کە بەردەوام دژایەتییان دەکردم و کە دواتر ئاواییەکەی خۆمان «بانگۆل»م بەجێ هێشت و چوومە ئاوایی «تاوێر بەرز» (*)

سەرەتا بڕیار دەدات لەداخی برا و براژن سەری خۆی هەڵبگرێت و بچێ بۆ ئێران، بەڵام هەروەکوو خۆی گێڕاویەتییەوە و وتوویەتی:

(ڕووم کردە شاری کەرکووک و لە مزگەوتی «نائیب زادە» بە فەقێیەتی گیرسامەوە، مزگەوتی ناوبراو جیا لەوەی قوتابخانەیەکی ئاینیی بووە، هاوکات حوجرەی لیژنەی فەتواشی لێ بوو، جا لەبەرئەوەی چەندجارێک هەڵەی مەلاکانی لیژنەی فەتوام ڕاست دەکردەوە و لە ئەدەبیات و زانستی فارسیدا زۆر کۆڵەواربوون و پێیان قبووڵ نەدەکرا، بۆیە کەوتنە دژایەتیم، ئیتر زۆر ئیرەییان پێم دەبرد و زۆر ئازاری دەروونیان دەدام و بەردەوام لەبەردەم فەقێکان ڕووشکێنیان دەکردم، تا کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژێکیان مەلاکان مانیان گرت و لە نێوان خۆیاند بەزمانی تورکمانی، تاکوو

من تێنەگەم گوتیان: "یان بوو کوێلی بوردە قاڵماس، یان بز بوردە قاڵمرغ»، واتە: یان ئێمە لێرە نامێنین، یان ئەم هەتیوە دەشتەکییە لێرە نامێنێت، دواتر مەلایەکیان هاتە لام چپاندی بەگوێمدا و گوتی : ڕۆڵە تۆ هیچ دەرسێکت لای ئێمە نەماوە و ئەوەی پێمان بووە قسورمان پێت نەکردووە لەگەڵتا، بۆیە پێمان باشە بچیت بۆ شارەکانی دیکە بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی پتر، بۆیە چووم بۆ شاری سلێمانی و ماوەیەک لەوێ مامەوە، پاشان گەڕامەوە بۆ کەرکووک و ئەوجار بۆ هەولێر، لەوێوە چوومە شارۆچکەی ڕەواندز، پاشان بۆ شاری شنۆ. ... دواتر چووم بۆ شاری کرماشان لەوێ هەم شاگرد و هەم مامۆستا بووم و وانە عەرەبییەکانم وەکوو «مەنتیق» و «عەبدوڵڵا یەزیدی»م دەوتەوە و لە وانە فارسییەکانیشدا قوتابی بووم.»، بەڵام فەقێیەکی زیرەک، چونکە پێشتر کتێبەکانی حافز و گوڵستانم ڕەوان کردبوو..

شاهی خانم دەڵێ: بەپێی ئەوەی خۆی باسی کردوون و ئەوانەیشی کاتی خۆی لەدیوەخانی (مەحموود پاشای جاف)دا بوونە دەیانگوت: (مەلا فەتاحی جەباری شارەزاییەکی تەواوی لە ئەدەبی فارسی هەبووە، لە چەند شیعرێکیدا چەندان دێڕی شیعریی شاعیرانی فارسی ئاخنیوەتە ناو شیعرەکانییەوە. هەر وەکوو لەشیعری «دیاری»دا هاتووە کە بۆ (مەحموود پاشای جاف)ی نووسیوە و لە وەڵامی ناردنی «فەرەنجییەکی شڕۆڵ» بەدیاری بۆ مەلا فەتاح و مەلاش بەم هەڵبەستە هەجووی دەکات و دەڵێ:

**(مەحموود پڕ جوود خەزنەوی تەرزم**
**کیانا بیت جلی پەی دەفع لەرزم**
**ئەو شاهەنشا نەرە نکیکوید شانا**
**پەی توو تەوق زەڕ پەی من جل کیانا**
**ڕەزام وەقەزای ئەو سبخانەوە**
**ئەو سەد مەجروح بام وەی پالانەوە**
**تویش بای وەتەوق صاف تەلاوە**
**حەق ڕووت نەکرو وەلای بەلاوە**
**ئافەرین میرزام خوات لی بوو ڕازی**
**تەکزیب نەکرد خواجەی شیرازی)**

مەلا مەبەستی ئەم دێڕە شیعرەی «خواجە شیرازیی»ە کە دەڵێ:

**اسپ تازی مجروح شده بەزیر پالان**
**توق زرین همەدر گردنی خر می بینم**

...............................

ساڵی ١٨٤٦ بۆ کۆتایی هێنانی ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتییەی لە نێوان هەردوو هۆزی جەباری و هەمەوەند، سەردانی ئیستانبوڵ دەکاتەوە، هەروەکوو خۆی لەلای مەحموود پاشای جاف دانی پێداناوە و گوتوویەتی «سەردانی ئەم جارەم لەپێناو لەیلەکەی خۆمە»، چونکە مەلا عاشقی کچێک بووە لە خێڵی هەمەوەند و دواتر دەبێتە هاوژینی.

لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی زایینیدا، شاری ئیستانبوڵ بووبووە پایتەختی ڕۆشنبیریی ناوچەکە، ڕۆشنبیران و شاعیرانی فارس و کورد و عارەب و بلووچ و ئەفغان و... تاد ڕوویان لەوێ دەکرد، هەر شاعیرێک سەردانی ئیستانبوڵی بکردایە، لە پاش گەڕانەوەی یەکسەر بیر و دیدگەی دەگۆڕا و بە بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە دەگەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی، (مەلای جەباری)ی شاعیر یەکەمین ڕۆشنبیری باشووری کوردستان بووە، سەردانی ئیستانبوڵی کرد.(**)

ساڵی (١٨٤٢) هەرچەندە بە مەبەستی سەندنەوەی ئەو زەوییوزارانەی کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە کرابوون بە وەقف بۆ تەکییە، مەلا ڕوودەکاتە ئیستانبوڵ، بەڵام هەر لەوێ بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە عوسمانییەکان ئایینی ئیسلامیان لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی تورک بەکار هێناوە و تەماحکارییەکانی ئیمپراتۆرییەکەیان بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە پەردەپۆش کردووە. لە ماوەی ئەو گەشتەدا تێکەڵی بنەماڵە و نەوەکانی میر شەرەفخانی بەدلیسی دەبێت، کە ئەوکات هەندێکیان ڕوویان لە ئیستانبوڵ کردبوو. بیری نەتەوەیی جۆش دەدان، بۆیە هەر لە پاش گەڕانەوەی، کەوتە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی. سەرەتا هەڵمەتی ناوی کوردیی بۆ کچ و کوڕانی کورد دەست پێ کرد، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و لە

بۆنە ئایینییەکاندا بە خەڵکەکەی دەگوت: (ئەو ناوە عەجەمی و عارەبییانەی هەتانە، هەموو واتاکانیان دژی ئایینی ئیسلامن و دەبێت ناوی کوردی بە واتا جوانەکانی ئایینی ئیسلام، لە منداڵەکانتان بنێن، بۆ نموونە «توانا» واتە «قادر»، کە یەکێکە لە ناوەکانی خوا، ناوی «پشتیوان» واتا بە پشتیوانی خوا. ئەم ناوانەشی بۆ کچان دانا وەک: گوڵشەن، ڕەوشەن، بنەوش، شاخاتوون، شاناز، شێوە، گوڵناز و....تاد). مەلای جەباری بەم شێوازە توانیویەتی قەناعەت بە خەڵک بکات کە ئیدی ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن.

یەک لە کارە مەزنەکانی دیکەی جەباری ئەوەیە ناوی هەموو ئامێرە موزیکە ڕەسەنەکانی کورد و ناوی گۆرانبێژانی دەربارى «کەی خوسرەوی» لە چوارچێوەی شیعری «بەهار» کۆکردووەتەوە، بەمەش خزمەتێکی مەزنی مێژووی فەرهەنگی گۆرانی و موزیکی کوردی کردووە و لە فەوتاندن پاراستوونی، هەروەها بەردەوام هاوکاری مەقامبێژ و مەقامزانی ناوداری هۆزی جەباری «سەیید کەریم»ی گوندی ئالیاوە بووە(***) و هەمیشە شیعرەکانی خۆی و مەولەوی تاوەگۆزی بۆ خوێندووەتەوە و جۆری شیعرەکانی بە پێی مەقامەکانی «ئای ئای و قاتار و خاوکەر و ئەڵڵاوەیسی و خورشیدی»(****) دیاری کردووە و ڕێنمایی ئەوەی کردووە کە کامیان بۆ کامیان گونجاوترن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مەلا شارەزاییەکی تەواوی لە مێژووی کورد و هونەری گۆرانی و مەقامە کوردییە ڕەسەنەکان هەبووە، یەکەمین گۆرانیی هونەرمەند عەلی مەردان، شیعری مەلا بووە، دواتر لە لایەن هونەرمەندان: شوکور خەیات و عەدنان کەریم و هانی، دیسانەوە کراون بە گۆرانی.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


١. دیوانی مەلای جەباری، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: عەبدولجەبار محەمەد جەباری، کەرکووک، ١٩٦٨.

٢. مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلاددین سەجادی، ١٩٧٠، بەغدا.

٣. مەلای جەباری لە بیرەوەرییەکانی بنەماڵەی مەحموود پاشای جاف دا، «نووسینی سەید عەزیز سەید عەبدوڵڵا»، پاشکۆی هزر و هونەر، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٩/١٢/٢٣.


(*) هەروەک لەدیوانەکەیشیدا هاتووە و هەجووی هاجەری براژنی دەکات و دەڵێ:

**(هەرچەند نێرەکەر گل و گۆمییە**
**هەرچەند ئەسپ بەن ئاغای ڕۆمییە**
**سی باتمان تورش، دوو باتمان پیاز**
**هورد هورد بیکوتی لە هاوان**
**بیساویتە قنگ هاجەر خانە...تاد)**

لە هۆنراوەیەکی تریشدا بەناوونیشانی بۆ سەیید قادری برام، بەم جۆرە هەجووی دەکات و دەڵێ:

**(برا گەورەکەی شان و مل قەویم**
**شەواڵ عەمامەی شەو گرد شەویم**
**چەرخی پدەرتە قرانێ براتە**
**فلسێ لەباتی گشت ئەقرەباتە...تاد)**

(**) دوای مەلای جەباری، هەریەک لە شاعیران «حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئەسیری» سەردانی ئیستانبوڵیان کرد.

(***) هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا عەلی مەردان لەبیرەوەرییەکانی، لە کتێبی گەڵای پاییزدا دەڵێ «سەیید کەریم» خەڵکی گوندی ئالیاوەی جەبارییە و یەکەم مەقامبێژی کورد بووە و بۆ یەکەم جار جورئەتی ئەوەی کردووە کە هەردوو مەقامی «قەتار و خاوکەر و قەتار و ئەڵڵاوەیسی» تێکهەڵکێش کردووە، بۆیە دەبوو بەو دوو تێکهەڵکێشە بوترایە سەید کەریمی، چونکە داهێنانی ئەوە و مافی خۆیەتی..

(****) ئەم مەقامانە تەنیا لە دەڤەری گەرمیانەوە هەڵقوڵاون و لەناو هیچ نەتەوەیەکی تردا نییە.

# دووسەدساڵ پاش لە دایکبوونی لوویی پاستۆری زانا و گەورەپیاو (١)

هیوا شەمسی بورهان
(فەڕەنسا)

لوویی پاستۆر لە دنیادا بە هۆی دۆزینەوەی ڤاکسینی هاری بەناوبانگە، کەچی خۆی پزیشک نەبوو. ئەو ساڵی ١٨٢٢ لە شاری «دۆل» (٢) لە بنەماڵەیەکی فەڕەنسی لەدایک بوو و باوکی نەدار و کاری دەباغی بوو، ئەگەرچی بۆ خۆی دەرفەتی خوێندنی نەبوو، بەڵام زۆری پێ خۆش بوو کوڕەکەی باش بخوێنێ، بۆیە هەمیشە بۆ ئەو شتە هانی دەدا، لوویی هەر لە منداڵییەوە زۆر وردبین، پرسۆک و ماندوویی نەناس بوو، قوتابییەکی زۆر نموونەیی بوو و لە کۆنکووری «زانکۆی باڵا» (٣) پلەی چوارەمی بەدەست هێنا و بوورسێکی حکوومی بۆ خوێندن پێ درا. دوو دوکتۆرای خوێند، یەکەمیان لە کیمیا و ئەوی دووەم لە فیزیک، بەم شێوەیە چووە نێو دنیای لێکۆڵینەوە و زۆر تینووی ئەو ڕێبازە بوو.

### بەرەو تیوری گەراکان (٤)

لە ساڵی ١٨٥٤دا لە زانکۆی شاری لیل بووە مامۆستا و باوکی یەکێک لە خوێندکارەکانی کە لە شیرەی چەوەندەر کحوولی دروست دەکرد، داوای یارمەتی لێ کرد، چونکە نەیدەتوانی ترش هەڵگەڕانی (٥) شیرەی چەوەندەر کۆنترۆڵ بکا و بە باشی بیکاتە کحوول. پاستۆر بە لێکۆڵینەوە تێگەیشت کە بوونی هێندێک میکرۆئۆرگانیسم (٦) دەبێتە هۆکار، یان بەرگری ترشهەڵگەڕانی خواردەمەنی، هەتا ئەودەم زۆربەی زاناکان پێیان وابوو ئەو میکرۆئۆرگانیسمانە لەناکاو چێ دەبن

و پەرە دەگرن، بەڵام پاستۆر دوای پێنج ساڵ لێکۆڵینەوە و کاری بێوچان، تێگەیشت کە ئەو میکرۆئۆرگانیسمانە لەناکاو چێ نابن، بەڵکوو لەگەڵ بوونەوەرانی دیکە دەژین، بە بێ بوونی ئەو گەرایانە هیچ خواردەمەنییەک ناڕزێ، هیچ شتێک ترش هەڵناگەڕێ و هیچ ئاڵوگۆڕێک لە خۆراکدا ڕوونادا، تەنانەت هەر ئەوانیشن کە دەتوانن ببنە میکرۆب و نەخۆشی بۆ بوونەوەری تر دروست بکەن.

لێکۆڵینەوەکانی ئەو پیاوە خزمەتێکی گەورەی بە پیشەسازی پێکهێنانی خواردەمەنی کرد و دەرفەتی بە خەڵک دا بزانن چۆن پرۆسەکانی ترش هەڵگەڕان کۆنتڕۆڵ بکەن، یان چۆن ئەوانەی کرمی ئاوریشمیان پەروەردە دەکرد، کرمەکان لە نەخۆشی بپارێزن.

## بناغەدانەری پاک و خاوێن بوونی مۆدێرن

لە سایەی سەری وەپێش کەوتنی میکرۆسکۆپەکان، پاستۆر زۆرتر توانی لەو میکرۆبانە بکۆڵێتەوە کە لە برینی نەخۆشەکانی بەدی دەکردن، ئەو تێگەیشت کە بە گەرم کردنەوەی ئامرازەکانی نەشتەرگەری و ئەو شیرەی دەدرێ بە منداڵان، دەکرێ ئەو میکرۆبانە بکوژێن و تەندروستی خەڵک بپارێزین، ئەمە هەمان شتە ئێستاکە خەڵکی دنیا بە «پاستۆریزاسیۆن» دەیناسێ و بووە هۆی ڕزگارکردنی هەزاران زارۆکی بچووک لە مردن و لەناو چوون.

لەو سەردەمەدا کە پاستۆر دەژیا، نەخۆشییەکان زۆربەی خەڵکی، بەتایبەتی منداڵەکانیان لەناو دەبرد، لە نێوان پێنج منداڵی خۆیشیدا دوو کچی بە گرانەتا (٧) مردن و کچێکی دیکەی لە تەمەنی دوو ساڵاندا بە توومۆرێکی جەرگ کۆچی دوایی کرد، ئەو کە بەپێی گەواهی خەڵکی دەور و بەری، پێش نان خواردن هەمیشە کەوچک و چەتاڵەکەی دەشووشتەوە، بوو بە باوکی



**لوویی پاستۆری**

«ئاسێپسی» (٨)، یان «میکرۆبکوژی» کە بەردی بناغەی تەندروستیی مۆدێرنی دنیای ئێمەیە.

## کێبەرکێ لەگەڵ ڕابێرت کۆخ دا(٩)

شەڕی نێوان فەڕەنسا و پرووس لە ساڵانی١٨٧٠ - ١٨٧١ پاستۆری هان دا فەڕەنسا لە بوارێکدا وەپێش بخا کە ئەڵمانییەکان هەمیشە تێیدا سەرکەوتووتر بوون: چێ کردنی بیرە، پاستۆر بە لێکۆڵینەوە لەو هەویرترشانەی کە لە بەرمیلی بیرەدا هەبوون، تێگەیشت کە هێندێکیان بۆ دروست بوونی بیرە بەسوودن، بەڵام هێندێکیان دەبێ لەناو بچن، بۆیە بۆ بەدەست هێنانی بیرەی چاک پێشنیاری کرد بۆ ماوەی ٢٠ خولەک بە پلەی ٦٥ پلە بیرەکە گەرم بکەنەوە، دوای چەند ساڵ دوکتۆرێکی ئەڵمانی بە ناوی ڕابێرت کۆخ کەڵکی لە تیۆرییەکانی پاستۆر وەرگرت بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی مەڕ و بزن، پاستۆر بەو شتە تووڕە بوو، چونکە ئەڵمانییەک خۆی لە بواری زانستی ئەو هەڵقورتاندبوو، بۆیە وردە وردە دەربایسی بواری پزیشکیش بوو، ئەوجا کێبەرکێی مێژوویی لە نێوان پاستۆر و کۆخ ڕووی دا. کۆخ

توانی «باسیل»ی دەردەباریکە و وەبا بدۆزێتەوە، پاشان پاستۆر هەوڵی دا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی کابرایەکی ئینگلیزی (١٠) بۆ چارەسەری نەخۆشیی خروێکە (١١)، لە بنەمای ڤاکسین کردن بگا. ساڵی ١٨٧٩ بە تاقی کردنەوەکانی حاڵی بوو ئەگەر باکترییەکانی وەبای مریشک خاو و کەمهێز بکرێنەوە و دوایە ئەو باکتریانە لە مریشکان بکوتن، ئەوجا دەکرێ ئەو باڵندانە لە تووشبوونی وەبا بپارێزین، ئەوە بوو بە بنەمای کوتان، یان «ڤاکسین کردن» لە جیهاندا.

ساڵی ١٨٨١ پاستۆر ڤاکسینی بۆ نەخۆشیی دوومەڵ (١٢) دروست کرد، پاشان ڤاکسینێکی بۆ هاریش چێ کرد، جیاوازی ڤاکسینی هاری ئەوە بوو کە دەبوایە دوای تووش بوونی نەخۆش لێی بدرێ، نەک پێشتر.

## چارەسەر کردنی ژۆزیف مێستێر(١٣)

ناوبانگ و زانایی لوویی پاستۆر هێندە بڵاو بووبووەوە کە لە ساڵی ١٨٨٥ دایکێکی ئالزاسی کوڕێکی خۆی بە ناوی ژۆزێف دێنێتە لای، چونکە سەگ گەستبووی و لە مردن بوو. لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە زۆر ئەستەم و پڕ مەترسی بوو، پاستۆر بڕیاری دا کەڵک لە ڤاکسینێک وەرگرێ. کە تا ئەودەم بەکاری نەهێنابوو، ئەو کوڕە گەنجە زیندوو ما و ٦٤ ساڵان ژیا. دواتر بوو بە پاسەوانی ئەنستیتۆ پاستۆر لە پاریس، ئەو سەنتەرە کە درێژە پێدەری ڕێبازی زانستی خۆی بوو.

ئیتر لوویی پاستۆر بوو بە قارەمانێکی نەتەوەیی لە فەرەنسا و دواتر لە هەموو دنیادا. ساڵی ١٨٩٥ کۆچی دوایی کرد و دەبوایە وەک هەموو مرۆڤە گەورەکانی فەرەنسا لە «پانتێئۆن» (١٤) بنێژرێ، بەڵام ژنەکەی (ماری) پێی خۆش بوو لەو ئەنستیتۆیە بە خاکی بسپێرن کە ناوی خۆی بە سەرەوە بوو، بۆیە هەر لە ژێرزەمینی ئەنستیتۆ پاستۆری پاریس بە خاکیان سپارد.

بەگشتی لێکۆڵینەوەکان و زانستی ئەو پیاوە مەزنە لە چەندان بواری بیۆلۆژی، پزیشکی، کشتوکاڵ و تەندروستی، زۆر بەبایەخ بوون، ڕوحی گەورەی شاد بێ.

**تێبینییەکان:**

(١) ئەم وتارە کورتە وەرگێڕانێکە لە وتارێکی گۆڤاری (مێژوو و شارستانێتییەکان) بە ناوونیشانی:
=Bicentenaire de Louis Pasteur, savant et grand homme. Claire LHoër, Histoire et civilisations, N° 88, novembre 2022

(٢) Dole : ناوی شارێکە لە فەرەنسا.

(٣) Ecole normale supérieure.

(٤) Germes : گەرا و تۆوی زۆر ورد کە بەچاو نابینرێن و دەتوانن ببنە میکرۆب و نەخۆشی دروست کەن.

(٥) Fermentation: ترش هەڵگەڕان، (تخمیر) بە فارسی.

(٦) Micro-organisme

(٧) Fièvre typhoïde: گرانەتا، گرانەتێ، لە موکریان پێی دەڵێن «کەوتوویی».

(٨) Asepsie : لەناو بردنی چڵک و کێم.

(٩) Robert Koch.

(١٠) Edward Jenner.

(١١) Variole: ئاوڵە، نەخۆشیی خروێکە، خوریکە، (خرووکە).

(١٢) Maladie du charbon: دوومەڵ، (سیاه زخم) بە فارسی.

(١٣) Joseph Meister.

(١٤) Panthéon: شوێنی ناشتنی کەسایەتیی زۆر گەورەی فەرەنسا وەک: ڤیکتۆر هووگۆ، پییەر کووری، ماری کووری، ئێمیل زۆلا، ڤۆلتێر و...

# سروودی ئیستەری هوێلدەرلین

مارتین هایدیگەر
لەئەڵمانییەوە: بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

ئـەم وانەیـە بـە چەنـد سـەرنجێک لەسـەر (سـروود)ێک دەسـت پـێ دەکات، کـە کاتـی خـۆی هوێلدەرلیـن بـڵاوی نەکردووەتەوە، تەنانەت لە ڕەشنووس و دەستنووسەکەشیدا بەبـێ ناوونیشـان بەجێـی هێشـتووە. نۆربـەرت ڤـۆن هێلینگـرات ناوونیشـانی (ڕووبـاری ئیسـتەر)ی بـەم شیعرە داوە، کـە بریتییـە لـە ڕووبـاری دۆنـاو، یـان دانـوب.

شـیعرەکە لـە چـوار کۆپلـە پێکهاتـووە، چوارەمیـان ناتـەواو دیـارە، بـەڵام داخـۆ ئـەوە بریتییـە لـە دوا کۆپلەی شـیعرەکە، یـان نـا، ئـەوە ئێمـە ناتوانیـن یەکلایـی بکەینـەوە. شـیعرەکە بریتییـە لەمـە: ڕووبـاری ئیسـتەر

هۆنراوەکـە هۆنینـەوەی ڕووبارێکـە، ڕووبـارەکان هـی ئاوەکانـن. کاتێـک لێـرەدا هەندێـک سـەرنج دەربـارەی ئـەو شـیعرە دەدەیـن، بیـر لـەوەش دەکەینـەوە، کـە لـە جێیەکانـی تریشـدا دەربـارەی ئـاو چـی دەڵێـت:

**بەڵام باپیرە گەورە، زرنگانە،**
**پەڕییە ئەوبەری دەریاکەوە و**
**سەری سوڕماوە بە سەرە زێڕینەکەی پاشا**
**داخۆ ئەوە نهێنی و ڕازی ئاوەکەیە.**

**لێکدانەوەی دەستپێکەکە:**

(ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!)

ئـەم شـیعرە بـە بانگێـک دەسـت پـێ دەکات: (ئێسـتا وەرە، ئـەی ئاگـر!). ئاگرەکـە بانـگ کـراوە بـەو مانایـەی کـە بانـگ بکرێـت بـۆ ئێـرە، بـەڵام ئـەم بانـگ کردنـە جۆرێکـی جیـاوازە لـە هێنانـە ئێرەیەکـی


خۆبەخۆ، یان فەرمایشتێک. بانگ کردنەکە لەهەمان کاتدا بانگ کراوەکە بانگ دەکات، بانگ کردن گەواهییەک بە شکۆی بانگ کراوەکە دەدات. ئەوەی کە لەوێوە دێت، سەربەستانە لەخودی خۆیەوە دێت، واتە ئەوە بانگەکە نییە کە (هاتووەکە) بخاتە جووڵەی هاتن، بەڵام ئەگەر (ئاگر) لەخودی خۆیەوە بێت، ئەی کەواتە لەپای چیدا بانگ دەکرێت؟ خۆ بانگ کردنەکە هیچ کاریگەری ناخاتە سەر هاتنەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بانگ لەوە دەکات کە خۆی دێت، ئەی کەواتە بانگ لێکردنەکە چییە؟

**ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!**

**ئێمە تامەزرۆی ئەوەین بە ڕۆژ تەماشا بکەین**

بانگکەرەکان دەڵێن، ئەوان خودی خۆشیان بەرەو پیری (هاتووەکە) دەچن. ئایا بۆچی وا دەڵێن؟ ئەی ئەوانە کێن کە بانگ دەکەن؟ هەڵبەت لە دێڕەکانی سەرەتای شیعرەکەدا وەڵامی ئەوەمان دەست ناکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە هەر لە وشەکانی سەرەتایەوە پێوەندییەکی دیار بەوەوە خۆی والا دەکاتەوە بۆمان، کەواتە ئەو (ئاگر)ـە چییە کە بانگ دەکرێت؟

ئەو ئاگرەی دێت دەبێت وا لە ڕۆژ بکات شیاوی تەماشاکردن بێت. ئاگرەکە ڕۆژەکە دەهێنێتە دەر و بەرچاو، وا دەکات ڕۆژ دەرکەوێت. لێرەدا مەبەست لە (ڕۆژ) ئەو ڕۆژەیە کە ڕۆژانە تێیدا دەژین و دەیناسین، بۆیە ئەو ئاگرەی کە بانگ دەکرێت، هەر دەبێت بریتی بێت لە (خۆر). خۆر ڕۆژ بەڕۆژ هەڵدێت. ئەگەر ئەم شتە ڕۆژانە ڕوو نەدات، ئەوا ڕۆژ بوونی نەدەبوو، بەڵام کاتێک یەکێک هاوار لە شتێک دەکات بۆئەوەی (ئێستا) بێت، لەکاتێکدا ئەو خودی خۆی بەڕێوەیە بێت، ئەمە شتێکی بێهوودە و بێفەڕە،



**هۆیلدەرلین**

بەڵام خودی ئەم (ئێستا وەرە)یە ناواخنێکی زۆرتری هەیە. بانگەکە دەڵێت: ئێمەی بانگکەر ئامادەین، بەڵام لەو بانگ لێکردنەدا شتێکی تریش خۆی حەشار داوە: ئێمە ئامادەین، لەبەرئەوەی خودی ئەو ئاگرەی دێت ئێمە بانگ دەکات، واتە لێرەدا بانگکەرەکە هەم دەبێتە بانگ کراوەکە، و هەمیش بانگ لێکراوەکە. ئێستا ئەمە بە مانایەکی تر واتە: ئێوە بۆ بیستن بانگ کراون، چونکە ئێوە دەستنیشان و دیاری کراون Bestimmten . ئەوانەی لەناو دیاریکردن و تەرخانکردن و ئامادەباشیدا بانگیان لێ دەکرێت، پێیان دەگوترێت دیاریکراوەکان Berufenen (بیروفونگ مانای تەعینکردن، دیاریکردن، بانگکردن بۆ دامەزراندن لەسەر کار، بۆ تەرخانکراو دێت، واتە کەسێک بانگ دەکرێت بۆ دانانی لەسەر ئەرکێک).

ئایا لێرەدا مەبەست لە چ دیاریکردن و دانانێکە؟ لەهەمان ئەو ماوەیەی ئەم شیعرەی هۆیلدەرلین-ی تێدا دەرکەوتووە، یەکێک لە شیعرەکانی تریشی کۆپلەیەکی تێدایە بەم جۆرە:

**کەنارەکانی ڕووباری گەنگا**
**شادی سەرکەوتنەکانی خودایان دەبیست،**
**وەک هەموو شت زەوتکەرێک لە ئیندوسەوە هاتبێت**
**باخۆسی لاو**
**بەشەرابی پیرۆزەوە هات**
**تا گەلان لەخەو وەئاگا بهێنێتەوە.**

هەم لێرەدا و هەم لە سروودەکەی ئیستەردا دەستەواژەی (لە ئیندوسەوە هاتووە) ماناکەی لە ئاراستە پێچەوانەکەیدایە.

ناوی باخۆس (خودای شەراب) هێنراوە، کە شاعیران بریتین لە قەشە پیرۆزەکانی. لەم شیعرەیاندا کە باسی گەشتی باخۆسی باڵا دەکات بۆ وەئاگاهێنانەوەی گەلان، ناوونیشانی ئەو شیعرە بریتییە لە (پیشەی شاعیر). بانگەوازی: (ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!) بانگ کراوەکە بانگ دەکات. دەستنیشانکردنەکەیان بریتییە لە گۆرانی، واتە لە شیعر. لێرەوەیە بانگکەرەکان لەبارەی خۆیانەوە دەڵێن:

**ئێمە گۆرانی دەچڕین**
**بەڵام لە هیندوسی دوورەوە هاتووین.**

تەنیا ئەوانەی بۆ دەستنیشان کردنێک بانگ دەکرێن، دەتوانن بەدروستی بانگ بکەن: وەرە. تەنیا ئەم بانگە بانگ کراوە زەرووڕەتی ڕاستەقینەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. ئەم بانگەوازە تاناکۆتا بەجیاوازی دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە کوێرانە پێی دەڵێین (هاوار بەڕووی دەرەوە)، بەڵام هێشتا ئەوە ماوەتەوە، کەوا ئەو ئاگرەی بانگی دەکەن، ئەگەر بریتی بێت لە خۆر، نەک هەر لەخۆیەوە دێت، بگرە ئەو بێ پسان و بێ وەستان و بێ سنووردارکردن هەموو ڕۆژێک دێت. لەبەرئەوەیە ئەم (ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!).

ماناکەی لە وشەی (ئێستا)دایە. وەک ئەوەی هەڵهاتنی خۆر لەڕەوتی پێدراوەکاندا شتێکی کەمێک نامۆ و سەیر بێت، بەڵام لە هاتنی ڕۆژەکاندا هەڵهاتنی ڕووناکییەک کە بەلایەنی کەمەوە دەتوانێت ڕۆژێک لە یەکێکی تر جیا بکاتەوە. لە بەدواداهاتنی شەو و ڕۆژدا هەڵهاتنی خۆر ئاماژەیە لەسەر دووبارەگەڕانەوەی هەمان خاڵی زەمەنییانە، ئەگەرچی ڕۆژێکی ترە. (ئێستا)یەک، کە لەگەڵ داهاتنی ڕۆژەکەدا ئیتر لەبیر دەکرێت و دەچێتەوە ناو ڕۆتینەکانی ڕۆژەوە.

لە سەرەتای شیعرەکەدا ئەستێرەیەک دەرکەوتووە، کە پێ دەچێت ئەمە لەناکاو هەڵهاتبێت، ئەو ئەستێرەیە بەسەر هەموو شتێکدا دەدرەوشێتەوە. ئەم (ئێستا)یە، وشەیەکە جەخت لێکردنەوەیەکی دیاری هەیە، کاتێک دەڵێت: (ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!).

ئەم جەختکردنەوەیە لە (ئێستا)دا تاکە دەنگی ڕاستەقینەی بەخشیوەتە شیعرەکە. ئایا بانگکردنەکە مەبەستی لە چ ئێستایەکە؟ ئەم ئێستایە، کەیە؟ یان کەی بووە؟ هەڵبەتە ئەم (ئێستا)یە زەمەنی بانگکردنی دەستنیشان کراوەکان ناو دەنێت بە زەمەنی شاعیران. زەمەنێکی وەها بەوە دیاری دەکرێت کەوا، شاعیرەکان لەناو شیعرەکانیاندا بۆ شیعر هۆنینەوە دەستنیشان کراون.

بەڵام ئەرێ ئەم- شیعر هۆنینەوەیە چییە؟ شیعرهۆنینەوە چۆن ئەوەی پێ دەکرێت کات دیاری بکات، (ئێستا)یەک دەستنیشان و دیاری بکات؟ هۆنینەوە - بەلاتینی دیکتارە dictare - واتە نووسین، بۆ نووسینیش دەبێت پێشوەخت وتن هەبێت، واتە شتێک بگوترێت کە لەوەوبەر شتی وا نەگوترا بێت. لێرەوەیە دەستپێکی ئەوە خۆی دەکەوێتە نێو گوتراوە شیعرییەکانەوە، کەواتە پێ دەچێت شتێکی وەها هەبێت لەشێوەی زەمەنێک کە لەشیعرەوە دیاری کرابێت و هەرلەویشەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوە زەمەنی شاعیرانەیە.

ساتەوەختی ئەوان بە ڕۆژژمێر دیاری ناکرێت و دیاریکردنی ڕۆژ نایانگرێتەوە، ئەگەرچی وەک هەمیشە باوە، دەکرێت ئێمە ساڵ و ڕۆژ، تەنانەت کاتژمێرەکانیش بخەینە ناو ژمارەی ئەژمارکردنی ئەو کاتەوەی کە شیعرێکی تێدا نووسرا بێت، یان تەواو کرا بێت، بەڵام ئەم ڕیزبەندییە کاتییانەی کردە شیعرییەکە بریتی نییە لەهەمان، یان لە خودی ئەو کاتەی کە ماوەی زەمەنی شتە بەشیعرکراوەکەیە. سەرباری ئەمەش، دیسانەوە کاتی شیعری هەمیشە جیاوازە و هەریەکەیان بەپێی جۆری کرۆکی شیعرەکە و شاعیرەکەیە، چونکە هەموو هۆنراوەیەکی جەوهەری، (سەرلەنوێ) خودی جەوهەری شاعیرەکە دەهۆنێتەوە، ئەمەش بۆ شیعرەکانی هوێلدەرلین مانایەکی تایبەتمەندی هەیە. بۆ (ئێستا)ی شیعرەکەی هوێلدەرلین بەروارێکی ڕۆژژمێرئاسا بوونی نییە، بگرە لێرەدا ئەو بەهیچ جۆرێک پێویستی بە ڕێکەوتی نووسین نییە، لەبەرئەوەی ئەو (ئێستا)یە هەم خۆی بانگ کراوەکەیە و هەم هەرخۆیشی بانگ کەرەکەیە، لە مانایەکی بنەڕەتییانەشدا، ڕێکەوتی نووسینی دەیەوێت ئەوە بڵێت: پێدراوێک، خەڵاتێک، لەڕێی دەستنیشان کردنەوە بدرێت.

لێرەدا ئەم شاعیرە بانگکەرانە، ئەم (ئێستا)یەیان بە تۆپزی و بەزۆر لە لیستەکەی خۆیان هەڵ نەبژاردووە و دانەناوە، بەڵکوو ئەم (ئێستایە)یان وەکوو زەمەنی خۆیان پێیان دراوە. لەبەرئەوەیە کە ئەم (ئێستا)یە، هیچ (مێژووییانە) نییە، وەکوو ئەوەی بڵێین ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین پێدراوە ناسراوەکانی مێژوو بەپێی ژمارەکانی مێژوو دیاری بکەین و لەم ساتەوەختەدا (ئێستا)ی شیعرەکە بخەینە نێو پێوەندییەکی ئەژمارکراوییەوە، بۆچیش هەوڵیکی وەها دەبێت مایەپووچ بێت، هەڵبەتە یەکسەر ناتوانین دەرک بەوە بکەین.

هەروەها ئەوەش شتێکی تەواو جەوهەرییانەیە، کەوا سەرەتا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، چۆن ڕاستەوخۆ ناوهێنانی ئەم (ئێستا)یە و (کات) بەشێوەیەکی گشتی سەر بە (زمانی) سروودەکەی هوێلدەرلینن. لە سروودی یەکەمیاندا (وەک لەڕۆژی پشوودا...) شاعیرەکەمان دەڵێت:

ئێستاش ئیتر وا ڕۆژبووەتەوە! من بە بێزووییەکەوە چاوەڕوانیم دەکرد، تاوەکوو هات.

لێرەشدا دیسانەوە وشەی (ئێستا) لەپێوەندیدا بە مەسەلەی ڕۆژبوونەوەی ڕۆژ، هەروەها لەپێوەندیدا بە هاتنی ڕۆژەوە هاتووەتەوە.

**ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!**

ئەم دەستنیشانکردنەی (ئێستا) داخوازی ئەوە دەکات، کەوا ئێمە لە ناو ئەم وشە کاتدارییەدا، گوێبیستی شتێکی تایبەتمەند دەبین و چاوەڕێی ژمارەگەلێکی زۆری شاردراوەی کاتە شیعرییەکە و حەقیقەتەکەی دەکەین. دەستەواژەی (ئێستا وەرە) وا دەردەکەوێت لەئێستایەکەوە قسە بۆ داهاتوویەک بکات، بەڵام سەرەتا لەناو (ئێستا)یەکدا دەدوێت کە بەکردەوە ڕووی داوە، کە دەڵێت: شتێک خۆی یەکلاکردووەتەوە و لەپاڵ ئەمەشدا ئەوەی (ڕووی داوە)، بەتەنیا ئەو هەموو پێوەندییەکانی بەوەی کە (دێت) هەڵگرتووە. وشەی (ئێستا) ناو لە ڕوودان دەنێت. بەناوهێنانی (ئێستا) لە دێڕی یەکەمدا کۆپلەی یەکەمی سروودەکە دەست پێ دەکات و هەر بەمەش هەموو ڕووداوەکە ڕوودەدات، دواتر لەهەمان کۆپلەدا وشەی (ئێرە) هاتووە:

**بەڵام ئێمە دەخوازین ئێرە ئاوەدان بکەینەوە.**

ئەم دێڕەی ناو کۆپلەکە بڕیاری خۆ یەکلاکردنەوەیە، بەڵام ئەم (ئێرە)یە لەکوێیە؟ ئایا ئەم (کوێ)

یە بەچی دیاری و پێناس دەکرێت؟ ئەی ناوی چ شوێنێک هێنراوە؟

**بەڵام ئێمە لە ئیندوس و ئەلفیۆسی دوورەوە هاتووین و گۆرانی دەچڕین.**

(ئیندوس) و (ئەلفیۆس) ناوی ڕووبارن، یەکەمیان هی وڵاتی هیندستانە و دووەمیان هی وڵاتی گریکەکانە. ئەو بانگکەرانە لەو ڕووبارانەوە هاتوون، ئەی گەیشتوونەتە کوێ؟ شوێنەکە، واتە ئەم ئێرەیە، ڕاستەوخۆ یەکلا نەکراوەتەوە کە لە ئێرەوەیە، بەڵام ئەم (ئێرە)یە دیسانەوە لەڕێی ڕووبارەکەوە دەستنیشان دەکرێت:

**بەڵام ئێمە دەخوازین ئێرە ئاوەدان بکەینەوە**
**چونکە ڕووبارەکان خاک بەپیت دەکەن**

لەو ڕووبارەی کە لە ڕووبارە دوورەکانەوە هاتووە، دەخوازین ئاوەدانی بکەین. دەستپێکی کۆپلەی دووەم پێمان دەڵێت، لە پاڵ کام لەو ڕووبارانەی کە هاتوون، دادەمەزرێن.

ئەمەیان ناوناوە بە ڕووباری ئیستەر.

ڕۆمەکان بە دۆناوی خواروویان دەگوت (ئیستەر)، کەچی گریکەکان تەنیا بەشی خوارووی ئەو ڕووبارەیان دەناسی، بەڵام ڕۆمەکان بە دۆناوی سەروویان دەگوت (دانوبیوس). وەک دواتر پیشانمان دەدات، هوێلدەرلین بەشی ژووروی ڕووباری دۆناو، بە ناوە گریکی- ڕۆمییەکەوە بۆ بەشی خوارووی ڕووبارەکەش، ناودەنێت، وەکوو ئەوەی بڵێت بەشی خوارووی دۆناو دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکەی سەرەوەی، واتە بۆ سەرچاوەکەی خۆی بگەڕێتەوە.

کاتێکیش یەکەمین بڵاوکەرەوەی ئەم سروودە، نۆربەرت ڤۆن هێلینگرات، ناوونیشانی (ڕووبارەی ئیستەر) لەم هۆنراوەیە دەنێت، ئەوە دروست ڕووی داوە. هەڵبەتە ئەم هۆنراوەیە هەروا بەڕێکەوت و بێ هۆ ناوی ئەو ڕووبارە ناهێنێت، بەڵکوو ئەو خۆی دەڵێت کە دەربارەی ئەو ڕووبارەیە. ڕاستییەکەی شتەکە هەروەها بووە، بۆیە ئەو ناوونیشانە هەماهەنگی ئەو ناوونیشانەیە کە هوێلدەرلین خۆی داوێتی بە سروودێکی تری، کە بریتییە لە سروودی (ڕووباری ڕاین)، بگرە ئەم ڕووباری (ڕاین)ـەش لەناو ئەم سروودەی (ئیستەر)یشدا ناوی هاتووە، نەک هەر وەک ڕووبارێکی دڵخواز، بەڵکوو وەکوو (ئەوی تر)، واتە ئەوی تری بەرانبەر ڕووباری (دۆناو). سروودی دۆناو و سروودی ڕاین لە پێوەندییەکی شیعری نێوەکیدان لەگەڵ یەکتریدا، بۆیە دواتر کە ئەو سروودەیان ناونرا بە سروودی ئیستەر، دەبێت خۆشبەختانە بیناسێنین، ئەمە جگە لەوەی هوێلدەرلین سروودێکی تریشی بەناوونیشانی (لەسەر سەرچاوەی دۆناو) لەسەر نووسیوە.

## ڕووباری ئیستەر

**هوێلدەرلین**

**ئێستا وەرە، ئەی ئاگر!**
**ئێمە تامەزرۆی**
**ئەوەین لە ڕۆژدا تەماشا بکەین.**
**ئەگەر ئەوەمان بەتەواوەتی تاقی کردەوە،**
**ئەوسا،**
**ڕەنگە یەکێک گوێبیستی هاواری دارستانەکە بێت.**
**بەڵام ئێمە لە دوورەوە، لە ئیندوس و لە ئەلفیۆس-ـەوە،**
**هاتووین و گۆرانی دەچڕین.**
**ئێمە لەمێژە بەدوای شتە شەنگەکەدا دەگەڕێین،**
**کەس ناشێت بە بێ باڵ بتوانێت**
**خۆی بگەیەنێتە ئەوەی تر و**
**یەکەوڕاست، خۆی بگەیەنێتە بەری ئەوبەر،**
**بەڵام ئێمە دەخوازین ئێرە ئاوەدان بکەینەوە،**
**چونکە ڕووبارەکان خاک بە پیت دەکەن.**
**کاتێک گیایەکان گەشە دەکەن و**

له هاویندا ئاژەڵەکان
دێن و لێی دەخۆنەوە،
مرۆڤەکانیش هەروەکوو ئەوان دەکەن.
ئەم ڕووبارە پێی دەوترێت ئیستەر.
ئەو هەڵکەوتەی شوێنێکی جوانە. گەڵای دارەکان
دەبریسکێنەوە و
دەلەرێنەوە. دارەکان توند و قنج
له نێو یەکتریدا ڕاوەستاون؛ سەبارەت بەوەش
ئاستی دووەم، لەبەردەمدایە، هەروەک
سەریانە بەردینەکە.
ئەوەش من هێندە سەرسام ناکات،
که ئەو وەک میوان بانگهێشتی هێرکولیسی کردووە و
له دوورەوە دەدرەوشێتەوە بۆ خوارەوە بەسەر
ئۆلۆمپۆس دا،
بەهۆی ئەوەی ئەو له ئیستموسی گەرمەوە هاتووە
بەدوای سێبەردا دەگەڕێت،
چونکە پڕ بوون له بوێری،
بەڵام ئەوانیش، لەبەرخاتری ڕۆحیان،
پێویستیان بە فێنکاییە، هەر بۆیە هەموو
عاشقێک پێی باشتر بوو کۆچ بکات
بەرەو کانیاوەکانی ئێرە و کەنارە زەردەکان،
سەرەوە بۆنوبەرامەیەکی زۆری هەیە و
له دارستانی دارکاجە ڕەشەکان، که له قووڵاییەکەیدا
ڕاوچییەک، نیوەڕۆیان، حەزی له گەشتکردنە.
بەدارە بنێشتاوییەکانی ئیستەرەوە
هەست بە گەشەکردن دەکرێت،
بەڵام وادیارە بەرەو پاشەوە دەچێت،
مەبەستم لەوەیە، دەبێت ئەو
له ڕۆژهەڵاتەوە هاتبێت.
لەو بارەیەوە شت دەگوترێت و دەپرسرێت
بۆچی بەچیاکانەوە گیرساوەتەوە؟
کەچی ڕووبارەکەی تر، مەبەستم
ڕووباری ڕاین-ـە، بەرەو لاتەنیشت دوورکەوتووەتەوە.

ڕووبارەکان بێ هۆ بەناو وشکاییەکاندا ناڕژێن،
بەڵام چۆن؟
واتە ئەوان دەبێت بهێنرێنە زمان.
ئەوەش پێویستی بە نیشانەیەکە و
هیچی تر نا، خراپ و ڕاست، تاوەکوو خۆر و
مانگ بێ جیاکردنەوە له دەروونیدا هەڵبگرین و
بەردەوام بین، ئەوسا بە شەو و ڕۆژیش،
ئاسمانییەکان هەست بە گەرمی یەکتر دەکەن.
بۆیەکا ئەوان
دڵخۆشکەری بەرزترینەکانن، ئەگەرنا ئەو چۆن دەهاتە
خوارەوە؟
منداڵەکانی ئاسمان
هەروەکوو دایەزەوی سەوز دەکەنەوە،
بەڵام ئەو زۆر ئارام دەرەکەوێت بۆم،
ئازادتر نییە، بەڵکوو زیاتر نزیکە له گاڵتەکردنەوە،
واتە ئەگەر
ڕۆژەکە دەست پێ بکات
له گەنجیدا، کاتێک ئەو دەست بە گەشەکردن دەکات،
کەسێکی تر لەوێدا
شکۆمەندی بەرز ڕادەگرێت و جڵەوی جوانووەکەی
گرتووە،
له دوورەوەش جووڵەی هەوا دەبیستێت،
ئەو ناشادە،
بەڵام ئەو پێویستی بە کەلێنی نێو تاشەبەردەکانە و
لۆچەکانیش بە زەوی،
ئەگەرنا بەیەکجارەکی دەبێتە وشکایی؛
بەڵام ئەوەی داخۆ ئەو ڕووبارە چی دەکات،
ئەوە، هیچ کەس نازانێت.

* سەرچاوە:
Martin Heidegger Gesamtausgabe. Band 33. Holderluns Hymne Der Ister.

# مەحموودی دەوڵەت ئابادی

لە فارسییەوە: خالید فاتیحی
(ڕانیە)

### "ژیاننامە"
### دەورانی منداڵی و مێردمنداڵی

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠کوڕێک لە گوندی (دەوڵەت ئاباد)ی سەبزەواری خوراسان لە دایک بوو. ناویان لێنا، مەحموود. ئەو منداڵە کوڕی (عەبدولڕەسووڵ و فاتمە) بوو. باوکی مەحموود بێجگە لە فاتمە، دوو ژنی دیکەشی هەبوون. مەحموود یەکەم منداڵی فاتمە و چوارەم منداڵی عەبدولڕەسووڵ بوو. باوکی جووتیار بوو، ئاشنایییەکی باشی لە گەڵ شیعری شاعیرانی کلاسیکدا هەبوو، لەوانە حافز و فردەوسی و سەعدی.

مەحموود دەورانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مەسعوود سەعدی سەلمانی دەوڵەت ئاباد) بەسەر برد. بنەماڵەیەکی هەژار بوون، بۆیە هەم دەیخوێند و هەم کاریشی دەکرد، ناچاربوو کارگەلێک بکات کە لە توانایی خۆیشی بەدەربوو. لەوانە، شوانی، پینەدۆزی، شاگردی پاسکیل سازی، کرێکاری لە کارخانەی پەمۆ، سەرتاشی و کرێکاری چاپخانەو... ئەوانە بەشێک لەو کارانە بوون کە مەحموود لە دەورانی ژیانیدا کردوونی تا بژێوی خۆی پێ دابین بکات.

### دەوڵەت ئابادی و شانۆ

مەحموود، لە سەرەتای دەورانی گەنجی نەخۆش دەکەوێ و بۆ چارەسەر دەچێتە مەشهەد، پاشان لەگەڵ باوکی و دایکی دەگەڕێنەوە،


ئەوجا بە شێوەیەکی کاتی دەچێت بۆ تاران و ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا دەست دەکات بەهەندێک کاری جۆراوجۆر، لەوانە کرێکاری چاپخانە لە بەشی پیت چنین، ئەوجا دوای ساڵێک دەگەڕێتەوە سەبزەوار و لە ساڵی ١٩٥٨ بە مەبەستی دامەزراندنی لە سوپا دەچێتە بەشی فێرگەی سەربازی مەشهەد. بۆخۆی دەڵێت لەو سەفەرەدا لەگەڵ دیاردەیەکی بەناوی (شانۆ) ئاشنا بووم، پاشان دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی چێخۆف و سادقی هیدایەت.

ئەو لە سەرەتای گەنجێتیدا کاری کردووە و ڕەنج و کوێرەوەری زۆری دیتوون، بەڵام دەتگوت ئەدەبیات بووەتە هەوێنی کێشەکانی، هەرچەندە مەرگی باوکی و براکەی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەستی دانابوو، سەرەڕای هەژاری و نەبوونی، هەروەکوو خۆی دەڵێت: (بیرم لە نووسین و ئەدەبیات دەکردەوە.)

لە ساڵی ١٩٦٠بۆ ناونووسین لە بەشی شانۆی ئاناهیتا، دووبارە دەگەڕێتەوە تاران. لە کاتێکدا بەدوای کارێکی تازەدا دەگەڕا، چاوی بە ئاگادارینامەیەک کەوت لە (شانۆی پارس) لە شەقامی لالەزار. لەوێ بە کرێکاری پشتی پەردە دادەمەزرێ. کارەکەی ژیانی ئەوی گۆڕی، لەبەرئەوەی بەرەبەرە لەگەڵ تێکڕای کارەکانی شانۆ ئاشنا بوو، هۆگرییەکی زۆریشی بۆ کارەکەی هەبوو. لەوێ بەشەکانی پلاندانان و خوێندنەوە و سۆفلوری (١) بە ئەستۆگرت.

لەجیاتی ئەوەی بچێتە فێرگەی ناونووسی شانۆ، لەخۆڕا دەچێتە شانۆی (پارس) لە لالەزار و دەبێتە ڕاگەیەنەری بەرنامەکان. بۆخۆی دەڵێت هەر لە هەمان کاتدا کەڵکەڵەی نووسین لە مێشکیدا چرۆ دەکات و هەمان ساڵ شانۆنامەی (تەنگانە) دەنووسێت.

لە ساڵانی شەستەکانی زایینی، دەوڵەت



مەحموود دەوڵەت ئابادی

ئابادی لەگەڵ شانۆ ئاشنا دەبێت و بۆ ماوەی ساڵێک لەو بوارەدا دەخوێنێ و پلەی یەکەم بەدەست دێنێ، پاشان لە چەندان شانۆ و فیلمدا ڕۆڵ دەگێڕێ.

لە ساڵی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٤شانۆ و چیرۆکنووسیی شانبەشانی یەک، مێشکی دەوڵەت ئابادییان داگیر کردبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ دنیای شانۆ و نواندن بەجێ دێڵێ.

ئەو فیلم و شانۆیانەی مەحموودی دەوڵەت ئابادی ڕۆڵی تێدا گێڕاون:

(شەوە سپییەکان)ی دەستۆیڤسکی، (قورعە بۆ مردن) واهە کاچا، (ئینس مندۆ) تانیا، (تێرامانێک لە پرد) ئارسەر میلەر، (شاری زێڕ) عەباسی جەوانمەرد، (چیرۆکی جادوو و حەریر و ماسیگر) نووسینی عەلی حاتەمی، (میوانداری بووکەڵەکان) نووسینی بەهرامی بەیزایی، سێ شانۆنامەی پێکەوە لکێنراو (مەرگ لە پاییزدا) نووسینی ئەکبەری ڕادی، (ئارەزوومەندەکان) نووسینی نەسرەتی نەویدی، (ڕووداوی دەروێشی) نووسینی ئارسەر میلەر، (ڕوخسارەکانی سیمۆن مارشار) نووسینی برێخت، (لە ناخەوە) نووسینی مەکسیم گورکی، ڕۆڵێک لە فیلمی (مانگا)، نووسینی غولام حسێنی ساعدی و دەرهێنانی داریوش مێهرجوویی.

## کاری نووسینی مەحموودی دەوڵەت ئابادی

ساڵی ١٩٦٦ مەحموودی دەوڵەت ئابادی لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو یەکتری دەناسن. لە پاڵ کاری نواندن، دەست دەکات بەکاری نووسین و یەکەم بەرهەمی لە گۆڤاری (ئاناهیتا) بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ غولام حسێنی ساعدی یەکتری دەناسن، ئەوکات ساعدی باشترین پێوەندی لەگەڵ ئیدارەی شانۆی وەزارەتی فەرهەنگ و هونەردا هەبوو، هەموو شانۆنامەکانیشی لەلایەن وەزارەتەوە دەکرپدران و لەلایەن تیپە جۆراوجۆرەکانەوە نمایش دەکران. لە ڕێگای پێوەندی ساعدی وەکوو شانۆکار لە ئیدارەی شانۆی وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر دامەزرا.

## کۆمەڵەچیرۆک

دوای (نیوەشەو) بەم شێوەیە ئەو چیرۆکە درێژانە (نۆڤلێت)ی نووسی: (هەژاری) (لەپەنا منارەی ئیمامزادە)، (کۆچی سولەیمان)، (سێبەرەماندووەکان)، (دەشتەکی).

## ڕۆمان

(سەفەر)، (ئەفسانەی باوەسوبحان)، (گاوان) ١٩٧١ (جێگای بەتاڵی سلووچ)، (عەقیل عەقیل) ١٩٧٤ (لە خەمی چەنبەر) ١٩٧٧ (کلیدەر)، (ڕۆژانی بەسەرچووی خەڵکانی بەساڵاچوو)، (پاس)، (خەڵوە)، (ئەوماینە یاڵ سوورانە)، (سرووتی سەربڕین) و (کۆلۆنێل).

شانۆنامە

(تەنگانە) (باشبیرۆ) و (قەقنەس).

## کۆمەڵەوتار

(ناچاری و هەڵاوێردنی هونەرمەند)، (قۆناغی گشتی هونەر و ئەدەبیاتی ئێستا).

## سەفەرنامە

دیدەنی بەلووچ (٢). سەفەرنامەیەکی کورتە، نووسەر لە سەفەرێکدا بۆ زاهیدان و دەوروبەری کردوویەتی.

بەرهەمەکانی مەحموودی دەوڵەت ئابادی بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراون، لەوانە: ئینگلیزی، ئەڵمانی، سوێدی، عیبری، ئیتاڵی، هۆڵەندی، چینی، کوردی و عەرەبی.

## شێوازناسی

سەبکی بەرچاوی دەوڵەت ئابادی ڕیالیستییە؛ یانی دەربڕینی تەواو و ڕاستی ڕووداوێک، وەسفی کەسایەتییەک، یان جێگایەک. ئەو بە سوودوەرگرتن لەو شێوازە، بە جوانی چیرۆکەکانی دەگێڕێتەوە؛ تا ئەو جێگایەی لە هەندێک جێگادا وا هەست دەکەی فیلمێک دەبینی. کاتێک وەسفی کەسایەتییەک دەکات هێندە بە وردی و سەرنجەوە باسی دەکات کە دەڵێی پێشتر ئەو کەسایەتییەم لە جێگایەک دیتووە.

بەرهەمەکانی دەوڵەت ئابادی زیندوون، گیانیان بە بەرداکراوە و لە خێراترین کاتدا دەچێتە ناو هەستی خوێنەرەوە. ئەو دەڵێ زمانی نووسینەکانم لە (بێهقی) (٣) وەرگرتووە، ئەوەش لە سادەیی و دڵگیری قەڵەمی ئەودا دەبینرێ، هەروەها لە بەرهەمەکانیدا سوودی زۆری لە زمان و ئیدیۆم و پەندی پێشینیان وەرگرتووە کە جوانی بە بەرهەکانی دەبەخشێ.

## ڕۆڵی گوند لە بەرهەمی (دەوڵەت ئابادی)دا

دەوڵەت ئابادی کە دەورانی منداڵی لە گوندی بەسەربردووە، بە جوانی توانیویەتی سوود لە

ئەزمـوون و ڕووداوەکانی ژیانـی لـە گونـد وەربگرێ و بیانخاتــە نــاو قاڵبـی چیـرۆک و ڕۆمانەکانـی و لەوبوارەشـدا بـە ڕۆمانـی گونـدی هەژماردەکرێـن.

ئـەو توانیویەتـی سـادەیی و سـەبر و قەناعـەت کـە یەکێکـە لـە تایبەتمەندییەکانی خەڵکانی لادێ، بـە جوانـی لـە خەیاڵـی خوێنـەردا بینەخشـێنێ. هــەژاری و ناهۆشــیاری یەکێکــی دیکــە لــەو بابەتانــەن کــە دەوڵــەت ئابــادی هەوڵــی داوە لــە چوارچێـوەی چیرۆکەکانیـدا تیشـکیان بخاتەسـەر. لــە هەمــوو ســەرگەردانی و ئازارەکانــدا هــەوڵ دەدات وا لــە خوێنــەر بــکات، دەکـرێ تیشـکی ئومێـد ببینـێ. هەمـان ئومێـدی کـە هەمیشـە لـە سروشـتی لادێـدا هەیـە.

## (نیوەشەو) یەکەم بەرهەمی مەحموودی دەوڵەت ئابادی

«نیوەشــەو» یەکــەم چیرۆکــی (مەحمــوودی دەوڵــەت ئابادی)یــە کــە لــە ســاڵی ١٩٦٢لــە تــاران چاپـی کـردووە. چیرۆکەکـە دەربـارەی کەسـایەتی (کەریم)ــە کە کارەکتـەری سـەرەکی کتێبەکەیە و لە کووچەوکۆڵانەکانـی تاراندا دەخولێتـەوە، لـە هەمـان وەسفی کە باسی کەریم دەکات ئـەو جێگایـەی کە لێـی دەژی، هــەژاری بەرۆکـی کۆمەڵگـەی گرتـووە، دەخوێنینـەوە. کەریـم کـە بۆخـۆی لـە هەنـاوی ئــەو کۆمەڵگەیــە گەورەبــووە و هەژارییــش بەرۆکــی گرتـووە، بۆخـۆی بەهـۆی هێـزی ئـەو بیرکردنەوەیەی، خـۆی لـە خەڵکانـی شـار بـەدوور دەبینـێ. لـە بەشـێکی کتێبەکـەدا کـە گفتوگۆیەکـی دەروونـی کەریـم دەخوێنینـەوە: «لـە دنیـادا تەنیـا شـتێک- لـە کاتێکـدا خاوەنەکـەی ناسـیبێتی و گرنگییەکـەی زانیبــێ- ناتوانـی بیرفێنـی، یـان بـە شـێوەیەک بـە تـاڵان بیبــەی ئەویـش بیرکردنەوەیـە، چونکـە بیرکردنــەوە بەبــێ ئیــرادەی مــرۆڤ لــە دەرەوەی خاوەنەکـەی ناتوانـێ هەبـێ، بـەڵام ئایا دەکـرێ کـە مـرۆڤ هەمیشـە لەگـەڵ خـۆی و بیرکردنەوەیـدا بژی؟ خۆراکـی لێوەربگـرێ، یـاری لەگەڵدابـکات، خۆشـی بـوێ، ڕقـی لێـی بێتـەوە و لـە خەڵکیشـی بپارێـزێ؟ ئاخـر لـەو هەموانـە، ئـەوکات چـی لـێ دەکات؟ لـە چ بوارێکـدا سـوودی لێوەردەگرێـت؟ مەگـەر ئـەوەی بـۆ بەکارهێنــان و کەڵــک لێوەرگرتــن ڕێڕەوەکــەی بـۆ دەرەوە بگـۆڕێ؟ ئـەوکات ئـەو دەرەوەیـە کـوێ دەبـێ؟»

## کورتە چیرۆک

زیاتــر دەوڵــەت ئابــادی بــە ڕۆمــان و قەڵەمــی ڕیالیســتی دەناســین، بــەڵام پێویســتە بزانیــن کــە ئــەو چیرۆکــی وەکــوو «نــان و قەڵــەم» و «بنیادەم»یشی هەیـە. نان و قەڵـەم کۆمەڵێک لە نووسینی ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩٥)ـە گێڕانەوەیەکی دژوارە کـە بـۆ نووسـینی گرتووەتەبـەر.

(بنیـادەم)، پێکهاتـووە لـە شـەش کورتەچیرۆکی کۆمەڵایەتـی کـە زیاتـر فـەزای شـار بەسـەریدا زاڵـە. لـەو کتێبـەدا کەسایەتی دانـان و گێڕانـەوەی جیـاواز لـە دەوڵــەت ئابـادی دەبینیـن کـە خـۆی لەخۆیـدا جێگـەی تێڕامانـە. دەربـارەی ئـەو کورتـە چیرۆکانـە دەڵێـت: «هـەر لـە سـەرەتای کارەوە گوتـم کـە نووسـینی کورتەچیـرۆک، کاری مـن نییـە. ئـەو هونـەرە مەزنـە کافـکا هەیبـوو، فۆڵگانـگ هەیبـوو، دەیتوانـی هەیبـێ کە لـە هەمان «ژوور و لەبـەر دەرگا» گیانـی سـپارد و هەرخەمی ئـەوم نییـە، لەویـش زیاتـر چێخـۆف هەیبـوو کـە سـەرەنجام لـەو ژوورە ساردەدا، خوێنـی دادەنا.»

## کلیدەر درێژترین ڕۆمانی ئێرانی

کلیـدەر درێژتریـن ڕۆمانـی ئێرانییـە و بەرهەمـی ١٥ســاڵ کۆششــی دەوڵــەت ئابادییــە، بــۆ بەرهەمهێنانــی ئــەو بەرهەمــە، لــە دووتوێــی دە بـەرگ و سـێ هـەزار لاپەڕەیـە. لـەو ڕۆمانـەدا کـە

بە ڕۆمانی لادێیی دادەنرێ، ژیان و کوێرەوەری خەڵکی لادێی لە قاڵبی وشەدا وێنەکێشاوە. هەڵبژاردنی کەسێتی بەهێزترین تایبەتمەندی ئەو کتێبەن کە لە چوارچێوەی شەست کەسایەتیدا لەو کتێبەدا دەبینین. بەهۆی تێڕوانینی بۆ ڕووداوەکانی کۆمەڵگە و گۆشەیەک لە مێژوو نیشان دەدات و هەمان شت بووەتە هۆکار تا کلیدەر تەنیا ڕۆمان و ڕووداوێک نەبێ، بەڵکوو لەگەڵ خوێندنەوەی بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بگەڕێیتەوە و لێکدانەوەی ژیانمەندی و ئەو سەردەمەی گوندنشینان هەڵبسەنگێنی، ئەوە بەهای کتێبەکە زیاتر بەرزدەکاتەوە. ڕاستییەکەی گێڕانەوەیەکی قووڵی پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتە.

دەوڵەت ئابادی دەربارەی کلیدەر دەڵێ: «پێموانییە هێز و وزەی ئەوەم هەبێ کارێکی باشتر و کامڵتر لە کلیدەر بکەم. کلیدەر لەبواری چەندایەتی و چۆنایەتی کامڵترین کاری منە، ڕەنگە لە زۆر جێگەدا لە تێڕوانینی خۆیشم زیاترە.

ئەحمەدی شاملوو دەڵێت: «کلیدەر لووتکەیەکە لە تەم چۆتەدەر.»

بزورگی عەلەوی دەڵێت: «ئەو کتێبە مێژووی سێ هەزار ساڵەی ئێرانی لەخۆگرتووە.»

## جێگەی بەتاڵی سلووچ گێڕانەوەی هەژاری

جێگای بەتاڵی سلووچ لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکرایەوە. باس لە ژیانی خێزانێکی هەژار دەکات، باوکە بڕیاردەدات ماڵ و منداڵی بەجێ بێڵێت، ئەوە سەرەتای چیرۆکەکەیە، بێگومان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و کوێرەوەری زۆرتر بۆ ئەندامانی خێزانەکە. کاتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار کە نووسەر سەرنجێکی وردی داوەتێ، هەوڵی داوە تا کێشەی گوندنشینان بخاتە ڕوو. لەسەرتاسەری کتێبەکەدا دەتوانی هەست بە سێبەری شوومی هەژاری بکەی و هەوڵ و کۆششی باوکان و دایکان بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکانیان لەو هەلومەرجە دژوارەدا بەرچاو دەکەوێ. ئەوەی لە کتێبەکەدا دەبینرێ کاریگەریی هەژارییە لەسەر مرۆڤ، کە هەتا ئیمان و ئینسانیەتی ئەو دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

## شێوازی بیسمیل کردن: یان (سرووتی سەربڕین) تازەترین بەرهەمی دەوڵەت ئابادی

«شێوازی بیسمیل کردن: یان (سرووتی سەربڕین) دوابەرهەمی بڵاوکراوەی مەحموودی دەوڵەت ئابادییە و گێڕانەوەیەکی جیاوازە لە جەنگ. ناوەجوانەکەی ئەو کتێبە بسمیل کردن (یان سرووتی سەربڕین) بە مانای قوربانی کردن و کوشتنە. دەوڵەت ئابادی لە هونەری ئاشنایی کردن بۆ نووسینی جەنگ هەڵیبژاردووە. ئاشنایی سڕینەوە، بەمانای تێڕوانینی نوێیە بۆ بابەت و ڕێنوێنی خوێنەرە لەگەڵ خۆیدا تا لە گۆشەیەکی نوێ بڕوانێتە ڕووداوەکە. لە نێوان جەنگ و لە نێوان دەسترێژی گوللەدا سەرچاوەیەکی ئاو هەیە کە بۆ دەست بەسەرڕاگەیشتنی هەردوولا پێویستە، لەوەی بۆچی نووسەر ناوی هەڵبژاردووە، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە گرنگی و مانەوەی ئەو پێکهاتە بەنرخەیە کە بە شێوەی نیشاندان و پەیوەست بوون بە ژیانی هەردووک لایە بە ئەو، بەڵام ئەوە تەنیا گێڕانەوەیەک نییە و لە فەزای دیکەشدا بە شێوەیەکی ڕوون بەدرێژایی مێژوو ئاماژە بۆ جەنگەکانی ئێران کراوە. کەسایەتییەکانی کتێبەکە ناوونیشانێکی تەواویان نییە و وا دێتە بەرچاو نووسەر لەو بێ ناسنامەیی کەسایەتییەکان بۆ نیشاندانی هەمەلایەنی بوون و جیهانی بوونی دیاردەی جەنگ و کاولکارییەکەی

کەڵکی وەرگرتبێ.

## خەڵاتەکان

- وەرگرتنی خەڵاتی زێڕینی بیست ساڵ چیرۆکنووسی بۆ تێکڕای بەرهەمەکان لەگەڵ ئەمینی فەقیری، ١٩٩٧.
- وەرگرتنی خەڵاتی یەڵدا بۆ تەمەنێک کار و چالاکی فەرهەنگی، ٢٠٠٣.
- وەرگرتنی خەڵاتی واو، ٢٠١١.
- وەرگرتنی خەڵاتی نێودەوڵەتی خانەی فەرهەنگی جیهانی بەرلین، ٢٠٠٩.
- بەربژێر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاسیایی، بۆ ڕۆمانی کۆڵۆنێل، ٢٠١١.
- بەربژێر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی مەن بوکر ئاسیا لە فیستیڤاڵی کتێبی سەنگاپوور، ٢٠١١.
- براوەی خەڵاتی ئەدەبی هۆشەنگی گوڵشیری بۆ تەمەنێک کار و چالاکی، ٢٠١٢.
- براوەی خەڵاتی ئەدەبیی میخالسکی سویسرا، ٢٠١٣.

## بەرهەمەکانی دەوڵەت ئابادی

١- سەفەر، ڕۆمان ١٩٦٨.
٢- ئەفسانەی باوەسوبحان، ڕۆمان، ١٩٦٨.
٣- لایەهای بیابانی، کۆمەڵە چیرۆک، ١٩٦٨.
٤- تەنگانە، شانۆنامە، ١٩٧٠.
٥- گاوان، ڕۆمان، ١٩٧١.
٦- کۆچی سولەیمان، چیرۆک، ١٩٧٢.
٧- باشبیرۆ، ڕۆمان، ١٩٧٢.
٨- عەقیل عەقیل، ڕۆمان، ١٩٧٢.
٩- لە خەمی چەنبەرەوە، ڕۆمان، ١٩٧٧.
١٠- دیدەنی بەلووچ، سەفەرنامە، ١٩٧٧.
١١- جێگای بەتاڵی سلووچ، ڕۆمان، ١٩٧٨.
١٢- کلیدەر، ڕۆمانی دە بەرگی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٨٤چاپ کراوە.
١٣- قەقنەس، شانۆنامە، ١٩٨٢.
١٤- ئاسکۆڵەی بەختی من گوزەل، چیرۆک، ١٩٨٩.
١٥- کارنامەی سپەنج، کۆمەڵە چیرۆک، ١٩٨٩.
١٦- ئێمەش لەبەرەی گەلین، گفتوگۆ و چاوپێکەوتن، ١٩٧٩.
١٧- ڕۆژگاری بەسەرچووی خەڵکانی بەساڵاچوو، ١٩٩٠.
١٨- پاس، فیلمنامە، ١٩٩٣.
١٩- خەڵوە، ڕۆمان، ٢٠٠٣.
٢٠- ڕۆژوشەوی یووسف، ڕۆمان، ٢٠٠٣.
٢١- منارە و سێبەرەکان، ڕۆمان، ٢٠٠٥.
٢٢- کۆڵۆنێل، ڕۆمان ٢٠٠٩.
٢٣- ماینە یاڵ سوورەکان، چیرۆک، ٢٠٠٤.
٢٤- سرووتی سەربڕین، ڕۆمان، ٢٠١٨.

**پەراوێزەکان:**

١- سۆفلوری: وەگەڕخستن، چالاککردن.
٢- سەفەرنامەی دیدەنی بەلووچ، لەلایەن وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی، بەڵام تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە.
٣- ئەبولفەزلی بێهقی: نووسەر و مێژوونووسی ناوداری دەرباری غەزنەوی کە بە کتێبە بەناوبانگەکەی (مێژووی بێهقی) بەناوبانگە. ساڵی ٩٩٥زایینی لە سەبزەوار لە دایک بووە و لە ساڵی ١٠٧٧کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوە:**
**سایتی (طاقچە)**
https://taagche.com

# کورد لە نیگای سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا

**(لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مەغولییەوە تا ڕووخانی دەوڵەتی ئاق قویونلو)**
**(٦٥٦ - ٩١٤کۆچی/ ١٢٥٧-١٥٠٨زایینی)**

**د. ڕابیعە فەتاح شیخ محەمەد**
**(زانکۆی سەلاحەدین- بەشی مێژوو/ کۆلیژی ئەدەبیات)**
**( ١- ٢ )**

**پوختە**

کورد یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی دراوسێی فارس و هەر لە زووەوە کولتووری ئێرانی لە زەینی ڕۆشنبیری (فەرهەنگ)ی باڵادەستی ئێرانیدا شوێنێکی داگیرکردووە، کولتووری ئێرانی ڕوانینی بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ڕۆشنبیر و دەستەبژێری ئێرانی پێکهێناوە، دواجار بوونی کوردیش لەو سنوورە وای کردووە، وەک گرووپێکی ئەتنی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵی کراوە، وێنەیەکی تایبەت بەخۆی لێ بەرهەم بێنێ، بەگوێرەی کۆنتێکست (سیاق)ی سەر بە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دووبارە پێناسەی بکاتەوە، وێنەی کورد لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردەوە وەرگیراوە، پێکهاتەی خێڵەکیی کورد وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی سەدەکانی پێش ئیسلام زیاتر وێنەی دێهاتی و چادرنشین و شوان برەوی پێ دراوە، کولتووری ئێرانی بە پێچەوانەی سەردەمی بەر لە خیلافەتی عەبباسی گرنگی بەڕەچەڵەکی کورد نەداوە، چونکە زەمینەی برەوپێدانی نەماوە.

بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی وێنەی کەسایەتی کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەو کاتەی دەسەڵاتی ئیلخانی لەوپەڕی بەهێزیدا بووە، کورد لە پەراوێزدا شوێنێکی بۆ دانراوە و

نێگەتیڤانە تەماشای کورد کراوە، کەچی بەڕووخانی دەوڵەتی ئیلخانی دەسەڵاتی مەرکەزی نەماوە، بۆیە کەسایەتی میری کورد لە سەرچاوە ئێرانییەکاندا، بەتایبەتی لە سەرچاوە تەیمورییەکاندا گرنگی پێ دراوە، لەپاڵ کەسایەتی گشتیی کورد بەڕێزەوە باسی لێوە کراوە، بەڵام وێنەی کەسی کورد وەک میراتی پێشوو، بەواتا وێنەی کۆمەڵایەتیی کورد هەر ماوەتەوە. لەبارەی وێنەی ئایینی کوردەوە ئەو ئاماژانەی دەستمان کەوتوون ئەوەیان دەرخستووە، لە گۆشەی سیاسییەوە پێناسەی ئایینی کورد کراوە، بەتایبەتی ئەبووبەکر تارانیی مێژوونووسی دەرباری ئاق قویونلو کە وای پێشان داوە کورد سوننە نین و دژی سوننەمەزهەبن.

**وشە گرنگەکان:** وێنەی کورد، کولتووری ئێرانی، مەرکەز و پەراوێز (ئەتراف)، مێژوونووسانی ئێران، میری کورد.

## ١- پێشەکی

سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی یەکێک لە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی ناوچەکەیە، نووسەران و ئەدیب و توێژەرانی ئێرانی ڕۆڵی مەزنیان لە کولتووری ئیسلامیدا گێڕاوە و بەشدارییی گەورەیان لە هەموو زانستە ئیسلامییەکاندا هەبووە، لە سەردەمی باڵادەستیی عەرەب وەک زمان و ئایین و سیاسەت دەستەبژێرەکانی ئێرانی لە هەموو بوارەکاندا سوودیان لێ وەرگیراوە و کۆڵەگەیەکی گەورەی شارستانیەتی ئیسلامی بوون.

شوێنی کورد کەوتووەتە ڕۆژئاوای ئێران، بەواتا ئەو دەرگایەی لەگەڵ شارستانیەتەکانی ڕۆژئاوا و بڵاوبوونەوەی ئیسلام ئیحتیکاکی هەبووە، کولتووری ئێرانی ڕوانینی بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ڕۆشنبیر و دەستەبژێری ئێرانی پێکهێناوە، دواجار بوونی کوردیش لەو سنوورەدا وای کردووە، وەک گرووپێکی ئەتنی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵی کراوە، وێنەیەکی تایبەت بەخۆی لێ بەرهەم بێنێ. بەگوێرەی کۆنتێکست (سیاق)ی سەر بە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دووبارە پێناسەی بکاتەوە. سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی هەردوو بەرهەمی شیعر و پەخشانیان گرتووەتەوە، ڕاستییەکەی بەرهەمی مەعریفە (ئەبستمۆلۆژیا)ی مێژوویی لەو بارەدا باڵادەستی بەسەر بەرهەمەکانی دیکەدا سەپاندووە، لە نێو باسی ڕووداوەکاندا وێنەیەکیان نیشان داوە، هەروەها دوای بەرهەمی مێژوویی، شیعر ڕۆڵی لە دروستکردن و نیشاندانی وێنەی کورد هەبووە، بە گشتی ئەمانە گوزارشتیان لە دەستەبژێر- نوخبە و ڕۆشنبیری ئێرانی کردووە.

لەبەر دوو هۆکار ئەو ماوەیە هەڵبژێرراوە، **یەکەمیان:** باڵادەستی و زاڵبوونی کولتووری زمانی فارسی نەک هەر لە ئێران، بگرە لە دەرەوەشی بووبووە زمانی ڕەسمی. **دووەمیان:** پەرەسەندن و گەشەسەندنی کولتووری مەزهەبی شیعە لە ئێران.

بەر لە ڕووخانی خیلافەتی عەبباسی شاهنامەی فیردەوسی یەکەمین سەرچاوەی زمانی فارسییە باسی لە کورد کردبێت، هاومانا لەگەڵ شوان و چادرنشین و چیایی وێنەی کوردی کێشاوە. لەو سەردەمەدا زمانی عەرەبی زمانی سەرەکیی کولتووری ناوچەکە بووە، هەرچەندە ڕۆشنبیریی فارسی بەرە بەرە پەرەی سەند، بەڵام زمانی عەرەبی زمانی دەسەڵات بووە، لەبەر ئەوە ڕۆڵی مەرکەزی (سەنترالیزم)ی هەبووە. زمانەکانی دیکە لە پەراوێزدا بوون. ئەو سەرچاوە کولتوورییانەی باسیان لە کورد کردووە، بەواتا کولتووری عەرەبی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی.

دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی زمانی فارسی شوێنی زمانی عەرەبی گرتەوە و گەشەی زۆری بەخۆیەوە دی. لەگەڵ ئەوەی بووە زمانی دەسەڵات، لە دەربارەکانی ئیلخانی و دەوڵەتەکانی دواتر زمانی ڕەسمیی دەوڵەت بووە، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی هەر پێنج دەوڵەتی ئیلخانی و جەلائیری و تەیمووری و قەرەقویونلو و ئاق قویونلو لە ڕووی نەژادەوە ئێرانی نەبوون، بەڵام لەگەڵ کولتووری ئێرانی تێکەڵ بوون. زمانی فارسی توانیی مەرکەزیەتی بواری ڕۆشنبیری دروست بکا و لە وڵاتانی دەوروبەریشیدا بەکارهاتووە.

### ٢- میراتی وێنەی کۆمەڵایەتیی کورد

کولتووری ئێرانی یەکەم تەسەور لەبارەی کوردەوە دروستی کردبێ، وێنەی کۆمەڵایەتیی کوردە، ئەو تەسەورە بۆ یەکەم جار پێش نەتەوەکان و کولتوورەکانی دیکە، کولتووری ئێرانی دروستی کردووە و باسی کردووە، توێژەران پێیان وایە لە سەرچاوە کۆنەکانی ئێرانی پێش ئیسلامدا باسێکی تایبەتی بۆ کورد تەرخان نەکراوە، ئەمەش گرنگترین هۆکارە تا هەندێ لە توێژەرانی فارس، کورد وەک یەکێک لەو تایفە و کۆمەڵانە دابنێن کە کۆچیان بۆ ئێران کردووە و ناسنامەیان وەک ئەوانی دیکەیە و جیاوازییان نییە (خزری: ٢٠١٤، ٥٦) ڕاستییەکەی تەسەوری کۆمەڵایەتیی کورد لە کولتووری ئێرانیدا لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانی ڕوونتر بوو و زیاتر دەرکەوتووە، ئەو وێنەیە جێگەی هەموو وێنەکانی دیکەی کوردی گرتووەتەوە، لە هەمان کاتدا وێنەی کورد لە دەرەوەی تەسەوری کۆمەڵایەتی وجودی نەبووە.

ئەو سەرچاوانەی باسیان لە کورد کردووە، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرەتاکانی دەوڵەتی عەبباسی بە زمانی عەرەبی گوزارشتیان لە کولتووری فارسی کردووە، هەرچەندە لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد لەوە دواون کە کورد لە توخم و تۆرمەی ئەوانەن کە لە دەستی زوحاک ڕزگاریان بووە و وەزیر، یان چێشتلێنەرەکەی لەو دوو گەنجەی بۆ قوربانی زوحاک براون، یەکێکیانی ڕزگار کردووە و دواتر ئەو ڕزگاربووانە چوونەتە کێوان، لەوانە کورد هاتووەتە کایەوە (بلعمی: ١٣٨٥، ٩٩. مقدسی: ١٣٨٠، ١/ ٥٠٢)، هەر لەو ئاماژەیەدا وێنەی کورد گەڕێنراوەتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵایەتی، کە لە کێو و دۆڵ و چیاکانەوەیە، لێرەوە یەکەم پێگەی دروستبوونی وێنەی کورد لە تەسەوری کۆمەڵایەتییەوە هاتووەتە دی.

لەبارەی وێنەی کورد لەو کولتوورەدا شاهنامەی فیردەوسی کامڵترین سەرچاوەیە باسی لە کورد کردبێت، شاهنامە کۆنترین سەرچاوەی زمانی فارسییە ئاماژەی بە وشەی کورد کردووە، لە دوو جێگادا باسی کردووە، یەکێکیان لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە بۆ سەردەمی زوحاکی گەڕاندووەتەوە، ئەوی دیکەیان بۆ سەردەمی ئەردەشێری بابەک، کە لەگەڵ کوردان بەشەڕ هاتووە، سەرباری ئەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ ئەوانەی لە دەست زوحاک ڕزگاربوون گەڕاندووەتەوە، باسی ئەوەی کردووە ئەوانە لە کێو و دەشت ڕۆژگار دەبەنە سەر (فردوسی: ١٣٨٢، ١/ ٢٨)، هەروەها لەبارەی شەڕی ئەردەشێری بابەک لەگەڵ کوردان باسی کردووە، کە لەشکری پارسەکان، پێکهاتبوو لە کوردان- واتا لە شوان و دێهاتییان- یەک بە سێ لە لەشکری وی زیاتر بوو (فردوسی: ١٣٨٢، ١/١١٩٤. خزری: ٢٠١٤، ٥٧). توێژەران پێیان وایە لەو کولتوورەدا کورد بە واتای پیشە و کارە و لەگەڵ شوان و

گاوان و بیانگەرد و چادرنشین هاوواتایە، دواجار ئەو وێنەیە بە ڕووخانی دەوڵەتەکانی ئێران لەناو نەچووە، بەڵکوو بە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ کولتوورەکانی دیکە گوێزراوەتەوە (خزری: ٢٠١٤، ٥٧، ٥٩). ڕاستییەکەی بوونی هێز ڕۆڵی گرنگی لە ڕەسمکردنی وێنەی کورد هەبووە، چونکە ئەو وێنەیە لە بەشێکی بنیادی کۆمەڵایەتی وەرگیراوە، نەک تەنیا بۆ بواری کۆمەڵایەتی گشتێنراوە، بەڵکوو هەموو بوارەکانی دیکەی کورد گشتێنراوە، ئەگەر نا لە ڕووی زانستییەوە بنیادی کۆمەڵایەتیی کورد لەگەڵ بنیادی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران جیاوازیی نییە، ئەو وێنەیەی بۆ کورد کێشاویانە بەر لە هەموو شتێک پێگەکانی و دەرکەوتەکانی لە بواری سیاسییەوە پەلی هاوێشتووە و سوودی لێ وەرگرتووە، ئەم هێرشەش باری سەر شانیان لە گەلێک بواری دیکەوە سووک کردووە. شاهنامەی فیردەوسیش کامڵترین نموونەیە لە بابەت وێنەی کورد لە کولتووری ئێراندا، لە سەردەمی مەرکەزیەتی زمان و دەسەڵاتی عەرەبیدا.

وێنەی کۆمەڵایەتیی کورد لە کۆمەڵێک پێوەندیی ناوخۆ و دەرەکیی بنیادی کۆمەڵگە و کەسایەتیی کوردەوە پێکهاتووە، کە چەند ڕووکارێک هەن ئەو وێنەیان دیاری کردووە، هەر یەکێکیان بە گوێرەی دینامیکیەتی خۆی بەشداریی لە دروستکردنیدا کردووە، لێرەدا یەکە یەکە توێژەکانی هەڵدەدەینەوە، تا زیاتر بە دنیامیکییەت و پێوەندیی ئاشنا بین.

**٢- ١: واتاکانی خێڵەکی (قبلیە)ی وێنەی کورد**

بێگومان وێنەی کورد لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردەوە وەرگیراوە، پێکهاتەی خێڵەکیی کورد وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی سەدەکانی پێش ئیسلام و دواتریش پێوەندییەکانی لەسەر جۆری ڕێکخستنی خێڵەکی بووە، بە واتا بە پلەی یەکەم شێوازی ژیان و بەرهەمهێنانی لەسەر ئاژەڵ بووە تا ئەوەی لە هەندێک ناوچەی دیاریکراو پشت بە کشتوکاڵ ببەستێ. لێرەوە کۆنتێکستی ئێرانی لە ناساندنی کورددا جوگرافیای خۆی لەگەڵ جوگرافیای کورددا جودا کردووەتەوە، کورد ئەوانەن دوور لە ئاوەدانی دەژین، ئەو جوگرافیایە ڕەنگە لە زۆرترین بەشیدا چیا بێت و دواتر دەشت بێت. لێرەدا ڕەهەندی شوێن ئەوەیە ئەوانە لە دەرەوەی ئاوەدانین، بۆیە دواجار جوگرافیای کورد دوور لە ئاوەدانی هەڵکەوتووە. ڕەنگە ئەو جوگرافیایە شوێنێکی تایبەتی نەبێت، یانی مەڵبەندی تایبەتی بۆ ئەوان دیاری ناکرێت، تەنانەت ئەوان لە هەموو جێگای ئێراندا بینراون (اکوپف: ١٣٧٦، ٢٤ -٢٥. خزری: ٢٠١٤، ٥٧). کولتووری ئێرانی بە هیچ جۆرێک چەمکی جوگرافیای دیاریکراوی یەک پارچە (شوێن) لەگەڵ کورددا بەیەکەوە گرێ نادا، کەواتە جوگرافیایەکی پەرت بۆ بوونی کورد لە ئێراندا لە ئارادایە، یان ئەو مانایەشی لەخۆگرتووە، کورد دەسەڵاتی نییە جوگرافیایەکی دیاریکراو لە بازنەی قەوارەیەکدا بۆ خۆی دەستەبەر بکا، یان هەبێت .

زۆربەی زۆری نووسەران و مێژوونووسانی ئێران بە چەمکی خێڵەکی کورد ئاشنا بوون، ئەوان لە میراتی کۆنی خۆیانەوە ئەو چەمکەیان بۆ مابووەوە، ئێستاکە (سەردەمی باسەکە) چۆنی بیانەوێ بەکاری دێنن، چونکە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئایینەوە خاوەن مەرکەزیەتی خۆیانن. وێنەی کۆمەڵایەتیی کورد وەک گرووپێکی خێڵەکی لای زۆربەیان دەست کەوتووە، بەو پێیەی نووسەران و مێژوونووسانی دەربارەی دەوڵەتەکانی مەغۆلی ئیلخانی و جەلائیری و تەیمووری و قەرە

قویونلو و ئاق قویونلو، دەستەبژێری سەردەمیان پێکهێناوە و لە چینی تایبەتی بوون، لە واقیعدا ئاماژەی (ئەکراد)یان لەسەر وەزنی (ئەعراب) و (ئەتراک) بەکارهێناوە، لای جووەینی و کاشانی شێوازی ئەکراد بۆ گرووپێکی خێڵەکی سەربازی بەکارهاتووە (١٣٣٤، ٣٣. ١٣٨٤، ١١٥)، هەروەها حافز ئابرۆ مێژوونووسی دەرباری تەیمووری نووسیویەتی (ئوسوڵی ئەحشامی ئەکراد و ئەعراب، یان کۆمەڵێ لە ئەکراد و ئەعراب) (١٣٧٢، ٢٨٥/١، ٣٩٩) هەردوو نووسەر و مێژوونووسی دەرباری ئاق قویونلویش بە هەمان شێوە باسی کوردیان کردووە، فەزڵوڵڵا نووسیویەتی: (ئەکراد و ئەحشام و ئەتراک) (طهراني: ١٩٧٧، ٥٥/١، ٩١. ١٣٨٢، ١٢٣))، هەموو ئەو نووسەر و مێژوونووسانە لە پاڵ باسی کوردان، هەروەها چەمکی ئەکرادیشیان بەکارهێناوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە وێنەی خێڵەکیی کورد لێرەدا پەیوەستە بە وجودی لە لەشکرێکدا، بە شێوەیەکی گشتی لەو لەشکرانە بوون کە دژی مەغۆل هێرشیان بردووە. ئەو چەمکەش لە واقیعدا دەمانگەڕێنێتەوە سەر لەشکری کوردان وەک لە شاهنامەدا هاتووە، لەشکرێک تەنیا بە ناوی کوردانە، کەواتە ئەو گرووپەی لە سوپادا بەشدارییان کردووە بە درێژایی سەردەمی باسەکەمان بوونی هەبووە، گرووپێکی خێڵەکی بووە و لە هەموو ناوچەکاندا بینراوە، ئەگەر پێشتر کورد کەسێکی شوان و دێهاتی و چادرنشین بووبێ، ئێستا زیاتر لە جاران لە پێناو شەڕ و مەبەستی تایبەت کۆکراوەتەوە، یان باسی لێوە کراوە.

توێژەرێک لەو بارەوە سەرنجی داوە لە کۆنتێکستی ئیسلامی عەرەبیدا کە چەمکی (ئەکراد) بەکارهاتووە و وێنەی ناشیرینی دراوەتە پاڵ، ئەوجا، یان ئەوەتا (ئەتراک)، یان (ئەعراب)ی لەگەڵدا هاتووە، لە هەر هەموویاندا (ئەکراد) پێش نەتەوەکانی دیکە خراوە، دیارە زەینییەتی ئیسلامی، کوردی لەوان پێ ناشرینتر بووە (احمد: ٢٠١٢، ٢٣٦). ئەگەر لە کولتووری ئێرانیشدا بڕوانین بە هەمان شێوە چەمکی (ئەکراد) و (کوردان) لە ناشیرینکردندا پێش نەتەوە و گرووپەکانی دیکە کەوتووە، یانی ئەوان لە ناشیرینیدا لە پێشەوەن، بە جۆرێ کاشانی لە پاڵ (ئەکراد) بە لە ڕێلادەر و ونبوو وەسفی کردووە (١٣٨٤، ١١٥).

لە کۆنتێکستی کولتووری ئێرانیدا چەمکی ئەکراد و کوردان یەک واتای هەیە و هەردووکیان بەکارهێناوە، بێگومان چەمکی ئەکرادیان لە کولتووری عەرەبی ئیسلامی وەرگرتووە، هەرچەندە ئەو چەمکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری ئێرانیدا بەکارهاتووە، چ لە بەرهەمەکانیدا و چ لەسەر زاریدا (خزری: ٢٠١٤، ٥٧-٥٨). لێکچوواندنی ئەکراد بە ئەعراب، بە واتا ئەکراد و ئەعراب هاوواتای یەکترن، چونکە بواری ئیسلامی بەهای تایبەتی خێڵەکی داوەتە ئەکراد، بە واتای ئەکراد وەک ئەعراب وان، ئەوانەی لە سەحرا دەژین و خەریکی ئاژەڵدارین. ڕاستە ئەوانە دوو گرووپی ئەتنین، بەڵام هەمان خەسڵەت و سروشت و ڕەفتاریان هەیە (حیدر: ٢٠٠٤، ١٠٨)، کولتووری ئێرانیش دوای پێکداهەڵپژانی بە ئایینی ئیسلام و نەمانی دەوڵەتی ساسانی پێگەکانی کولتووری خۆی ون نەکرد، لە پاڵ چەمکی کوردان چەمکی ئەکرادیشی بەکارهێنا و هەمان واتای پێشتری پێ بەخشییەوە. ئەوان لە هەر قاڵب و باسێکدا لە کورد دوابن ئینتیمای خێڵەکی کوردیان پێش هەموو ئینتیمایەکانی دیکە باس کردووە. ئەو شێوازەش تاڕادەی بەداوەت (بداوە) باس کراوە، چونکە کوێستان و گەرمیانیان کردووە و پشتیان بە ئاژەڵداری بەستووە و کەم کشتوکاڵیان

کـردووە، لـە چـادر دانیشـتوون و لـە ژیانیانـدا پشتیان بە پێویستییەکانی ڕۆژانە بەستووە (ابن خلـدون: ١٩٨١، ٩٥-٩٦).

**٢ — ٢: کورد لە بازنەی نەزانیندا**

ئـەو ڕووکارە کۆمەڵایەتییانـەی بـە وێنـەی کـورد دراوە، گوزارشـت لـە بـواری سیاسـی و ئایینـی و دواجـار کۆمەڵایەتیـش کـردووە، بـە جۆرێک ئەگـەر سـەیری لۆژیکـی ناوخۆیی ئـەو ڕووکارانـە بکەیـن، بۆمـان دەردەکـەوێ لەنـاو ئـەو بوارانـەدا پێوەندیـی بـە هێزیـان دروسـت کـردووە کـە لەسـەر هـەردوو ئاسـتی بەرهەمهێنانـی مەعریفـە و مومارەسـەی سیاسـی ڕەنگـی داوەتـەوە.

پیاوانی دەربار بە پلەی یەکەم و دواتر ڕۆشنبیرانی ئێرانـی بـە هەمـان شـێوەی مەرکەزیەتـی کولتـووری عەرەبـی لەبـارەی کـوردەوە، وەک کەسـانێکی نـەزان و ئەحمـەق دواون، لـەو سەردەمیشـدا هـەر خۆیـان لـە دروسـتکردنی پێگەکانـی ئـەو تەسـەورە بەرانبـەر کـورد پێشـەنگ بـوون. ڕەنگـە چەمکـی خێڵەکیـی کـورد و دوور لـە ئاوەدانـی بـە نەزانیـن و ئەحمەقـی ببەسـتنەوە، لـە هەندێـک حاڵەتیشـدا چەمکـی نەزانیـن وابەسـتەی ململانێـی ئایدیۆلـۆژی بـووە، لەبـەر ئـەوەی کـورد ئایدیۆلۆژیـای جـودا بـووە، بـە نەزانیـن و جاهیـل ناودێـر کـراوە.

مـادام کـورد دوور لـە ئاوەدانییـە، کەواتـە دوور لـە زانینیشـە، لۆژیکـی- دوور لـە ئاوەدانـی- ڕێگەی داوە وێنـەی دیکـە لەبـارەی کـوردەوە بکێشـرێ، بەجۆرێک کورد ئاستی بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی گشـتی زۆر سـادە بـووە، ژیانـی کۆمەڵایەتیشـی هـەر بـە شـێوە بـووە، بۆیـە دواجـار کەسـی نـەزان و سـاویلکە و ئەحمەقـی دراوەتـە پـاڵ.

چەمکی نەزانین دوو دیوی هەبووە، هەردووکیان پێوەندیـی توندوتۆڵیـان بـە یەکـەوە هەبـووە، دیوێکیـان لەسـەر ئاسـتی کەسـایەتیی کـورد بـووە، بـە واتـا تاکەکانـی کـورد کەسـی نـەزان و کـەم بیـر و بـێ هۆشـن، دیوەکـەی دیکەیـان پێوەنـدی بـە ئاسـت و چینەکانـی کۆمەڵگـەوە هەبـووە، بـە واتـا لـە کۆمەڵگـەی ئێرانیـدا کـورد لـە چینـی خـوارەوەن، چونکـە نەزانـن، نەزانیـی کـورد لـە چینەکانـی کۆمەڵگـە لـە خـوارەوەی دانـاوە. لـە کولتـووری ئێرانیـدا نەزانیـی کـورد بـەر لـە ئیسـلام وێنـەی بـۆ کێشـراوە، ئـەو وێنـە لـە زەینییەتـی ئـەو کولتـوورەدا درێـژەی کێشـاوە و تێکـەڵ بـە بـواری ئاییـن و تەسـەوف و ئەدەبیـات و مێـژوو بـووە.

لـە سـەردەمی نامەرکەزیەتـی کولتـووری ئێرانـی ڕۆشـنبیران و دەسـتەبژێری ئـەو کولتـوورە بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و فارسـی باسـیان لـە نەزانیـی کـورد کـردووە، غەزالـی یەکێکـە لـەو ڕۆشـنبیرانەی بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و فارسـی نوسـیویە و تاکەکەسـی کوردی بـە نـەزان و ئەحمـەق نـاو بـردووە، لـە بابەتـی ڕوونکردنەوەی چارەسـەری تووڕەییـدا، پێغەمبـەران و ئەولیـا و زانایـان و حەکیمانـی لـە خانەیـەک دانـاوە و کـورد و تـورک و جاهیـل و غەبـی لـە ڕیزێکـی دیکـە دانـاوە و کـوردی بـەوە وەسـف کـردووە کـە خاوەنـی عەقـڵ نییـە (١٣٦١، ٣/ ١٧٢ — ١٧٣).

لـە هەمـان سـەردەمدا ئـەو کولتـوورە مانـای پلەبەندیـی کۆمەڵایەتـی خـوارەوەی بـۆ کـورد دانـاوە، کولتوورێـک لـە سـەردەمی مەرکەزیەتـی زمانـی عەرەبـی و دەسـەڵاتی ئایینـی ئیسـلام نووسـراوەتەوە، کەچـی ناوەرۆکەکـەی باسـی پێـش فەتحـی ئیسـلامی کـردووە، کیسـرا لـە موبـەز (پیـاوی گـەورەی ئایینـی زەردەشـتی) ـەکەی پرسـیوە: شـەیتان، یـان خەڵکـی زیاتـرن؟ ئەویـش وەڵامـی داوەتـەوە: ئەگـەر کـورد و شـوان

و ڕەعیەت و خەڵکی بازاڕی لەگەڵ خەڵکی حیساب بکەی، ئەوە خەڵکی گەلێک زۆرن (الابی: ١٩٩٠، ٥١/٢). لێرەدا ڕوونە کولتووری ئێرانی هەم لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئایینی زەردەشتی و ئایینی ئیسلامدا کوردی لە چینی خوارەوە داناوە و بە نەزان وەسفی کردووە، لەو دەقەدا دەسەڵاتی جوداکردنەوەی کورد لە ڕیزی شەیتان، یان خەڵکی، بەدەست کیسرا، یان دەسەڵاتی ئایینی (زەردەشت) ــەوەیە. توێژەرێک پێی وایە، کورد- لە نێو تەواوی گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیا کەمترین ڕێزی لێ گیراوە- ئەوان لە خانەی ژێرەوەی نەزان و دواکەوتوییدان، لە ڕیزی شەیتان دەژمێررێن و لە ڕیزی مرۆڤی ساڵح شوێنیان نییە (احمد: ٢٠١٠، ٢٣٨).

ئەو میراتە لە کولتووری ئێرانیی سەردەمی مەرکەزیەتی زمانی فارسی پەرەی پێ دراوە و شێوازی دیکەشی لەخۆگرتووە و لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا کورد لە ڕیزی نزمترین چینی کۆمەڵایەتی هەژمار کراوە، لەبەر ئەوە پێی وتراوە ڕەشە خەڵک، یان خەڵکی عەوام (شیرازی: ١٣٦٤، ٣٥٤). کۆمەڵگەی ئێرانیش وەک کۆمەڵگەکانی دیکەی ئیسلامی بەگشتی بۆ دوو چین دابەش بووە، چینی تایبەتی کە توانایی نووسین و بیرکردنەوە، یان بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی، یان کاری سیاسی و ئیداری و ئایینی هەیە، هەرچی چینی گشتییە، ئەوان گرنگی بە زانست و زانیاری و مەعریفە نادەن (حیدر: ٢٠٠٤، ١٠٦)، لە بواری ئیسلامیدا کورد وەک گرووپێکی ئەتنی کولتووری ئێرانی چینی خوارەوە و نەزانینی بە یەکەوە بەستووەتەوە، ئەنجامدەرانی ئەو کارەش هەموویان لە چینی تایبەتین و لە دەربار و دەوڵەتەکانی ئێرانیدا خاوەن دەستەڵات بوون.

وێنەی نەزانی و جاهیل لە هەندێ حاڵەتدا بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژیش بەکارهاتووە، کە ڕاستییەکەی کولتووری ئیسلامی لە بارەی ململانێی ئایدیۆلۆژییەوە زۆر بە پیت و بەرەکەتە و پڕە لە ململانێی ئایدیۆلۆژی نێوان مەزهەب و ڕێباز و جەماعەت و تاد... (کاشان)ی مێژوونووس دەرباری مەغۆلی ئیلخانی لە باسی لەناوچوونی دەوڵەتی فاتمی لەوە دواوە کە بنەماڵەی ساداتی عەولەوییەکان لە میسر بەهۆی جاهیلێکی کورد لەناوچوو (١٣٤٨، ب). ئەو گوتارە هەمان وێنەکانی پێشوومان بیر دێنێتەوە کە کوردەوە نەزانە، ئەو مێژوونووسە پێی ناخۆشە ئەو بنەماڵەیە لە ناوچووە و پێی خۆشە سەلاحەددین فەرهەنگی (ئەورووپا)ییەکانی شکاند و لە میسر دەری کردوون (١٣٤٨، ب ١٢٠، ١٢٧-١٢٨).

لەبارەی وێنەی کورد وەک کەسێکی نەزان لە کولتووری ئێرانیدا وێنەیەکی زۆر باومان هەبووە، نەک لەسەر ئاستی نووسین، بگرە لەسەر زارانیش برەوی هەبووە و ئەو وێنەیە لە پانتایی زانستگە و قوتابخانە ئایینییەکاندا زۆر بەکارهاتووە و وەک گوتەیەک، یان پەندێک گوتراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە (امسیت کردیا واصبحت عربیا) (جامی: ١٣٧٠، ٣٢٥)، بە واتا: (کاتێ ئێوارەم کردەوە کورد بووم، واتە هیچم نەدەزانی و لە حاڵێکدا بەیانیم کردەوە بووم بە عەرەب) لەو پەندەدا ڕوونە وشەی کورد، هاوواتا لەگەڵ نەزانین هاتووە، لە بەرانبەریشدا وشەی عەرەب هاوواتا لەگەڵ زانست بەکارهاتووە، ئەو پەندەش لە پانتایی مەدرەسە و قوتابخانە زانستییەکان بەتایبەتی هی ئێران ڕەواجی هەبووە.

ڕەنگە سەخت بێ ڕێکەوتی سەرهەڵدانی بزانین؟! یان بمانەوێ بپرسین ئایا کێ نموونەی نەزانیی بە

کورد هێناوەتەوە؟! هەرچەندە دراوەتە پاڵ هەندێک زانای ناسراو، لەوانە خەلیلی کوڕی ئەحمەد، یان بابا تاهیری عوریان، یان ئەبوو عەبدوڵڵا ناوێک (خزری: ٢٠١٤، ٥٨)، بەڵام ئەمە تەنیا درانە پاڵە و هیچی دیکە نییە، یان بپرسین ئایا سەرەتا وەک بەرهەمی زارەکیی ئێرانی سەری هەڵداوە و دواتر سەرچاوەکان تۆماریان کردووە؟!

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو پەندە هەمان سەرچاوەی پێشووی کولتووری ئێرانی لەخۆ گرتووە لەبارەی نەزانینی کورد، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (٦٠٤-٦٧٢ک) شاعیر و موتەسەویفی بەناوبانگ لە مەسنەوییەکەیدا بەم جۆرە بەکاری هێناوە:

سر امسينا لكرديا بدان

راز أصبحنا عربيا بخوان

(مولوی: ١٣٦٨، دفتر اول، بيت ٣٤٦٤).

هەروەها عەبدولڕەحمان حاجی بۆ کوردێکی نەزان بەکاری هێناوە، دواتر لە بەیانییەکدا بەهۆی هەوڵەکانی دەبێتە زانا (١٣٧٠: ٣٢٥).

ڕاستییەکەی مەولانای ڕۆمی ئەو پەندەی لە چوارچێوەی خۆی بەکارهێناوە بە جۆرێک سەرەتا بەهۆی (سڕ- نهێنی) دەستی پێ کردووە، کەواتە هەر چوار وشە (چەمک)ی (سڕ و ئێوارە و کورد و زانین) بە دوای یەکەوە هاتوون و بەڕیز واتای یەکتریان تەواو کردووە، ئێوارە ئاوا بوونە و کوردیش نەزانین و لێرەدا زانینیش بۆ کورد لە ئاستی هەستەکانیدایە، بە واتا نابێتە پرۆسەیەک عەقڵ درکی پێ بکا، هەرچەندە لە کۆنتێکستی گشتیدا نهێنییە، زانینی ئەو نهێنییە قۆناغێکە بۆ قۆناغێکی بەرزتری داهاتوو، سەرەتاکەشی بە وشەی (سڕ)ی عەرەبی دەست پێ کردووە، واتە دەستپێکردن بە زمانی عەرەبییە، هەرچەندە مەولانای ڕۆمی مەسنەوی بە فارسی نووسیوە، بەڵام لێرەدا زانین ئەگەر بە کوردەوە گرێ بدرێ لە ئیحساسات دەنارچێ، هاوکێشەکەش بەو جۆرە لە کۆی ڕستەکەدا زانین بۆ خوێنەرە لە دیوێکەوە و لە دیوێکی دیکەدا زانین ناگاتە ئاستی عەقڵ کە کورد تێیدا زەرەرمەندی یەکەمە، بەڵکوو تەنیا دەرککردنە.

هەرچی ڕستەکەی دیکەیە بە چوار وشە (چەمک)ی دیکەی ڕیزکراو، دەستی پێ کردووە. بەم جۆرەیە (ڕاز و بەیانی و عەرەب و بخوێنە) لەو چوار وشە (چەمک)ییەدا زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێ، سەرەتا بەکارهێنانی ڕاز کە وشەیەکی فارسییە و لەو ڕستەیەدا کە نوێنەری عەقڵ و زانینە، مەرکەزیەتی زمانی فارسی سەپاندووە، دواتر بەیانی ڕەمزی کرانەوە و گەشانەوەیە و عەرەبیش ئاماژەیە بۆ زانین و عیلم و مەعریفەت کە بە وشەی (خوێندن)ەوە گرێ دراوە، لێرەدا بە هەمان شێوە خوێندن دوو چەمکی لە خۆ گرتووە، چەمکێکیان زانین و مەعریفەت دەدا بە عەرەب وەک نموونە و چەمکی دیکەیان (خوێندن، یان خوێندنەوە) بۆ خۆی پرۆسەیەکە لە ئیحساسات دەردەچێ و عەقڵ و لۆژیک بەڕێوەی دەبەن. کەواتە هەموو پێوەندییە ناوخۆییەکانی چوار وشەی یەکەم لەسەر وشەی کورد کۆکراوەتەوە و بەهەمان شێوەش هی دووەم لەسەر وشەی عەرەب هێزیان وەرگرتووە، دواجار وێنەیەکی زۆر نێگەتیڤی بە کورد داوە و زۆر پۆزەتیڤی بە عەرەب داوە، ئەو پرۆسەیەش لە کولتووری ئێرانیدا لە چالاکیدایە و برەوی پێ دراوە.

لە پێوەندیی کورد و نەزانین لە کولتووری ئێرانی بەو ئەنجامە دەگەین، چەمکی نەزانین، نەزانینی گشتیی گەیاندووە، بە واتا کورد لە ڕووی عەقڵی

جەماعییەوە پێ نەگەیشتووە، دواجار ئەوان ناتوانن مەعریفە بەرهەم بهێنن، ناتوانن مومارەسەی دەسەڵات بکەن، چونکە ئەمانە بەرهەمی عەقڵن، کوردیش بە سروشتی خۆی خاوەنی عەقڵ نییە. لێرەوە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی کە چەمکی (ئێمە) نوێنەریەتی بە ڕوانینێکی تاکلایەنانە سەیری (ئەوی دیکە)ی کردووە کە کوردە، هیچ کاتێک پرس بە کورد نەکراوە تا ڕازی بێ بەوەی ببێتە نموونەی (نەزانی). (ئێمە) مومارەسەی هەیمەنەیەکی کردووە و دەزگەکانی لە بواری مەعریفەوە ڕووبەڕووی کورد کردووەتەوە و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی ناساندوویەتی، چونکە (ئێمە) پێی وایە لە ڕووی ڕەگەز و ڕۆشنبیری و کولتوور لە (ئەوی دیکە) بەرزترە و جودایە، ئەم هاوکێشەش یارمەتی بوارەکان، بەتایبەتی سیاسەت و ئایین و زمانی داوە.

**٢ – ٣: لە ڕێگرییەوە بەرەو دڕندەیی کورد**

بێگومان مەلامح- ئەدگاری وێنەی کورد لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردەوە وەرگیراوە، لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو وێنانەی کولتووری ئێرانی لەو چوارچێوەیەدا سووڕاوەتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بردووین بە گوێرەی ئەو کولتوورە سروشتی کورد گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و کورد وەک گرووپێکی ئەتنی گەوهەرێکی نەگۆڕیان هەیە کە دواجار سروشتێکی تایبەتیان پێ داوە، ڕێگری یەکێکی دیکەی ئەو ڕووکارە کۆمەڵایەتییانەیە لە بواری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە سەردەمی مەرکەزیەتی زمانی عەرەبی و مەرکەزیەتی زمانی فارسی باسی لێوە کراوە.

لەبارەی وێنەی ڕێگریی کورد لە سەردەمی مەرکەزیەتی زمانی عەرەبی دوو توێژەر بیروڕا و بۆچوونی خۆیان خستووەتەڕوو، توێژەرێک پێی وایە لەو ڕیوایەتانەی لەبارەی ڕێگریی کوردەوە دواون ئێمە لە کۆنتێکستی مێژووییدا ئەگەر (تێکیان دا و تێکدان و تێکدەرەکان) بەلاوە بنێین و (شۆڕشیان کرد و شۆڕش و شۆڕشگێڕان) بەکاربێنین، ئەوە ڕیوایەتی کۆنتێکستە مێژووییەکە ڕاست دەکەینەوە، چونکە کورد بەو کارانەی دەسەڵاتی مەرکەزیی قبووڵ نەکردووە و بەرپەچی داوەتەوە و ئەو ڕیوایەتانە گوزارشتیان لە بەرژەوەندیی دەسەڵات کردووە، لەبەر ئەوە ناویان ناون ڕێگر و تێکدەر، دواتر ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی دەسەڵاتیش سەرەکییە و کاریگەرییان هەبووە تا برەو بەو ڕیوایەتانە بدەن (احمد: ٢٠١١، ٢٤٧). لەو بۆچوونەدا سێ کارەکتەر دەرکەوتوون (کورد و دەسەڵات و ڕۆشنبیرانی دەسەڵات) ڕۆشنبیرانی دەسەڵات چالاکترین بواری کۆنتێکستی مێژووییین و دەتوانن ڕیوایەتەکان دروست بکەن و ئەوان خاوەنی ڕێکخستنی زانیارییەکانن، کورد کارەکتەرێکی نێگەتیڤە و دەسەڵاتیش پۆزەتیڤ، ڕۆشنبیرانیش وەک دادوەر (قازی) خاوەن بڕیارن، هەرچی توێژەری دووەمە پێی وایە بە شێوەیەکی تاکڕوانین (احادیە) لەبارەی ڕێگرییەوە سەیری کورد کراوە، ئەو ڕوانینەش بریتییە لە توانایی نووسین و نووسینەوە و توانایی ئاخاوتن، لەبەر ئەوە ئێمە- تاڕادەیەکی زۆر- ڕوانینی ئەوی دیکە (الآخر) لەلامان بزرە و نازانین لەبەرچی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەی کردووە، لەبەر ئەوە بەرهەمهێنەرانی مەعریفەی ئیسلامی بەردەوام بەناوی کوردەوە قسەیان کردووە، ئەوانەی قسەیان کردووە تایبەتن و ئەوانەی لە دووتوێی ئەم قسە و نووسینانەدا حوکمیان لەسەر دراوە گشتین و ئەوانەی ڕیوایەتەکانی ڕێگریی کوردانیان نەقڵ کردووە، بە نەزعەیەکی خودی خۆیانەوە تێپەڕیوە (حیدر: ٢٠٠٤، ١٢١).

ئـەو وێنەیـەی ڕێگریـی کـورد لـە هـەردوو سـەردەمی مەرکەزیەتـدا زۆر جیاوازییـان نییـە، دەتوانیـن بڵێیـن کولتـووری عەرەبـی ئیسـلامی و ئێرانـی و ڕەنگـە پێشـتریش لـە کولتـووری پێش ئیسلامیدا لەسـەر وێنـەی خێڵەکیـی کـورد هەڵگیرابێتـەوە، کولتـوورەکان ئـەو میراتەیـان لـە یەکدی بۆ ماوەتـەوە و دژ بـە کـورد بـە کاریـان هێنـاوە.

لـە کولتـووری ئێرانیدا زیاتـر لـە هەمـوو ئەوانەی باسیان لـە ڕێگریـی کورد کـردووە، پیاوانـی دەربار بـوون، هـەر لـە سـەردەمی ئیلخانـی مەغۆلیـدا بـە جۆرێـک بـاس لـە کـورد کراوە، کـە تـەواوی کاریان لەسـەر ڕێگـری دامـەزراوە (حمداللـه المسـتوفي:، ١٣٦٢، ب ١٠٥-١٠٧)، یـان تیـری وامـان هـەن کاریـان هـەر ڕێگرییـە، بەتایبەتـی کوردانـی شـوانکارە (ابـن زرکـوب شـیرازی: ١٣١٠، ٤١). زۆر نموونـەی واشـمان هـەن ڕێگریـی کـوردان بـە بارودۆخـی سیاسـییەوە بەسـتراوەتەوە، بـەر لەوەی هۆلاکـۆ هێـرش بـۆ بەغـدا ببـا و داگیرکارییەکانـی بـۆ ئێـران دەسـت پـێ بـکا بـە بیانـووی ڕێگـری لوڕ و کـورد کـە بـەردەوام ئـەوە پیشـەیان بـووە، مەغـۆل شـاڵاوی دەسـت پـێ کـردووە (بناکتـی: ١٣٤٨، ٤١٤). لـە تـەواوی سـەردەمی مەغۆلیـدا بیانـووی پاککردنـەوەی ناوچەکـە لـە ڕێگریـی کـورد بەرچـاو کەوتـووە، ڕەشـیدەددین هەمەدانـی ڕێگریـی کوردانـی زۆر زەق کردووەتـەوە و زۆریش باسـی کـردووە تـا مەغـۆل هێـرش بکەنـە سـەر وڵاتەکەیـان و کۆتایـی بـەو کارە دزێـوە بێنـن، ئـەو کارەش بووەتـە جێگـەی ستایشـی ئـەو سـەرکردانەی ڕێگریـی کوردانیـان قەڵاچـۆ کـردووە (١٣٧٤: ٦٨٦-٦٨٨، ٨١٣). گوتاری قۆسـتنەوەی نالەبـاری بارودۆخـی ناوچـە کوردییـەکان لەلایـەن کوردەوە تـا ڕێگریـی بکا، بـەوە ڕەنگـی داوەتەوە، کـورد خراپیـی ڕەوشـتی سیاسـی و ئیداریـی بـە هـەل وەرگرتـووە و دەسـتی بـۆ هـەر کەسـێ درێـژ کـردووە، تـا ڕێگـر و دزی و خراپـەکاری بـکا (کاشـانی: ١٣٨٤، ١١٣).

بەهەمـان شـێوە پیاوانـی دەربـاری تەیموورلەنـگ چەنـدان جـۆرە هونـەری ڕیوایەتیـان نمایش کردووە تـا شـەرعییەت بـدەن بـە شـاڵاوەکانی تەیمـوور لەنـگ بـۆ ناوچەکـە، کـە گوایـە کـورد هەڕەشـەن بـۆ سـەر ڕێگـەی بازرگانیـی خۆراسـان و قافڵـەی حاجییـان و لـە ناوچەکەیـان ئارامـی و ئاسایشـیان تێکداوە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە هێرشـیان بـۆ ببرێ (الشـامی: ١٩٣٧، ١٤١. الیـزدی: ١٣٣٦، ٤٤٨/١. میرخوانـد، ١٣٣٩، ٢٠٩/٦، ٢١٩. خواندمیر: ١٣٣٣، ٤٠٤/٣).

کێشـەی بیانـوو دۆزینـەوەی بـۆ هێرشـکردنە سـەر کـوردان لای پیاوانـی دەربـاری ئێرانـی درێـژەی کێشـاوە، ئەبووبەکـر تارانـی پـاش سـەرکەوتنی ئـۆزۆن حەسـەن بەڕوونـی هەمـوو جـۆرە بیانوویەکی هێناوەتـەوە تـا سـوپای ئـاق قویونلـو یەکـە یەکـە میرنشـین و قەڵاکانـی کوردسـتان لەنـاو ببـا، ویسـتوویەتی لەناوبردنـی قـەوارە کوردییـەکان بـە بیانـووی جۆراوجـۆر شـەرعییەتی پـێ بدا (١٩٧٧، ٥٤٢/٢-٥٤٤) ئـەو کولتـوورە بـەر لـە هەمـوو شـتێک وای ڕوونکردووەتـەوە کـە جوگرافیـای کوردان جوگرافیایەکە لـە دەرەوەی ئاوەدانی، ئـەو جوگرافیایـەش پارچـە پارچەیـە و بەشـێکی زۆری لـە چیـا پێکهاتـووە. مەسـەلەی ڕێگـری کـوردان هێنـدە پـەرەی سـەندووە و پێشـکەوتوو وەک گـرەوی لێهاتـووە، بـە جـۆرێ ئەگـەر دەسـەڵات بتوانـێ سـنوورێک بـۆ ڕێگـران و دزانـی کوردسـتان دابنـرێ، ئـەوە مێژوویـیـەک تۆمـار دەکات شـایەنی نووسـینەوە بـێ، یـان سـەرکەوتن بەسـەر دزان تۆمارکردنـی پاڵەوانیەتییـە و شـانازییە بـۆ دەوڵـەت

(نگنــزی: ١٣٣٦، ١٤٣).

هــەر بەوەشــەوە نەوەســتاوە کــورد لــە ڕێگرییــەوە بوونەتــە دڕنــدە و دێــو و درنــج و شــەیتان، واتــە ڕاســتە جوگرافیــای کــورد ناوچەیەکــی ناکۆنتڕۆڵــە، ئــەو ناوچەیــە بووەتــە شــوێنی دڕنــدە و دێــو، لــە کاتێکــدا ئــەو ڕێگرانــە ناوچەکەیــان وا لــێ کــردووە لــە ناوچــەی خورافــات بچــێ، لەبــەر ئــەوە چوونــە وڵاتــی کــوردان جێگــەی مەترســییە، چونکــە کــورد ڕاوگــەی لــێ داناون و پــڕە لــە بۆســەی دزان، دێویش لــەوێ دەبــەزێ (نسوی: ١٣٨٥، ٦٥). دواجــار کورد وای لێهاتــووە لــە مــرۆڤ دوورکەوێتــەوە و لــە دێــو و شــەیتان نزیــک بێتــەوە و بچێتــە خانــەی ئــەوان، بۆیــە بــە دێــو و شــەیتان و شــتی دیکــەی وەک ئــەو چوێنــراوە (عبتــی: ١٣٨٢، ٢٤٣، نســوی: ١٣٨٥، ٦٦). هەتــا کوردانــی شــوانکارەش بــەر تۆمەتــی دڕنــدە و دێــو کەوتــوون (شــبانکارەی: ١٣٧٦، ١٥٣-١٥٤). لێرەدا لۆژیکێــک دێتــە نــاوەوە، بــە واتــا ئەگــەر دەســەڵاتداران توانییــان ڕێگــری کــوردان بنبــڕ بکــەن، ئــەوە مێــژوو دەنووســنەوە، ئەگەرنــا جوگرافیــای کــوردان جوگرافیایەکــی دێــو و درنــج و شــەیتانە و مــرۆڤ لێــی نــاژی و کوردیــش لــە مــرۆڤ نــاکات.

بــە شــێوەیەکی گشــتی کولتــووری ئێرانــی دوو شــێوازی ڕێگریــی کوردانــی نیشــان داوە، یەکێکیــان وابەســتەیە بــە بارودۆخــی سیاســی و هــەر کاتــێ دەســەڵاتداران ویســتبێتیان هێــرش ببــەن، کراوەتــە بیانــوو بــۆ شــاڵاو و هێرشــەکانیان، ڕەنگــە کــورد بەبــێ ئــەو شــاڵاوانەش هــەر ڕێگــر بوویــن، بــەڵام بیانــووکان ئامــادەن تــا شــەرعییەت بــە هێرشــەکانیان بــدرێ، هەرچــی شــێوازی دیکەیــە، بەبــێ ئــەوەی هێــرش لــە ئارادابــێ کــورد ڕێگــرە، ئــەم ســیفەتەش لــە نێــو کوردانــدا خۆرســکە، چونکــە لــە ناوچەیەکــدان لــە ئاوەدانییــەوە دوورە، بۆیــە لــە ڕێگــر نزیــک بوونەتــەوە، تــا بــەوەی گەیشــتووە ببنــە دڕنــدە و لــە شــەیتان نزیــک ببنــەوە.

خاڵــی میحــوەری لــەکاری ڕێگــری کــورد ئەوەیــە، وڵاتــی کــوردان ناوچەیەکــی دەرەوەی کۆنتڕۆڵــی دەوڵەتــی مەرکەزییــە، ئــەو ناوچــە کــە هــەردەم جێگــەی گومــان و دڕدۆنگــی دەســەڵات و پیاوانــی دەربــار بــووە، کۆنتڕۆڵکردنــی ئــەو ناوچەیــەش کارێکــی تاقەتپڕووکێــن بــووە، دەوڵەتــی مانــدوو کــردووە، نــە کــورد خــۆی نــە کەســیش بەرگریــی لــێ کــردووە تــا وێنەکانــی بــە حەقیقەتــی خــۆی دەرکــەوێ، لەبــەر ئــەوە لــە ڕەســمکردنی وێنــەی کــورد، کــورد خــۆی مەوجــوود نییــە، ئەمــەش خاڵێکــی نێگەتیڤــە، وەک ئــەوە وایــە تۆمەتێکــت بخرێتــە پــاڵ و تــۆش لــەوێ نەبــی.

**٢ — ٤: جلوبەرگی کوردان لەنێوان زاهیر و باتندا**

ســەرچاوەکانی کولتــووری ئێرانــی بــە شــێوەیەکی تایبەتــی باســیان لــە کولتــووری ماددیــی خەڵــکان نەکــردووە، نــەک ئــەوە، بەڵکــوو نووســینەوەی مێــژووی کۆمەڵایەتــی بــواری تایبەتــی ئــەوان نەبــووە، بگــرە لــە میانــەی باســێکی دیکــەی گرنگــی ئــەوان، بــە کورتــی باســیان کــردووە، بابەتەکانــی نێــو ئــەو ســەرچاوانە لــە مەعریفــەی ئــەو ســەردەمەدا دابــەش کــراوە و زیاتــر لا لــە زانســتە ئایینییەکانــی ئیســلام و مێژوو و ئەدەبیات و جوگرافیــادا کراوەتــەوە. لەبــەر ئــەوە بابەتــی تایبەتــی کۆمەڵایەتــی لــە دەرەوەی نووســینەوە و بیرکردنــەوەی نووســەرانی ئــەو ســەرچاوانە بــووە.

بێگومــان کــورد ئەگــەر لــە بازنــەی وێنەکەیــدا کۆمەڵــێ واتــای لــە خۆگرتــوو بــوو کــە لــە زەینییەتــی تاکــی ئێرانیــدا ســەرەتا دێهاتــی و شــوان و چادرنشــین بووبــێ و دواتــر نــەزان و کــەم بیــر و هــۆش بــووە و هــەر لــە دەوری

ئەو مانایانەدا ببێتە کەسێکی ڕێگر و دڕندە، هەموو ئەو واتایانە کولتوورێکی مەعنەوییان بەدەستەوە داوە، لەبەر ئەوە ڕەسمکردنی کورد لە ڕووی شێوەیەوە نەبوو، بەڵکوو بەکار و کردەوە و مانایەوە بەستراوەتەوە، واتە ڕەنگ و ڕوخساری کورد بەشداریی لە دروستکردنی یەکەم وێنەی کورد نەبووە. دواجار ئەو وێنانە دەرهاوێشتەیەکی دیکەیان لێ بوەتەوە و لە ئەنجامدا نموونە، یان وێنەیەکی دیکەیان لە بارەی کولتووری ماددیی کورد دروست کردبێت و کورد بە جلوبەرگی تایبەت بەخۆیەوە بناسرێتەوە.

جلوبەرگی کوردان جلوبەرگێکی زۆر سادە بووە، سادەییەکەی هەم لە ڕێکخستن و چۆنیەتی دیزاین و هەم لە جۆری قوماش (پارچە)ـەکەی، لەبەر ئەوەی ڕێگرەکانیش هەر ئەو جلوبەرگەیان لەبەر کردووە، بەرگێکی سادەی دەروێشانە و زبر بووە و لە جلوبەرگی سۆفییەکان چووە (همدانی: ١٣٧٤، ٤٦٧)، ئەمەش وای کردووە لە بواری نموونە هێنانەوە بە جلوبەرگی سادە ئاماژە بە جلی کوردان بکرێ (جامی: ١٣٨٢، ٨٤) ئەم هاوکێشەی جلوبەرگی کوردان واتای سادەیی جلوبەرگی گەیاندووە، چونکە کورد پێشتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن شێوازێکی سادەترن، لەبەر ئەوە ئەمەش وای کردووە جلوبەرگی کوردان ببێتە شێوازێکی سەربەخۆ و کوردی پێ بناسرێتەوە، بگرە ببێتە زەربولمەسەل (پەند) بۆ ئەو شێوازەی بگوترێ، مرۆڤ لەسەر شێوازی ماددیی کورد چۆنە؟! کورد لەسەر شێواز و وێنەی تایبەت بەخۆی دەرکەوتووە (جامی: ١٣٨٢، ٥٢٥). شێوازی جلوبەرگی کوردان لەگەڵ ئەوەی جودا و سادە بووە، واشی کردووە کورد بە شێوەی جودا قژیان شانە بکەن و ڕێک بخەن و بەشێوەی داهێنانی جودای قژیان بناسرێنەوە (همدانی: ١٣٧٤، ٧٢٠)، ئەمە وەک ئەوە وایە ئەگەر شێوازی جودای شانەکردنی قژ لەو سەردەمەدا ببینن، یەکسەر کوردی پێ بناسرێتەوە و بڵێین ئەمانە کوردن.

لەو گوتارانەی ئەو کولتوورەدا بۆمان دەرکەوتووە جلوبەرگی کوردان لەو ڕووەوە پێوەندی بە ناوەرۆکی کوردانەوە هەیە کە ئەمان دێهاتی و شوانن، لە هەمان کاتیشدا جلوبەرگیان سادەیە، هەرچەندە جلوبەرگی زبرە و لە هی دەروێش و سۆفی دەچێ، بەڵام لە باتندا گیانی سۆفیگەرییان نییە و نازانن جیهانی تەسەوف چییە! چونکە زبری جلوبەرگیان پێوەندی بە دەوروبەری کۆمەڵایەتییانەوە هەبووە، نەوەک بە ژیانی ڕوحی کوردان. دواجار ئەو جلوبەرگە تەنیا ڕواڵەتە و هیچی دیکە و گوزارشت لە کولتووری ماددیی کورد کردووە، دەوروبەری سەختی ئەوان وای کردووە جلوبەرگیان زبر و سەخت و سادە بێ.

# ڕێنووسی پلەبزوێنی درێژی (و، ی) لەنێوان تاک و جووت نووسیندا

**کازم عەباس زەندی**

ئاشکرایە کە درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی دەنگ لە ئاخاوتندا، کردارێکی فۆنەتیکییە و دەتوانرێت لە گۆکردنی زۆربەی دەنگەکاندا جێبەجێ بکرێت بەبێ ئەوەی لە نووسیندا ڕەچاوبکرێت، ئەمەش وای کردووە پێناسەی ئەم کارە زیاتر بە تایبەتمەندیی دەربڕینی کەسی و شێوەزاری لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی وەک دەنگ هەڵبڕین و ئاگادارکردنەوەش بەکاردێت کە تەنیا ئاوازی دەربڕین دەگۆڕێت، بەڵام دەرخستنی ئەم کردارە لە نووسینی کوردیدا، لە هەردوو دەنگی (و، ی) ڕەچاو دەکرێت، چونکە بێجگە لە ڕۆڵە فۆنەتیکییەکەیان، لە گۆڕینی واتاشدا ڕۆڵ دەبینن.

هەردوو دەنگی (و، ی) لەئاخاوتندا دوو دەنگی بڵاو و بەرچاون، بۆیە لە ئەلفبێی زۆربەی زمانەکاندا بەکاردەهێنرێن، لە زمانی کوردیشدا تایبەتمەندییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە لە ئەلفبێی کوردیدا ڕۆڵی بزوێن و نەبزوێنی و زۆرترین ڕۆڵ لە دروستکردنی وشەکاندا دەبینن، لەهەمان کاتدا چەندان ڕۆڵی ڕێزمانی وەک نیشانەی چاوگ و ئامرازی خستنەپاڵ و بەیەکتر بەستنەوە و ناوبەندیش دەگێڕن، هەروەها پیتە (ی) وەک جێناو و پاشگر بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو و واتایی و نەسەبی و پیشەیی و ئاوەڵناوی بەکاردەهێنرێت، پیتە (و)ش لەنێو شێوەزارەکاندا، زۆرترین ئاڵوگۆڕی لەگەڵ پیتەکانی دیکەدا بەسەردا دێت.

ڕاستییەکەی هەموو فۆنیمە بزوێن و نەبزوێنەکان کە ئەلفبێی کوردییان لێ پێک دێت، پلەیەکی هاوبەشیان لەنێواندایە، ئەویش پلەی تەواوە، کە لەو دەنگانە دروست دەبن، بە ئاڵوگۆڕکردنیان واتای وشە دەگۆڕێت، بەڵام بە جیاوازی گشت فۆنیمە کوردییەکان، بزوێنە تەواوی (و، ی) کە بەتاک دەنووسرێن، دوو پلەبزوێنی تریان لەسەر دروست دەبێت، کە لەلایەن زۆرینەی زمانەوانانەوە دان بە بوونیاندا دەنرێت و لەڕێنووسیشدا ڕەچاو دەکرێن، ئەویش پلەی کورت و درێژە، کە کورتەکەیان بە بزرۆکە و درێژەکەیان بەپلە بزوێنی درێژ دەچوێنرێت، بەڵام ئەو دوو پلە بزوێنە، لەو دوو ئەلفبێیەی (لاتینی، عەرەبی) کە بۆ نووسینی

کـوردی بـەکار دەهێنرێـن، بـە شـێوەیەکی جیـاواز دەردەخرێـن... بزوێنـی کـورت لـە لاتینیـدا نیـگاری (أ)ی بـۆ بـەکار دەهێنریـت، کەچـی لـە ئەلفبێـی عەرەبیدا دەرناخرێت، بـەڵام پلەبزوێنـی درێـژی (و، ی) لە لاتینیدا بەدانانی کڵاوەی (^) لەسـەر (I U) دەنووسرێن کەچی لـە ئەلفبێی عەرەبیدا پلەبزوێنی درێـژی (و) بەجـووت (وو)، بـەڵام پلـە بزوێنـی درێـژی (ی) هـەردەم بەتـاک دەنووسـرێت.

**لـە ئاخاوتنـی کوردیـدا شـەش بزوێنـی تـەواو کـە بریتیـن لـە (ا، ە، ۆ، ێ، و، ی) لەگـەڵ دوو پلـە بزوێنـی پەیدابـووی کـورت و درێـژ بـەکار دەهێنرێـن.**

هەریەکە لە دەنگەکانی ( ا، ە، ۆ، ێ) پلەبزوێنەکی تەواویـان لـێ دروسـت دەبێـت و هـەر ئـەو پلەیـەش لـە نووسـیندا دەردەخرێـت، بـەڵام هەریەکـە لـە بزوێنـە تەواوەکانـی (و، ی) بـە جیـاوازی لەگـەڵ بزوێنەکانی دیکەدا، پلەیەکی تـری کورت و درێژیـان لێ پەیدا دەبێت، ئـەوەی لێرەشدا مەبەسـتی ئێمـە بێـت، ڕێنووسـی پلـە درێژەکەیانـە کـە لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا، هەندێـک کـەس بـە تـاک و هەندێکـی تـر بـە جـووت دەینووسـن، وەک لـە (نوسـین، نووسـین- ڕوبـار، ڕووبـار- گـەردون، گـەردوون- بلـول، بلـوول- دور، دوور- شـارەزور، شـارەزوور- ئـارەزو، ئـارەزوو - مەڵاشـو، مەڵاشـوو.......تاد، ئەمـەش یەکێکـە لـەو گرفـت و بابەتـە کێشـە لەسـەرەی کـە لـە ڕێنووسـی کوردیـدا بەرچـاو دەکەوێـت، چونکـە زمانەوانـان و نووسـەرانی کـوردی بەسـەر دوو بـەرەدا دابـەش کردووە، هەندێـک کـەس جـووت (وو) بـۆ پلـە بزوێنی درێـژ بەڕاسـت دەزانـن و ڕاسـت و هەڵـەی ڕێنووسـی پـێ دەردەخـەن، لـە هەمـان کاتـدا هەندێـک کەسـی تر هـەن ئەگـەر هـەروەک (ی) بەتاکیـش بینووسـن، بـە گرفـت و کێشـەیەکی ڕێنووسـی نازانـن، لـە ئەنجامـی یـەکلا نەبوونـەوەی ئـەم دوو ڕایەشـدا، هەندێـک کـەس گەیشـتوونەتە ئـەو بڕوایـەی کـە وەک گرێکوێرەیەکـی ڕێنـووس لـەم گرفتـە بڕوانـن و بـە فۆبیـای ڕێنووسـی کـوردی بزانـن، چونکـە هیـچ بەرەیـەک هـۆکار و پاسـاوێکی لۆژیکـی و سـەلمێنەری لـەلا نییـە تـا ڕاسـتی و ناڕاسـتی ئـەم جیاوازییـە بەلایەکـدا سـاغ بکاتـەوە و بەڵگـەی سـەلماندنی لەسـەر بنیـاد بنێـت کـە بیـروڕای بەرەکـەی تـر بگۆڕێـت.

ئەوانـەی باوەڕیـان وایـە کـە دەبێـت بزوێنـە درێـژی (وو) بەجـووت بنووسـرێت، لـە دەربڕینـدا پشـت بـە درێژکردنـەوەی دەنگەکـە دەبەسـتن لـە هەمـان کاتـدا دەڵێـن لەبـەر ئـەوەی لـە سـەردەمێکی زووەوە هـەر بەجـووت نووسـراوە، بۆیـە دەسـتی پـێ ڕاهاتـووە و ئێسـتایش لاسـاییکردنەوەی بـووە بـە نەریتێـک، بـەڵام ئەوانـەی بەتـاک دەینووسـن، لـە نووسـیندا کورتکردنـەوە ڕەچـاو دەکـەن و ئـەو وشـانە لەبەرچـاو ناگـرن کـە واتاگۆڕییـان تێـدا ڕوو دەدات، چونکـە باوەڕیـان وایـە لـە چەنـد وشـەیەکی دەگمەنـدا پێـوەر بـۆ گشـت وەرناگیرێـت، تـا تـاک نووسـینی بـە هەڵـە بزانرێـت، بۆیـە تـاک نووسـینی بـە ئاسـایی دەزانـن، بەڕای ئێمـەش پاسـاوی هـەردوو بـەرە لەڕواڵەتـە بەرچاوەکەیـدا وەرگیـراوە، لـە کاتێکـدا هـۆکار و پاسـاوی پەسـەندتر هەیـە، کـە تـاک و جـووت نووسـینی پلـە بزوێنـی درێـژ یـەکلا دەکاتـەوە، ئـەم پاسـاو و هـۆکارەش لـە گریمانـەی پێکهاتـەی پلەبزوێنـی درێـژ لـە هـەردوو دەنگـی (وو، یـی)دا دەردەکەوێـت.

## پێکهاتەی پلەبزوێنی درێژی (وو، یی )

هـەروەک دەزانیـن لـە نووسـینی کـوردی بـە ئەلفبێـی عەرەبـی ڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژی (وو) لەگـەڵ (یـی)دا بـەراورد ناکرێـت، چونکـە تەنیـا ئـەو (و)انـەی کـە دەبنـە پلـە بزوێنـی درێـژ بـە جـووت (وو) دەنووسـرێن، کەچـی هـەردەم (ی)یـەکان

بەتـاک دەردەخرێـن، زمانەوانانـی کوردیـش زۆر بـە کەمـی بـاس لـەم جیاکارییـە دەکـەن، کـە لەنێـوان ڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژی (و) و (ی)دا دەکرێـت، چونکـە تـا ئێسـتا نەگەیشـتوونەتە ئـەو ئەنجامـەی کە پێکهاتـەی پلـە بزوێنـی درێـژ لەچـی دروسـت دەبێـت تـا لێکدانەوەیەکـی ڕاسـتیان بـۆ دەربکەوێـت، کـە لەبەرچـی ڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژی (و) و (ی) بەیـەک شـێوە دەرناخرێـن، ئـەم جیاوازییـەش لـە بەراوردکردنـی ڕێنووسـی ئـەم وشـانەدا دەردەکەوێـت، کـە (و)یـان تێـدا پلـە بزوێنـی درێـژە و بـە جـووت دەنووسـرێن وەک لـە (نووسـین، دووکـەڵ، بلـوول، تـوور، چـوون، پـوول، باکـوور، مـازوو...... تـاد، کەچـی لـە هەمـان پێگـەدا کـە (ی)یـان تێـدا پلـە بزوێنـی درێـژە و دەبێـت هـەروەک (وو) بـە جـووت (یـی) بنووسـرێن (نەسـریین، دییـلان، کلییـل، تییـر، چییـن، پییـل، پەنییـر، کانیی......تـاد، بـەڵام لـەم حاڵەتانـەدا هـەردەم بەتـاک دەنووسـرێن (نەسـرین، دیلان، کلیل، تیـر، چیـن، پیل، پەنیـر، کانـی...... تـاد، بـە بـاوەڕی ئێمـەش ئەمـە لـە ئەنجامـی دوو هۆکارەوەیـە، کـە هـەر لـە سـەرەتاوە نووسـەران و شـارەزایانی ڕێنـووس لـە ڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژی (یـی)دا وەک بەڵگـە بـۆ بـە تـاک نووسـینی پشـتیان پـێ بەسـتووە.

**یەکەمیـان/** چونکـە لـە هیـچ وشـەیەکدا بـە ئاڵوگۆڕکردنی تاک (ی) و جووت (یی) واتا نەگۆڕاوە، بۆیـە جـووت نووسـینیان بەهەنـد وەرنەگرتـووە و تـاک نووسـینیان بـە کارێکـی ئاسـایی زانیـوە.

**دووەمیـان/** چونکـە (ی) دووەمیـان بەبزرۆکـە دانـاوە، بۆیـە دەریـان نەخسـتووە، چونکـە لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا بزرۆکـە نانووسـرێت.

ئـەم دوو هـۆکارە وایـان کـردووە بـە تـاک نووسـینی پلـە بزوێنـی درێـژی (یـی) لەلایـەن نووسـەر و شـارەزایانی ڕێنووسـەوە بـە ئاسایی بزانرێت، چونکـە لـە هیـچ وشـەیەکدا واتـا ناگۆڕێـت، لەهەمـان کاتـدا بزرۆکـەش نانووسـرێت، لەمەشـدا کێشـەی ڕێنـووس دروسـت نەبـووە، چونکـە ئـەم دوو پاسـاوە، پاسـاوی بەرچـاون و بەئاسـانی بـۆ هەمـوو کەسـێکی شـارەزا لەڕێنووسـدا دەردەکەوێـت، بـەڵام لەڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژی (وو)دا، کـە تـاک و جـووت نووسـینی لـە چەنـد وشـەیەکی دەگمەنـدا واتـای وشـە دەگۆڕێـت و لەهەمـان کاتـدا وا دادەنرێـت کـە بزرۆکـە لـە دەنگـی (و) دروسـت نابێـت، بۆیـە ئەگـەر بـە جـووت نەنووسـرێت بـە ڕاسـت نازانرێت، بـەڵام ڕاستییەکەی دەتوانیـن ئـەم دوو پاسـاوە بـۆ بـە تـاک نووسـینی درێـژە بزوێنـی (و)یـش بـەکار بهێنیـن، چونکـە بەپێـی لۆژیـک هەرگیـز لـە وشـەی دەگمـەن و نـاوازەدا پێـوەر بـۆ گشـت وەرناگیرێـت، هەروەهـا دەبێـت ئـەو بیروبۆچوونـە هەڵەیـەش بگۆڕیـن، کـە دەڵێـت بزرۆکـە هـەر بـە دەنگـی (ی) دەردەکەوێـت، لەبـەر ئـەوەی لـە هەندێـک حاڵەتـدا بـە دەنگـی (و)یـش دروسـت دەبێـت (بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ڕابـەری ڕێنووسـی کـوردی، کازم زەنـدی لا١١١).

ئێمـە لـەو باوەڕەدایـن کـە پلەبزوێنـی درێـژ لـە دوو دەنـگ دروسـت دەبێـت، ئاشکراشـە کـە دەنگـی یەکـەم بزوێنـە تەواوەکەیـە، ئەوجا دەنگی دووەمـی بـەدوادا دێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی تـا ئێسـتا لێکدانـەوەی جیـاواز بـۆ دەنگـی دووەم دەکرێـت، بۆیـە ئێمـە لێـرەدا بەپێـی چەنـد گریمانەیـەک ڕاسـتیی دەنگـی دووەم دەردەخەیـن.

**گریمانـەی یەکـەم/** ئەگـەر دەنگـی دووەم بـە درێژکردنەوەیەکـی نەپچـڕاوە بزانرێـت، لـەم حاڵەتـەدا پێویسـت نـاکات دەنگـی دووەم نیگاری (و)ی بـۆ بـەکار بهێنرێـت، چونکـە بەشـی هـەرە زۆری دەنگـەکان درێـژ دەکرێنـەوە، کەچـی لـە ڕێنووسـدا بەهەنـد وەرناگیرێـن.

**گریمانـەی دووەم/** ئەگـەر دەنگـی دووەم بـە

بزوێنێکی هاوتای بزوێنی یەکەم بزانرێت، ئەم گریمانەیەش بە ڕاست دەرناچێت، چونکە بە پێی بنەماکانی ڕێنووسی کوردی لە دوو فۆنیم (و+ و = u+u)، فۆنیمێک دروست نابێت، لە هەمان کاتدا دوو بزوێنیش بەدوای یەکتردا نایەن.

**گریمانەی سێیەم/** ئەگەر دەنگی یەکەم بە نەبزوێن و دەنگی دووەم بەبزوێن بزانرێت، ئەم گریمانەیەش بەڕاست دەرناچێت، چونکە هەرگیز لە بزوێن و نەبزوێن (و+ و = w + u)، یەک دەنگ و یەک فۆنیم و پلەبزوێن دروست نابێت.

**گریمانەی چوارەم /** ئەگەر دەنگی یەکەم کە فۆنیمە بزوێنە تەواوەکەیە و دەنگی دووەم بە بزرۆکە بزانرێت (و+ بزرۆکە = ui)، بە باوەڕی ئێمە ئەم گریمانەیە لە هەموو گریمانەکانی دیکە بە ڕاستتر دەردەچێت، چونکە ئەو دەنگەی کە بەدوای بزوێنە تەواوی (و، ی) یەکەمدا دێت، دەنگێکی تەواو نییە، بەڵکوو وەک ئەو دەنگە وایە، کە لە دەنگدانەوەی دەنگێکی دیکەدا پەیدا دەبێت، ئەوجا درێژی دەکاتەوە، ئاشکراشە کە لە کرداری دەنگدانەوەدا، وردە دەنگی کورت و کورتیلە و زۆر کورت و فرە کورت و نیمچە کورت پەیدا دەبێت، بۆیە پلە بزوێنە درێژەکان هەموویان بە یەک شێوە درێژ نابنەوە، ئەمەش لە سیفەتی بزرۆکە دەچێت، چونکە هەروەک بزرۆکە دەتوانرێت لە ئاخاوتندا دەرنەخرێت، یان دەنگەکە ئەوەندە کورت بکرێتەوە، کە لە نووسینیشدا بزر بکرێت بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕێت.

## ڕێنووسی پلەبزوێنی درێژی (و، ی)

پلەبزوێنی درێژی (و، ی) وەک یەک حاڵەت لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، چونکە لە شێوەی یەکتر درێژ و کورت دەبنەوە و بە یەک شێوە دروست دەبن، بۆیە ئەگەر (و) لە هەر پێگەیەکی ناو وشەدا بەپلەبزوێنی درێژ هەژمار بکرێت و بنووسرێت، پێویستە بزوێنی درێژی (ی)ش ئەگەر لە هەمان پێگەدا بێت بە هەمان پلە دابنرێت و بنووسرێت، ئەمەش بەپێی کەوتگەی (و، ی) دەبێت، لەو حاڵەتانەی کە دەکەونە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بڕگە.

### حاڵەتی یەکەم

ئەگەر(و، ی)بزوێن، لە وشەیەکی یەک بڕگەیی، لەنێوان دوو نەبزوێندا بوون، بە پلەبزوێنی درێژ هەژمار دەکرێن.

* (دوور Dûr)..... (دییر Dîr)
* (بووک Bûk)..... (بییک Bîk)

### حاڵەتی دووەم

ئەگەر(و، ی) بزوێن لەنێوان دوو نەبزوێنی دوا بڕگەی وشەکەیەکدا بوون، بە بزوێنی درێژ هەژمار دەکرێن.

* (با/کوور Ba/kûr)..... (نا/ریین Na/rîn)
* (گەر/دوون Gar/dûn)..... (مار/دیین Mar/dîn)

### حاڵەتی سێیەم

ئەگەر (و، ی) بزوێن، لە وشە و لە بڕگەدا، لەنێوان دوو دەنگ و فۆنیمی نەبزوێنی وەک یەک بوون، بە بزوێنی درێژ هەژمار دەکرێن

* (لوول LûL)..... (زییز Zîz)
* (کەر/کووک Kar/kûk)..... (هە/رییر He/rîr)

### حاڵەتی چوارەم

ئەگەر (و، ی) بزوێن، لە کۆتایی بڕگەدا، نەبزوێنیان لە پێش بوو، بە بزوێنی درێژ هەژمار دەکرێن

* (سوو/پا Sû/pa).... (دیی/مەن Dî/men)
* (کوو/لە/کە Kû/Le/ke)..... (میی/وان Mî/wan)

* (په/پوو/له Pe/pû/Le).... (په/سیـ/ره re/Pe/sî)

**حاڵەتی پێنجەم**

ئەگـەر (و، ی) بزوێـن، لـە کۆتایـی وشـەیەکدا، بنجـی وشـەیەک بـوون، نەبزوێنیـان لـە پێـش بێـت، بەبزوێنـی درێـژ هەژمـار دەکرێـن.

* (موو Mû)..... (سیی Sî)

* (تە/را/زوو Te/ra/zû)..... (تە/رۆ/زیی Te/ro/zî)

* (خە/سوو Xe/sû)..... (ما/سیی Ma/sî)

## چەند سەرنجەک

**یـەک/** دوکتـۆر ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف دەنووسـێت، یەکـەم جـار نیـگاری دوو (وو) لـە سـاڵی ١٩٢٥ لـە کتێبـی کۆمەڵـە شـیعری حاجـی قـادری کۆیـی و قانوونی هەڵبژاردندا بۆ پێشـاندانی بزوێنـی درێـژ بـەکار هاتـووە، (کورتەیەکـی مێژوویـی نووسـینی کـوردی بەئەلفبێـی عەرەبـی -گ، ک، زانیـاری کـورد ١٩٨١ لا١٩٧).

ڕاسـتییەکەی ئـەم پێشـینەیە وای کـرد، دواتـر نووسـەران لاسـایی بکەنـەوە و لەداهاتـوودا دەسـت ڕاهاتنیـان لەسـەری دروسـت ببێـت، ئەوجـا لەگەڵیـدا زمانەوانـان لێکدانـەوەی خۆیانـی لەسـەر بنیـاد بنێـن، بۆیـە ئەگـەر لـەو کاتـەوە پلـە بزوێنی درێـژ بـە جـووت (وو) نەنووسـرابوایە و هـەر لـە سـەرەتاوە هـەروەک ئـەوەی لـە ئەلفبێـی لاتینیـدا پەیڕەوکـراوە، کـە نیـگاری کڵاوە بـۆ (û) بـەکار هێنـراوە، لەمیشـدا هێمـا و نیگارێکـی تایبەتیـان بەکاربهێنایـە، کـە نوێنەرایەتـی پلـە بزوێنـی درێـژی بکردایـە، بەدڵنیاییـەوە ئێسـتا ڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژ لـە ئەلفبێـی عەرەبیشـدا بـە گرفـت نەدەزانـرا، بەڵکـوو بـە شـێوەیەکی تـر لێکدانـەوەی بـۆ دەکرا و جیـاوازی تـاک و جـووت نووسـین و گرفتـی بـە فۆنیـم هەژمارکردنیشـی پەیـدا نەدەبـوو.

**دوو/** لـە ئەلفبێـی لاتینیـدا لاسـایی بەکارهێنانـی جـووت (وو) بەجـووت (uu) نەکراوەتـەوە، چونکـە بەدواداهاتنی دوو بزوێن، لەگەڵ بنەماکانی ڕێنووسـی کوردی ناکۆک دەبێـت، بەڵکـوو بـە هێمـای کڵاوە، نیـگار بـۆ پلـە بزوێنـی درێـژی (û) دروسـت کـراوە، ئەمـەش وای کـرد دواتـر نووسـەران لاسـایی بکەنـەوە و گرفتـی تـاک و جـووت نووسـینیان نەبێت، هەروەک ئـەوەی لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا هەیـە.

**سـێ/** لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا: لـەو کاتـەی کـە (و، ی) بـەکارە ڕابوردووەکانـی وەک (نوسـتو، نڤسـتی... پێگەیشـتو، پێگەیشـتی... هاتـو، هاتـی... مـردو، مردی......تـاد دەلکێنرێـت، لـە ڕواڵەتـدا وا دەردەکەوێـت، کـە ئەم (و، ی)انەش هەروەک لە وشـە فەرهەنگییەکانـی وەک (مانـدوو، ماندیـی/ خانـوو، خانیـی/ دەزوو، دەزیـی، مـازوو، مازیـی..... تـاددا هەیـە، پلەبزوێنـی درێـژن، بـەڵام ڕاسـتییەکەی دەبێـت ئـەم (و، ی)انـەی کـە لەگـەڵ کارەکانـدا بەکاردێـن بەبزوێنـی تـەواو هەژمـار بکرێـن و بەتـاک بنووسـرێن، چونکـە بنجـی وشـەکان نیـن، بەڵکـوو ڕۆڵێکـی ڕێزمانی دەبینـن، بـەڵام لـە وشـە فەرهەنگییەکانـدا پلەبزوێنـی درێـژن، چونکـە بنجـی وشـەکانن، بـەڵام دەکرێـت ئەمانـەش هـەر بەتـاک بنووسـرێن، لەبـەر ئـەوەی (و، ی) دووەم لـە پلەبزوێنـی درێـژدا نوێنەرایەتـی بزرۆکـە دەکـەن، هـەروەک دەزانیـن بزرۆکـەش لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا نانووسـرێت، بۆیـە وا ڕاسـتترە هـەر بزوێنـە تەواوەکـەی یەکـەم بنووسـرێت.

**چـوار/** لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا، کـە وشـەیەک بزوێنـی درێـژی (وو، یـی) لـە کۆتاییـدا بێـت، ئەگـەر پاشـگرێکی پێـوە بلکێـت، کـە بەبزوێـن دەسـت پـێ بـکات، بەسـێ (ووو، ییی) دەردەکەوێت وەک لە (دوو/ وەم) ( خانـوو/ وەک... خانیـی / یەک) (خانـوو/ وەکان... خانیـی/ یـەکان)، چونکـە دوو بزوێـن بـە دوای یەکتـردا نایـەن، بۆیـە دەبێـت بـۆ جیاکردنـەوەی

پلەبزوێنی درێژی کۆتایی وشـەکە و بزوێنی سـەرەتای پاشـگرەکە، ناوبەندێکـی نەبزوێن بەهەمان دەنگی (و)، یـان ( ی) لـە نێوانیانـدا دابنرێـت، لـەم حاڵەتەشـدا، دەبێـت لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا: بـەدوو (وو، یـی) پیشـان بدرێـن، چونکـە بزرۆکـەی پێکهاتـەی بزوێنـە درێژەکـە نانووسـرێت، ئەوجـا ئـەو دوو (وو) (یـی) ەی کـە دەمێنێتـەوە، یەکەمیـان بزوێنـە تەواوەکەیـە، کـە پێکهاتـەی بنەڕەتـی بزوێنـە درێژەکەیـە، ئـەوی دیکەیـان ناوبەندەکەیـە، کـە هـەردوو بزوێـن لـە یەکتـر جیادەکاتـەوە، بـەڵام لـە ئەلفبێـی لاتینیـدا: بزوێنـی درێـژ و ناوبەندەکـە هەریەکەیـان بەنیـگاری خۆیـان پیشـان بدرێـن، چونکـە بزوێـن و نەبزوێـن هەریەکەیـان نیـگاری تایبەتـی خۆیـان هەیـە.

**پێنـج/** لـەو حاڵـەت و وشـە دەگمەنانـەی کـە بەتـاک و جـووت نووسـینی (و) واتـا دەگۆڕێـت، پێویسـتە وەک حاڵەتێکـی نـاوازە لـە هـەردوو ئەلفبێـدا، جیاوازییەکـە بەتـاک (و u) و جـووت (وو uu) پیشـان بدرێـت، وەک ( کـوڕ، کـووڕ... قـوت، قووت...سـوڕ، سـووڕ... کـوت، کـووت).

## پوختە

ڕێنووس زانسـتە، بۆیە دەبێت وەک بابەتێکی زانسـتی لێکدانـەوە بـۆ گرفتەکانـی بکرێـت و بەپێـی بەڵگـە و پاسـاوی بەجـێ بیـروڕا جیاوازەکانـی تێـدا بەلایەکـدا سـاغ بکرێتـەوە، نـەک لـە لاسـایی و پەیڕەوکردنـی هەڵەیەکـی بـاو وەڵام بـۆ گرفتەکانـی بدۆزرێتـەوە.

- تـا ئێسـتا ڕێنووسـی پلـە بزوێنـی درێـژی (و) لـە نێـوان تـاک و جـووت نووسـیندا بابەتێکـی کێشـە لەسـەرە، بۆیـە نابێـت بەڕەهایـی بیـروڕای لەسـەر دەربڕدرێـت، بەڵکـوو دەکرێـت هـەر لایـەک بیروبۆچوونـی خـۆی بـە بەڵگـە بسـەلمێنێت تـا لـە دەرئەنجامـدا ڕێنووسـی دەکەوێتـە چوارچێوەیـەک کـە ڕاسـت و هەڵـەی پـێ دەستنیشـان بکرێـت.

-ئەگـەر (و)ی دووەم لـە پلـە بزوێنـی درێـژدا بـە بزرۆکـە بزانرێـت، بەراوردکردنـی ڕێنـووس لـە هـەردوو ئەلفبێـی عەرەبـی و لاتینیـدا ڕوون و ئاسـانتر دەبێـت، چونکـە لەهـەر ئەلفبێیەکدا بـە تایبەتمەنـدی خۆیـان دەنووسـرێن و هیـچ ناتەباییيـەک لەنێـوان ڕێنووسـی ئـەم پلەیـە بـە هـەردوو ئەلفبێ و بنەماکانی ڕێنووسـی کـوردی دروسـت نابێـت، چونکـە لـە لاتینیـدا دەنگـی بزرۆکـە بـە هێمـای کڵاوە ئاوێتـەی بزوێنـە تەواوەکـە دەبێـت (Â Û)، لـە ئەلفبێـی عەرەبیشـدا دەتوانرێـت بـە پاسـاوی نەنووسـینی بزرۆکـە، هـەردەم نیـگاری پلەبزوێنـە درێـژەکان بـە تـاک (و، ی) بنووسـرێن.

- لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا پلـە بزوێنـی درێـژی (و) هـەروەک (ی) بـە تـاک بنووسـرێت تەنیـا لـەو حاڵەتانـەدا نەبێـت کـە تـاک و جووت نووسـینی واتای وشـە دەگۆڕێـت، چونکـە لـە درێژکردنـەوەی هـەردوو دەنگـدا، ئـەو دەنگـەی بـە دوای دەنگـی یەکەمـدا دێـت، دەنگـی بزرۆکەیـە، هـەروەک ئاشکراشـە بزرۆکـە لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا دەرناخرێـت، ئەمـەش دەبێتـە فریـادڕەس بـۆ چارەسـەری ئـەو جیاوازییـەی کـە لەنێـوان بیروبۆچوونـی نووسـەراندا هەیـە لـە بـە تـاک و جـووت نووسـینی پلەبزوێنـی درێـژی (وو)دا، چونکـە دەبێتـە پاسـاوی دەرنەخسـتنی (و)ی دووەم لـە ئەلفبێـی عەرەبیـدا، بۆیـە ئاسـاییە ئەگـەر (و) ی دووەم ون بکرێـت، هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە ئێمـە باوەڕمـان وایـە کـە ڕێنووسـی پلەبزوێنـی درێـژ بـە تـاک بنووسـرێت، تەنیـا لـەو وشـانەدا نەبێـت کـە واتایـان دەگۆڕێـت، چونکـە دەنگـی دووەم بزرۆکەیـە، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا، بـۆ پلـە بزوێنـی درێـژ دوو (وو) بـەکار دەهێنرێـت، بۆیـە ئێمـەش لێـرەدا پلـە بزوێنـە درێژەکانمـان بـە جـووت (وو) نووسـیوە تـا لەگـەڵ ڕێنووسـی پەیڕەوکراو لـە گۆڤارەکـەدا بگونجێـت و ڕێـک بکەوێـت.

# چیرۆکی ئەسپێک: هەڵبەستێک دەربارەی ژیان
## ئەکتەری ڕووسی یەڤگینی لێبیدێڤ

د. فازڵ جاف

مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵ، ٢٧ بیست حەوت ساڵ بەسەر کۆچی دوایی (یەڤگینی لێبیدێڤ) تێدەپەڕێ. لێبیدێڤ ئەکتەری شانۆی بۆلشۆی تیاتر لە شاری پیتەر بۆرگ و یەکێک لە هەڵکەوتووترین ئەکتەرەکانی سەدەی بیستەم بوو، لە بەرجەستەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی ئەدەبیاتی کلاسیک و هاوچەرخدا بەهرەیەکی تایبەت و جیاهەڵکەوتووی نیشان دا. لە دوایین ڕۆڵەکانی لەسەر شانۆی بۆلشۆی تیاتر لە شاری پیتەر بۆرگ ڕۆڵی (خۆلستۆمیر)ی نمایش کرد. خۆلستۆمیر ئەسپێکە لە شانۆنامەی (چیرۆکی ئەسپێک)، نووسینی ڕۆماننووسی ڕووسی لیڤ تۆڵستۆی. ژمارەی ئەو ڕۆڵانەی لێبیدێڤ لە شانۆ و سینەما نمایشی کردوون گەلێک زۆرە، بەڵام لەم نووسینەدا دەکرێ ئاماژە بۆ چەند دانەیەکیان بکەین: کارەکتەری کروتیتسکی لە شانۆنامەی (هەموو دانایەک هەڵەیەکی هەیە) لە نووسینی ئەلێکساندەر ئۆستروۆفسکی، کەسایەتی پرۆفیسۆر لە (خاڵۆ ڤانیا) لە نووسینی ئەنتۆن چێخۆڤ.

لێبیدێڤ دووجار (ساڵی ١٩٥٠ و ١٩٦٨) خەڵاتی دەوڵەتی بەدەست هێناوە، کە لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا گرنگترین و بەهادارترین خەڵاتی هونەر بوو. لە ساڵی ١٩٨٦، خەڵاتی (لینین)ی بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٦٨دا بە نازناوی هونەرمەندی گەل ڕێزی لێ گیراوە، ژمارەی ڕۆڵەکانی بە زیاتر لە سەت ڕۆڵی لەسەر شانۆ و شەست و شەش ڕۆڵ لە سینەما و تەلەڤزیۆن مەزەندە دەکرێت.


لێبیدێڤ پوختەی هونەر و تەکنیکی نواندنی خۆی لە وتەیەکی بەناوبانگدا کورت کردووەتەوە، کە بە ئەکتەر دەڵێ: تەنیا لە ڕۆڵەکەتدا قووڵ مەبەوە، بەڵکوو لە ژیان خۆی قووڵ بەرەوە، چونکە ژیان دەبێت بە تەواوی نمایش بکرێت.

ناوی لێبیدێڤ لە زەینی شانۆدۆستاندا بە نمایشە ناوازەکەیەوە (چیرۆکی ئەسپێک) پەیوەست بووە، کە ڕۆڵی ئەسپی (خۆلستۆمیر) ی تێدا دەگێڕا. ئەم شانۆگەرییە بۆ زیاتر لە دوو دەیە نمایش کرا، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ تاکوو مردنی لێبیدێڤ لە

٩ی حوزەیرانی ١٩٩٧دا هەر بەردەوام بوو.

بە ڕای ڕەخنەگران «چیرۆکی ئەسپێک» یەکێکە لە درێژخایەنترینی ئەو نمایشە شانۆییانەی کە دوورن لە شێوازی نمایشی بازرگانی، بە پلەی یەکەم لە وانەی کە لە وێست ئێند (لەندەن) و برادۆی (نیۆیۆرک) نمایش دەکرێن. نمایشکردنی شانۆنامەکە لە شاری پیتەر بۆرگ پێگەیەکی بەرچاوی لە مێژووی نمایشە شانۆییە سەرکەوتووەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا داگیرکردووە، بەشێکی دەنگدانەوەی نمایشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ڕێگەیان پێ دا بەشداری لە زۆر لە فیستیڤاڵە شانۆییە نێودەوڵەتییەکاندا بکا، لەوانە: فینلاند، سوێد، ئەڵمانیا، پۆڵەندا، چین، ڕۆمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا و فەڕەنسا، بۆیە نمایشەکە هەر زوو، پاش نمایشکردنی لە بۆلشۆی تیاتری شاری پیتەر بۆرگ، لە جیهاندا برەوی پەیدا کرد.

پێشکەشکردنی شانۆنامەکە لە فیستیڤاڵی ئەڤینۆن لە ساڵی ١٩٧٩ ڕووداوێکی گەورەی هونەری بوو، بەو پێیەی شەپۆلێکی گەورەی ڕەخنەی لێ کەوتەوە، چ بە پەسەندکردن و چ بە پەسەندنەکردنی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە. لە کاتێکدا ڕۆژنامە ناوخۆییەکان پەیامی شانۆنامەکە و ئامانجە مرۆییەکانی و شێوازە هونەرییەکەیان بەرز دەنرخاند، هەرچی ڕۆژنامە گەورەکان بوو، شێوازی دەرهێنانیان بە کۆنەباو (نەریتی) لە قەڵەم دا. هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وا بوو کە پێکهاتە جووڵەییەکان (میزانیسینەکان)ی نمایشەکە، چەقبەستوو بوون و پڕ بوون لە وردەکاری بێ کەڵک. ئەوانەی ئەم بۆچوونانەیان هەبوو، پێیان وابوو کە دەرهێنەر وا پێویستی دەکرد لەوە بوێرتر بێ.



**یەڤگینی لێبیدێڤ**

لە کاتێکدا زۆربەی ڕەخنەگران، بەگشتی جەختیان لە سەر گرنگیی شێواز و ڕێچکەی هونەریی ڕێژیسۆری بەناوبانگ جورجیۆ تۆڤستۆنۆگۆڤ دەکرد، بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی ئەکتەر و توانایی مامەڵەکردنی لەگەڵ نمایشی جەستەیی، کە گەیشتبووە ئاستێکی بەرز.

نووسینی ڕۆمانی «چیرۆکی ئەسپێک» ماوەیەکی زۆری خایاند، تۆڵستۆی لە ساڵی ١٨٦٣ دەستی بە نووسینی کرد، لە ساڵی ١٨٨٩ کۆتایی پێ هێنا، تۆڵستۆی بە شێوازێکی زبر و واقیعی و پوخت، دوور لە ڕازاندنەوەی بێ ناواخن نووسیویەتی، نووسەر بەتەواوی لە شێوازی ڕۆمانسی و زیادەڕەوی لە دەربڕینی هەستەکاندا دوورکەوتووەتەوە، کە ئەم شێوازە لەو سەردەمەی (تۆڵستۆی)دا باڵادەست و باو بووە.

تۆڵستۆی کە ڕووەکخۆر بوو، بەوە ناسراوە کە ئەسپی زۆر خۆش ویستووە، لە ڕۆمانەکەیدا پێنج شەو لەسەر یەک کارەساتی ئەسپێک، لەسەر زاری خۆلستۆمیر دەگێڕێتەوە، خۆلستۆمیر کە بەدەست پیربوون و بێتاقەتی و هەستکردن بە

نامۆبوون لە نێو کۆمەڵێک ئەسپی شەڕانگێزدا دەناڵێنێت، نموونەی ئاژەڵێکە کە بەردەوام ئازار دەچێژێت.

نووسەر لە هەموو بەشەکانی ڕۆمانەکەدا، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، لەسەر زاری خۆلستۆمیرەوە بەردەوامە، کە لە دوازدە بەش و دەرئەنجامێک پێکهاتووە، جگە لە بەشی دەیەم، کە گێڕانەوەکەی دەچێتەوە سەر زمانی نووسەر.

تۆڵستۆی ئەو مامەڵە دڕندانەیە ئاشکرا دەکات کە ئاژەڵەکان بە دەستی مرۆڤەوە دەیچێژن، ئەمەش هەستی نامۆبوون لە نێوان هەردوو لا، مرۆڤ و ئاژەڵ، لەسەر دوو ئاستی جیاوازدا قووڵتر دەکاتەوە. خۆلستۆمیر لە ڕێگەی خەم و ئازارە قووڵەکانییەوە ئادەمیزاد دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت.

شایەنی باسە کە نووسەرانی ڕووس، لە کۆنەوە تێڕوانینێکی قووڵی مرۆییانەیان دەربارەی نامۆبوونی ئاژەڵ لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستە کردووە، جوانترین نموونەشیان چیرۆکە بەناوبانگەکەی چێخۆڤە، کە تێیدا باس لە پەیوەندی گەرمی نێوان ئەسپێک و خاوەنەکەی دەکا. میکۆڤسکی ئەم هەستەی لە شیعردا زۆر جوان دەربڕیوە: هەموومان ئەسپی بچووکین، هەرچی (تۆڵستۆی)ـە، لەوەش قووڵتر سۆزی خۆی بۆ ئاژەڵ دەردەبڕێ و وا مامەڵە لەگەڵ نامۆبوونی مرۆڤ دەکا، کە ڕەگوڕیشەی لە ناخی خۆلستۆمیردا هەیە، وەک بوونەوەرێکی نامۆ کە سەر بەو گرووپە نییە و لە ناویاندا نامۆیە، ئەوان دان بە بوونی نانێن، تەنانەت نایەنەوێ بیشیناسن.

سەرەتای شانۆنامەکە بە دیمەنێک دەست پێ دەکات کە تێیدا خۆلستۆمیری سەرکێش و بزێو بە ٨٠٠ ڕۆبڵ بە ئەفسەرێکی سوارە دەفرۆشرێت. خۆلستۆمیر دەڵێ: «لە ڕووی بەزەییەوە منی کڕی، چونکە کەس ئەسپێکی چەمووشی ناوێ». لە هەمان کاتدا ئەو ماوەیەی کە لە خزمەتی ئەو ئەفسەرە بەسەری بردووە، بە خۆشترین قۆناغی ژیانی وەسف دەکات، بەڵام ئەو قۆناغەش زۆری نەخایاند، چونکە هەر زوو بە یەکێک لە شازادەکان فرۆشرا. باش بوو شازادە سۆزێکی گەرمی بۆ خۆلستۆمیر هەبوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ئەویشی لەدەست دا.

دیمەنی دیداری خۆلستۆمیر بۆ جاری دووەم لەگەڵ شازادە، بەبێ ئەوەی شازادە ئەسپەکەی بناسێتەوە، یەکێکە لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی نمایشەکە. لەم دیمەنەدا شازادە لە تەنیشت خۆلستۆمیرەوە پاڵ کەوتووە و دەڵێ: ئەسپێک، نەخێر، بڵێ هاوڕێیەک.

ئەو جیهانەی کە تۆڵستۆی بەرجەستەی دەکات، جیهانێکی بێ بەزەییە، جیهانێکە لە بنەڕەتدا هەمان جیهانی مرۆڤە، بەڵام لە ڕوانگە و دیدگای ئەسپێکەوە داڕێژراوە، ئەسپێک کە ڕەنگی پێستی جیاوازە لە ئەسپەکانی تر، ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕەحەتی و کێشە بۆی و ژیانی لێ دەکا بە دۆزەخ. ئەم ئەسپە کە لەدایک دەبێ حەزی بە یاری و گاڵتەیە، جوانوویەکی شاد و دڵخۆشە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە تووشی ئەشکەنجە و توندوتیژی دەبێتەوە. لە یەکەم ساتەکانی بوونیدا لە نێو ڕەوە ئەسپەکاندا بە خۆشحاڵی و سەرسووڕمانەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ، بە سەما و بازدان بەسەر سنگی هاوتەمەنەکانیدا کات بەسەر دەبا. دیمەنەکانی سەرەتای شانۆگەرییەکە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەکانی تۆڵستۆی سەبارەت بە

چاکە و خێر و بەها بەرزەکان دەگرنە خۆ، جەخت لەوە دەکەنەوە کە سروشتی خراپە، سروشتێکی بەدەست هێنراو و دەستکردە لەلایەن مرۆڤەوە. مرۆڤ، وەک تۆڵستۆی دەیبینێ، دروستکەری جەوهەری خۆیەتی و بەرپرسیارە لێی.

دیزاینەر (ئیدوارد کێچەرگین)، یەکێکە لە دیارترین دیزاینەرانی سینۆگرافی، پرۆفیسۆری سینۆگرافیایە لە ئەکادیمیای هونەری شانۆ لە شاری پیتەر بۆرگ، بۆ ئەم نمایشە جیهانێکی میتافۆریک (هێماگەر)ی لە چەرمی سپی دروست کرد بوو، کە هێمایە بۆ جیهانی ئاژەڵان، هاوکات وەک زیندانێکیشە لە چەشنی زیندانی مرۆڤ.

ڕەخنەگر ئاناتۆلی سێملیانسکی لە کتێبی "شانۆی ڕووسی دوای ستالین"دا دەڵێت: تۆڵستۆی جیاوازی لە نێوان دوو جۆر دەنگ دەستنیشان کردووە، کە هێمای دوو جیهانی جیاوازن: ئەو دەنگانەی لە سنگەوە دەردەچن و ئەو دەنگانەی لە قورگەوە دەردەچن. دەنگی خۆلستۆمیر لە سنگەوە دێ، لە کاتێکدا دەنگی ڕەوە ئەسپەکان کە لە کۆڕێکدا کۆبوونەتەوە، لە قورگەوە دێ، وەک ئەوەی گۆرانییەک بچڕن لە چەشنی گۆرانی قەرەجەکان.

ڕەخنەگری ڕووسی ئێلیچیڤا، تایبەتمەندێتییەکانی ئەم بەرهەمە شانۆییەمان بۆ دەستنیشان دەکا، ئەمە کاتێک کە بۆلشۆی تیاتر لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٩٠دا دووبارە دەستی بە نمایشکردنی شانۆگەرییەکە کردەوە. ڕاگرتنی نمایشەکە تەنیا وەستانێکی کورت بوو، بەهۆی مردنی دەرهێنەر تۆڤستۆنۆگۆڤەوە لە هەمان ساڵدا، ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن: یەکەم، بایەخ و گرنگیی نمایشی دەنگی و کاریگەرییە دەنگییەکان کە بەوردی کاری لەسەر کراوە. دەنگی لێبیدێڤ گوزارشت لە خۆشەویستی و خەم و پەژارە و ئازار دەکرد، دەنگێک کە لە قووڵایی ناخی خۆلستۆمیرەوە دەردەچوو، هەرچەندە تەمەنی لێبیدێڤ لە سەرووی حەفتا ساڵەوە بوو.

لێبیدێڤ فەلسەفەی نمایشکردنی خۆی سادەتر دەکات، لەسەر بنەمای تەکنیکی ستانیسلاڤسکی کە پێکهاتەی ڕۆڵەکە بۆ یەکە جیاوازەکان دابەش دەکات، بەڕوونی و کاریگەرییەکی دوور لە ئاڵۆزی، چەمکی نواندن بەو وتە بەناوبانگەی خۆی بەم شێوەیە باس دەکات: نواندن پێوەندی بە خاڵەکانەوە هەیە، لێرەدا خاڵ بە مانای «وێستگە» دێ، وێستگەکان پێکهاتەی ڕۆڵەکە و ڕیتم پێک دەهێنن.

دووەم تایبەتمەندی دەرهێنەر تۆڤستۆنۆگۆڤ، جەختکردنەوەیەتی لەسەر ئەخلاقی تاکەکەسی. نمایشەکە وەک ڕۆمانەکەی تۆڵستۆی لەسەر بنەمای پەروەردەیی دامەزراوە، بەڵام ئەی نمایشەکە چیمان فێر دەکات؟ یاساکانی ژیان بەزەییان بۆ کەس نییە، مرۆڤ وەک خۆی ڕازی دەبێت ژیانی خۆی دەژی و شتەکانیش دووبارەی دەکاتەوە: "ناکرێ بژیت بەبێ ئەوەی مافی تاک (مرۆڤ) بپارێزرێت". مرۆڤەکانیش نەک تەنیا بەرانبەر بە ئاژەڵەکان دڕندەن، بەڵکوو لەگەڵ یەکتریشدا دڕندەن.

تایبەتمەندێتی سێیەمی شانۆنامەکە لە زۆری پێکهاتە مۆسیقاییە بەرفراوانەکەیدایە. فۆرمی مۆسیقا لە ساڵی ١٩٧٥ لە نمایشەکانی ڕووسیادا بەم شێوەیە نەناسرابوو، بە گوتەی ڕەخنەگر ئێلیچیڤا نمایشەکەی لە پێکهاتەیەکی موزیکیدا دروست کردووە کە پێکهاتووە لە بەشە موزیکییەکان، کە بەتایبەتی بۆ ئەم نمایشە ئامادەکراون، ئەمە هەرچەندە چیرۆکی ئەسپێک

لـە بنەڕەتـدا بەپێـی یاسـاکانی موزیـک بنیـاد نەنـراوە..

نمایشـەکە داسـتانئامێزە تـا ئـەو ڕادەیـەی دەکـرێ نـاوی لـێ بنرێـت شـێوازی داسـتانی برێختییانـە، تەنانـەت ڕەخنەگـری شـانۆ نیکـۆلای زایتسـێڤ پێشـنیازی کـرد کـە نـاوی نووسـەر بـەم شـێوەیە بنووسـرێ: تۆڵسـتۆی– برێخـت.

هەرچەنـدە تۆڤسـتۆنۆگۆڤ لەسـەر ئاسـتی هونـەری ئەکتـەر و شـێوازی دەرهێنـان، بـە یەکێـک لـە بەناوبانگتریـن شـاگردەکانی میتـودی ستانیسلاڤسـکی ناسـراوە، کـە بـە درێژایـی ژیانـی هونەریـی خـۆی بـاوەڕی تـەواوی بـە ڕێبـازی ڕیالیزمـی دەروونـی هەبـوو، لـەم نمایشـەدا بینیمان زیرەکانـە میتـودی (ستانیسلاڤسـکی و برێخـت)ی تێکـەڵ کـردووە.

لـە ژمـارەی دووەمـی گۆڤـاری شـانۆی ڕووسـی سـاڵی ١٩٧٦، تۆڤسـتۆنۆگۆڤ دان بەم تێکەڵەیەدا دەنـێ، ئامـاژەش بـەوە دەکا، کـە نامۆبوونـی برێختـی لـە چیرۆکـی ئەسـپێکدا بەکارهێنـاوە. ئـەم تێکەڵەیـە وای کـرد ڕەخنەگـر زەیتسـێڤ بنووسـێ: ئـەم نمایشـە شـیعرێکە دەربـارەی ژیـان.

**سەرنج:**

سـێ جـار ئـەم نمایشـەم بینیـوە، سـاڵی ١٩٩٠بۆ یەکـەم جـار لـە بۆلشـۆی تیاتـر بینیم.

# پێشنیارەکان بۆ برەودان بە هونەری مۆسیقای کوردی

**سەلاح ڕەووف**
**(هۆلاند)**

بۆ ئەوەی مۆسیقاکەمان بگاتە ئاستی مۆسیقای گەلانی پێشکەوتوو و چیتر نەهێڵین لەو ئاستە نزمەیدا بمێنێتەوە، دەبێت چەند خاڵێکی گرنگ هەیە لە ئامێزیان بگرین و هەوڵ بدەین تا زووە دەست بکەین بە جێبەجێ کردنیان، چونکە ئێمە میللەتێکی ژێردەستە بووین و نەمانتوانیوە بە هەموو توانایی خۆمان لە هەوڵداندا بین بۆ گەشەدان و فراوانکردنی ئاستی هونەرەکەمان.

هێشتا زووە و کار لە کار نەترازاوە ئەگەر خەمخۆری نەتەوەکەمان بین، ڕێگاچارە ئاسانە بۆ گەیشتن بە ئاواتمان بەرەو هونەرێکی ڕەسەنی هاوچەرخ، بە کردار نەک بە وتە. لێرەدا من بە پێوستی دەزانم چەند پێشنیارێک هەن بیانخەمەڕوو، کە بریتین لە چەند خاڵێکی گرنگ کە هەوڵدانە بۆ برەودان بە هونەری ئاواز و مۆسیقاکەمان. من لە لای خۆمەوە لە گرنگترینیانەوە باسیان لێ دەکەم لەوانە:

١- کەم کردنەوەی ناوی زۆر و بۆری پلە دەنگییەکانی مۆسیقا و وەک ڕۆژئاواییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین، کە تەنیا ناوی پلە دەنگییەکانی پەیژە مۆسیقاکانن بە جۆرە جیهانییەکەی کە (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی) بۆ پەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم - ماژۆر) بەکار بهێنرێت، هەروەها بۆ پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست)، تەنیا پلەکانی سێیەم و حەوتەم وشەی (کار- واتا پلەدەنگییەکی سێ چارەکە دەنگی)یان بخرێتە سەر، بە پێی پەیژەی مۆسیقاکە، بەم جۆرە وەک پەیژەی دۆ ڕاست (دۆ، ڕێ، می کاربیمۆڵ، فا، سۆڵ، لا، سی کاربیمۆڵ) بەکار بهێنرێت.

٢- کەم کردنەوەی ناوی زۆر و بۆری پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی بە شێوەی پەیژەکانی ڕۆژئاوایی، لەگەڵ تایبەتمەندێتی بەکارهێنانی پلە دەنگییە سێ چارەکییەکان، بە واتا بەم جۆرە کاریان لەگەڵدا بکرێت:

**جۆری پەیژەکانی مۆسیقای کوردی:**

**ا- پەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم – ماجۆر)**

١- سەر پلەی بنکە: هەر سێ جۆرەکەی سروشتی و هارمۆنی و میلۆدی (عەجەم – ماجۆر)،گوێ بە جۆرەکانی نەدرێت و هەرچی گۆڕانکارییەک بەسەر پلە دەنگییەکانیدا بێت، وەک گۆڕانکاری لاوەکی کاری لەگەڵدا بکرێت،

لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی خـودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

٢- سـەر پلـەی شەشـەم (نەهاوەنـد – مینـۆر): گوێ بە جۆرەکانی نەدرێت و هەرچی گۆڕانکارییەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی خودی پەیژە مۆسیقا سـەرەکییەکە.

٣- سـەر پلـەی سێیەم (فریجی– کـورد): گوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچـی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی خودی پەیژە مۆسیقا سـەرەکییەکە.

٤- سـەر پلـەی چوارەم (سیگان – هەمایۆن): گوێ بە جۆرەکانی نەدرێت و هەرچی گۆڕانکارییەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی خودی پەیژە مۆسیقا سـەرەکییەکە.

٥- سـەر پلـەی پێنجـەم، ماجـۆری هارمۆنـی، (میکسـۆلیدی- حیجـاز): گـوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچـی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێـت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی خودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

**ب- پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست)**

١- سـەر پلـەی بنکـە: هـەر سـێ جۆرەکـەی سروشـتی و هارمۆنـی و میلـۆدی (ڕاسـت)، گـوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی خـودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

٢- سـەر پلـەی شەشـەم (بەیـات): گـوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچـی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێـت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی خـودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

٣- سـەر پلـەی سـێیەم (سـێگا): گـوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچـی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی خـودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

٤- سـەر پلـەی چـوارەم (چـوارگا): گـوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچـی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی خـودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

٥- سـەر پلـەی پێنجـەم (حیجـاز- نیـاز): گوێ بـە جۆرەکانـی نەدرێـت و هەرچـی گۆڕانکارییـەک بەسـەر پلـە دەنگییەکانیـدا بێت، وەک گۆڕانـکاری لاوەکـی کاری لەگەڵـدا بکرێت، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی خـودی پەیـژە مۆسـیقا سـەرەکییەکە.

**تێبینی:**

دەتوانـرێ وەکـوو ئەوروپاییـەکان تەنیـا کار بـە پەیـژەی گـەورە سـەر پلـەی بنکـە و پەیـژە دروسـتکراوی سـەر پلـەی شەشـەمی کـە پەیـژەی مینور(بەهـەر سـێ جۆرەکـەی: سروشـتی، میلۆدی، هارمۆنـی) بکـرێ، کار بـە پەیژەکانـی تـر تەنیـا پەیـژەی سـەرەکی کـە مـاژۆرە کاری پـێ بکـرێ.

٣ - بەکارهێنانـی ئامێـرە ڕیتمییـەکان بـە شـێوەیەکی گونجـاو، وەک ئامێرێکـی سـۆڵۆ نـەک وەک لەمەوبـەر کـە هـەردەم پەیوەسـتی ئاوازەکـە بێـت و لـە یـەک ئاسـتی تەریبیـدا شـان بـە شـانی ئاوازەکـە وەک هێڵـی هارمۆنـی بـەکار بهێنرێـت. بـە واتـای وەک ئامێرێکـی سـۆڵۆ لـە کات و سـاتی گونجـاودا بـەکار بهێنرێـت، نـەک لـە جیاتـی

هێڵـی هارمۆنـی بـەکار ببرێت، ئێمـەش وەک ئـەو بەکارهێنانـەی کـە لای هەمـوو گـەلان، بەتایبەتـی گەلانـی ڕۆژئـاوا بـەکار دێت، بـەکاری بێنیـن. لەبەر ئـەوەی لـە دنیـای مۆسـیقادا بـە هارمۆنیکردنـی ئـاواز مەرجێکـی سـەرەکییە، کـەم ئـاواز هەیـە کـە بـە تەنیـا میلۆدییەکـەی گوێـی مـرۆڤ پـڕ بـکات، بۆیـە گرنگـە و پێویستیشـە کـە هەمـوو ئاوازێـک کـەم تـا زۆر هێڵـی هارمۆنـی لـە تەکدا بێـت، بـەڵام مەخابـن لای میللەتانـی ڕۆژهـەڵات و میللەتـی ئێمـەش، هەروەهـا لـە سـەرەتای پارچـە ئاوازێکـەوە، ئەوجـا قورگیـی بێت، یـان ئامێریـی، جیـاوازی نییـە، هەمـوو ئامێـرە مۆسـیقاییەکان پێکـەوە دەیژەنـن و جـار جارێک هەمـوو ئامێرەکان دەوەسـتن، جگـە لـە یـەک ئامێـری مۆسیقا، بـەڵام ئامێـرە ڕیتمییـەکان وەسـتانیان بـۆ نییـە، گوایـە ئەمـە دابەشـکردنی مۆسـیقاکەیە. زۆر بەداخـەوە کـە ئامێـرە ڕیتمییـەکان جێگـەی بـە هارمۆنیکردنی ئـاوازی گرتووەتـەوە و هەموو تاموچێژێکی زانسـتی مۆسـیقای لـە هێڵـی هارمۆنـی سـەندووەتەوە و بووەتـە هـۆی کەموکـووڕی لـە مۆسـیقاکانماندا.

٤ – هەوڵـدان بـە هـۆی ئاشـنابوون بـە زانسـتی گۆڕانـکاری نێـوان پەیژەکانـی مۆسـیقا و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیانـدا بـەو شـێوە زانسـتییە کـە بـە هۆیـەوە دەتوانرێـت زیاتـر لـە پەیژەیەکـی مۆسـیقا لـە پارچـە ئاوازێکـدا بـەکار ببرێـت و ببینـە خاوەنـی چەنـدان فۆرمـی نـوێ (وەک لای میللەتانـی ڕۆژئـاوا)، چیتـر لـە ئاسـتی فۆرمـی گۆرانـی فۆلکلۆریـدا نەمێنێنـەوە.

٥-کەڵـک وەرگرتـن لـە فۆرمە ڕیتمی سەربەسـتە کوردییەکانـی وەک ( (کۆتـەڵ و سـرووت و بەیـت و بالـۆرە و حەیـران و لاوک و قەتـار و ئەڵڵاوەیسـی و خاوکـەر و خۆرشـیدی)) و چەنـدان فۆرمـی تـر، کـە دەتوانرێـت بـە هـۆی پشـکنینێکی هونەریـی سەرانسـەری کوردسـتانی گـەورە دووبـارە لەگـەڵ هونـەری سـاز و ئاوازەکانمانـدا ئاشـنا ببنـەوە، کـە تـا ئێسـتاش ونـن و هیـچ گەشـەیەکیان پـێ نـەدراوە، کەواتـە بـە هـۆی ئاشـنابوونمان بـە زانسـتی گۆڕانکارییەکانـی نێـوان پەیژەکانـی مۆسـیقا دەتوانرێـت پەرەیـان پـێ بدرێـت.

٦ – کارکـردن بـە چوارینەکانـی مۆسـیقا وەک زانسـتییە جیهانییـەکان:

ا – هەوڵـدان بـۆ زیـاد نەکردنـی ناولێنانـی جـۆری چوارینەکانـی مۆسـیقا (تتراکـۆرد): کـە ئـەو جـۆرە زیادکردنـە لـە لایـەن هەندێـک کەسـەوە دەکرێـت و کـراوە، ئـەوە خـۆی لـە خۆیـدا سەرلێشـێواندنێکی تـری وەک (زۆر و بـۆری) نـاوی پلـە دەنگـی و پەیژەکانـی مۆسـیقای نـاو هونـەری ئـاواز و مۆسـیقاکەمانە. هـەوڵ بدرێـت ئـەو شـێوە زانسـتییە بسـەلمێنرێت کـە پەیژەی مۆسـیقا لـە دوو چوارینەی مۆسـیقا پێـک دێـت، بـە واتـای تەنیا لـە پەیژەیەکی مۆسـیقا دوو جـۆر چوارینـە هەیـە. چوارینەی یەکەم پێـک دێـت لـە پلـە دەنگییەکانـی (یەکـەم، دووەم، سـێیەم، چـوارەم)، چوارینـەی دووەمیـش پێـک دێـت لـە پلـە دەنگییەکانـی (پێنجـەم، شەشـەم، حەوتـەم، هەشـتەم).

ب- بەکارهێنانی چوارینەی مۆسیقا (تتراکۆرد): تەنیـا بـۆ بـرەودان بـە فراوانکـردن و بـرەودان بـە ئاوازێکـی مۆسـیقا لـە ڕێـی بەکارهێنانـی چوارینـە مۆسـیقاییەکان. بـۆ چوونـە نـاو پەیژەیەکـی نوێـوە لـە ڕێـی بەکارهێنانـی زانسـتی گۆڕانـکاری نزیکایەتـی کـە ئەویـش نزیکـی سـەروو و نزیکـی خـوارووی پەیژەکانـی مۆسـیقایە کـە بـە هۆیانـەوە دەتوانرێـت پەیـژەی نـوێ لـە پارچـە ئاوازیکـدا بەکـار بهێنرێـت ( جـۆری ئـەم زانسـتییەمان بـاس کـردووە).

٧ – دانانـی سیسـتمێکی زانسـتی بـەو جـۆرەی

کە من لەسەر بنەمای زانستی مۆسیقای جیهانی پەیڕەویم کردووە، بۆ نووسینەوەی ڕابەری پەیژە لە ساتی نووسینەوەی نۆتەکانی مۆسیقادا و پەیوەستی ڕابەری پەیژەی پەیژەدروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی تری پەیژەکانی مۆسیقا (پەیژەدروستکراوەکانی سەر پلەدەنگییەکانی: شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم)، بەڕابەری پەیژەی سەرەکی، جا پەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم)، یان پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست)بێت، هەروەکوو چۆن لە سیستمی نووسینەوەی پەیژەکانی مۆسیقای جیهانی (ڕۆژئاوایی) دەیبینین، وازهێنان لەو سیستمە کۆنە نازانستییەی کە تا ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتدا پەیڕەو دەکرێت.

٨ - پەیڕەوکردنی سیستمی زانستی بۆ پەیژەی کرۆماتیک و کەڵک وەرگرتن لەو جۆرە یاسایەی باسمان کردووە بۆ پەیژەی کرۆماتیک (لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ پەیڕەوێک بۆ ئەم جۆرەپەیژەیە، بەتایبەتی پەیژەی کرۆماتیکی «ڕاست» لە ئارادا نییە) و لەگەڵ پەیڕەوکردنی یاسا و میتۆدە جیهانییەکە.

٩- هەوڵدان لەلایەن جێگە و لایەنە بەرپرسەکانی هونەر بەگشتی و مۆسیقا بەتایبەتی، بۆ سەرانسەری هەر چوار بەشەکەی کوردستان، بە بەشداری کەسانی دڵسۆز و خۆنەناس و زانا لە بواری مۆسیقاناسیدا، بۆ ئەوەی زۆربەی گیروگرفتەکانی هونەری مۆسیقای ئێستامانی تێدا تاووتو بکرێت و ئاست تەنگییەکانی ئاسان و ئاشکرا بکرێن. تا ئەو دروشمەی کە لە دێرزەمانەوە هەموومان لەبەرمانە، کە دەڵێین بەرەو هونەرێکی ڕەسەنی هاوچەرخ و بە ئەنجام بگەیەنین. هیوادارم و داواکارم لە دڵسۆزانی هونەری نەتەوەکەم بەوپەڕی لەخۆبووردوویی کار بۆ بەرەو پێشبردن و فراوانکردنی ئاستی هونەرەکەمان بکەن، تا وا لە گەلانی جیهان دەکەین کە بە دوای گوێگرتن لە هونەری ساز و ئاوازەکەمان عەوداڵ بن، وەک چۆن تا ئێستاش ئێمە بە دوای گوێگرتن لە کارەکانی مۆتزارت و بتهۆڤن و خاچەدۆریان و دەیان، بگرە سەدان کۆمپۆزەری بە ناوبانگی جیهانی عەوداڵین. هیوادارین کارە هونەرییەکانی هونەرمەندە کۆمپۆزەرەکانی ئێمەش بێتە ئاستی کاری کۆمپۆزەرەکانی جیهانی و کارەکانیان بایەخێکی جیهانی پێ بدرێت، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی کە باسمان کردوون، لەگەڵ چەندان ڕاوبۆچوونی کەسانی دڵسۆزی نەتەوەکەمان.

# (ئێستای فەلسەفە/ زانست)

## بادیۆ، ژیژەک، هەراری

خوێندنەوەی:
عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

لە پشت ناوونیشانی سەرەکی ئەو بابەتەوە هەر تەنیا ئێستای فەلسەفە و زانست نەوەستاوە، بەڵکوو ئێستای تەکنۆلۆژیا و ژێری دەستکرد دەشنێتەوە. بەو مانایەش کاری بیریار و داهێنەر و فەیلەسووفان تەنیا تیۆریزەکردنی فیکر و فەلسەفە، زانست و تەکنۆلۆژیا نییە، بەڵکوو لە پێناو بنەماکانی ئازادی و جیاوازی، داهێنان و سەیرووره، مرۆڤدۆستی و خۆشبەختی... هەوڵ دەدەن دەسەڵاتە ستەمکارەکان بە گشتی تێکبشکێنن و تێڕوانین و جیهانبینی پێشکەوتوو بۆ ژیان و پێوەندییەکان گەشە پێ بدەن.

(١)

**ئالان بادیۆ**

کۆمۆنیستێکی ماوییە و دەستی لە گریمانەی کۆمۆنیستی گیربووە و لە شاری (ریبات)ی وڵاتی (مەغریب)ی عەرەبی لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایکبووە، چل ساڵە کار لە فەلسەفەدا دەکات و کۆمەڵێک بەرهەمی چاپکراوی بە کتێبخانەی فەرەنسی بەخشیوە.

پێی وایە فەیلەسووف هەمیشە نامۆیە، چونکە کۆمەڵێک بیرکردنەوەی نوێی هەیە، کە بەبێدەنگی زۆرترین شەڕیان لەسەر دەکات. ئەو کەسە نامۆیە، خەڵکانێک بەرەو کۆمەڵێک کێشەی نوێ ڕادەکێشێت، بەبێ بانگەشەکردن ڕازییان دەکات: هەموو ئەو کێشانە گەردوونین.

### بیرکردنەوە لە ڕێگەی ڕووداوەوە

**نموونەی یەکەم**

قسە لە دوو جۆر بەختیاری دەکرێت: بەختیاری لە ڕێگەی توندوتیژی و فرتوفێڵەوە. بەختیاری لە ڕێگای ڕاستگۆیی و

دادپەروەرییــەوە. ئــەو دوو جــۆرە لــە بەختیــاری هەژارییەکــی گەورەیــان لــە پێوەنــدی ڕاســتەقینە لــە نێوانــدا هەیــە. بــەو مانایــەش لــە نیــوان کەســی بەختیــار بــە مانــا ســوکراتییەکە (وەک ئــەو کەســەی کــە بیــر دەکاتــەوە) و کەســی بەختیــار بــە مانــا کالیکلیســییەکە (وەک ســتەمکارێک کــە بــە فرتوفێــڵ بەســەر ئەویتــردا زاڵبــووە)، هیــچ گفتوگۆیــەک بــۆ ڕازیکــردن لــە نێوانیانــدا نییــە و گفتوگــۆی نێوانیــان ســەرکەوتن و دۆڕان دیــاری دەکات، ئــالان بادیــۆ هــەوڵ دەدات لەنێــوان بەختیــاری وەک ڕاســتگۆیی و بیرکردنــەوە و بەختیــاری لــە ڕێگــەی ســتەمکاری و فرتوفێڵــەوە، پرســیاری فەلســەفە چییــە بــەرز بکاتــەوە؟ بــۆ ئــەوەش پێویســتە بکەوینــە (هەڵبــژاردن)، هەڵبــژاردن لــە نێــوان ئــەو دوو جــۆرە لــە بۆچوونــەدا، پرســیار ئەوەیــە ئایــا دەکەوینــە لای ســوکرات، یــان کالیکلیــس؟. بادیــۆ پێــی وایــە فەلســەفە بیرکردنــەوەی هەڵبژاردنــە، بڕیاردانــە، بۆیــە دەبــێ هەڵبژاردنی بیرکردنــەوە ڕاڤــە بکەیــن، ئایــا خیــار- هەڵبــژاردن وجــودە- بوونــە، یــان خیــار- هەڵبژاردنــی فیکــرە؟

**نموونەی دووەم**

کاتێــک ڕۆمانییــەکان بــە ســەرکردایەتیی (مارســیلۆس) وڵاتــی یۆنانیــان داگیرکــرد، لەبــەر ئــەوەی مارسیلۆس شــارەزایی زۆری لــە ماتماتیکدا هەبــوو، ســەربازێکی وەک پەیامنێــر بــەدوای (ئەرخمیــدس)ی یاخــی و داهێنــەر و ماتماتیکزانــی یۆنانیــدا نــارد، بــۆ ئــەوەی بیبینێــت، ئەرخمیــدس ئــەو کاتیــش هــەر ســەرقاڵی داهێنانەکانــی خــۆی بــوو، بــەردەوام دەچــووە کەنــاری دەریــا و لەســەر لمەکــەی شــێوەی ئەندازەیــی و هێــڵ و گۆشــە و بیرکردنــەوە و خەیاڵــە داهێنەرەکانــی خــۆی دەنەخشــاند، بــەدوای ســەلماندنی بیردۆزەکانیــدا وێــڵ بــوو، دوای ئــەوەی ســەربازەکە پێــی گــوت ســەرکردە مارســیلۆس داوای بینینــی تــۆ دەکات، ئەرخەمیــدس هیــچ قســەیەکی نەکــرد و هــەر خەریکــی کێشــانی شــێوەی ئەندازەیــی و بیرکردنــەوە و خەیاڵــی داهێنەرانــەی خــۆی بــوو.

ســەربازە پەیامبەرەکــە قســەکەی دووبــارە کــردەوە (ســەرکردە دەیــەوێ بتبینێــت)، ئەرخەمیدســی یاخــی چــاوی هەڵێنــا و گوتــی: لێگــەڕێ بــا بیردۆزەکــەم بســەلمێنم، ســەربازەکە گوتی من کارم بە ســەلماندنی بیــردۆزی تــۆوە نییــە، ســەرکردە داوای بینینــی تــۆ دەکات، بــەڵام ئەرخەمیــدس بــێ ئــەوەی وەڵامــی بداتەوە هەر لە کاری خۆی بەردەوام بوو، ســەربازەکە توورەیــی دەگاتــە ترۆپــک و ڕاســتەوخۆ شــیرەکەی دەردەهێنێــت و لــە ئەرخەمیدســی دەوەشــێنێ و خوێنــی تێکەڵــی شــێوە ئەندازەییەکانی ســەر لمەکە دەبــێ و ڕەنگــی هێڵەکانــی ســوور هەڵدەگەڕێنێــت. لــەو نموونەیــەوە دەردەکەوێــت گفتوگۆیەکــی کردەیــی لــە نێــوان ڕاســتییەکانی دەوڵــەت و بیرکردنــەوەی داهێنەرانــەدا نییــە، هەمیشــە مەودایــەک لــە نێــوان دەســەڵات و ڕاســتییەکاندا هەیــە، مەودایــەک لەنێــوان (مارســیلۆس- ســەرکردەی ڕۆمانییــەکان) و (ئەرخەمیــدس- ماتماتکزانــی یۆنانــی)دا هەیــە.

بادیــۆ لــەو خاڵــەوە قســە لــە فەلســەفە دەکات و دەڵێــت: ئەرکــی فەلســەفە پرشــنگ خســتنە ســەر ئــەو مەودایەیــە. بیرکردنــەوەی داهێنەرانــە تەنیــا بــە یاســایەکەوە بەنــدە، جەوهــەری ئــەو یاسایە دەکەوێتــە نــاوەوەی داهێنــەرەوە، کاتــێ لــە یاســای بیرکردنــەوەی داهێنەرانــە ورد دەبینــەوە، دەبینیــن ئەرخەمیــدس دەکەوێتــە دەرەوەی کردەی دەســەڵاتەوە، چونکــە خەســڵەتی کاتــی جیــا بــۆ ســەلماندن ناشــێ بکەوێتــە حاڵەتــە بــە پەلەکانــی ســەرکەوتنە ســەربازییەکانەوە، لێرەوە توندوتیژی

کاری خۆی دەکات و دەکەوێتە دەرەوەی یاساکانی داهێنانــەوە.

**نموونەی سێیەم**

فیلمێکــی نایابــی ژاپۆنــی هەیــە، دەرهێنەرەکــەی (میزۆگۆشــی)یە، فیلمەکە بە ناوونیشــانی (دوو عاشقی لــە سێدارەدراو)ــە، یەکێکــە لــەو فیلمــە جوانانــەی کــە هێڵــە نەمرەکانــی خۆشەویســتی دەنەخشــێنێت. بــە ســادەیی چیرۆکەکــەی بــەم شــێوەیەیە: ڕووداوی فیلمەکــە لــە ســەردەمی کلاســیکی ژاپۆنییــەوە ڕووی داوە. کچێکی لاو مێرد بــە خاوەنــی کارگەیەکی بچووک دەکات، خاوەنــی کارگەکــە ژیانێکــی باشــی هەیــە و پیاوێکی ڕاســتگۆیە، بــەڵام کچە لاوەکــە ئــەوی خۆشــی ناوێــت و دەســت لەگــەڵ لاوێــک لــە فەرمانبەرەکانــی مێردەکەی تێکەڵ دەکات. لەو زەمەنەشــدا ســزای ژنی خیانەتــکار مــردن بــووە، دواجــار هــەردوو خۆشەویست بۆ گوندێک ڕادەکــەن. لەو کاتەدا مێردی ژنەکە، هەوڵ دەدات هەردووکیــان بپارێزێــت، بــەوەش دەیســەلمێنێت کــە ژنەکــەی خــۆی خــۆش دەوێــت... بەکورتــی دواجــار خۆشەویســتەکان دەگیرێــن و دوا وێنــەی بــەر لــە مردنیــان زەردەخەنەیەکــە، ئــەوان بــە زەردەخەنــە و دوور لــە بێزارییــەوە بــەرەو مــردن دەبنــەوە. لێــرەدا وشــەی (زەردەخەنــە) تەنیــا میتافــۆرە و دەلالــەت لــەوە دەکات، کــە هەردووکیــان بــە تــەواوی یەکتریــان خــۆش دەوێــت. دوا پەیامــی فیلمەکــە پێمــان دەڵێــت: خۆشەویســتی بــەر لــە مــردن دەگرێــت.

(ژیــل دۆلــۆز قســەیەکی مالــرۆ وەردەگــرێ کــە دەڵێــت: هونــەر بەرگریکردنە لــە مردن، بادیۆ دەڵێت ئــەو قســەیە بــەرەو ئــەو بیرکردنەوەیەمــان دەبــات کە بڵێیــن خۆشەویســتیش بەرگریکردنــە لــە مــردن، چونکە ســەرلەنوێ ڕووبەڕووبوونــەوەی ئەوەیــە، کە کۆتایــی نایــەت، خۆشەویســتی پێوەندییەکــە بــە بــێ پێوەنــدی! لــە نێــوان ڕووداوی خۆشەویســتی (بــوون ســەرەوژێر دەبێتــەوە) هیــچ یاســایەکی ژیــان (یاســای شــار، یاســای هاوســەرگیری) نابنــە پێوانــەی خۆشەویســتی! خۆشەویســتی ڕووداوە، ئــەوەش فەلســەفەیە.

کەواتــە ئەرکی فەلســەفە لای بادیــۆ (مامەڵکردنە لەگــەڵ هەڵبــژاردن)، (مامەڵکــردن لەگەڵ مەســافە) (مامەڵەکــردن لەگەڵ جیاوازییەکان- ڕووداوەکان). فەلســەفە مانــا بــە ژیــان دەبەخشــێت، هــەر تەنیــا لقێــک نییــە، لــە مەعریفــەی ئەکادیمــی، بەڵکــوو پشــکنینی پێوەنــدی نێــوان هەڵبــژاردن و مەســافە و مامەڵەکردنــە لەگــەڵ ڕووداو.

**(٢)**

**سلافۆی ژیژەک**

ســاڵی ١٩٤٩ لــە لوبلیانــای ســلۆڤینیا لەدایــک بــووە. ئــەو مارکسیســت و ڕەخنەگــری کولتوورییــە، لــە جیهانــدا وەک فەیلەســووفێکی نــاوازە ســەیر دەکرێت، لــە سۆســیالیزمی ســەربەخۆی یۆگســلاڤیای پێشــوودا گەورەبــووە. ســاڵی ١٩٨١ پلــەی دوکتــۆرای ئایدیالیزمــی ئەڵمانیــی لــە لوبلیانــا وەرگرتــووە.

## فەلسەفە دیالۆگ نییە

ژیــژەک دەڵــێ فەلســەفە گفتوگــۆ نییــە، یــەک نموونــەم لــە گفتوگۆیەکــی ســەرکەوتوو بدەیــێ، کــە بــە بەدحاڵیبــوون کۆتایــی نەهاتبێــت. ئەرســتۆ هەرگیــز بــە ڕاســتی لــە ئەفلاتــوون نەگەیشــتووە، هیــگڵ لــە کانــت نەگەیشــتووە، هایدیگــەر لــە بنەڕەتــدا لــە هیچیــان نەگەیشــتووە... کەواتــە هیــچ دیالۆگێــک لــە ئــارادا نەبــووە.

کاتیگــۆری ســەرەکی فەلســەفەی (کلاســیک) بریتییــە لــە حەقیقــەت، لای (دیــکارت- ١٥٩٦ - ١٦٥٠) هــۆش تاکــە ســەرچاوەی زانینــە لــە گومانبەدەرەکانــە و (کانــت - ١٧٢٤ - ١٨٠٤)

لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە ئەنەتۆمی زانین دادەمەزرێنێ. هۆش و هەست لای کانت تەواوکەری یەکترن و بیرەکانمان بەبێ ناوەرۆک پووچەڵن. فەلسەفەی (هیگڵ- ١٧٧٠- ١٨٣١) لەسەر لۆجیکی دیالێکتیکەوە بەڕێوەدەچێت.

ژیژەک زۆر بە کورتی دەڵێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆڵی شیانەیی فەلسەفە زنجیرەیەک هەڵوێستی تەواو ساختەیە، واقیعێکی دروستکراوی درۆیینەیە، هەر لە فەلسەفەی دەوڵەتی کانتی نوێ، سۆفیگەرایی نوێ، دوای تازەگەری، هەموو ئەوانی دیکەش... خراپتر لەوانەش تەئویلی ئەخلاقی دەرەوەی فەلسەفەیە، ئەو لوژیکەی دەڵێت: (من فەیلەسووفم) ڕێڕەوێکی میتافیزیکی گەورە دادەهێنێ، هەرچۆنێ بێ، ئایا لە سەرەتادا کێ فەلسەفەی بەو پێوەرە کارەساتئامێزە خستووەتەڕوو؟ دەبێ دژی ئەو کارەساتانە تێبکۆشین، من مرۆڤێکی باشم و بایەخ بە هەموو کارەساتەکانی جیهان دەدەم. دریدا لە ناوەڕاستی کتێبی (تارماییەکانی مارکس) کە هەرگیز کتێبێکی فەلسەفی نییە، بە شێوەیەکی زۆر لاواز کارەساتەکانی ئەو جیهانەی لە (دە) خاڵدا ڕیزکردووە. ئەوە هەژاریی بیرکردنەوەیە، هەموو کارەساتەکانی دنیا لە: بێکاری، هەڵاتن لە فێربوون و مانەوەی بێ سامان، باندی تریاکی، هەژموونی دەستبەسەرداگرتن، هۆیەکانی ڕاگەیاندن... تاد، ببینیتەوە. ئەو بۆچوونە هی کەسێک نییە فەیلەسووفێکی گەورە بێت، بەڵکوو هی کەسێکی عاتیفییە، چونکە لە بنەڕەتدا حەقیقەتی فەلسەفی بریتییە لە کەلێن.

### کەواتە ڕۆڵی فەلسەفە چییە؟

کاری فەیلەسووفان لای هیگڵ دۆزینەوەی نهێنیی جیهانە، بەڵام فەلسەفە دەگمەنە. ژیژەک دەڵێ ئەو قسەیە دووچاری نێودژیمان دەکاتەوە، چونکە نەک هەر دەگمەن نەبووە، بەڵکوو لە قۆناغەکانی داهێنانیشدا زۆر لەو ئاستەی ئێستای نزمتر بووە، چونکە کە دەڵێین فەلسەفە دەگمەنە، پێویستە ڕۆڵی فەلسەفە بە شێوە سروشتییەکەی هەر تەنیا فەلسەفە ببینێ! ڕاستیی فەلسەفە بەو مەسەلەیەوە پەیوەستە...

هەتا لە سەدەی نۆزدەشەوە لە زۆر وڵاتدا وەک هەنگاریا، پۆڵەندا، ئەدەب ڕۆڵی فەلسەفەی بینیوە، بۆ نموونە ئەو جیهابینییە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەی لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا دەردەکەوێت، تا پلەیەکی گەورە لە کۆماری ئەدەب وەرگیرابوو. جگە لەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ نموونە لە ٩٩٪ (لە سەددا نەوەد و نۆ) شتێک بە ناوی فەلسەفەی ئەمریکی- کۆنتینینتاڵی بوونی نەبووە ((بەڵام دواتر ئەو فەلسەفەیە لقی زۆری لێ بووەتەوە وەک بنیادگەری، دوای بنیادگەری، تیۆری شیکردنەوەی دەروونی، تیۆری ئەدەبی- قوتابخانەی فرانکفۆرت -...)) لەبری فەلسەفەی کۆنتینینتاڵی، بواری لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری لە بەشەکانی زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئەوە بووە، کە تۆ بۆ ئەوەی هیگڵ، یان بادیۆ، بخوێنیت، دەبوایە ئەدەبی بەراوردکاری هەڵبژێریت، بەڵام ئەگەر بتەوێ لێکۆڵینەوە لە مێشکی جورجێکدا بکەیت و تاقیکردنەوە لەسەر گیانەوەران بکەیت، دەبوایە ڕوو لە کۆلێژی فەلسەفە بکەیت. ئا ئەوە نێودژییەکەیە! هەر ئەوەندەش نا هەندێک جار فەلسەفە شوێنی مەعریفەی دیکەی گرتووەتەوە، بۆ نموونە کاتێک شیوعییەت هەرەسی هێنا، فەلسەفە شوێنی بەرەنگاری یەکەمی گرتبووەوە،

ئـەو کات فەلسـەفە لـە هەمـوو کاتێـک سیاسـیتر بـوو، بـەڵام دەبـێ بزانیـن هەرگیـز ئایدیۆلۆژیـا ناتوانێـت ناکۆکییەکانـی خـۆی لـە دەرەوەی خۆیـدا ببینێـت، کەواتـە گومانکـردن لـە خـودی فەلسـەفە، فەلسـەفەیە.

هـەر چۆنـێ بـێ، دەبـێ دان بـەوەدا بنێیـن، کـە فەلسـەفەی ئەڵمانیـای مـەزن جگـە لە فەلسـەفە بە هیـچ جۆرێـک هیچـی دیکـە نییـە! بـەڵام دەشـزانین فەلسـەفەی ئەڵمانـی بەدیلـی شـۆڕش بـووە، نـەک هـەر لەگـەڵ مارکـس، ئـەوە خـودی گرفتەکەیـە، ئـەو دوو شـتە بەیەکـەوە نابێـت، دەبێـت بزانیـن هەرگیـز مەرجـی بوونـی فەلسـەفەی ئەڵمانـی پێوەنـدی بـە شۆڕشـەوە نەبـووە. وەک چـۆن هەرگیـز سـەرمایەداری کـە مرۆڤـی جیهانـی سـێیەم دەکاتـە قوربانـی بەرژەوەنـدی ئابوورییەکانـی خـۆی، مەرجـی بوونـی مارکسـیبوون نییـە، لـە بەرانبـەردا مارکسـییەت لـە دژی سـەرمایەداری بـەردەوام مرۆڤـی جیهانـی سـێیەم دەکاتـە قوربانی کینـەی نێـو مێشـکی خـۆی.

لـە کۆتاییـدا قسـەی مـن ئەوەیـە: خـەون بـە بوونـی فەلسـەفەیەکی سروشـتییەوە نەبینیـن. هەمیشـە فەلسـەفە دەرچوونـە لـە سروشـتی بوون، بـە بـێ ئـەوەی لـە ململانێـدا بێـت. بـەم جـۆرە دەتوانیـن تیۆرەکـەی بادیـۆ و تێزەکـەی لەبـارەی بارودۆخـی فەلسـەفەوە بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بخوێنینـەوە، کـە دەڵێـت فەلسـەفە، بـە پێناسـە، زیادەیـە، هەڵبەتـە، وەک پیـت، لەگـەڵ مەرجێکـی دەرەوە و لـە ڕێگـەی تەنیـا پێوەنـدی زیـادەی خودێکـی عاشـق، یـان سیاسـی، یـان زانسـتی، یـان هونـەری، دەبێـت.

ڕەخنەیەکـی دیکـە هەیـە، ئەگەرچـی زۆر خۆشەویسـتانەیە، بەڵام من و بادیۆ هەڵسـەنگاندنمان بـۆ کانـت جیـاوازە و ڕەنگـە هیـچ هاوگونجانێکمـان لـە نێوانـدا نەبێـت، بـەڵام سـەرەڕای ئـەو هەمـوو شـتە نێگەتیڤانـەی لەبـارەی کانتی نوێـوە گوتوومە، شـتێکی دیکەمـان لای کانـت بـۆ مابێتـەوە، دەزانـی چییـە؟ هەمـوو ئـەوەی لـە فەلسـەفەکەیدا کێشـم دەکات، مرۆڤدۆسـتی و ڕێزگرتنـە لـە مـرۆڤ، کـە کانـت ئاماژەی بـۆ دەکات. ئایـا ڕێزگرتنـی مـرۆڤ سـەرەتای فەلسـەفە نییە؟ ئەوەی دەمەوێ سەرنجی ئێـوەی بـۆ ڕابکێشـم سـاتەوەختی ڕێزلێگرتنـە، کـە زۆرتـر لـە کاتـی سـەفەر و کۆچکردنـدا دەردەکەوێـت، لـە وڵاتانـی بێگانـەدا، بـەم جـۆرە فەلسـەفە وەک ئـەوەی هایدیگـەر دەیەوێت پێمـان بڵێـت هـەر لـە سـەرەتاوە گوتـاری ئـەو کەسـانە نییـە، کـە لـە وڵاتەکەیانـدا هەسـت بـە دڵنیابـوون دەکـەن، بەڵکـوو تـا ڕادەیەکـی زۆر، فەلسـەفە لـە هەرەسـهێنانی کۆمەڵگـەی ئۆرگانییەوەیـە. دەتوانین مرۆڤدۆسـتی و ڕێزگرتنـی مرۆیـی لای دیکارتیـش بدۆزینـەوە. دیکارت ڕابـەری فەلسـەفەی نـوێ سـەر بـە فێرگـەی هۆشـەکی، لـە بەشـی دووەمـی گوتـار لەبـارەی میتـۆدەوە، سـەرنجێکی مـەزن دەخاتـە ڕوو، لـە بـارەی ئـەوەی ئێمـە تەنیـا بـە دۆزینـەوەی هیومانیـزم وەک دابونەریتـی ئـەوی دیکـە دڵمـان بـە کـۆچ ئـاو ناخواتـەوە، بەڵکـوو ڕۆشـنبیری خـودی مرۆڤیـش لـە ڕێزگرتنـی مرۆڤـی غەریبـە کەمتـر نییـە. ئـەوە بـە بـڕوای مـن خاڵـی سـفری فەلسـەفەیە، هەمـوو فەیلەسـووفێک ئـەو سـاتەی کۆچکـردن بنیـاد دەنێـت.

کانـت لەنێـوان دوو چەمکـی بەکارهێنانـی (گشـتیی عەقـڵ) و بەکارهێنانـی (تایبەتیی عەقڵ) دا جیاوازی دەکات، ئـەوەی کانت بـە بەکارهێنانی تایبەتیـی عەقـڵ نـاوی دەنێـت، پەیوەسـتە بـە کاری فەرمانبەرانـی مەدەنـی لـە دامودەزگەکانـی دەوڵەتـدا، بـەڵام ئـەوەی پێی دەگوترێت گفتوگۆی ڕۆشـنبیری، بەکارهێنانـی گشـتیی عەقڵـە. وەک

من تێگەیشتبم مەبەست لە تایبەتمەندی یەکەم ساتەوەختی چەسپاندنی کۆمەڵگەیە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە فیکرەی کانت ئەوەیە، کە ئێمەی ڕۆشنبیران بە شێوەیەکی تاکگەرایی لە شوێنکەوتەی گەردوونیدا بەشدار بین، لە بەیەکگەیشتن لەنێو گەردووندا. ئەوە فەردانیەتە بەشداری ڕاستەوخۆی لە گەردوونگەراییدا هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دەتوانێ چی بکات؟ توانایی چ کارتێکردنێکی هەیە؟ دەستەواژەی تاکگەرایی ئاماژەیە بۆ هزر، بیرکردنەوە و تێڕوانین و کۆمەڵێک هەڵوێستی ڕەنگاوڕەنگ کە شێوەی هاوبەشییان قبووڵکردنی ڕەسەنایەتی و سێنتەربوونی تاکە. بەم جۆرە فیکرەی بوون لە ڕێگەی ڕێکخستنی دیاریکراوەوە گفتوگۆیەکی ڕۆشنبیری دەنێتەوە. لێرەدا پەیامی جەوهەری فەلسەفە دەڵێت: دەتوانیت ڕاستەوخۆ بەبێ دیاریکردن بەشداری لە دنیادا بکەیت، دەکرێ بڵێین ئەوە گرنگی گۆڕانکارییەکانی دوایین قۆناغی تێزی ڕۆشنبیرانەیە، بەو مانایەش فەلسەفە جۆرە جەوهەرێکی کارا و چالاکی هەیە.

## گفتوگۆی نێوان بادیۆ و ژیژەک

بادیۆ: سەرەتا ڕەخنەگرتن لە کانتی نوێ، یان کانتی ئەکادیمی، کە زێتر لە دە بۆ پازدە ساڵە بۆی دەگەڕێمەوە، لە دوو سەرنجدا کورت دەکەمەوە، یەکەم، سروشتی مرۆییبوونی فەلسەفە، ئەی چۆن مامەڵە لەگەڵ نامرۆییبوونی دەکات؟ خوا، بێکۆتایی، ڕەهایی، ئەوەی لە فەرەنسا بە (نامرۆییبوونی تیۆری) ناو دەبرێت. (مرۆڤ) بنیادێکی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی بۆ خۆی دیاری کردووە. من پێم وایە فەلسەفە هەر لە ئەفلاتوونەوە ڕووبەڕووی نامرۆییبوون بووەتەوە، کاری خۆی لەوێدا دەبینێتەوە.

سەرنجی دووەم، کاتێ باسی تاکگەرایی گەردوونی لای کانت دەکەین. تۆ ڕاستی، چونکە زۆر لە فەیلەسووفان باسی بەشداری ڕاستەوخۆی تاک لە گەردووندا دەکەن، بێ ئەوەی باسی تایبەتمەندی ڕۆشنبیرییەکان، نەتەوەییەکان، جیاوازییە ڕەگەزییەکان بکەن. ئەمڕۆ بەردەوام پێمان دەڵێن تایبەتمەندی گرنگە، ڕێزگرتنی تایبەتمەندییە بنەمایە. من لەگەڵتدا هاوڕام و دەبێ ئێمە دژی ئەو شێوەیە کۆنەپەرستییەی تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان ببینەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە پێوەندی ڕاستەوخۆی تاک و گەردوون، شتێکی نامرۆییشی تێدایە، ئەگەر گەردوونگەرایی تەنیا لە پێدراوە مرۆڤییە ئاساییەکەدا کورت بکەینەوە، ئەوە ناتوانین بەرگری لە نامرۆییبوونی بکەین.

لای کانت پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان تاک و گەردوون بە ساتەوەختێکەوە بەندە، کە مرۆڤ دەخاتە ئاستێک لەسەرووی مرۆڤەوە. ئەو تیۆرە لە بارەی سنووری مرۆڤ و عەقڵ گەورەیی کانت دەنوێنێ، بەڵام ئەمڕۆ هیچ هێزێکی حەقیقی نییە بەرانبەر بێکۆتاییبوونی عەقڵی زانستی (واتە بەرانبەر هەڵکشان بەرەو داڕمان، بەرانبەر پێشکەوتنی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا و زیرەکی دەستکرد.) تەنیا ئەوەیە کانت فیکرەکانی بە ڕادەی عەقڵ کۆ کردووەتەوە. ئایا بێکۆتاییبوون چارەنووسی مرۆڤە؟ پرسیاری حەقیقی ئەوەیە، ئایا بێکۆتایی چ مانایەک بە فەلسەفە دەدات؟ (بە قسەی «هەراری» ئەمڕۆ داهێنانە نوێیەکان هەموو ئەو هاوکێشانەیان بەتەواوی گۆڕیوە، ئێستا زیرەکی دەستکرد توانایی باڵادەستی ڕەهای هەیە).

ژیژەک: من تەواو لەگەڵت هاوڕام، چونکە

مرۆییبوون بەو شێوەیە تەنیا لەگەڵ نامرۆییبوون دەردەکەوێت، بە مانا گەردوونییەکەی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نامرۆییبوون تاکە هۆکارێکە بۆ مرۆییبوون. کانت لە ڕەخنەی عەقڵی پەتی جیاوازی لە نێوان حوکمی نێگەتیڤ و حوکمی بێکۆتایی دەکات. با بە شێوەیەکی سادە بڵێین حوکمی نێگەتیڤ ئەو حوکمەیە کە وەک پشتپێبەستن نکوڵی لە خود دەکات، حوکمی بێکۆتایی بە شێوەیەکی نێگەتیڤ پشت بە خود دەبەستێت. حوکمی نێگەتیڤ وەک ئەوەیە بڵێین (ڕوح فانی نییە). حوکمی بێکۆتاییش وەک ئەوەیە بڵێین (ڕوح نەمرە). ئایا ئەوە بەرەو کوێمان دەبات؟ ڕەنگە ڕۆمانە ترسناکەکان یارمەتیمان بدەن، ئێمە لە مردوو دەگەین. دەزانین بەڕاستی مانای مردن چییە، مردن مردنە، کە دەڵێین ئەو کەسە مردووە بە سادەیی واتە زیندوو نییە، بەڵام ئەو کەسە نەمردووە، وەک ئەدەبی ترسناک دەیڵێت، ئەوە بەو مانایە نییە کە هێشتا زیندووە، ئەوە مردووە، بەڵام لە حاڵەتی ئاساییدا نییە: بەڵکوو مردوویەکی زیندووە. ئەوە دنیایەکی نوێ دەکاتەوە، من پێم وایە ئەو نەمردووە بۆ خۆی ترانسندنتاڵی کانتییە. بێگومان بە دیاریکراوی نە بە مانای مرۆیی نە بە مانای گیانداری، ئەوە ئادەمیزادی نییە، بەڵکوو زیادەی مرۆییە، بەڵام دەمەوێ بڵێم زانست یاری زمانەوانی نییە.

بادیۆ: کێشەی فەلسەفە وەک زۆربە پێیانوایە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێوەندی بە ڕەخنەوە هەیە. بەو مانایەش کە دەڵێن ئەرکی فەلسەفە نێگەتیڤ دەکەوێتەوە: ئاماژەکردنە بە گومان، ڕوحی ڕەخنەیی و هەموو ئەوانی دیکە. بە ڕاستی دەبێ ئەوانە بسەلمێنێ، بەڵام سەلماندن نییە؟ چونکە ئەگەر دەستی لە نێودژییەک وەردا، یان ئەگەر چووە نێو پێوەندییەکی ناپێوەندییەوە، ئەوە دەبێت بە هەموو هۆکارەکانییەوە چوارچێوەیەکی نوێی فیکری بخاتەوە، بەم جۆرە دەتوانێ بیرکردنەوەیەکی نوێ بۆ نێودژی بخاتەڕوو، کەواتە ڕەگەزی دیاریکراو بۆ کاری فەلسەفی، نەسەلماندنە. ئەوە خاڵێکە لەگەڵ (دۆلۆز) لەسەری هاوڕام، کاتێ دەڵێت لە جەوهەردا فەلسەفە بنیادنانی چەمکە.

پێویستە (نامرۆییبوون) تێبگەین، وەک ئەوەی ڕەگەزێکی چەمکیی سەلماندن بێت، کە مرۆڤ لە ڕێگەی کۆچکردنی مرۆڤەوە بیری لێ دەکاتەوە. هەمیشە مەسەلەی کۆچکردنی مرۆڤ پێشتر خۆی دەسەلمێنێ، وەک ئەوەی پێوەندی ناوەکی پێوەندی بێ لە نێوانی مرۆییبوون و نامرۆییبوون، نەک نەمریی مرۆڤ.

ژیژەک: من گومانم لە هاوڕابوون هەیە، ئێمە لە ڕەشبینی ڕەخنەی پاش تازەگەرییەوە هاوڕاین، بە تایبەتی فۆکس خستنە سەر نامرۆییبوون، لە ئایدیۆلۆژییەکانی دوای تازەگەری نامرۆییبوون زیادەیەکی ترسێنەرە و دەبێ لێی دوورکەوینەوە.

میتۆلۆژیایەکی ترسناک لە بارەی ئاگرەوە هەیە، کە پێویست ناکات زۆر لە ئاگر بچینە پێشەوە، بەڵکوو دەبێ ڕاستی ئەو مەسافەیە بپارێزین، ئەو بیرکردنەوەیە وەک ئەوەی لای (ئادگار ئالان پۆ)ش هەیە، ئەوەیە کە ئێمە لە گوێی خەرەندین و پێویستە ئەو مەسافە گونجاوە بپارێزین: نەک بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆمان کارەکانمان ڕاییکەین، وەک ئەوەی شەڕی ڕادیکاڵی لە ئارادا نەبێت، بەڵکوو بۆ جەختکردن لەوەی کە بۆ شەڕ ڕاتناکێشێت. هەڵبەتە ئەوەش تەواو پێچەوانەی نامرۆییبوونە: نامرۆییبوون بۆشاییەکە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوە.

لەبارەی نێودژییەوە نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە: یەکێک وێنەیەکی تاریکی لەسەر کارەساتی کۆمەڵگە کێشابوو، لە هەمان کاتدا گوتبووی هەموو بەدیلێک بۆ ئەو حاڵەتە، بەدیلێکی خراپتر دەبێت، ئەوەش نێودژییە لە بارەی بیرکردنەوەی نێگەتیڤ.

بادیۆ: دەمەوێ زۆر بە سادەیی بڵێم، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو نێودژییە ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، فەلسەفە چۆن ئەو کێشانە بەرجەستە دەکات. وەک دەزانین ئەوە ڕەخنەیە لە شێوازی دیموکراتییەت، ئەوە جەوهەری کێشەکەیە، ئەوە لە دانپێدانان قورسترە.

ژیژەک: وا پێ دەچێت دراوسێی حەقیقی ئەو دراوسێیە بێت، کە مردووە، ئەوە بەکارهێنانی دراوسێیە بە شێوە سیاسییە ڕاستەکەی، ئەوەی دەڵێ دراوسێکەت خۆش بوێت، وەک چۆن خۆت خۆش دەوێت. با لە خۆمان بپرسین لێکبوردن مانای چییە، کاتێک لە نێو کۆمەڵگەی خۆرئاوایی هاوچەرخ پرۆسیسەی دەکەین؟ ئێمە تەواو پێچەوانەی دەبینین: لاقە نەکەیت، چونکە لاقەکردن بە شێوەیەکی بنەڕەتی کلیلی وشەکانە: لە ئارەزووەکانت دەترسێم، زۆر لێم نزیک نەبیتەوە، واتە ئەگەر زۆر تەماشای یەکێک بکەیت- ئەوە لاقەکردنی بینینە، ئەگەر قسەیەکی ناشیرین بە یەکێک بڵێیت — ئەوە لاقەکردنی زارەوەییە. بێگومان ئەوە شێوازێکی دیاریکراوی لێکنەبوردنمان بۆ دەکێشێت: لێکنەبوردن بەرانبەر ئەوی دیکە.

(٣)

## مرۆڤ لە ئێستادا

### یۆڤاڵ نوح هەراری

بیریار و مێژوونووسی بەناوبانگی ئیسرائیلی (یۆڤاڵ نوح هەراری) ساڵی ١٩٧٦ لەدایک بووە، ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی دوکتۆرای مێژووی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەدەست هێناوە. باسەکانی هەراری و بادیۆ و ژیژەک یەکتر دەبڕن و بەر یەک دەکەون، بەڵام پشت بە شارستانیەت دەبەستن، هەراری وەک ژیژەک و بادیۆ باسی فەلسەفە لە ئێستادا ناکات، ئەو باسی داهێنانەکانی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا و هاوکێشەکانی لۆگاریتم و ماتریکس دەکات، بێجگە لەوە فەلسەفەش وەک یەکێک لە گێڕانەوەکان دەژمێرێت.

یەک دنیا گومان و ڕامان و پرسیار لە بارەی گێڕانەوەکان و ژیان و مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، سەبارەت بە هاوکێشە دژیەکییەکانی نێوان ژیری، لە بەردەوام بوون شتگەلێک دەخاتە ڕوو (جێگای سەرسامین) لە پاراستنی جۆری مرۆڤ و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەستێرەی زەوی. بە خوێندنەوەی بیرکردنەوەکانی دەکەوینە بیرکردنەوە لە داهاتووی مرۆڤایەتی کە ئاخۆ ڕادەی ژیریی مرۆڤی بۆ (مانەوەی مرۆڤ) دەست دەدات. (هەراری) ئاماژەی بۆ دەکات، یان ئیتر بۆ (مانەوە) پێویستمان بە جۆرێک لە مرۆڤی باڵایە، کە جێگە بەو مرۆڤەی ئێستا لێژ بکات؟

یوڤاڵ نوح هەراری دەڵێ: ژیان گەیشتووەتە ئاستێک، ئیتر بەبێ ویستی مرۆڤ، مرۆڤ بەرەو داڕمان هەڵدەکشێ، هەروەها گومان دەخاتە سەر کۆی ڕەنگاوڕەنگی گێڕانەوەکان (بە فەلسەفەشەوە) کە خۆیان لە چەند هەزار ساڵێک دوورتر نابیننەوە و هیچ

لێکدانەوەیەکشیان بۆ ملیاران ساڵ نییە. ئەو پێی وایە ئەو هەموو گێڕانەوانە بێ ئاگان لە پێشینە مرۆڤایەتییەکان و زەوی و هەسارەکانی دیکە. دەڵێ ئێمە بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا و زیرەکی دەستکردەوە، لەبەردەم جیهانێکی مۆدێرنی جیاوازداین، ئیتر داهێنانە نوێیەکان هەموو ئەو هاوکێشانەیان بەتەواوی گۆڕیوە و ئێستا زیرەکی دەستکرد توانایی باڵادەستی ڕەهای هەیە، ئەوەی هەراری دەیڵێت ئێستای ئایین و فەلسەفە و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و ئەدەب و گێڕانەوە گەورەکان نییە، بەڵکوو ئێستای زیرەکی دەستکرد و داهێنانە زانستییەکانە.

لە کتێبی (هۆمۆ دیوس)دا دەڵێ: مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بە سێ کێشەی گەورەدا تێپەڕیوە؛ **یەکەمیان:** (برسێتی) **دووەمیان:** (نەخۆشی) **سێیەمیان:** (جەنگ). بەپێی داتاکانیش ئێستا مرۆڤ، بە سێ شێوە ئەو سێ کێشەیەی کۆنترۆڵ کردووە: **یەکەمیان:** (قەڵەوبوون)، کە ترسناکترە لە برسێتی. **دووەمیان:** (نەخۆشی شەکرە) کە ترسناکترە لە تیرۆر و جەنگ. **سێیەمیان:** (بەساڵاچوون)، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مردن.

دوای ماوەیەکی زۆر مرۆڤ بە چڕی هەوڵی داوە بەرەو (نەمری) و (خۆشبەختی) و (ژیانێکی نەرم و گەرمی خواوەندئاسا) هەنگاو بنێ. لە دوای هەموو ئەوانە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی گەیشتنە بە (نەمری) و (خۆشبەختی) و (خوداوەندێتی). **یەکەم:** بە هۆی داهێنان و دروستکردنی هەموو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، بەشێوەیەکی باشتر لەوەی هەیبووە. **دووەم:** خۆشبەختییەکی گەورە، بە هۆی نەخۆش نەکەوتن و ماندوونەبوون و بێزارنەبوون و دڵتەنگ نەبوون و پیرنەبوون، **سێیەم:** خوداوەندیەتی، بە هۆی بەستنەوەی مێشکی مرۆڤ بە ئامێری زیرەکی دەستکرد و نازیرەکەکان و دەستگەیشتن بە هەموو شوێن و شتێ بە هۆی دانانی کامیراوە.

**هەولێر ٢٠٢٤/١/٥**


سەرچاوە:


١- **الفلسفة في الحاضر- الان باديو وسلافوی جيجک، سحب وتعديل: علاء بريک هنيدي، تحرير: بيتر انغلمان، ترجمة وتقديم: يزن الحاج، دار التنوير للطباعة والنشر- لبنان: بيروت، ط١، ٢٠١٣.**

٢- **الانسان الاله - تاريخ وجيز للمستقبل - يوفال نوح هراري، ترجمة: حمد سنان الغيثي وصالح علي الفلاحي.**

٣ - **٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١، یوڤاڵ نوح هەرار، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئاری ڕەشید، چاپی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٢، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.**

# ڕۆمانی فڕینی پردەکان، یان فڕینی وشەکان

یووسف ئیسماعیل




کاری ڕۆمــان تەنیــا گێڕانــەوەی چیــرۆک و خســتنەڕووی ڕووداو و ســەربردەکان نییــە، بەڵکــوو ئەرکــی ســەرەکی شــێوەی گێڕانــەوە و گەمەکردنــە بــە وشــە و زمــان و کاری داهێنانــە لــە ئەدەبدا. حەمەســەعید حەســەن دەڵێــت: (تەکنیکــی نــوێ لــە نووســیندا ئەوەیــە، زەوییــەک بکێڵیــن، پێشــتر نەکێڵرابێــت، یــان بــە دەربڕینێکــی دیکــە، بەیــار بکەیــن بــە کێڵگــە). دەتوانــم ئەمــە لــە ڕۆمانــی فڕینــی پردەکانــی نووســەر و ڕۆماننــووس دڵشــاد کاوانــی ببینــم کــە لــە دووتوویــی (٣٤٥) لاپــەڕەدا جیهانێکــی جیــاوازی هاوشــێوەی جیهانێکــی خەیاڵیــی لەســەر زەوی دروســت کــردووە، کــە پێشــتر هیــچ ڕۆماننووســێک ئەمــەی نەکــردووە، ئەمــەش توانایــی و لێهاتوویی ڕۆماننــووس دەردەخــات کــە ڕۆمانەکــە لــە گێڕانەوەیەکــی دەروونــی ئاڵــۆزی پاقڵەفرۆشــێکی ژێــر پــردی شــۆڕش ڕوودەدات، کــە تووشــی دوو جــۆر نەخۆشــی دەروونــی (جنون العظمة وانفصــال الشــخصية) بــووە. دوای ئــەوە چەنــد دەقێــک و کتێبێــک دەخوێنێتــەوە، ئیتــر ئــەم چەمکــە تازانــەی دێنــە دڵ و دەروون و بیــر و بــڕوای ڕۆمانێکــی دەگمــەن و بــێ وێنــە دەخوڵقێــت (٣٤٤)، دڵشــاد کاوانــی ڕۆمانەکــەی پــڕە لــە وەســف و دیالــۆگ، گەمــە بــە شــوێن دەکات و کات نادیــارە. نهێنییەکــی ســەر شــێتە کــە خوێنــەر وێڵــە بــەدوای وەڵامــی ئــەو پرســیارانەی لــە مێشــکیدا گــوزەر دەکــەن.

کاتێــک نووســەر بڕیــاری نووســینی ڕۆمــان دەدات، ئــەوە پێویســتی بە کەرســتەی ڕۆمــان هەیــە (خەیــاڵ، دیالــۆگ، وێنــەی شیعری، وەسف، ...تــاد). ڕۆمــان گرنــگ نییــە درێــژ بێــت، گرنــگ ئەوەیــە هەڵگــری پەیامێــک بێــت و ئامانجەکــەی خــۆی بپێکێــت. ڕۆمانــی کــوردی پڕیەتــی لــە درێــژدادڕی تــا ڕووداوێــک ڕوودەدات، چەنــد لاپــەڕە هــەر وەســف و پێدا هەڵدانــە. لێرەدا نووســەر ڕێگــری لــە درێــژدادڕی کردووە، ناتوانی بەســەر هیــچ ڕســتەیەکدا پــاز بــدەی بــێ ئــەوە ئــاگاداری ڕووداوەکانــی نێــو ڕۆمانەکــە بیــت، بــەڵام لــە ڕووی فکرییــەوە نووســەر زۆر بــە چــڕی کاری کــردووە کــە ناتوانــی بــە جارێــک لێــی حاڵــی بــی. وشــەگەلێکی

سـەیری بـە کارهێنـاوە چ لـە نـاوی کارەکتـەرەکان کـە بریتیـن لـە (سـوبحلئەزەل، ئاپـۆ، جیقۆ ڕشـکنی مەمـک قرتـاو، بەهـادوور ...تـاد)، تـا دەگاتـە نـاوی شـوێن و کار، تەنانـەت بنەمـا ئایینییەکانیـش.

کاوانـی ڕۆمانەکـەی بـەدەر نییـە لـە گوتـەی ئایینـی و بەکارهێنانـی چەنـد ڕسـتەیەکی کتێبـە پیـرۆزەکان وەکـوو (ئینجیـل و تـەورات... تـاد)، لـە ڕۆمانەکـەدا نووسـەر ئایینێکـی نـوێ دروسـت دەکات بـە نـاوی (ئایینـی ئەهلـی حـەق) و کتێبـێ: بەنـاوی (قینـات) کە تـا ئێسـتا هیـچ ڕۆمانێکـم نەخوێندووەتـەوە کـە نووسـەر ئایینێکـی نـوێ لـە نووسینەکانی خۆیدا دروست بکات.

کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکـە یـەک پاڵـەوان نییـە، بەڵکـوو کەسـانی تریـش هـەن کـە لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی کارەکتـەری سـەرەکین لـە ڕۆمانەکـەدا، ڕووداوەکانـی گەلێـک سەیروسـەمەرەن. نووسـەر لـە هەندێـک ڕووداودا بـە دەسـتی ئەنقەسـت خوێنـەر دەخاتـە سـەر ڕێـی هەڵـە و کارەکان سـەراو ژێر دەکات.

نموونـە لـە لاپـەڕە (١٩٤)دا باسـی کەسـێک دەکات لـە چایخانەیەکـی شـاردا خەریکـی خواردنـەوەی شـەڕابە!؟ لێرەدا خوێنـەر دەبێـت زۆر وریـا بێـت و بزانێـت کـە چـۆن لـە ئەدەبی نامەعقوول تـێ دەگات. لـەم هەرێمـەدا هەمـوو کەسـێک مژوولـی شـەڕابە، لـە بـڕی ئـاو و چـا، شـەڕاب دەخورێتـەوە. ڕەنگـە هەندێـک کـەس وا حاڵـی بێـت نووسـەر چایخانـە بـە یانـەی شـەوان و بـاڕ تێگەیشـتووە، نەخێـر، بەڵکـوو لـەلای کاوانـی مـرۆڤ هـەر خـۆی سەرخۆشـە و نائاگاییـە، پێچەوانەیـە مرۆڤـی نـاو ڕۆمانەکـە بـە خواردنـەوەی شـەڕاب هۆشـیان دێتـەوە، ئەمـەی پێچەوانـەی ڕاسـتەقینە کردووەتـەوە.

ڕۆماننـووس ڕێـک باسـی تاقیگەکـەی فرۆیـد دەکات. نـەک چایخانەیەکـی ئاسـایی کـە چـۆن فرۆیـد بـۆ جووڵاندنـی نەسـت، پەنـای بـۆ کۆکایـن دەبـرد، بەهەمـان چەشـن سـیلۆنی پیـر ڕابـەری ئـەم هەرێمـە خـودی کارەکتـەری فرۆیـدە. کاوانـی خـۆی و خوێنـەری خستووەتە گەمەیەکی سـەیر کە ناتوانـم ناوێکـی بـۆ دیـاری بکـەم، ئاییـن تێکەڵـی سیاسـەت بـووە، خوێندەوارێک شـوێنی خـۆی لەگەڵ نەخوێندەوارێـک گۆڕیوەتـەوە، داهێنانـی زمانـی نـوێ لەگـەڵ زمانـی کـوردی تێـک هەڵکێشـراون ((سـپرانتۆ))، هەندێـک مەبەسـت کـە خوێنـەر هەندێـک تێیـدا قەڵسـە.

ڕۆمـان دەبـێ چێـژ ببەخشـێ، کاتێـک گۆڕانکارییەک ڕوودەدات، دەبـێ دەمارەکانـی مێشـکی یـاری بکـەن و تـەواوی چـاو، مێشـک، فکریـان لای ڕۆمانەکـە بێت. مـن لـە چەنـدان دیالـۆگ و هاتنـی کارەکتـەری نـوێ دەوەسـتام و نەمدەتوانـی قبووڵـی بکـەم؟ ئـەو کارەکتـەرە چـۆن هاتـە نـاو کایـەی ڕۆمانەکـەوە؟ چـی لـە بارەیـەوە هەیـە؟، بۆیـە کاوانـی لـە هەندێک دیالـۆگ و کارەکتـەری نـوێ، خوێنـەری فەرامـۆش کـردووە، ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە خوێنـەر لـە ڕۆمانەکـە بێـزار بێـت و لێـی سـارد ببێتـەوە.

کۆتایـی هاتنـی ئاییـن و کتێبـی قینـات. نووسـەر زۆر بێباکانـە کۆتایـی پێدێنـێ و یـاری بـە هەسـتی خوێنـەر دەکات و ساردییەک کـە گەرمـی جەهەننەمـی ڕۆمانەکە دروسـتی کـردووە، دەپووکێنێتـەوە، پەشـیمانی و کابووسـێکی تاریـک و تەمـاوی لـە مێشـکی هـەر خوێنەرێـک جـێ دەهێڵێت. هەرگیـز ناتوانـی وێنەکانـی نـاو کابووسـەکە لـە مێشـکت دەر بێنـی و بیـری لـێ نەکەیتـەوە، دووبـارە وەک منداڵێکـی بەدبەخـت کـە نازانـێ باوکـی ڕاسـتەقینەی کێیـە؟ دایکیشـی لەبەر چێژ وەرگرتـن ئەویـش بیـری چـووە کـە منداڵەکـەی کـوڕی کێیـە! ئـەم ڕۆمانـە تابلێیـت ڕۆمانێکـی دەوڵەمەنـد و فـرە ڕووداو و فـرە ڕەهەنـدە، لـە هـەر لایەکـەوە بـۆی بچیـت، شـتی تـازە و نوێـت بەرچـاو دەکەوێـت، هـەر بۆیـە مـن تەنیـا لەچەنـد سـەرەداوێکەوە بـۆ شیکردنەوەی ڕۆمانـی (فڕینـی پـردەکان) چـووم. ئەمـە بۆچوونـی منـە و ڕەنگـە خوێنـەر و توێژەرانـی دیکـە چەنـد لایـەک و دیـوی دیکـەی ڕۆمانەکـە ببینـن، مـن خەیاڵـم بـۆی نەچووبێـت.

**سـەرچاوە: فڕینـی پـردەکان، ڕۆمـان، دڵشـاد کاوانی، چاپخانـەی پاندا، دامـەزراوەی ڤیـم، ٢٠٢٣.**

# چەپکێک نامە

ئا: سەرنووسەر

*** نامەی یەکەم**

**کويسنجق**

**١٩٦١/٨/٦**

**حول اسم قرية «ارموته» واسم دير مار بهنام(١)**

في خزانة كتب كنيسة ارموته، تصفحت الكتب الموجودة هناك فلم أجد سوى بعض معلومات تاريخية جدا ضئيلة حول هذا الموضوع.

ففي كتاب «گزا» باللغة الكلدانية بخط يد ويمكن ان نترجم كلمة گزا بكنز «كتاب الكنز» وهو كتاب يشمل على الصلوات الفرضية لأيام الأحاد والأعياد والتذكار، وهو كتاب ضخم جدا. ففي نهاية الكتاب نقرأ اسم الكاتب وتاريخ الكتابة ١٨٥٩ واسم القرية التي من اجلها كتب هذا الكتاب وهي أرموته(٢) «ARMOUTA» كما ويذكر اسم مار بهنان(٣) MAR BEHNAN.

بينما في كتاب حوذرا(٤) HOVDRA الذي تفسيره «المدار» وهو كتاب صلوات الفرض لمدار السنة، ولكن في هذا الكتاب يكتب اسم ارموتة بالطاء، فنقرأ ارموطة، اما اسم مار بهنان فنقرأه كالكتاب السابق.. وذلك سنة ١٨٧٣ والكتاب مكتوب بخط اليد. وفي كتاب كشكۆل «Caicol»(٣) وهو ايضا كتاب فرض الصلاة للأيام البسيطة من السنة، ورد اسم ارموتة ايضا بالطاء في الأخير، ونقرأ ارموطة، بينما نقرأ اسم مار بهنان على الشكل التالي: مار بێنا(٥) Mar Bena(٤) ذلك سنة ١٨٧٤. واستغربت كيف ان في فترة سنة واحدة استطاع عين الكاتب، لأن كاتب هذا الكتاب الأخير «كشكول» والكتاب السابق «حوذرا» هو عين الكاتب للكتابين، ان يغير ويكتب اسم دير مار بهنان على شكلين.

وفي خزانة كتب كنيسة كويسنجق لم أقف الا على نقطة بسيطة وهي ان كاتب بعض اجزاء من التوراة قد كتب اسم مار بهنان بشكل غريب، واذ نقرأ مار مربهنام (مع العلم ان كلمة (...)(٦) مار تعني السيد، القديس، أو الولي، فلا أعلم لماذا كتب هذا الأسم بذكر مرتين مار مر.. بينما كان يكفي ان يذكر مرة واحدة لفظة مار.. ويذكر الكاتب اسم ارموته بالتاء وذلك سنة ١٨٦٩.


هكذا منذ قرن والى يومنا هذا نسمع الجمع يلفظ تارة ارموتة وطورا ارموطة. وكذلك لفظ اسم مار بێنان، ومار بهنام ومار مر بهنام.. والصحيح ان يلفظ ارموته بالتاء، والأرجح اسم مار بێنان، مار بهنام الى ان يوضح العلم لنا هذا الغموض.

وكان قد كلفني أحد علماء التاريخ في الموصل ان أجد له بعض معلومات عن اسم مار بهنام في صفحات انجيل قديم مكتوب باليد.. ولكن مع مزيد الأسف وجدت هذا الكتاب النفيس في حالة يرثى لها. فأن الصحائف قد اتلفت واسقطت فلم استطع الوقوف على أي معلومات في هذا الكتاب.

وهذا العالم المدعو الأب حنا في R.P.HANNA FYE يتابع تنقيباته في المكتبات العراقية ولاسيما الاوروبية وسوف ينشر مقالات حول تاريخ دير مار بهنام في الموصل وفي كويسنجق. وان شاء الله سوف نستفيد من منشورات هذا الأخصائي.

وهكذا بملأ الأسى والأسف أفرغ جعبة معلوماتي الضئيلة حول هذا الأسم. أما تاريخ وجود هذا الدير مجهول حاليا.. وذهب الخوري افرام عبدال(٧) في تاريخ مار بهنام في الموصل وقال ان دير مار بهنام في كويسنجق مبني على اسم مار بهنام الشهيد الذي قتل في ربوع الموصل في الجيل الرابع – الخامس. ويقول ان الرهبان الموجودين في ذلك الدير لما صار عليهم ضيق في الموصل ذهبوا وتبددوا في جبال اربيل. فلما وجد دير يدعى بهذا الأسم فلابد ان الرهبان المضطهدين المتشردين أعطوا لهذا الدير الذي بنوه اسم ديرهم الخاص... طبعا نضرية (نظرية) ضعيفة لايخفى على كل تأريخي ان يدحضها.

وهناك رأي آخر وهو أكثر معقول من غيره هو ان في كل كنيسة حيث كانت منظمة هناك دير لتثقيف بعض الشبان ومساعدتهم على العبادة ولاسيما تحضيرهم بالعلم والتقوى كي يصبحوا قسوسا ويحلون محل القسوس المتوفين. وبما أن كان في جوار كويسنجق جماعات كبيرة من المسيحيين، فلابد ان يكون لهم دير يخصص لتثقيف وترويض الشباب على العبادة و ممارسة الفضائل وتحضيرهم كي يصبحوا رؤوساء الكنائس ويديروها. فاءذن هذا دير هناك في كويسنجق ليس فرعا للدير الرئيسي في الموصل.


[١٩]

كويسنجق
١٩٦١/٨/٦

حول اسم قرية «ارموته» واسم دير مار بهنام

في خزانة كتب كنيسة ارموته تصفحت الكتب الموجودة هناك فلم أجد سوى بعض معلومات تاريخية جداً ضئيلة حول هذا الموضوع.
ففي كتاب «گزّا» باللغة الكلدانية بخط يد ويمكن ان نترجم كلمة گزا بكنز «كتاب الكنز» وهو كتاب يشمل على الصلوات الفرضية لأيام الآحاد والاعياد والتذكار وهو كتاب ضخم جداً.
ففي زوايا الكتاب نقرأ اسم الكاتب وتاريخ الكتابة ١٨٥٩ واسم القرية التي من اجلها كتب هذا الكتاب وهي أرموته [illegible] ARMOUTA. كما ويذكر اسم مار بهنام هكذا [illegible] MAR BEHNAN

بينما في كتاب حوذرا «[illegible]» HOUDRA الذي تفسيره «المدار» وهو كتاب صلوات الفرض لمدار السنة ولكن في هذا الكتاب يكتب اسم ارموته بالطاء فنقرأ ارموطه بينما اسم مار بهنان فنقرأه كالكتاب السابق.. وذلك ١٨٧٤ والكتاب مكتوب بخط اليد

وفي كتاب كشكول «[illegible]» Caškol وهو ايضا كتاب فرض الصلاة للأيام البسيطة من السنة، ورد اسم ارموته أيضا بالطاء في الأخير فنقرأ ارموطه بينما نقرأ اسم مار بهنان على الشكل التالي: مار بينا [illegible] Mar Bena وذلك ١٨٧٤.
واستغربت كيف ان في فترة سنة واحدة استطاع عين الكاتب لان كاتب هذا الكتاب الاخير «كشكول» والكتاب السابق «حوذرا» هو عين الكاتب للكتابين، استطاع ان يغيّر ويكتب اسم دير مار بهنان على شكلين.

وفي خزانة كتب كنيسة كويسنجق لم أقف إلّا على نقطة بسيطة وهي ان كاتب بعض أجزاء من التوراة قد كتب اسم مار بهنان بشكل غريب اذ نقرأ مار مربهنام مع العلم ان كلمة [illegible] مار تعني السيد، القديس او الولي، الشيخ، فلا أعلم لماذا كتب هذا الاسم بذكر مرتين [illegible] مار مَرْ.. بينما كان يكفي ان يذكر مرة واحدة اسم لفظة مار... ويذكر الكاتب اسم قرية ارموته بالتاء وذلك ١٨٦٩

أما لماذا هذا الاسم الغريب «بهنام» ومن اين اتى وكيف اطلت على هذا الدير؟ فلا نعرف، او ماهو اسمه الحقيقي؟ فلا نعلم حاليا. أو متى وجد هذا الدير؟ ومن هم الرؤوساء الذين أداروا هذا الدير عبر التاريخ الى أن فرغ من الرهبان؟ فلا نعلم حاليا. فكل سؤال حول هذا الدير لا نلاقي سوى السكوت.. ونحن ايضا نسكت لئلا نكتب لكم اشياء يدحضها العلم! ولكن يجب ان نفتش في غير مواضيع مثل الرهبانية في أربيل علنا نعثر على بعض معلومات حول هذا الدير. فعلينا الصبر.

**الشماس**

**يوسف سليمان(٨)**

**التوقيع**

**پەراوێزەکان:**

**١ – مار بهنام: مار بهنان، ماربێنان، ئەم سێ ناوە یەک نین، بەڵکوو سێ ناوی جیاوازن، بەڵام لە ڕووی واتاوە یەک مانایان هەیە. (مار) لە زمانی سریانی زیاتر بە (ڕ)ی قەڵەو دەخوێنرێتەوە، (مار) بە واتای (سید)ی عەرەبی و (گەورە) و (حەزرەت)ی کوردی دێ، وەک پلەیەکی پیرۆزی ئایینی (ماڕ) دەخرێتە پێش ناوی پیاوانی ئایینی وەک دێری: مارمەتێ، مارگۆرگیس.. ئەگەر شوێنە پیرۆزەکە بەناوی ئافرەتێکی ئایینییەوە کرابوو، پێشگری (ماڕت)ی لەگەڵ دادەنرێ وەک: ماڕت شمونی، ماڕت مەریەم. بهنام، ناوێکی فارسییە، بە واتای ناوی جوان دێت، بە ئەلف بێی کوردی بینووسنەوە دەبێتە بەهنام – بێهنام، بهنان، بێنان، هەمان مانایان هەیە، بەڵام لە ڕووی فۆرمی نووسین و دەربڕین جیاوازن. لە کۆیە پیاوچاک (مەربێنە قەدیشە) هەیە، موسڵمانەکان بە (شێخ محەمەدی دێری) ناودێریان کردووە، ئەو ناوەش هەر (مار بێنام)ـە بووەتە ماربێنە – مەربێنە، ئەم دێرە ١٣م پانە و ١٣م درێژە، واتا شێوەیەکی چوارگۆشەی هەیە، ٦٩م چوارگۆشەیە، بەرتەسکترین دیواری ٩٥ سانتیمەترە. لە ساڵی ١٣٠٠ لەلایەن کوێخا ئۆغانی هەرمۆتە نۆژەن کراوەتەوە، واتا پێشتریش هەبووە، چونکە لە ساڵی ٥٢ی زایینی، ئایینی عیسایی لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە.**

**(٢) و (٣): لەو دوو شوێنە، بە سریانی نووسراوە**

و ئێمە نەمانتوانی ئەو نووسینە سریانییە بنووسین.
(٤) کتاب حوذرا: وشـەیەکی سـریانییە، بـە واتـای سـووڕانەوە، دووبارەبوونـەوە، کـەڕ، خـول دێ، ئـەو کتێبەیە کە سرووتەکانی کەنیسـەی تێدا نووسراوەتەوە و لـە مـاوەی یـەک سـاڵدا جێبەجـێ دەکرێـن، هەمـوو سـاڵێکیش هەمـان سـرووتەکان پاتـە دەبنـەوە، واتـا سرووت (طقس)ـەکانی هەفتە بە هەفتەی هـەر مانگێکی کەنەسـی تێدایـە، بۆیـە ئـەو ناوەیـان لـێ نـاوە، وەک مانگـە کوردییـەکان لـە سـاڵێکدا بەپێـی کەشـوهەوای کوردسـتان دابـەش کـراوە و نـاوی لـێ نـراوە، بـەو شێوەیەش دوانزە مانگەکەی ساڵ ناوی خۆیان هەیە، بۆ نموونـە مانگـی ئایـار، نـاوی (مانگـی مریەمە)یـە، حوزەیران ناوی (دڵی مەسیح - قلب المسیح)ـە، مانگی ئەیلوول، مانگـی (خاچ)ـە.
(٥) دیـارە د. یووسـف پـەری لـەو ڕۆژگارەدا کوردییەکی باشـی زانیوە، بۆیە بۆ (ماربێنا)، حەوتی لەسـەر (ێـ) داناوە.
(٦) ناو ئەو دوو کەوانەیە بە سریانی نووسراوە.
(٧) الخـوري افـرام عبـدال: خـوری پێشـگری ناوەکەیـە، پلەیەکـی ئایینییـە، لـە قەشـە گەورەتـرە، بـۆ زانیـاری، پلەبەنـدی کەسـانی ئایینـی کریسـتیان زیاتـر ڕوون دەکەینـەوە. یەکـەم: شـەماس، ئەرکـی وتنـەوەی تەرتیلـەی ئایینـی و خوێندنـەوەی هەنـدێ سـرووتی ئایینیـە لـە کەنیسـە، وەک سـێوەی هونەرمەنـد کـە لـە کۆیـە شەماسـی کەنیسـەی ماریووسـف بـووە. دووەم: خـوری، پلەیەکـی ئایینییـە، ئەوکەسـەی دەبێتـە خـوری زیاتر لەگەڵ مەتران ئیش دەکات و کاروباری کەنیسـە ڕێک دەخات، سـێیەم: مەتران، سـەرۆکی ئەبرەشـییەیە، بۆ نموونـە ئێسـتا سـاڵی ٢٠٢٤ مەتران بەشـار وەردە، سـەرۆکی ئەبرەشـییەی هەولێرە، ڕێنمایی کەنیسـەکانی عەنکاوە و شەقلاوە و کۆیە دەکات. چوارەم: پاتریەرک، سـەرۆکی ئەسـاقیفەی کلدانە لە خۆرهەڵاتی ناوین و لە بەغـدا دادەنیشـێ و سەرپەرشـتی مەترانـەکان دەکات. پێنجـەم: کاردینـاڵ، ژمارەیـان بیسـت کەسـە، لەگـەڵ پاپای ڕۆمـا کاروباری ئایینی ڕایی دەکەن. ئەوکاتەی پاپـا کۆچـی دوایـی دەکات، بـە هەڵبـژاردن یەکێـک لـە کاردینالـەکان دەبێتـە پاپـا. شەشـەم: پاپـا، سـەرۆکی ئایینیـی هەمـوو مەسـیحییە کاسـۆلیکەکانی جیهانـە. هەڵبەتـە هەریـەک لـەو کەسـانەش جلوبەرگـی تایبەتـی دەپۆشـن، ڕەنـگ و دیزاینـی پۆشـاکەکانیان لەگـەڵ یەکدی جیـاوازە.
(٨) یووسـف سـلێمان، کـە بـە قەشـە یووسـف پـەری ناسـراوە، لـە ١٩٣٧/٧/١ لـە شـاری کۆیـە لـە دایـک بـووە. کاری سیاسـی کـردووە و سـاڵانێک لـە فەرەنسـا نوێنـەری کـورد بـووە. کەسـێکی بـە ئـاگا و ڕۆشـنبیر بـووە، زمانەکانـی: کـوردی، سـریانی، عەرەبی، فەرەنسـی، ئیتاڵی، ئینگلیـزی زانیـوە، بێجگـە لـە کاری سیاسـی، نووسـین و وەرگێڕانیشـی هەیـە، لەگـەڵ م. کەریـم زەنـد ئینجیلیـان وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی. د. عیزەددیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ لـە بارەیـەوە دەڵـێ: (لەگـەڵ شۆڕشـی کـورد بـووە، کەسێکی دڵسـۆز و بـە وەفـا بـوو بـۆ میللەتەکـەی). لـە ٢٠٠٣/١٢/٦ لە وڵاتی فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، لـە ٢٠٢٣/١٢/١٢ تەرمەکەیـان هێناوەتـەوە سـلێمانی و لـە گـردی سـەیوان ناشـتوویانە، لـە کاتـی هێنانـەوەی تەرمەکەی و ناشتنی و لە پرسەکەشیدا خەڵکێکی زۆر لە کوردستانیان بەشدارییان کردووە، چونکە لەلایەن موسڵمانەکانیشـەوە کەسـێکی زۆر خۆشەویسـت بـووە.
تەماشـای: مێـژووی هەرمۆتـە، چاپخانـەی زانـا، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل١٧٦ بکرێ، هەروەهـا بـۆ ئـەو زانیارییانـە سپاسـی هاوکاریـی د. هاوژیـن صلیـوە دەکـەم.

*** نامەی دووەم**

**معهد**

**مار يوحنا الحبيب**

**<u>الموصل</u>**

**١٩٦١/١٢/٧**

حضرة الاستاذ الأكرم كاك طاهر المحترم

تحيـات أخويـة ارسـلها لـک طـي هـذه الرسـالة، مقرونـة بالأدعية كي يوفقكم الله في مهامكم. في العطلـة الصيفيـة الأخيـرة علـى طلـب منـک فتشـت فـي خزانـة كتب كنيسـة كويسـنجق وأرموطـة كي أجـد بعـض معلومـات حـول ديـر ماربهنـام فـي جواب كويسنجق، فلم أعثر على شيء يعتمد عليه ووعـدت ان ازودک بـكل معلومـات اقـف عليهـا فـي هـذا الخصـوص.

فقبـل اسـبوع أتيحـت لـي الفرصـة وذهبـت لـدى العلامـة المتضلع بعلم تاريخ الأديرة والكنائس في العـراق، الاب جـون فـي المستشـرق(١) وهـو مـدرس


في مدرستنا ايضا. وطلبت منه ان يدلني على بعض معلومات في هذا الخصوص، فساعدني في ذلك بطيبة الخاطر كمألوف عادته. فانقل لك ما استطعت ان استقي من موارد العلماء الموثوق بهم بمعية الأب جون في.

١ – من هو ماربهنام؟

في كتاب «سيرة الشهداء» الجزء الثاني، ص٢٨٧، لبولس بيّجان، أتى ذكر الشهيد مار بهنام ونقرأ قصة حياته على الصورة التالية:

«مار بهنام هو راهب شاب كان قد انتمى الى رهبانية «اولاد الميثاق» أجبر ملك حدياب (اربيل الحالية) بعض شريفات مسيحيات اسما من مدينة سلوخ (كركوك الحالية) كي يرجمنه بالحجارة في قرية گەنزاك او (گەزاك)».

والمستشرق الكبير العلامة پترس(٢) Petros وهو عضو فعال في «اللجنة البولندية البندكتية» التي همها فحص وتدقيق واحكام على صحة حياة أو وجود الأولياء القديسين والشهداء وتنقية الكتب الناطقة بسيرهم في اللواحق والخرافات مما لا يقبله العقل السليم ويفنده المنطق، وسلطة هؤلاء العلماء مقبولة في الكنيسة ويعملون تحت امرتها. اورد هذا العالم في كتابه «شهداء اربيل» حياة مار بهنام على الصورة المار ذكرها ثم اردف في تعليقه على مار بهنام وقال: من استشهاد مار بهنام في اربيل استقيت قصة مار بهنام واخته


SEMINAIRE
SYRO-CHALDEEN
SAINT JEAN
MOSSOUL, IRAQ

[١٩]

معهد
مار يوحنا الحبيب
الموصل
١٩٦١/١٢/٧

حضرة الاستاذ الاكرم كاك طاهر المحترم.

تحيات أخوية ارسلها لك طيّ هذه الرسالة، مقرونة بالأدعية كي يوفقكم الله في مهامكم. في العطلة الصيفية الأخيرة على طلب منك فتشت في خزانة كتب كنيسة كويسنجق وارموطة كي أجد بعض معلومات حول دير مار بهنام في جوار كويسنجق فلم أعثر على شيء يعتمد عليه، ووعدت ان ازودك بكل معلومات اقف عليها في هذا الخصوص:

مقبل الاسبوع أتيحت لي الفرصة وذهبت لدى العلامة المتضلع بعلم تاريخ الاديرة والكنائس في العراق، الاب جون فيي المستشرق وهو مدرس في مدرستنا أيضا. وطلبت منه ان يدلني على بعض معلومات في هذا الخصوص فساعدني في ذلك بطيبة الخاطر كمألوف عادته. فانقل لك ما استطعت أن استقي من موارد العلماء الموثوق بهم بمعية الاب جون فيي.

١ – من هو مار بهنام؟

في كتاب «سيرة الشهداء» الجزء الثاني ص٢٨٧ لبولس بيّجان، أتى ذكر الشهيد مار بهنام ونقرأ قصة حياته على الصورة التالية:

«مار بهنام هو راهب شاب كان قد إنتمى الى رهبانية «اولاد الميثاق» أجبر ملك حدياب (اربيل الحالية) بعض شريفات مسيحيات إسماً من مدينة سلوخ (كركوك الحالية) كي يرجمنه بالحجارة في قرية گەنزاك او (گەزاك)».

والمستشرق الكبير العلامة پترس Petros وهو عضو فعال في «اللجنة البولندية البندكتية» التي همها فحص وتدقيق واحكام على صحة حياة او وجود الاولياء والقديسين والشهداء وتنقية الكتب الناطقة بسيرهم من اللواحق والخرافات مما لا يقبله العقل السليم ويفنده المنطق، وسلطة هؤلاء العلماء مقبولة في الكنيسة ويعملون تحت إمرتها. اورد هذا العالم في كتابه «شهداء اربيل» حياة مار بهنام على الصورة المار ذكرها ثم أردف في تعليقه على مار بهنام وقال: من استشهاد مار بهنام في أربيل استقيت قصة مار بهنام واخته سارة، وبني دير على هذا الاسم على مسافة ٢٥ كم جنوبي شرقي الموصل، ولكن هذه القصة زخرفت وجملت حتى ابتعدت بعداً شاسعا عن حقيقتها... وهذه السيرة وهذا التعليق ورد في قاموس: التاريخ والجغرافية

سارة، وبني دير على هذا الاسم على مسافة ٣٥ كم جنوبي شرقي الموصل، ولكن هذه القصة زخرفت وجملت حتى ابتعدت بعدا شاسعا عن حقيقتها... وهذه السيرة وهذا التعليق ورد في قاموس: التاريخ والجغرافية الكنسي الجزء السابع، حقل أربع مئة وسبعة وسبعين سنة الف وتسع مئة واربع وثلاثين وذلك في مقالة: مار بهنام واخته سارة.

ووردت لدى الغير انه رجم بالحجارة لأمر اصدره الملك ارداشير في اربيل الذي كان مندوبا لملك الملوك شابور. (وتاريخيا كان ارداشير ملك اربيل هو الذي نفذ أمر شابور المضطهد في قتل المسيحيين وذلك في الجيل الرابع، وفي هذا الاضطهاد قتل يوحنا اسقف اربيل مع رفقائه).

فاذن هناك حقيقة تاريخية لم ينكرها لحد الآن علماء التاريخ انه هناك راهب شاب رجم بالحجارة بأمر الملك ارداشير ملك اربيل اسمه مار بهنام وذلك حوالي ٣٤٣.

٢ – اما كيف انوجد دير على اسمه في كويسنجق، فلسنا نعلم. والشيء الظاهر والأكثر معقولا ان دير مار بهنام في جوار كويسنجق ليس فرعا يعود الى دير مار بهنام في جنوبي شرقي الموصل كما ادعى بذلك الخوري أفرام عبدال في كتابه «اللؤلؤ النضيد في تاريخ دير مار بهنام الشهيد ص٥٠، طبع في الموصل سنة ١٩٥١. لأنه سبقنا واور(د)نا شهادة العالم پترس وغيره في هذا الخصوص، اذ كيف ان قصة مار بهنام من اربيل زخرفت وجملت ووضعت في قالب اعتيادي مألوف: انتقاء بطل القصة رجل أمير له مقام، الذهاب الى الصيد، رؤيا ملاك الله له وأمره بالذهاب لدى ناسك ولكي يؤمن هذا البطل، يقوم هذا الناسك بمعجزة تحدث طبعا لأحد أقرباء البطل.. اخته.. المصابة بداء البرص القاتل. غضب الوالد على ولديه وقتلهما.. ولكن الله سيجري معجزة اخرى، اي سوف يرتد الوالد الى النصرانية ويبني ديرا على اسم ولده الشهيد.. هذه هي القصة مار بهنام واخته سارة وبني دير على اسمه في جوار الموصل.. وكيف انها ابتعدت عن حقيقة القصة.. والشيء الغريب هو اننا نرى هذه القصة وهذه الحوادث منسوبة الى غير من الشهداء والقديسين، لأنه كان من مألوف عادتهم أن يضعوا

قصة الشهداء المعروفين في قالب جذاب كهذا.

ولانفهم لماذا من الموصل نزح بعض الرهبان وأتوا الى كويسنجق وأسسوا ديرا على اسم شفيع ديرهم. ولانعلم كيف يستطيع ان يعلل ذلك من ادعى هذا الادعاء الخالي من البراهين التاريخية. ومنطقيا هل كان من المعقول ان يقطع الرهبان هذه المسافات الشاسعة كي يؤسسوا ديرا جديدا ينتمي الى معبد، الى مزار بني قرب الموصل. وكيف يمكننا ان نفهم كيف أمكن على رهبان يعودون الى طائفة سريانية يأتون الى منطقة تسكنها فقط الطائفة الكلدانية والعلاقات بين الطائفتين لم تكن ودية، ويؤسسون ديرا سريانيا لجماعة كلها كلدان، والتاريخ يروي لنا فقط وجود دير يعود الى طائفة كلدانية كانت أو سريانية أو أرمنية أو لاتينية في حين وجود جماعة تمثل إحدى هذه الطوائف المسيحية التي تختلف الواحدة عن الاخرى بلغتها وترتيب حفلاتها وطقوسها الدينية وشعائر العبادة. فالطقس (يرتبه الحفلات الدينية) الكلداني يختلف عن الطقس السرياني. فلا يكمن ان نتصور ديرا سريانيا بين جماعة كلدان لايفهمون حفلات بعضهم البعض، ومن هم هؤلاء الرهبان الذين أتوا الى كويسنجق وأسسوا ديرا؟ ومتى كان ذلك؟ وماهي البراهين القاطعة المؤيدة لهذا الأدعاء.

**التوقيع**

**(١) الأب في المستشرق: مێژوونووسێکی سریانییە، زیاتر مێژووی مەسیحییەت و کەنیسەکانی نووسیوەتەوە. وشەی (الأب)، واتا باوک، وەک ڕێزگرتن مەسیحییەکان زۆرجار بە قەشە دەڵێن ئەبوونە، وەک قەشە یووسف پەری بە ئەبوونە ناویان دەهێنا، تەنانەت موسڵمانەکانیش بە (ئەبوونە) ناویان دەبرد. شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکیدا کە بۆ هونەرمەند یولیەم یۆحەننای نووسیوە، ناوی ئەبوونای هێناوە، کە مەبەست لە (قەشە یووسف پەری)یە.**

**(٢) العلامة پترس: پەترۆس، ناوێکی یۆنانییە، واتای (بەرد) دەگەیەنێ، پەترۆس یەکێک لە دوانزە هەوادارەکەی حەزرەتی مەسیح بووە، سریانی زمانەکان بە (پەترۆس) ناوی دەبەن، بەڵام لە زمانەکانی دی ناوەکە دەگۆڕێ، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی دەبێتە پیتەر، لە زمانی ئیسپانی دەبێتە پیدرۆ، لە زمانی فەرەنسی دەبێتە پییر.**

*** نامەی سێیەم**

**معهد**

**مار يوحنا الحبيب**


**الموصل**

**١٩٦٢/١/١١**

كاك طاهر الأكرم

تلقيت رسالتك بسرور وحبور وقرأتها بفرح وجذل وتلمست خلال سطورها الشعور الأخوي الصادق والعواطف النزيهة، فأدخلت الانشراح في داخلي.

بعد أن ارسلت لك رسالتي لم أكف عن السعي كي اجد هنا وهناك أثرا لقرية كنزاك أو گزاك. فظهر أن گنزاك (او جزنق) مدينة في آذربيجان تقع في جنوب غربي مراغا حسب قول أدي شير في كتابه: كلدو وآشور ص١٥ في موضوع جغرافية الكنيسة الكلدانية النسطورية. والأب جون صديقي وافاني الى غرفتي وقال لي: مدينة گنزاك هي (تبرين) الحالية في آذربيجان، لقد رأيتها لدى عدة مؤلفين. وليس من المحتمل ان يكون مار بهنام قد قتل في آذربيجان، لأن آذربيجان بعيدة جدا عن كركوك واربيل، والنص يقول انه قتل بأمر من ملك اربيل ورجمته شريفات كركوك.


SEMINAIRE
SYRO-CHALDEEN
SAINT JEAN
MOSSOUL, IRAQ

معهد
مار يوحنا الحبيب
الموصل

١٩٦٢/١/١١

كاك طاهر الاكرم

ثم اردف وقال ان السيد بيجان هو الذي اناط هذه الكلمة الأخيرة بالنص الاصلي. فإذن ليس لنا مجال في التفتيش عن گنزاک ولكن گزاک فقط. وعلاوة على هذا هناک قرية اخرى في شمال زاخو، في الاراضي التركية تدعى گنزاخ وفيها مزار ولكن ليس هناک مايدل على انها هي القرية التي رجم فيها مار بهنام.

أما قرية گەزنە قرب عينكاوه فليست مطلقا موضع استشهاد مار بهنام لأن المزار الذي فيها يدعى مار قرياقوس، ويزوره المسلم والمسيحي على السواء، وهو معروف، أما بخصوص الكتاب الذي يحمل عنوان: جولي في الكردستان الجنوبية من كركوک الى رواندز للمؤلف ئەی – كليمێنت، باللغة الفرنسية. لقد طلبت من الأب جون ان يجده كي نلقي نظرة عليه فننجرک ماذا قال عن كويسنجق فأظهر أسفه البليغ لأنه مشتاق ان يقرأه وليس في حوزته ولا في مكتباتنا الأربع التي بكل سهولة نجد فيها حوالي ٥٠ ألف كتاب. لكنه أراني كتب أخرى باللغة الفرنسية والانجليزية، لم نجد فيها معلومات تستحق الذكر، ووعدني ان يخبرني كل مايجد من معلومات في هذا الصدد.

أما بخصوص كيفية انتشار المسيحية في قضاء كويسنجق فقد اشتغلت في هذا الموضوع مايقارب ثلاثين ساعة في عدة أيام متتالية.. فكنت تجد في غرفتي كتب المستشرقين العديدة وكتب علمائنا الشرقيين، فوجدت أن النظريات تكاثرت والآراء والمناقشات ازدادت حول دخول المسيحية في المملكة الفرثية التي كانت تشمل مابين النهرين، كلدو وآشور و كوردستان. فمنهم من يقول أن المسيحية دخلت هذه الديار في الجيل الأول، بينما الغير يؤكد انها دخلت عليها بعد منتصف الجبل الثاني حوالي ١٩٨. وليس هنا مجال لسرد براهين كل فئة منها. هناک مجلدات بهذا الشأن.. تاريخ اربيل للمؤلف مشيحا زخار في الجيل السادس، كما يذكر سلسة اساقفة (مطارنة) اربيل يقول في سياق كلامه عن الأسقف اسحق انه بواسطة تنصر حاكم اربيل اسمه رقبخت انتشرت الديانة النصرانية كثيرا في اطراف اربيل بين ١٢٧ – ١٣٦ .... ولكن هذا غير صحيح لأن جون يثبت ان هذا الكتاب لم يكتب في الجيل السادس مطلقا، انما كتب حوالي الجيل الرابع عشر والخامس عشر، وانه مفعم من الاغلاط ولا يعتمد عليه رغم ما كان له من المكانة بين العلماء الى هذه السنين الاخيرة.. فبعد مراجعة هذه الكتب ظهر لي أن هؤلاء العلماء يظلون بكما ولا يذكرون كويسنجق.. بينما هناک فصول وفصول عن أربيل. وقبل خمسة أيام أتى عندي الأب جون لقضاء حاجة له ورآني اعمل في هذا الحقل.. غضب وقال لي.. (لێش) تفتش عن المستحيل.. ثم قال ليس ممكنا ان نجد آثار المسيحية في كويسنجق قبل منتصف الجيل الثالث، واردف: هذا رأيي الى وجود رأي معاكس.

اعود الى موضوع السريان والكلدان وأوضح قليلا ماكنت قد كتبت سابقا: في الشرق يوجد خمس طوائف مسيحية: القبطية، الأرمنية، البيزنطية، السريانية، والكلدانية، هؤلاء كلهم شرقيون. تختلف كل طائفة عن اخرى من حيث تقاليدها، من حيث طقوسها وترتيبات حفلاتها الدينية. وحسب الاجيال كانوا يختلفون البعض عن البعض الآخر معتقدا. وبين ١٥٥٢ – ١٧٦٨ واكثر، قسم من مسيحيي هؤلاء الطوائف انظموا الى الكنيسة الرومانية اللاتينية معتقدا، ولكنهم ظلو شرقيين محافظين على تقاليدهم وطقوسهم. فالكلدان والسريان كل كان يحاول السيطرة لذاته على الكنائس وادارة الأديرة. والعراک واضح بين الكلدان (النساطرة سابقا) وبين اليعاقبة (السريان سابقا) والتاريخ سجل صحيفة سوداء في حقهم في هذا المضمار. خلاصة القول هو انه كان في الشرق ولاسيما في العراق، سريان قبل الانضمام الى الكنيسة الرومانية اللاتينية في الجيل السادس عشر على يد مار يوحنا شمعون سولاقا البطريرک، لا بل الجيل السادس والسابع: السريان اليعاقبة كانوا مسلطين في هذه الديار وكلماتهم كانت مسموعة لدي السلطات. واخيرا لي كل الفرح أن أقوم بخدمة لک.. ولكن مع الاسف يظهر اني لا أستطيع أن أقوم بهذا الا «عل نص» و بصورة غير مضبوطة.. ودمتم.

**المخلص**

**يوسف سليمان**

**توقيع**

*** نامەی چوارەم**

**<u>كويسنجق</u>**

**<u>١٩٦٢/٢/٤</u>**

أخي العزيز يوسف سليمان المحترم – صباح الخير

بعد السؤال عن صحتكم، اتمنى لكم الموفقية، والتتبع الأزيد. وصلتني رسالتكم، وأنا مسرور بها جدا، واشكركم على الجهد الذي تبذلونه لاجل الوصول الى الغاية التي أنا انشدها.

للاب (جون) كل الحق بأن يغضب ويقول ((ليش تفتش عن المستحيل..!)) ولكن ماالعمل يا أخي؟ ان علمائنا سدوا افواههم، وعلمائكم وضعوا في آذانهم وقرا، والجيل الصاعد يريد منا، ثم قال ((ليس ممكنا ان نجد آثار المسيحية في كويسنجق قبل منتصف الجيل الثالث)). هل لدى الأب مصدر معين لنستند عليه، وما هي الآثار المسيحية في كويسنجق قبل منتصف الجيل الثالث؟

وهل بأمكانكم بأن تسألوا (مطرانية) كركوك عن تأريخ انتشار المسيحية في (أرموطة) أو (كويسنجق)؟ لأن كنيسة (ارموطة) و (كويسنجق) تابعتان الى (كركوك). وهل لديهم مصادر تأريخية تبحث عن الحوادث التي جرت على اهل (ارموطة) واطرافها؟ وماهي الاسماء القديمة للقرى المسيحية في قضاء كويسنجق، باللغة الكلدانية؟ لعل هذه المعلومات ترشدنا في دياجير الماضي السحيق لتأريخ كويسنجق القديم. وفي الختام تقول ((اني لاستطيع ان أقوم بهذا الا ((عل نص))، وأنا اقول: اشكركم، هذا هم زين))

**المخلص طاهر أحمد**

*** نامەی پێنجەم**


**١٩٦٢/٣/٢٩**


**اخي العزيز كاك طاهر**

تحية صباحية ابثها لك مقرونة بالتمنيات ومشفوعة بالأدعية من اجل توفيقك.

وصلتني رسالتك في ٢/١٠ وفرحت بها وفي اليوم الثاني أرسلت رسالة الى الأب اسطيفان ربان رفيق المدرسة وصديق البيت في كركوك. وقد حل علينا في كويسنجق ضيفا مرتين في هذا الصيف وبلا شك انك رأيته خلال اقامته عندنا.. وبعد ذلك رأيته في الموصل وتكلمت معه في خصوص اسئلتك التاريخية فوعدني ان يعمل في هذا الحقل لدى عودته الى كركوك رغم مشقات واتعاب اشغاله المتراكمة.. وبعد عشرة أيام من تاريخ عودته أرسلت له رسالة اذكره بالشغل المذكور. ولكن ويا للأسف لحد الآن لم يرسل لي جواب ولكنني سوف انتظر واراسله في هذا الشأن.

انك تنتظر الجواب بلا ريب بفارغ الصبر.. يا ليت يتاح لي أن ان اقضي يومين في كركوك وأفتش عن جواب تلك الاسئلة، وأرسل لك هذه الرسالة الوجيزة كي يهدأ بالك بوصول رسالتك ولاسيما كي يتيح لي ان أقول لك اني أفرح ان





SEMINAIRE SYRO-CHALDEEN SAINT JEAN

MOSSOUL

معهد مار يوحنا الحبيب الموصل

[١٩]

١٩٦٢/٣/٢٩

أؤدي لک خدمة كهذه، واني لا أنزعج من الشغل. واني قلق عن سكوت صديقي في كركوك.

اما هنا فاني لازلت ادرس وافتش عن وثائق حول مار بهنام ولا أصل الى النتيجة المبتغاة. اذ لحد الآن لم نعرف متى بني هذا الدير، ومن بناه ومن كان رئيسا عليه، ومن هم الرهبان أو القسوس الذين سكنوا فيه.. واتصور ان المطرانية الكلدانية في كركوك ايضا غير قادرة ان تعطي لنا معلومات وافيه في هذا الصدد، كما ولسنا ندري هل هذا الأثر الباقي كان ديرا أم كنيسة؟

وقد سئلت الاستاذ جون حول دخول المسيحية في كويسنجق بعد منتصف الجيل الثالث.. فقال ليس لدينا معلومات أكيدة وانما نقول ذلک بصورة تخمينية!! فقلت له يظهر اليوم تخمينک ضعيف!! فقال ماالعمل؟ في حين لا يوجد بين ايدينا وثائق تاريخية نلتجأ الى برهان اللياقة أو البرهان التخميني. وهكذا لم نتقدم في هذا المضمار. ومعلوماتنا بقيت كما كانت! آه.

وختاما دمتم محفوظين محروسين.

**الشماس**

**يوسف سليمان**

**التوقيع**

*** نامەی شەشەم**

**نامەیەکی ناتەواو(١)**

(٣) لنعد الى قراءة موضع استشهاد القديس بهنام علنا نعثر على دليل يساعدنا في تكميل السعي وراء الهدف:

مار بهنام رجم بالحجارة بأمر ارداشير ملک اربيل في قرية گەنزاک أو گەزاک.

فأين تقع قرية گەنزاک؟ حاليا العلماء المستشرقون لايستطيعون أن يعرفوا موقعها الجغرافي.

أننا نلاحظ انها قرية من ولاية اربيل. وكويسنجق بعيدة عن اربيل وهذا صحيح ولكن من يدري اين كانت قرية گەنزاک؟ ربما اسم كويسنجق القديم؟ من يدري، أو ربما اسم قرية اخرى قرب كويسنجق؟ الله يدري، علينا التنقيب. وفي اثناء التنقيب علينا مراعاة الحروف المتشابهة لفظا. فحرف «گ» يقترب الى حرف «جيم» فتكون الكلمة جەنزاک، وحرف الجيم قريب الى حرف السين أو الزين لاسيما في اللغات الأوروبية وبصورة خاصة اللغة الكردية. وحرف «ک» قريب عن حرف «ق» فاءذا رأينا اسما بين اسماء كويسنجق أو بين اسماء قرى في اطراف كويسنجق واربيل وكركوک على هذه الصورة: جەنزق أو جەنزک أو گەنزق، أو كەنزگ.. وهلم جرا يمكننا أن نعين موضع استشهاد مار بهنام.

على كل! في منطقة اربيل يوجد شهيد بإسم القديس بهنام، فلا غرابة اذا بنى المسيحيون ديرا على اسمه في منطقة لاتبعد كثيرا عن مقتله.

(٤) أما من سكن هذا الدير ومتى وكيف كانت أحوال الرهبان فيه وكيف انقرضوا.. فالى حد الآن لم يقف العلماء المستشرقون على هذا، كما أن الكتب التاريخية الخاصة بالأديرة والكنائس لاتتذكر عن هذا شيئا.


من يدري ربما بنى المسيحيون معبدا، كنيسة على اسم مار بهنام عوض الدير، فحينئذ لسنا بحاجة ان نسأل عن أحوال الرهبان و قوانينهم. ربما في المستقبل يكشف العلماء النقاب عما خفي علينا، وقلما عمل التنقيب عن هذا الدير.

واخيرا أعرب لک شعوري وأقول إني مستعد أن اؤدي اية خدمة تطلبها مني على قدر الامكان، ومما لاريب فيه انک تهديء بالنا بوصول هذه الرسالة.

**الايكليريكى**

**يوسف سليمان**

**توقيع**



SEMINAIRE
SYRO-CHALDEEN
SAINT JEAN
MOSSOUL

معهد
مار يوحنا الحبيب
الموصل

٣- لنعد الى قراءة موضع استشهاد القديس بهنام علنا نعثر على دليل يساعدنا في تكميل السعي وراء الهدف:

مار بهنام رجم بالحجارة بأمر ارداشير ملك أربيل في قرية گەنزاك او گەزاك.

فأين تقع قرية گەنزاك؟ حاليا، العلماء المستشرقون لايستطيعون أن يعرفوا موقعها الجغرافي.

إننا نلاحظ انها قرية من ولاية أربيل. وكويسنجق بعيدة عن أربيل وهذا صحيح ولكن من يدري اين كانت قرية گەنزاك؟ ربما اسم كويسنجق القديم؟ من يدري، او ربما اسم قرية اخرى قرب كويسنجق؟ الله يدري علينا التنقيب. وفي اثناء التنقيب علينا مراعاة الحروف المتشابهة لفظاً. فحرف «گ» يقترب الى حرف «جيم» فتكون الكلمة جەنزاك، وحرف الجيم قريب الى حرف السين او الزين لاسيما في اللغات الاوروبية وبصورة خاصة باللغة الكردية.

وحرف «ك» قريب عن حرف «ق» فاذا رأينا اسما بين اسماء كويسنجق او بين اسماء قرى في اطراف

به بۆنەی بیست و حەوتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# هەمیشە "ڕامان"

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

لـە بیـر و هـزر و ژیانـی ئەدەبیـی هـەر یـەک لـە ئێمـەی نووسـەردا کتێبێـک، گۆڤارێـک، یـان چەنـد بابەتێکـی جیـاواز و دانسـقە دەمێننـەوە و هەسـت دەکەیـن لـە خـۆڕا نییـە ئـەو بەرهەمانـە ئـەو جێیەیان لەلامـان گرتـووە، نـە تـەم دەیانگـرێ و نـە تۆزیـان لـێ دەنیشـێت.. لای مـن یەکێـک لـەو سـەرچاوانەی کـە بـە شایسـتەیی خـۆی، ئـەو جێیـەی گرتـووە گۆڤـاری (ڕامان)ـە، ئەگەرچـی ئـەو دەمـەی یەکـەم ژمـارەی ڕامـان بـە نـاوی «تێڕامانـەوە» دەرچـوو مـن ماوەیـەک بـوو هاتبوومـە دەرەوەی وڵات، بـەڵام کـەم تـا زۆر و بـە هـۆی هەنـدێ هـاوڕێ و ناسـیاوەوە ژمارەکانیـم پـێ دەگەیشـت و هـەر زوو زانیـم گۆڤـاری ڕامـان، گۆڤارێکـە ناکرێـت وا بـە سـانایی فەرامـۆش بکرێـت و بەشـداربوون لەو گۆڤارە سـەنگینەدا کارێکە دوودڵـی ناوێـت، بۆیـە لـەو دوور وڵاتـەوە جـار جـار بەرهەمـی شـیعری خـۆم تێـدا بڵاودەکـردوە و هەتـا ئێسـتاش لـە بەشـداری کـردن ڕامـان بەردەوامـم.

ئـەو هەمـوو ساڵە درێـژە مانـدوو بـوون و تەگـەرەی زۆر، لـە دوای هاتنـی داعشیشـەوە تەنگـژەی دارایـی نەبوونـە لەمپـەری جیـددی و نەیانتوانـی ڕێـی پـێ چـۆڵ کـەن، تەنیـا ئەوەندەیـان پـێ کـرا دەرچوونـی ڕامـان لـە مانگانـەوە بکـەن بـە دوو مانـگ جارێـک و ئـەو پاداشـتەی لـە پـای بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانیان دەدرا بـە نووسـەرانیش ڕاگیـرا، بـەڵام دیسـانەوە ئەمیـش ئـەو نەریتـە زۆر جوانـەی بـە ڕامـان تـەرک نەکـرد کـە تـەواو بـە بـێ دواکەوتـن وەک چـۆن جـاران هەمـوو مانگێـک دەردەچـوو، بـە هەمـان شـێوە کـە کـراش بـە دوو مانـگ جارێـک هـەر لـە (٥)ی مانگـدا لـە دەرگای دڵـی هەمووانـی دەدا..

ئەوەنـدەی مـن ئـاگادار بـم پێشـتر و ئێسـتاش گۆڤارێـک نەبـووە و نییـە کـە بـەو جـۆرە و لەگـەڵ هەمـوو گرفتێکیشـدا نەهێڵێـت تاکـە ڕۆژێکیـش لـە وادەی دەرچوونـی خـۆی دوا بکەوێـت.

ڕامـان زۆر وێسـتگەی جـوان و ئارامـی تێدایـە تـا لەسـەری بوەسـتین و قسـەیان لـە بـارەوە بکەیـن، هەڵبەتـە ئـەوەش هـەم کات و هـەم زیاتـر کەسـی تایبەتمەنـدی دەوێـت، کـە ئەمـەش دەڵێـم دەکرێـت لـەم دەرفەتـە کورتـەدا سـەر لـە هەندێـک لـەو

وێستگانە بدەین، یەکێک لەوانە کە من کاتی خۆشی بەلامەوە گرنگ بوو، ئەگەرچی سەرەتا دەیڵێم ئەوە کاری ڕامان نەبوو، بەڵام لە ناچاریدا ئەو ئەرکەشی خستبووە سەر شانی خۆی، ئەویش تەرخان کردنی چەند لاپەڕەی کۆتایی ڕامان بوو بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسایەتی و ڕووداوی ئەدەبی و سیاسی و کولتوورییەکان، ئەمەش تا ماوەیەکی باش بەردەوام بوو، پاشان وەستێنرا، لەو ماوەیەشدا توانرا ئەرشیڤێکی جوان لەو وێنانە دروست بکرێت و لە کونج و کەلەبەری مالان دەربهێنرێن و بکەونە بەرچاوی خوێنەر.

ئەو دەرگایەی ڕامان بۆ نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی خستە سەرپشت، هیچ کات نەمبینیوە بەڕووی هیچ بەرهەمێکی جواندا دایبخات، بوارێکی باشیشی بۆ قەڵەمە نوێیەکانیش ڕەخساند و کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆریشی لە دووتوێی لاپەڕەکانیدا کۆکردەوە، چاوگێڕانێک بە ژمارەکانیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە گۆڤاری ڕامان باڵەخانەیەکە لە هەر چوار لاوە ڕووناکی وەرگرتووە و لە ئاست کوردی هیچ پارچەیەکی کوردستانیشدا دەستنووقاو نەبووە، هەر بۆیە بەردەوام نووسەران و هونەرمەندان ڕوویان تێ کردووە و ئەوەی دەرفەتی هەناسەیەکی فێنکیشی لە شوێنێکی تر نەبووبێت، ئەوە توانیویەتی لە پەنجەرەی (ڕامان) ـەوە هەناسە بدات و بە ماڵی خۆی بزانێت.

یەکێکی تر لە کارە جوانەکانی ڕامان ئەوەیە کە لە هەر ژمارەیەکدا زۆر بە دوورودرێژی قەڵەمە باشەکانی خستووەتە قسە و لە ڕێی پرسیارەوە گەشتی بە نێو هەموو سووچ و کەلەبەرەکانی ژیانی ڕۆشنبیرییاندا کردووە، ئەمەش وای کردووە کە لە داهاتوودا کاری لێکۆڵەرەوان ئاسانتر بێت، کاتێک دەیانەوێت توێژینەوەی قووڵ سەبارەت بەو نووسەرانە بکەن، ئەمڕۆ ئەو چاوپێکەوتنانە بوونەتە دەرفەتێکی باش تا لەوێوە لێکۆڵەر لەبارەی ئەو شتانەشەوە بدوێ کە تا ئەو کاتە زۆریان بە پەنهانی ماونەتەوە، هەر ئەمەش هۆکارێکی ترە و وای کردووە ڕامان وا بە هەڕمێن بمێنێتەوە.

کارێکی جوانی تری ڕامان ئەو فیستیڤاڵە بوو کە ساڵی پار بە ناوی یەکەمین فیستیڤاڵی ڕامان لە شاری هەولێر سازی کرد و کۆمەڵێکی زۆری لە ڕۆشنبیران و ئەدیبان لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە کۆکردەوە، بەڵێنیشە ساڵانە ئەم نەریتە جوانە بەردەوام بێت، ئەگەر هیچ لەمپەرێکی نەخرێتە بەردەم.

ماوەتەوە بڵێم ئەوانەی بە هەر جۆرێک بووە لە یەکەم ژمارەوە لەگەڵ دەرچوونی (ڕامان)دا ماندوو بوون، مافی خۆیانە شانازیی بەو ئەرکەی خۆیانەوە بکەن و لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی خۆیاندا بە خاڵێکی ڕووناکی بزانن، ئێستاش کە ڕامان بووەتەوە بە گۆڤارێکی مانگانە و وەک هەمیشە لە کاتی خۆیدا دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران، تەنانەت ئەو مافەش بۆ نووسەران گەڕاوەتەوە کە لە پای بڵاوبوونەوەی نووسینەکانیاندا پاداشتێکی ماددی وەربگرن، پیرۆزبایی لە خۆمان و ستافی ڕامان دەکەم، دڵنیام بە هەوڵ و توانایی بەردەوامی برای ئازیزمان کاک ئازاد عەبدولواحید و هەموو کارمەندانی، وەکوو جاری جاران ئەگەر نەڵێم باشتریش خوێنەران دەچنەوە سەر سفرە و خوانی ڕازاوەی، بۆیە منیش لەم دەرفەتەدا هەلی ئەوە دەقۆزمەوە کە جارێکی تر و وەک هەمیشە پیرۆزبایی لەو ستافە ئازیزە بکەم، ئومێد دەکەم ڕامان دەیان دەستە خوشکی وەک خۆی میهرەبانی بۆ پەیدا ببێت و پێکەوە لەم پاشاگەردانییەی میدیای کوردیدا گوڕوتینێکی گەورە بە ڕەوتەکە بدەن.




# هێشتا کاتی پسپۆڕیی بۆ کورد نەهاتووە!

ئازاد عەبدولواحید

* ڕاستە ئەو سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین بە چاخی تەقینەوەی زانیارییەکان ناسراوە، بەهۆی ئەو شۆڕشی گەیاندن و پێوەندیکردن و تەکنۆلۆژیایەی بەردەستە، توانراوە هەموو ئاسانکارییەک بۆ بە دەستهێنانی زانیاری و زەمینەی خۆڕۆشنبیرکردن فەراهەم بکرێ.

* جاران خوێنەرێک نەیدەتوانی هەروا بە ئاسانی دەستی بە ورد و درشتی زانیارییەکان بگات، ئێستا ئەگەر پەرۆشی فێربوون و خوێندنەوە بین، هیچ بیانوویەکمان نەماوە، هەرچەندە تەمەن بەشی ئەوە ناکات فریای بە دەستهێنانی ئەو هەموو زانست و زانیاری و مەعریفە و ئەدەبیات و هونەرە جۆراوجۆرانە بکەوین، بۆیە لەو سەردەمە جەنجاڵەدا باسی (پسپۆڕی) دەکرێت کە پێویستە هەریەکەمان لە کایە و بوارێکدا بە دەستی بێنین و پەل بۆ کایە جۆراوجۆرەکانی دی نەبەین.

* منیش بە پێویستی دەزانم ڕووناکبیر و خوێنەری ئەوڕۆکە باوەڕی بە خوێندنەوەیەکی کراوە و ئاسۆیی هەبێت، دەکرێ بۆ بابەتەکانی دەیانخوێنینەوە هەڵبژاردن (ئینتیقائیەت) بکەینە سەرمەشقی خوێندنەوەکانمان و دەست لەناو ڕۆشنبیریی و مەعریفەی هەمەڕەنگدا بگێڕین، خۆ بە خوێندنەوەی تەنیا یەک جۆرە بابەت پابەند نەکەین، تا هەر نەبێ بتوانین فریای کەمێکی ئەو شۆڕشی زانیارییە هەمەلایەنانە بکەوین کە هەموو کایەکانی زانست و ڕۆشنبیری و مەعریفەی گرتووەتەوە.

* بەبێ خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە و گەیشتن بەو زانیاریانە، هەرگیز ناتوانین لە ژیانی جەنجاڵ و پڕ لە ناکۆکیی ئەمڕۆکەی ئادەمیزاد تێبگەین و لە خەونە بەدی نەهاتووەکان نزیک ببینەوە، یان بتوانین نیگەرانی و ختوورە و هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر ژیانمان بڕەوێنینەوە، بۆ ئەو تێگەیشتنە پێویستمان بە خوێندنەوەی فرەڕەهەند هەیە، بۆیە دەبێ لە هەر بوارێکی زانست و زانیاری، هەر کایەیەکی مەعریفی و ڕۆشنبیریدا، چەردەیەک شارەزایی و زانیاری وەگیر بخەین و لێی شارەزا بین، پاشان لە یەکێک لە کایەکانی مەعریفەدا بە تەواوی پسپۆڕ بین.

* بەڵام.. کە دەبینین کایەی کولتووری و زانستیی ئێمە، کتێبخانەی کوردیمان کەلێن و کەلەبەری زۆری تێدایە، دەسەڵاتمان هەبێ، بۆچی کار بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەلەبەرانە نەکەین؟ کە بە بەرچاومانەوە بەڵگەنامەکان، دەستنووس و بەیازەکان خەریکن دەفەوتێن، بۆچی لایان لێ نەکەیتەوە؟ کە پیرەمێردێک دەبینین گەنجینەیەکی پڕ گەوهەری لە سینەدایە، بە دەیان سەرگوزشتە و مێژوو و ڕووداو و داستانی لەلا زیندانیی بووە، بۆچی لەگەڵ خۆی بیباتە ژێر گڵەوە؟ کە شوێنەوار و کەلەپووری تەلارسازی و نەخشونیگارەکانی وڵاتەکەمان بە بەرچاومانەوە وێران دەکرێن، بۆچی بە بیانووی پسپۆڕی دەنگ نەکەین؟ کە ڕۆژانە زمانەکەمان بە دەست ناشی و ناکارەکانەوە لە گرێژەنە دەردەچێ و بریندار دەکرێ، ئەگەر شارەزاییت لە زمانەکەدا هەبێ بۆ هەڵنادەیتێ و قسەیەکی تێدا ناکەی؟ تۆ لە وشەیەکی هەڵە لە قاو بدەی و ڕاستی بکەیتەوە زۆرە. بەڕاستی پسپۆڕی بۆ میللەتێک باش و بە سوودە و لەجێی خۆیەتی کە لەوسەر هاتبێتەوە و ئەو کارە سەرەتاییانەی خۆی بەلایەکدا خستبێ، نەک وەک لەلای خۆمان، بەدەست سەد دەردەوە بناڵێنین و باسی پسپۆڕی بکەین.